# ژنێ لەوپەڕی جوانیدا

# ژنێ لەوپەڕی جوانیدا

لە کۆبەرهەمەکانی

عەبدولقادر سەعید

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

عەبدولقادر سەعید
ژنێ لەوپەڕی جوانیدا - شیعر
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٤٦
چاپی دووەم ٢٠١٠
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢١٤ - ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەبژێری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل، تریسکە ئەحمەد

ژنێ لەوپەڕی جوانیدا کۆی ڕەنجی ساڵانێکی تەمەنی ئەدەبیمە، کە پێشتر لە چاپ دراون، بریتین لە:

١- پەیکەرێ لە وەهم - کۆمەڵە شیعر

٢- نامە کراوەکانی تاراوگە - کۆمەڵە شیعر

٣- ژنێ لەوپەڕی جوانیدا، یان دەروازەیەکی تر بۆ مێژوو - داستانی شیعری

٤- سمفۆنیای خوێن (لە دوو بەش پێکهاتووە)

ا- روانین - شیعری درێژ

ب- سیمفۆنیی خوێن - شیعری درێژ

٥- ئاوێنە ژەنگاوییەکان (لە دوو بەش پێکهاتووە)

ا- ئەنفال - چیرۆکە شیعر

ب- تراجیدیای مەرگی پاکیزە - چیرۆکە شیعر

٦- مەرگی بەختەوەری - شانۆیی شیعری

به گشتی ئەم بەرهەمە شیعرییانە لە زۆر شوێندا هەندێ وشە و رستە و وێنەی شیعریی لە ژێر سانسۆردا قەدەغە کرابوون. لە کۆی بەرهەمەکاندا لە شوێنی خۆیاندا دام ناونەتەوە. هەروەها هەندێ وێنەی شیعری و رستە و دەربڕینی شیعریم دەستکاری کردووە بە مەرجێ لە هونەری شێوە نووسینی ئەو بەرهەمە جیاوازیی نەبێ. لەم کۆبەرهەمەدا ئاونگی بەیانییەکی غەمگین بەسەر شیعرەکانەوە باریون. لە راستیدا ئەوە فەنتازیا نییە بەقەدەر ئەوەی روویەکی راستەقینەی ژیان و دید و دنیابینی خۆمە. شیعر بۆ من هەمیشە، جگە لە هەستی شاعیرانە، زمانی شیعری و خەیاڵێکی ئازادم مەبەست بووە نەک دەربڕینێکی ئاراستەکراو.

به گشتی، بەشی یەکەمی ئەم کۆبەرهەمە شیعرییەم شتێ نییە جگە لە ئاوازێکی غەمگین لەو دنیا فرەوانەی بەقەد دار و بەرد و گەڵا و رۆژە کەڵەکەبووەکانی تەمەن بیرەوەریی دڕندایەتیی ئینسان و بیرەوەریی بەرەنگاربوونەوەی ئینسانانەی تێدا رووی داوە.

منیش وەک تێ ڕامانێ بە زمانی شیعر.. زمانی وشە حەزم کردووە، یان ویستوومە بۆ هەموو دیاردە و ئاکارە جوانە ئینسانییەکان بڵێم بەڵێ و بۆ هەموو دڕندایەتیی ئەوانەی بە گژ مافە ئینسانییەکاندا هەڵشاخاون بە دەم و پەنجە و دەست و شیعر بە هەموو توانای ئینسانیی خۆم بەرەنگار بم و بڵێم نەخێر.

# پەیکەرێ لە وەهم

ئێوە زۆر بوون، کە کوژران! هەندێکتان لە پێناوی نیشتماندا، هەندێکی ترتان لە پێناوی ئازادیدا، هەندێکتـان لە پێناوی نان و هەندێکتـان لە پێناوی ژن و هەندێکی ترتان لە پێناوی یاقووتی پرسیـارێکدا. گرینگ ئەوەیە، ئاخۆ کێتـان عاشقانەتر شەهید بوون؟

من دەمەوێ لەوێ بدوێم.. لەوێ.. لە شەرگەکانی خۆرئاوا... ئەو شەرگانەی دڵۆپێ خوێنی تێدا نارژێ، بەڵام لە هەر چرکەیەکیدا، شیرازەیەک روحی سپیی تێدا دەکوژرێ.

## برا بەردینەکان

"ئێوە بە شمشێرە خوێناوییەکانتانەوە ئێمەتان بیر دەکەوێتەوە"

ئەو تەمەنی بابردەڵەی پاسەوانی گوندی یاخی و
لووتکەی شاخی سەرەڕۆ بوو،
لە کەندرِی قەدپاڵێکدا تەمەنی جوانیی بەجێ ما..!
رەشەبای شاخ چرای گەشی چاوەکانی کوژاندەوە...
ئێستا پیرەمێردێکی ریش سپیی پشت کۆماوە و
کروشکەکردووی ئێوارانی چایخانەیەکی باشوورە
سەری پڕە لە سەرگوزشتەی بەردین و
دڵی پڕە لە کڕووزاندنەوەی منداڵ و دەستی پڕە لە قژی ئاڵۆسکاوی ژن
لەو چیرۆکانەی دیونی و لەو چیرۆکانەی بیستوونی...
درەنگانێ
بەر لەوەی وادەی مزگەوت بێ
چایچی دەرگەی چایخانە سیخناخەکەی خۆی دابخا..
دەکەوێتە گێڕانەوەی چەند چیرۆکێکی بەتام و
چاو دەبڕێتە دەموچاوە تامەزرۆکانی خەڵک و خوا.

**ئێوارەی یەکەم**

ساڵ بەهارێکی درەنگ بوو
یەکەم جار بوو بەفر و شاخ و کورد ببینم

هەستم دەکرد قسەی جنۆکە
تێکەڵە بە زبانی سانا و پاراو و شیرینم
دەمەو ئێوارە گەیشتین.
بەیانیی زوو پەلاماری چەند گوندێکی نووستوومان دا
نێر و مێمان هەڵاوێرد کرد
کوڕگەلی دێ و کچگەلی دێ و منداڵانمان جیا کردەوە
ئەوەی لەو ڕۆژەم بیر مابێ
لەو کاتەدا
هەر بۆ خۆشی
لەسەر قروسکەی توولەیەک
لاڵانەوەی پیرەمێردێ
لەسەر ئەڵقەی پەنجەی کچێ
کراسی ئاودامانی ژنێ
کەڵەمستەمان دەکرد و گرەومان لەیەک دەبردەوە.

**ئێوارەی دووەم**

ئەم ڕۆژە پێکەنینییانەم بیر ناچێ
هەرکە زرێپۆشەکانمان بە نێو دێدا کەوتنە سەما،
ترس گەڵای پەلوپۆی گشت درەختەکانی هەڵوەراند..!
پەلەوەری دێ بە دەنووک شاباڵی خۆیان هەڵکێشا..
بە هێمای پەنجەیەکی گەورەکەمان گوندی تۆقیو بوو بەدووکەڵ و سووتوو
لە نێو لرفە و دووکەڵی هاژەکردوودا
چاومان لێ بوو
پۆل پۆل کچانی هەڵوەدا

تا جوانییان بشارنەوە

بەهەردوو دەست

بە پەلەپەل

زووخـــاوی گـوندی ســـووتاویـان لە گــەردن و دەمــوچاوی لۆکــەییی خــۆیان هەڵدەسوو.

**ئێوارەی سێیەم**

زۆربەمان هاوشاریی یەک بووین

هەمــوو برای دینـی و گـۆشـکراوی یەک زمــان و یەک قــورئان و یەک لایلایە و کوڕوکاڵی یەک دەڤەر بووین

ماڵمان لەسەر لووتکەی شاخ بوو.

تەنیا چیای سەر بە هەور هاوسێمان بوو.

وێرانە خاک نەیدەناسین..!

هەر ڕەشەبا دیاریی تەرزەی بۆ دەهێناین.

جارێ بە باران دەیشتین

جارێ بێریی سەری هەمووانی دەڕفاند و

تووڕەش بووایە،

پەڵەبەفری چیایەکی بەرزتری

تێ دەگرتین.

ئێمە شەوان بە دەم باسوق خواردنەوە پاڵ دەکەوتین و چەند کوردێ

خەڵکی گوندە سووتاوەکەی تەنیشتمان

تا بەیانی پاسەوان بوون

گۆرانییان بۆ جوانیی باڵای ژنی کورد و

تامی ژنی کوردستانیان بۆ دەگوتین.

**ئێوارەی چوارەم**

ئەم ئێوارەیە بە تەنیا
هەر پیاوی سەر کورسییە لەرزۆکەکەی
دوێنێ و پێرێ و بەسر پێرێی لێ نەبوو
شەقام چۆڵ و هۆڵ هەڵگەڕا
شەو دادەهات و بەسەرهات سەرەتا بوو
ئەوەی ئەوێ و ئەوەی ئێرە و ئەوانیش گشت تامەزرۆ بوون
شەو نەڕوات و چیرۆکەکان بگێڕنەوە
چونکە بیرەوەریی هەر یەکێکیان
بۆ چەند ساڵێ
چەند وەرزێ
چەند هەفتەیەک؛ چەند رۆژێ
راوچییەک بوون بە دەست چەقۆ، بە دەم بە نەفرەت، تفەنگ لە شان
بە دوای نێچیری پێشمەرگە
یا ژنێکی برا یاخی
یا قەڵەمێکی زیتەڵە، یان
راوکردنی کچێکی جوان.

## من ئینسانێکم خۆش دەوێ

ئەم ئێـوارە غـەمگینـانە لە چی دەچن؟ جگە لە لێـلاییـیـەک، سـەر هەتا پا خـۆرنشـینی غـەرقی خـەیاڵێ کـردووە. نازانم ناوی بنێم چی؟ ئەم ئێـوارە غـەمگینـانە لە چی دەچن! جگە لە قـەفـەزێکی ئاڵتـوونی، کـە مـەلێکی نەغـمـە شـیـرنـی تێـدا بەنـدە و پڕ بە دنـیـای چەوسـانـەوە دەچریکێنێ. ئەو دەمـانە ئێوارانی خۆرنشین و چوار دیواری ماڵەکەی تۆم دێتە پێش چاو، خۆشەویستم خـەیاڵ دەمـباتەوە بۆ ئـەو دەمـەی پرچی درێژی ژنە یـاخـیـیـەکانیـان دەکرد بە قامچیی برووسکە و چەخماخەی هەوری سەدە تاریکەکان. لە یەکێ لەو ئێوارە غـەمگینانـەدا، بەرامـبـەر دەرگـەی داخـراوی قـەفـەزێکدا راوەسـتـاوم، بە دیار نەغمـەی ئەوینێکەوە، کە سەر هەتا پا جـەستـە و روحی داگیر کردووم. بەدیار تارمـاییی شـیـشـی ئاڵتـوونیی قـەفـەزێکەوە، پڕ ئەندێشـە، چاو بە یاقـووتی فرمێسک، دڵ بە هیـوای ئەو نەغمـەیەی داسـتـانی کتێبێکی نوێمی پێیە. بۆت دەڕوانم.. بە خـەیاڵی باڵی فڕین، بە ئاوازی سـۆزی شـیـعرێ گوێت لێ دەگرم. کاتێ بە دەنووکی وشە زیوینەکان خـۆت بدەیتە بەر تریفەی مانگی هاوین تا لە دەریاچەی سـەرابی خـەیاڵێکدا خـۆت بدەیتـە بەر شـەپۆلی پڕ لـە هاژە و پاک بیتەوە و بۆ دواین جار چاو لێک بنێی.

خـۆشـەویسـتم: من لـە دەرگـەی داخـراوی ئەو نـەغـمـەیەوە بۆت دەڕوانم! پاکیزەییت وەک گوڵە ئەستێرەی شـەوانەی گوندێ سادە و سـاکار هـەر تەنیا خـۆی بۆ چـەند هـەنگاوێ تاریکیی ئەو عومـرە کـورتەی خـۆی دادەگیـرسێ. تۆ بڕوانە، ژیان چەند شـیرینە. کاتێ پەپوولە و گوڵە ئەستێرە و تریفـە تەماشـای دەرگەی داخراوی قـەفـەزی ئاڵتوونیت دەکەن، کاتێ بە لێوی خەند وە گۆرانی بۆ ژیان دەڵێن. من وام دەوێ خـۆشـەویسـتم، مـەسـیح ئاسـا هـەردوو پێکانت

لەسـەر گۆی زەوییـەوە بەسـەر چوارمێـخـەی مـردندا شـۆڕ بێتـەوە و ئینسـان.. هەمـوو ئینسانەکانی سەرزەمین بڵێن دەرگەی داخراوی قـەفەزێکی ئاڵتوونیی هەیە، کە ژنێکی باڵا زراڤی تێدا دەژی و هەمـوو رۆژ بە سۆزی گۆرانییـەکانی گشت مـەلە ئازادەکان.. گـشت ئینسـانە ئازادەکان دەهێنێتـە سـەما و ژیان بەسەر ئەم گۆی زەوییەدا دابەش دەکا.

ئەو گۆرانییـەی دەریاچەی پڕ لە پرووشـەی ئەم کلـو خـەمـە سپـییـانـە دەکاتە ملوانکەی ملی بیرەوەریی ژنێکی سـەر هەتا پا، بۆ ژیان ڕێبوار و عەودالّ.. بۆ ژیان گەڕیدە و ئەویندار.. پڕ بە چاوە شـەپۆلەکانی تانجـەڕۆ بـەو نەغـمـە پڕ لە سۆزەی خۆی لە قەفەزی ئاڵتوونیی خـەیاڵێکدا هەڵدەفڕێ و باڵ لێک دەنێ.

خـۆشـەویسـتم: بۆت دەڕوانم، وەک ئینسـانێ دەسـتم بـەسـەر قـەڵەمـەکەمـەوە دەلەرزێ! ئاخۆ کەسێ بۆچی یەخەی قەدەری خۆی، تا پەنجەی پێ، دادەدڕێ و گەردنی خـۆی دەخاتە بەر ئەو چەقۆیانەی مێژوو پڕ بە گەروو نەفرەتیـان دەکا؟ ئیدی چی ماوە تۆ نەیکەی!؟ ئەوا دنیا بە قەفەز و باخچە و گوڵ و دەریا و شار و هەموو سیحرەکانی ژیانەوە سەر هەتا پا بۆنی عەتری ئینسانانەی تۆی لێوە دێ.

من بە هـەمـوو سیـحـری وشە کوژراوەکانی خۆمـەوە سەرسـام مـاوم. بەرامبـەر بەو ژنە سـیـمـا ئاڵتـوونییـەی تا ئەوپەڕی هێـمنی دەرگـەی تووڕەی قـەفـەزی زیندانەکەی بێزار دەکا و تا ئەوپەڕی بێدەنگیی هەرای وەڕسکەری جەلادەکەی غـەمگین دەکـا و تا ئەوپەڕی جـوانیی شـیـشی پەنجـەرە ڕەنگاوڕەنگەکـانی روحمـان پڕ دەکا لـە تریفەی مـانگی زیوین و تا ئەوپەڕی سیحری جوانیی ئەو نەغمەیە من ئینسانێکم خۆش دەوێ.

٢٠٠١/٦/١١

## (.. ؟..)

راستە من عاشقی هەموو جوانییەکانتم، بەڵام لە خەیاڵمدا پەیکەرێکم بۆ دروست کردوویت حەز ناکەم بە سیما حەقیقییەکەت بەراوردی کەم دەترسم بەمە خیانەت لە هونەری شیعر بکەم.
ئاسمانی نێوان دیمەشق و بودابێست

٢٠٠٠/٧/٢٠

ئەمڕۆ چەپکەساڵێ
گورزە وەرزێکی ڕەنگاوڕەنگ
لەسەر پەلکەزێڕینەی بەهاری تەمەنێ تێپەڕ دەبێ
چەند تامەزرۆی جیاکردنەوەی هەزار ڕەنگەی تێکەڵاوی سیمای ئەوم
کام هونەرمەند ڕەنگی غوربەت تێکەڵاوی شیعر دەکا و..!
خۆرنشینی غەمگین دەکاتە کازیوەی سلێمانی
لەم ئاسمانە چاوشینەدا بەکامێرای چاوی وشە من بتوانم
دارستانێ سەوزتر لە چاوەکانی
ئۆقیانووسێ شینتر لە ڕەنگی تەماشای
لەم یادەدا پێشکێش بکەم
بۆ ئەو ژنەی دوورگەیەکە لە ئەفسانە
ئاسمانێکە لە ئەستێرە و
ئۆقیانووسێکە لە جوانی.

## هۆردووی دوژمن

جیاوازیی نێوان شەهیدبوون لە پێناوی وڵاتێک و لە پێناوی چڵێ گوڵاو لە پێناوی ئافرەتێکدا ئەوەندەیە کەس ناتوانێ بڕیار بدا..!

Wubertal-7/9/2000

ئەندێشەم لە ملوانکەی کچە کوردێکی گوند دەچێ،
کە سەربازێکی داگیرکەر
هەموو خەیاڵی گەنجێتیی بەئەنقەست دەپچڕێنێتەوە..

*

ئەم وەرزانە تیژ تێ دەپەڕن!
وا نەبێ چۆن هەر بە وەرزێ قژم دەبێ بە پەلکی پەپوولەپایزە
ئازیز بێ تۆیی چەند سەختە
ڕەنگە چەند رۆژێکی تر
کفنی شیعرێ بەباڵای بەرزی خۆم ببڕم

*

عەشقت لە بارانی سەر پەڵەی پایز دەکا
کاتێ لە ناکاو دەیدا لە رەنجی ساڵی جووتیارێ
عەشقت لە شالاوی هۆردووی دوژمن دەکا
بۆ گوندێکی چاوخەواڵوو
هەر رۆژێ بێ، عاشقانە دەکوژرێم
هەرچی دەکەم خەیاڵی پەرت و بڵاوی ئەوینی تۆم پێ کۆ ناکرێتەوە.

## گەڕانەوە

هەندێ جار ئەوین پەیکەرێکی وەهمیی ناو روحە، بە تایبەت ئەو ساتانەی پەیکەرە راستەقینەکان تێک دەشکێن و هەپروون بەهەپروون دەبن.

Koln-26/12/1999

ئەمساڵ پێش ئەوەی جادووگەرەکان
ناولەپی کارەساتەکان بخوێننەوە،
لەو وەرزەدا، کە بارانی رەحمەت و فرمێسک تێکەڵ بن
هەر سەرەتا
لەگەڵ پشکووتنی دارئەرخەوانەکانی سەر گۆڕستانە ئاوەدانەکان پێکەوە دێین
پێکەوە دێین.. من و وەرزی بەهاری جوان
ئەمساڵ پێش ئەوەی جادووگەرەکان
ناولەپی کارەساتەکان بخوێننەوە و
بە چاوی خۆمان مەرگی گوڵەکان ببینین
تا بە ماچی لێوی من و چەپکە گوڵاڵەی دەستی ئەو
سنگی کراوەی سلێمانی و روومەتی تۆ سوور هەڵگەڕێن.

# تۆ نیشتمانی منی

که لێم دوور دەکەویتەوە، هەست بە غەریبی دەکەم، وەک ئەو
ساتەی لێت دوور دەکەومەوە.

ئێوارەکۆڕی ئەو گەورە پیاوە سیاسییە
باسی بەرائەتی خۆی لە کوژرانی کچە رووت و قووتەکانی شار دەکرد.
ئەو دەمانە منی شاعیری تیرۆریست
لە خەیاڵی ئەو چرکە ساتانەدا بووم،
کە بێ تۆ گۆشاوگۆش چۆن سەرم دەبڕین،

*

ئێوارەکۆڕی پێرێی ئەو پیاوە ئابووریزانە
باسی کەڵکەڵەی سەرمایە و
دابەزینی نرخی دراو و نەوت بوو
خەیاڵی من دەکەوتە سەر دابەزینی نرخی ئەو عومرەی بەبێ تۆ
رۆژ لە دوای رۆژ
دێتە خوارێ.

*

ئێوارەکۆڕی ئەمڕۆی ئەو ژنە جوگرافیاناسە
باسی نەخشە مۆدێرنەکەی نیشتمانی بۆ دەکردین
من دەمزانی تۆ غەریبی نیشتمانتی بە کۆڵەوە گرێ داوە
ئەو دێ بەدێ نیشتمانی هەڵڕژاوی دەچنیەوە و
من بە خەیاڵی بێ تۆیی شار بە شاریم دەسووتان و
خۆڵەمێشی نیشتمانم دەدا بەدەم رەشەباوە.

## دووکەڵ وا بەسەر چیاوە[١]

مـــارش و ســـــروودە ئـازادیـخـــوازەکـــانمـان وەهمــــێکی شۆڕشگێڕانەن، نەوە دوای نەوە دەیڵێینەوە. دوژمنان، ئێوەش مـارش و سـروودە سـەربازییـەکـانتـان رەنگە حـەقـیـقـەتێکی ترسنۆکانە بێ.

سپێدە

ئەوانەی بە چیای ئەفسانەی مەرگدا هەڵزنان

رەنگە خۆر تیشکی زێڕینی لە خوێنیان هەڵبکێشێ

زۆر دەترسم تۆش یەکێ بی لەو بۆکرووزی مردنە

سەر هەتا پا چیا غەرقە لە پرشنگی نائومێدی و بیرچوونەوە

دڵم خێراتر لێ دەدا دووکەڵ وا بەسەر چیاوە

من بریسکەی چاوی هەڵۆ و تفەنگی شانی دوژمنان دەناسمەوە.

*

پێش ئەوەی دەستمان تێکەڵی دەستی ماڵئاوایی ببێ

دێرە شیعرێکت پێ گوتم.

من ماناکەیم لە بزە و تیشکی چاوتدا دەخوێندەوە

چەند مندالآنە دەمڕوانی لە سیحری ئەو گۆرانییەی،

کە ئەوین باڵی پەپوولە و شەو سامی مەرگی پێ داوە

(١) ناوی ئەو سروودە سەربازییەیە، کە سەربازە تورکەکان لە کاتی پەلامارەکانیان بۆ سەر خاکی کوردستان دەیڵێن، کە نیشانەیە بۆ داگیرکردن و سەرکەوتنیان.

دڵم کەوتووەتە خورپەیەک دەڵێی ئیتر ناتبینمەوە،
کە دەبینم تا چاو بڕکا دووکەڵ وا بەسەر چیاوە.

*

پێش ئەوەی تۆ ماچم بکەیت و هەڵوەرێی
ژوانێکی نوێت پێ گوتم، داخم ناچێ
جگە لەو ماچە، چیی ترم لە خەیاڵی شاعیرانە بیر نەماوە
گەر بەبێ من خاک رای موسیت بیرت نەچێ
چاوم لە مەرگی سپیتە دووکەڵ وا بەسەر چیاوە.

*

دوێنێ جانتا تەمتومانت کردە شان و سنوورت کردە نیشتمان
ئێستا لە نێو فڕگەی وڵاتێکی دوورەدەستدا چاوەڕوانی
من بەخەیاڵ لەگەڵ مەرگی ئەو پۆلەدا تۆ دەبینم،
باڵیان لە خوێن هەڵدەکێشن روحیان لە قووڵیی هەتاوا
مەرگی ئەوان و سەفەرە دوورەکەی تۆ
وەک ئەوە وایە بە تفەنگی دوژمنانەکان پێکرابی
کاتێ بە دەنگی ئاگرین هاوار دەکەن دووکەڵ وا بەسەر چیاوە.

*

شەو درەنگان پۆلە مەلێکی غەوارە
بە ئاسمانی ماڵەکەماندا تێ پەڕین
مەلێکیان بەباڵی ئاوەڵاوە لێ جێما
وەک چۆن گەڵای پایز،
سەمای مەرگی خۆی دەداتە دەست جوانی
هێشتا چاوەکانی پڕ بوون لە سیحری ڕوانین و

دەنووکیشی تەڕ بوو بە عەشقی گۆرانی
من تۆم بیر کەوتەوە کە دەتوت:
نیازم وایە دڵم بکەم بە بەهەشت و
چاوم ئەوینی خەڵک و خوا و
خوێنم ئاونگی بەیانی.
*

## پەیکەر

راستە تۆ توانیت شووشەی روحم وردوخاشکەی. من هەوڵ دەدەم - پارچە پارچە - کۆیان کەمەوە. ئەم تۆڵەیە دوایین بڕیارمە بیرم لێ کردبێتەوە.

بەختەوەریم دایە دەم بای ڕۆژگارەوە
چاوەڕوانی ئاشتیی دوای هیچ خوێنڕژان و کۆکردنەوەی شووشە شکاوەکانی روح ناکەم.
ئیدی بە هیوای چاوە دۆزەخییەکانی ئەو نیم
بە ئومێدی دەست و پەنجە سڕەکانی ئەو ناژیم
من ئاژاوەی خۆشەویستی تەفرەی دابووم
ئێستا تەرمی ئەو هەموو مەلی ئەوینە کوژراوانە لە کوێی گۆڕستانی دڵ بنێژم
برینی گەشی ئەو ڕۆژانە چۆن بسڕمەوە!
پەنجەی حەسرەت لە سەر و سیما و نێوچەوانی هەڵکۆڵیوم.
ماڵئاوا ئەی تەونی بەختەوەری بەسۆزی وشە چنراو..
لە شەقامی چاوەڕوانیی پیرێژنە تەنیاکاندا
من ئێستاکە هەر بە تەنیا
چڵە نێرگزی زەردەخەنەیەک شک دەبەم
هەمیشە سەوز وا بە لێوی پەیکەرێکی
ناو جامخانەی گوڵفرۆشێکی هەرزەوە،
کە هێشتاکە نە فرمێسکی تیمساحیانە و

نەهەناسەی دووکەڵاویی مرۆڤ ژەنگیان،
بەسیحری ئەو زەردەخەنە هەنگوینییە نەهێناوە
من دەزانم
ئەو ئەوینەی ژەهری پەیڤین نەیکوشتووە
پشکۆی گەشی چاوەکانی،
بە بارێزەی ئەم وەرزە ناکوژێتەوە
مەگەر لەگەڵ ساتە درەنگ وەخت و توورەکانی بەدمەستێکدا
ئافرەتە گوڵفرۆشەکە بەبێدەنگی
تریفەی ئەو دەست و پەنجەی هەڵوەریوانە بماڵێ و
کڵۆ کڵۆ شەکری رژاوی ئەو نیگا و
زەردەخەنە بەهەشتییە بچنێتەوە.

## (....؟....)

بە هیـواوە دەبێ بژیم.. کـە دەبینـم دەرگـە و سنـوورەکـانم لێ دادەخرێن بەڵام لە دەلاقـەیەکی ئاسـمـانەوە دەتوانم بە هێـمنی تێر بتدوێنم.

دەست بۆ پێنووسەکەم دەبەم،
پەنجەی وشەم مشتێ لە هەوری تەنیاییت
بخاتە سەر لاپەڕەی سپیی خەیاڵم
نیگەرانیم شێوەی تۆم بیر دەباتەوە
چاو دەبڕمە ئەو کەژ و چۆم و رووبارەی ناویان زڕابوو بە سنوور
ئیدی کەروێشکەی شەپۆلیان
بۆنی خوێن و پیاوە هەڵاتووەکانی ئێرەیە
ئەو پیـــاوانەی ئازادیی مـــۆری خـــیـــانەتی بە نێـــوچاوانی مـــێـــژووە خوێناوییەکانیانەوە دابوو.
پڕ بە گەرووی سیخناخ لە هەوری هەنسک بانگت دەکەم
بە زمانی شیعر بانگی ئەوینی نوێ و
ئەوین بانگی سبەینێی تەمتومان دەکا
بانگت دەکەم.. هۆ ئازیزم
ئەو سنوورانە چەند سەختن،
کە پێی خەیاڵ ناتوانێ پیایاندا سەرکەوێ
تۆ بە چاوی پڕ خەواڵووی سپێدەوە

ئەڵقەی ئاڵتوونی دەکەیتە پەنجەی ئەوینی ئەو رۆژەوە،
کە تێیدا زۆر بە ئازادی گوێم لێ بگری
تۆ بە ڕەنگی پەڕیوەوە،
وەک ئەو گوڵە ژاکاوانە،
کە لە پاڵ سەنگەری شەڕێکی قورسدا دەپشکوێن..
گوێم لێ دەگری و لەگەڵ هەموو دەستڕێژێکدا هەڵدەوەرێی..!
خۆشەویستم گوێ بگرە لێم..
گەرچی ئێستاکە نێوانمان
دوو کیشوەری پڕ لە جبەخانە و هەزاران کارگەی چەک و
ئۆقیانووسی دوودڵییە،
بەڵام چاوی پڕ تریفەی ئینسانەکان بە ئەندێشەی روانینەوە
لەم ئاسمانە بەرینەدا نیگا و ماچ و نامەکانمان دەگۆڕنەوە
تەماشاکە خۆشەویستم،
ئینسانەکان شوێنپێی ئەم ئەوینە چۆن هەڵدەگرن و
بەسەر هەموو سەربازگەکانی زەمیندا تێ دەپەڕن
ئەدرەسی نوێی چاوەڕوانی و شەقامی پڕ لە حەسرەت و
ژمارەی خانووی ئەم دڵە تەنیایەی تۆ دەدۆزنەوە..

## یەکسانی

ژیان هێندە دەهێنێ لە پێناویدا بمرین، بەڵام لەوەش زیاتر ئەوەیە، لە پێناوی یەکسانیی ژیاندا بجەنگین.

من درەنگ
زۆر درەنگ
بە ئاگا هاتمەوە
درەنگ
زۆر درەنگ
لە وشەی تەنیایی و غوربەت و مانای چەوسانەوە تێ گەییم
کاتێ بە بەرچاوی خۆمەوە
دەریای مەڕمەڕە پۆلە قاژووی کۆچکردووی نێو شەرگەکانی هەڵمژی
ئەوجا بە وانەی برینەکانمدا چوومەوە، تێ گەییم
تەنیایی لە باڵی فڕیندا مانای چی..!
ئەو دەمەی پەنجەرەی ژەنگاویی کارگەکانم
بە هەناسەم سڕییەوە
هەردوو دەستم رووەو پرسگەی سەر مەرزەکانی ئازادی هەڵبڕی
ئەوسا لە غوربەت گەیشتم
زانیم لە چاوی رەنجدا یەکسانی مانای چی..؟!
کاتێکیش لەگەڵ

لەشکری بێکارانی ئاسیا و باشووری کیشوەرە گەرمەکاندا دانیشتم
تێ گەییم جیاوازی لە نێو مرۆڤدا
بە تەنیا تیشکێکە بە هەڵە لە چاوی سەرنج دەردەچێ
بۆم دەرکەوت شەڕگەکانی برسێتیی سەرزەوی
لە هەر کوێ بن، تەواو چەند لە یەکتر دەچێ
من درەنگ
زۆر درەنگ بە ئاگا هاتمەوە!
نازانم سالآنی ئایندەم بەشی چیم دەکا.
کاتێ دەمەوێ نێرگزی یەکسانی هەموو کەس بۆنی کا و
ئەڵقەی زنجیری کۆیلەیی
هەر هەموو لەبەر یەک هەڵپچڕێ..!

# کاریکاتێر

پشووی کۆتاییی هەفتەیەک
لە شەقامی Doom ی شاری کۆڵنی ئەڵمانیا
لە ئەپارتمانی (٥٨) قاتی ٣ ژووری ٧٧
چاوم لێ بوو پیرێژنێ پەنجەرەی ماڵەکەی دەسڕییەوە
گوێم لێ بوو بە سەدای دەنگی کەمێ بڵندتر لە شەوبا
گۆرانی بۆ تەنیاییيەکەی خۆی دەچڕێ و
بەسەر جوانیی کچێنیی خۆیدا هەڵدەدا...

*

لە هەمان شار، لە پارکێکی رازاوەدا
پیرەمێردێ نێوچەوانی سەگەکەی ماچ دەکرد..!
دەیگوت: کوڕە جوان و ژیکەڵەکەم "شاتز ئانا"[٢].
تاکو لە بێگانە نەچی، زۆر شت هەیە دەبێ نەیکەی:
وەکو وەڕین بە دەنگی بەرز،
شەڕفرۆشتن بە سەگی خەڵک،
میزکردن بەسەر قاچی مندا

*

لە هەمان شاری جەنجاڵدا
لە بارێکی نیوەشەوی مانگی مارتدا

(٢) ئازیزم هانا.

ژنێ دواین پێکی بەدمەستیی هەڵدەدا
بە دەنگی بەرز، بە خوڕتر لە ئاوی رووبار
بە هاژەتر لە خرمەی رێژنەی بەهاران
دەیوت ژووری نووستنەکەم
بۆنی ٢٠٠ عەتری ماچی پیاوی جۆراوجۆری لێ دێ:
پیاوی قەڵەو، پیاوی لەڕ و پیاوی گرگن و کەڵەگەت..
پیاوی درێو، پیاوی جوان و پیاوی سیاسی و پیاوی ئەدیب..
پیاوی زانا و پیاوی گەواد و جۆری تر!
هەموویان پێش ئەوەی دەستمان تێکەڵ قژی یەکتر بکەین
هاوار دەکەن: (MeinScahtzlchliebedich)(٣)
چرکەیەکە و هەرکە دەستی ئاڵۆزکاوییان لە قژمدا خاو دەبێتەوە
سیاسییەکە ئایدیۆلۆجیا و
ئەدیبەکە شیعرەکانی و
زاناکە تاقیگەکەی و
گەوادەکە کاسەلێسی و
ئەوانی تر هەریەکە چیرۆکی عەشقی من و خۆی بیر دەچێتەوە.

(٣) ئازیزەکەم تۆم خۆش دەوێ.

## تەنیایی

من نیشتمانەکەم لە تۆ خۆشتر ناوێ تۆشم هەرگیز لە نیشتمانم خۆشتر ناوێ ئەم جیاوازییە هەرگیز ناتوانم بە وشە دەربڕم جگە لە شیعر، خۆزگە بەهرەیەکی ترم هەبووایە..!

ئەمڕۆ لە پاش پێنج ساڵ غوربەت گەڕامەوە
سەرەتا زۆر بە هێمنی
دەستم برد بۆ هێشووە ترێی ئەو داڵیتەی
لە دامێنیدا سەدان شیعرم دەچنییەوە
دەمم پڕ بوو لە تامی ژاڵەی تەنیایی
پەنجەم وەکو ئەوسا نەدەگەیشتە دوا چڵی دار ئەرخەوان و
تریفەی چاوی منداڵان کۆڵانی پڕ نەدەکرد لە رووناکی
غەوارە بووم بە ئاوازی هاقووەکان
کاتێ ماڵەکەمیان دەکردە بێشکەی هەڵفڕین
تەماشاکە
ئازیز بێ تۆیی چەند سەختە
خەریکە زمانی گفتوگۆی نێوان جەستە و روحم بیر دەچێتەوە..!

## سەفەرنامە

(ئاسمانی نێوان ئەمستردام و بەیرووت)

خۆشەویستم.. تۆ سەیرکە هێشتا قولەپێ خوێناوییەکانمان لەسەر ئەو زەمینە هەڵنەگرتووە، کە دەمێکە لاشەی برینداری بەسەردا کێش دەکەین. کەچی خەیاڵ دەمانخاتە سەر دووڕیانی سەفەرێکی نوێ. سەفەرێ غەرقی گریان، غەرقی بزە و عەشق و ژیان.

خۆشەویستم.. حەز دەکەم بپرسم: "تۆ ناترسی لە کەمینەکانی چارەنووس؟ لە داهاتووی رەنگ پەمەیی، لە مێژووە هەلاهەلاکەت، لە بزە سەربڕاوەکان، لە منی عەوداڵی خەیاڵی ژیان و خەیاڵی فڕین بەسەر دنیایەکی دەست لە ئێخەی مەرگ گیرکەر؟ دەست لە ئێخەی کینە و رق و تۆڵە گیرکەر، دەست لە ئێخەی چەوسانەوە و مەرگی رەشی مرۆڤ گیرکەر؟"

خۆشەویستم.. من ئێستاکە لە دوورەوە، لە ژوور هەورە لۆکەییەکانی ئاسماندا، دوور لە مرۆڤ، نزیکتر لە تریفەی مانگەشەو، لە ئاسمانی وڵاتێکی ڕەنگاوڕەنگدا. بۆت دەنووسم: خەیاڵ لەگەڵ وشە بەسۆزەکانی شەوانی پێشوومدا دەمبا و چاوەڕوانم چەند ساتێکی تر فڕۆکەکەم بمخاتە سەر زەویی مرۆڤ، مرۆڤی شەڕانی و هاوڕێی دڕندەکانی نێو جەنگەڵستانەکانی سەر زەوی. ئەو مرۆڤانەی رەنج و خوێنی هەژاران، وەک چڵپاوی دوا شوشتنی جەستە گوناهبارەکانیان دەڕێژن. ئەو زەمینەی تۆم تێدا ناسی و تۆم تێدا خۆش ویست.

خۆشەویستم.. حەز دەکەم هەر ئێستاکە بەم ئاسمانەوە گڕ بگرم، جارێکی تر نەکەومە سەرزەوی. ئەو زەوییەی مرۆڤەکان تێیدا ئازاریان دام و دڵیان شکانم. بە نارەوا شیعرەکانیان ژەنگاوی کردم. پێیان گوتم: "کاکە ئەوین

مەلێکی نامۆیە، بە تۆی شاعیر دەستەمۆ ناکرێ، چیی تر خەیاڵ لە قەفەزی زێڕین مەکەرەوە بۆ ئەوین".

خۆشەویستم.. چەند ساتێکی تر دەکەومە سەرزەوی. دەکەومە باوەشی ئەو باهۆزەی وشە بەسۆزەکانی تۆم تێدا ناسی. دەکەومە سەر ئەو زەوییەی جگە لە سنوورەکانی جوگرافیا نیشتمانێکی تری تێدایە. تەنیا لەوێ، لەسەر باسکی ئەودا، لە ئامێزی ئەودا، لەبەر بریسکەی چاوە گەشەکانی ئەودا هەست بە گوناهە گەورەکان دەکەم. نیشتمانی من ئێستا لەم خەیاڵە بەدرکەزی و تەلبەند تەنراوەدا ئافرەتێکی گەنم ڕەنگە پرچەکانی داستانە درێژەکانی مێژووی ئەنفال کراومە پەنجەکانیشی هەناسەم.

خۆشەویستم.. لە نیوەشەوی تاریکی ئەم ئاسمانە بەرینەدا بەرەو ڕووت دێم، گوێم لێ بگرە، دوور لە مرۆڤ، دوور لە ئاوەدانی. ئەم وشانە دەخەمە سەر باڵی گوڵە ئەستێرەکانی ئاسمان و پێش ئەوەی دەستم بگاتە پەنجە زێڕینەکانی، پێش ئەوەی هەناسەی دووکەڵاویم گوڵاڵەی سۆز بژاکێنێ، بەرەو ڕووت دێم. دڵ بە خەم و هەناسەسوار، بگرە لە ڕوحەوە قاسیدێ بێت بڵێ ئەوە تیشکێ لە چرای هەڵگیرساوی ئەم دڵە تاریکەی زەمەنێکە چاوەڕوانی سەفەرێکی ئەبەدییە.

خۆشەویستم: حەز دەکەم بمرم و نەتبینم، دەزانی عەشق بێ وشە و بێ بیستن چەند واتای جوان و چەند خەیاڵی فریشتەییی لەسەر شانە.

خۆشەویستم.. بەرەو ڕووت دێم، پەنجەم لە قژی هەورەکان و خەیاڵم لە جوانیی کۆلکەزێڕینەی ئەوینتدا گیر کردووە. وەک ئەو کەسەی لە بیابانێکی بەریندا چنگ لەسەر شان، ماندوو و شەکەت بە شوێن سەڕابدا ڕادەکا. بەرەو ڕووت دێم. خۆزگە دەمزانی سبەینێ ئەم پەلەوەرە لانەوازە غەریبە لەسەر کام چڵ، کام ترۆپکی سووتماکی ئەم نیشتمانە داگیرکراوە دەنیشێتەوە.

خۆشەویستم.. تۆ بڕوانە، من ئێستاکە لەبەر ئەشکەوتێکی دێرین، کە ئەفسانەی تێدا هەڵدەسووڕێ، ئەشکەوتێکی قووڵی دەروون بە تەونی مرۆڤ جاڵجاڵۆکە تەنراو بەرەو لات دێم. دڵ بە خەم و چاو بە فرمێسک هەلاهەلا و تا

سـەر ئێسـقـان ئازاراوی. ئەوەی تەنیـا شکی دەبەم دڵێکی پڕ لـە ئارەزوو بە ئەوینـی هەژاران و ئەو ئەوینەی چەند شـەوێکە نیـوەشـەوان خـەوم دەزڕێنێ و بانگم دەکا فریشتەیەک چاو دەبڕێتە چاوم، گوێ بە سیمفۆنیی ئەوین و دەم بە هاواری پێکەنین. من لـە خـەوی کـابووسـیم ڕادەچڵـەکێم و دەم دەنێم بە دوا چۆڕی ئەو سـۆزەوە، کـە تۆ چۆڕچۆڕ دەتڕژانە کـانیی بـەرینی خـەیاڵم، دەست دەخەمـە سەرشانی ئەو فریشتەیەی بە ناهەق دەمیان کلیل دا، نەوەک باس لە جـوانی و عـەشق بکا، بەناهەق دەیانویست ئەڵقـەی هاوسـەری لە پەنجـەی بلووریدا شەتەک بدەن و بەناهەق جانتای سەفەری مەرگیان دا بە کۆڵدا.

خـۆشـەویستم.. تۆ نازانی مرۆڤی تەنیا چەند قـووڵ دەڕوانێ، مرۆڤی تەنیـا چۆن بیـر لـە مـەزنی ناوەوەی خـەڵکانی تـر، ئەوینی تر دەکاتەوە. مرۆڤـی تەنیـا سـەر دەخـاتە سـەر مـەچەکی و بە قـەڵەمی ڕەنگاوڕەنگـی خـەیاڵاوی دنیـایەکی جوانتر لە ئێستا و مەزنتر لـە دوێنێی ژەنگاوی و ڕەنگاڵەتر لە سبـەینێ بنیات دەنێ.

خـۆشـەویسـتم.. چـەند سـاتێکی تر فـرۆکـەکـەم باڵی ئارەزوو دادەگـرێ و دادەبەزێتـە سەر زەویی ئەو کـەسانەی بۆ چەند سـاتێ لێم دەڕوانن و نامناسن بەرەو مـاڵێ، بەرەو ئامـێـزێکی گـەرم هـەنگاوی بە پـەلە و درشت دەنێن. منی تەنیاش لە بەردەم خەیاڵێکی ئاڵۆسکاوی شەتەکدراو بە نهێنییەکانی سبەینێ، بەرەو ڕووت دێم، بەرەو نێرگزەجاڕی ئەو چاوانەی نەمبینیون و لە نێو دڵمدا دەجریوێنن.. بەرەو لای ئەو وشـانەی هێشـتا نەمبـیسـتوون و وەکو ڕووبار لە دەروونمدا هاژە دەکەن.

خـۆشـەویسـتم.. بەرەو ڕووت دێم، بـە هـەنگاوی بەپـەلە، هەناسـەسـوار وەک پەنجـەی لەرزۆکی ئەو غـەوارەیەی بەترسـەوە لە دەرگـەی دڵی ئێوارانی خـەڵکی دەدا. بەرەو ڕووت دێـم، دڵ بە هیـوا و چاو بـە یاقـووتی فـرمـێـسک، باسکی خـەیاڵ دەکـەمـەوە بۆ پرشنگی هەڵڕژاوی ئەو ئەسـتێـرە ئاڵتـوونیـیـانەی لەم گـەردوونە گـەورەیەدا بەسـەر هەمـوو سنوورەکاندا رادەکەن و دەریاکان دەدەن بەیەکدا و شـەپۆلەکان لە دەریا یاخی دەکەن و ئۆقیـانووسـەکان تێک دەدەن و

دڵی زامداری کیشوەرەکان سارێژ دەکەن. لە نێو کراسی شیفۆنی ئاودامانی ئاسمان و ئەم ئێوارە غەمگینەدا، سەما لەگەڵ ئەم ئەوین و ئەم خەیاڵ و ئەم کۆچە نوێیەی من دەکەن.

# سۆراخ

گرینگ نییە ئەوەی بۆی دەگەڕێم دەیدۆزمەوە یان نا! گرینگ ئەوەیە لە هەموو ژیانمدا بە هیوا و لە سۆراخی شتێکدام.

کێ دەڵێ تۆش
لە شەوێکی غەریبیدا
شوێنپێی خەمی داگیرساوی
منت هەڵنەگرتووە..؟!
کێ دەڵێ تۆش
نەشارەزا
پەیت بە دوا ڕێچکەی
وێڵی زامەکانم نەبردووە..؟!
وا ئەم شەویش
تۆ لەودیو تەمی سەر پەنجەرەی شاعیرێکدا
لەنگەر دەگری
ئەگەر چاوت
ئاونگی شەویان لێ باری
بە هەنسکێ نەیانسڕی
ئەگەر زامێ وەک گوڵاڵە
خۆی لە سینە و بەرۆکتدا

سەر هەتا پا
یەخە و بەرۆکت دانەدڕی
ئەو دەرگەیەی بەم شەوە تۆفە لێی دەدەی
دڵی گەورەی شاعیرێکە
پڕ لە برین
لە شەوانی کڕێوەدا
گیانی ماندووی چەوساوەکانی تێدا دەژین

دیانا ١٩٧٧

## كسپه

ئەگەر هیوام نەبوایە چاوەڕوانی دەیکوشتم

ئەمشەو، کە دیم ئەستێرەیەک لە ئاسۆی دوور و گەشدا
وەک چاوەکانت دەدرەوشا
هێندە بە کوڵ دامێنیم گرت، هەڵم کێشێ
ئەستێرە رۆی سەری هەڵگرت
بۆ ئاسمانێکی تر کشا

*

شەوان پێڵووی چاوەکانم بە خۆتدا دەدەی و
تێر لە چاوانمدا دەسرەوی
ئای چەند خۆشە زیندەخەوێ
دەستت دەگرێ
لە سەرەمەرگی چاوەڕێی لاشەی هیوایەک دەنەوی
ئەم هەورازەی پێدا هەڵدەزنێی
بناری کێوێکی مەزنە
مێژوو دەڵێ:
"سەردەمانێ، لەژێر چەقۆدا پاڵکەوتوو
سەردەمانێ هەڵساوەیە."
مێژوو دەڵێ:
"ئەم رێگەیە رەنج و خاک و خۆشەویستیی تواوەیە."

دیانا ١٩٧٧

## وەرزی ئازار

ئینسان هەیە لە نیشتمانەکەی خۆیدا لە منی دوورەوڵات غەریبترە

لەم دوورەوە
هەست بە نامۆییی خۆم ناکەم
چونکە لێرەش
ملیۆنان مرۆڤی تر
سروود دەڵێن بۆ گیانی سەختی رێگەکەم

*

لەم دوورەوە
دەرۆم و بەفر بەسەرمدا دەبارێ
لە دوامەوە کلوی بەفر
شوێن پێکانم دەگرێتەوە
گەرچی گیان شەکەت و ماندوو
رێگە دەبڕم
بەڵام هیوای سروەپژێن
وردە ئارەقەی تەزیوی نێوچەوانم دەسڕێتەوە

*

لەم دوورەوە
باڵی فڕینی ئەوین و بازووی ماندووی چەوساوەیی و

ئەڵقەی زنجیری هەنگاوم
تا دێن گەورە دەبن
نازانم گیانی ماندووم چەند هەنگاوی ڕێگە دەبڕێ
بەڵام تەمەنی هیوایەکم
لە کۆڵ ناوە
بەرگەی هەموو
کۆسپ و سنووری ڕێ دەگرێ

*

لەم دوورەوە
چاوم لێیە
وەکو حەلاج لە خاچ دەدرێی
وەکو ئەسپی کۆڵ هەڵگرتووی حوسەین دەگلێی
وەکو عەلی لە نوێژی عەشقدا دەکوژرێی
ئەی (چین)ەکەم؟!

# ئەوین

ئێـوە ئەی شـاعـیـرانی هاوڕێم لـەگـەڵـمـدا ئـاوڕێ بۆ رابردوو بدەنەوە، بزانن چەند شـاعیرمـان بە مەرگی جۆراوجـۆر خەڵات کران.

بە قەد هیوای نقومبووی نێو چاوی گەشی منداڵە ئاوارەکان
بە درێژاییی تەمەنی گشت خەم و زام و ئازارەکان
مێژوو کوانووی
ئەم ئەوینەی هەڵگرتووە
بە درێژاییی سامی مردن
مێژوو گیانی بەسەرهاتی
بەسەر دڕکوداڵی عەشقدا
کێش کردووە.
ئەستێرەیەک
لە کەلی خۆرنشینی گشت ئێواراندا ئاوا دەبێ
تەرمی تیشک و
لاشەی کپی
کێ دەزانێ بۆ کوێ دەبرێ؟
ئەو مرۆڤەی یاری بە مەرگی خۆی دەکا
چۆن پەنجەرە و چوار دیواری ئەم سنوورەی لـێ دادەخرێ؟
(ئاخ بۆ حاڵزانێ دڵ پڕ لە ئاو و ئاورێ)

# رەشبینی

ئێمە لە تاریکییەوە رۆشناییمان خۆش ویست بۆیە وا بە پیرۆزییەوە بەدوایدا دەگەڕێین.

ئەی سروشت،
خاکی بەرباد
ئەی دڵی گەردوون
سەنگەری هانا و هەناسەی سارد
چ بەحرێکم وشک کردی
چ هیوایەکم تاساندی
بەسەر سیمای کاڵەوەبووی
لەم تەمەنە پایزەدا
تریفەی کام شەوت دامێ
کام تروسکەم لێ ستاندی
ڕێبوارێکم لەوەتەی هەم
ئارەق بۆ ژینێ دەڕێژم
تەنیا ساتێ بمپارێزێ
رەهێڵە و تۆف و زریانی
ئەی سروشت، ئەی خاکی بەرباد
دە ئەی خاکساری دڵی تەنگ
هێندە نوقمی تاریکی بووم
بوومە سیمای نیوەشەوێکی قەترانی

١٩٨٠

## سەرئەنجامی هەڵوێستەکان

ئێمە لە مردندا داهێنانمان کرد، کاتێ گورزە تیشکێکمان بە دیاری بۆ شەو نارد.

هەر ڕێبوارێ لە هەر لایەکی دنیاوە
بەم شارەدا رابووێ
دەزانێ کچانی ئەم شارە عاشقن و
لە نێو تەمێکی قووڵدا نوقوم بوون
وێنەی هاوڕێ کوژراوەکان..
وێنەی هاوڕێ ونبووەکان..
لە مەدالیای سەر سنگیاندا دەبینێ
ئەو پیاوانەی لە نێو دۆزەخی دووریدا..
سەرەو نوگوم بوون
لە هەر گۆشە و کەنارێکی ئەم شارەدا
دەنگی زامە پڕ لە سوێکان
هەناسەی کاڵی دڵدار و
هەنسکی گەرمی زیندانە
یان نهێنیی ئەو ڕەنجدەرەی
دەرگەی دڵی لە ژێر تینی برسێتیدا دەکرێتەوە
گەرچی سنووری شار وەکو دڵی عاشق فراوانە،
بەڵام هەرچی ئازاری لێکپچڕاو هەیە،
ڕووبەڕووی یەک یاسا و یەک دەنگ دەبێتەوە.

١٩٨٠

# شەو درەنگە

ولاتی ئێمە بەمەرگەساتەکانییەوە بەناوبانگترە وەک لە
جوانییەکەی.

شەو درەنگە
ئەی چرای سەر کۆلانە تاریکەکان
درِ بەم تاریکاییە بدەن
سۆمایی چاوتان با دابێ
لە جیاتیی نەوت
گڕ لە خوێنی خۆتان بەردەن
شەو درەنگە
ئەی ئەوانەی
لە زانکۆی سەر شەقامەکاندا،
فێر بوون چۆن
سێبەر بۆ گیانی یەکتر کەن
شەو درەنگە
رابن، هەستن
سروودە تووڕە و یاخییەکان
بەسەر ئالای ئەم شەوەدا بخوێننەوە
بەو وشانەش دەست پێ بکەن
کە فرمێسکیان لێ دادەتکێ
ئەو وشانەی لەژێر لێوی تووڕەییدا دەتوێنەوە

١٩٨٠

## مردن لە پێناو مردندا

هەشت ساڵ شەڕ لە پێناوی هیچدا تەنیا هیچی بەرهەم هێنا
و قوربانییەکانی وەک هیچ بە مێژوو سپارد.

وەک (با) بەسەر تەرمەکەتدا
تێپەڕ دەبن
نەچرکەیەک لە تەمەنە پاییزییەکەت
نەهەناسەیەک ناسۆری
ئەم کۆچە سوور و خەمبارەت
ئامێز دەگرن
کۆچ و کۆچبار بەرەو نەهاتییە
کێ لە خەمی گەورەی تۆدا دەتوێتەوە
کەی گرێی ئەم نهێنییە،
لە رووی تۆدا دەکرێتەوە
دەمری..
دەبی بە خاک و خۆڵی ئەو هەردە
دەمری..
خوێنت قەتماغەی لێوی مەرگ بێ
دەمری و مژدەی مردنەکەت
بە چەپکە گوڵ

بۆ سەر مێزی گەورە پیاوانی شار دەبرێ
دەمری و یادی مردنەکەت
لە نێوجەرگەی شارەکاندا
لە سەر شانی چەوساوەکان هەڵدەگیرێ
دەمری مۆسیقای خەمباریی مردنەکەت لە پایەتەختدا
لە رەیسزو لەبەر مێزی
پیاوە سۆزانییەکاندا
لێ دەدرێ
دەمری.. دەمری
ئەژدیهاکی ئەم سەدەیە
بە کوشتنت ماری سەر شانیان تێر نابێ
چاوەڕێی چیت؟!
لە کەناری گۆڕەکەی خۆت یاخی نەبیت
خۆت نەبیتە پاڵەوانێ
کاوەی مێژووی سەدەی بەردین
بۆ تۆ نابێ

١٩٨٠

# بیرەوەریی منداڵیم

ئێمە خۆمان (سۆسیالیزم)مان هەڵنەبژارد، بگرە ژیان بە سەرماندا سەپاندی.

دەنگت تێکەڵ بە شەپۆلی
ژاوەژاوی چڕی ئامێرەکان دەبێ
بە هەموو هێز تەکان دەدەی
هێشتا سروەی هەناسەکەت ناگاتە سێبەری بەرپێت
سەرهەڵدەبڕی و قوڵپی گریان لەگەڵ دەنگە هەڵچووەکەتدا،
جارێکی تر لە چریکەی ئامێرەکاندا ون دەبێ
گریانت دێ
ئای چەند خۆشە
ترۆپکی چیای خەمەکان بە فرمێسکی چاو دەربدەی
ئای چەند خۆشە
پاش ماندووبوونی سەفەرێ
لە نهێنیی ڕێگەکەتدا قووڵ بیتەوە و
لە سێبەری هیوایەکدا شان دابدەی
هەست بە تەنیاییی خۆت دەکەی
وەک ئەو کەسەی تەمەنی لەگەڵ پارچە ئاسنێکدا
کۆتاییی دێ

ئەو گۆرانییەی دەپچڕی
زۆربەی زۆری وشەکانی،
لە هەناسە گەرمەکەیدا دەتوێتەوە
هاودەمەکەی
پارچە ئاسنێکە
ئەویش نوقمی
بێدەنگییە
نە تێ دەگا
نە گوێ دەگرێ
بەرەوڕووم دێی
مێژووی هەموو ژانەکانت
لە تەوێڵدا پرشنگ دەدا
وەکو تروسکەی ئەستێرەیەک
لە تەمەنی شەوتا هەڵبێ
بەم هەموو ژانە سەختەوە
دەتلێیتەوە
کەچی گوڵی زەردەخەنەی
رواوی نێو دڕک و داڵی تەمەنیشت..
لەسەر لێوت
سنوورەکان بەجێ دێڵێ و
ئاوا نابێ.

١٩٨٠

## دیوار

راستە یادگارییەکانی منداڵی منیان کرد بەشاعیر بەڵام هێندە تاڵ بوون. بەگەورەییش هەست بەتامی شیرینی ژیان ناکەم.

نیگا دەکەی
تیشکی سەرنج لە خۆری هەردوو چاوتەوە
رژاوەتە سیمای مات و بێدەنگیی من
خۆزگە دەمزانی ئێستاکە
لە رووی زەرد و کزی مندا
چی دەبینی
نووچدانی کام شەوی تاریکی رێبواریم
دەتهەژێنێ و
هەتوانی قووڵ بێدەنگی کام برینی،
تریفەی مانگی سەرنجت
لەسەر سووچی کام بەرز و نشێویی تەمەندا
ون کردووە
لە ناخەوە منیش وەک تۆ
یاقووتی فرمێسک هەڵدەرژم
بۆ تەمەنێ،
کە رۆژگار بە هەموو هێز و کینەوە

شیتاڵ شیتاڵی کردووە.
نیگا دەکەی..
وەک ئەستێرەی نوقومبووی نێو
هەورێکی هێجگار رەش و تاڵ
چۆن دەتوانین لە یەک بگەین
تۆ بێ نەغمە و
هەناسەت بووەتە خۆڵەمێش
منیش لەمدیو کێو و دیواری بەرزەوە
هەنگاو بەسەر مەرگدا دەنێم
بێ پەڕ و باڵ
ئا ئێستاکە
هەردوو وەکو یەک فرمێسک لەسەر رووی ژاکاومان
پێش هەڵوەرین
زستانی تەمەن دەیبەستێ
چۆن دەتوانین لەیەک بگەین
نێوانی دوو شاری خاپوور
لافاوێکە
لە رێی رێبواران هەڵدەستێ

١٩٨٠

## که مردیشم

من ژیانم له تەلبەندی نیشتمانەکەمدا بەسەر برد. بەڵام، که داگیرکەرم تێدا بینی ئەوە مەسەلەیەکی تره.

که مردیشم پێ دەکەنم
بۆ ئەو گۆڕەی وەکو دایک
له ئامێزی گەرمیم دەگرێ
بۆ ئەو دڕک و داڵ و گیایەی بە غەریبی لەسەر گۆڕەکەم دەڕوێ
بۆ ئەو سرووده توورەیەی بە ئازادی بۆ وڵاتەکەم دەگوترێ

*

که مردیشم پێ دەکەنم
بەو دوژمنەی هەرەسی ناخ
سپی لەلا دەکا بە رەش
چڵێ گیا بە پیرەدارێ
تا بڕوانێ ورەی خزیو گەورەی دەکا،
دویا دەکاته پەلوپۆی
بەو دوژمنەی گاشەبەردی لێ دەبێته
قاچ و دەست و هەنگاوی رێ
بەو دوژمنەی قەت ناگاته سێبەری خۆی

١٩٨٠

## (.......)

عــەشــقی زیندوو لە نێــوان جــوانیی ئینســان و جــوانیی سروشتدا ئاوێتەیە.

بەم شەوە دەیجوور و تاریکە
پوورە خەمێ لە ئاسۆی بیرم دەورووژێ
کە لە گیانی تەنیاییدا چاو لێک دەنێم
تەنیا مۆمێکی بچکۆلە
پڕ لە بەزەیی
وردورد فرمێسکم بۆ دەڕژێ
خۆشم دەوێی
ئەو کاتانەی لێک دادەبڕێین
دنیا بۆنی غەریبی و دووریی تۆی لێ دێ
ئەو کاتانەی لێک دادەبڕێین
گیانم دەبێ بە پارچەیەک شەختە سەهۆڵ
هەردوو دەست و پێم و زمانم لە گۆ دەچن،
هەنگاوەکانم دەیبەستێ
بەدگومانم
مەگەر هاورێ ونبووەکەم
ئازاری وا سەختی دیبێ
مەگەر هاورێ ونبووەکەم
ڕێگەی وا دووری بڕیبێ

١٩٨٠

## سیخوڕ

هەر کرمەکان گوناهبار نین، مرۆڤیش هەن لەسەر خوێن و جەستەی ئینسان دەژین.

نە سەرنجی دەریای بەرین
نە گوڵی سوور
نە چرپە پێی شەنگەبێری
نە نەرمەبا
نە خامۆشی شەوی هاوین
تێرم دەکا
مادام هێشتا کەسانێ هەن
رەشبین و دڵڕەق و چاوزیت
بە دوامەوە
نەخشە بۆ مەرگم دادەنێن
سێبەرەکەم لەنێو دڵیاندا چەقیوە
بۆ هەر شوێنێ هەنگاو بنێم
لە دوامەوە هەنگاو دەنێن

# بۆشایی

دیالێکتیک ئاشکراکردنی جیاوازییەکان و یەکگرتنی پارچە لێکترازاوەکانی ژیانە.

لەسەر لووتکەی چیاکەوە
گاشەبەردە مەلآسبووەکان
خل دەبنەوە
دەچنە دڵی بۆشاییيەوە
گاشەبەردەکان بێ گیانن
وەکو مرۆڤ
خۆشەویستی و گریان و خەندە نازانن
بەڵام وەکو هەر شتێ
هەر کەسێ
دەستەمۆی ویستی ژیانن
وەک چۆن گیانە چەوساوەکان،
گوڵی ژاکاوی تەمەنیان
نوقمی دەریایەک کەسەرە
ئاواش هەناسەی تووڕەیان
پێویستی بە رێگەی رووناک و رابەرە

١٩٨٢

## عەشقێ لە سەراب

بۆ بیرەوەریی ساتە تاڵەکان و یادگارە نەمرەکان.

دوو کۆتری سپیی هۆگری کەژ و تەنیایی
دوو دڵی یەک لاشە خەمبار
دوو ئەستێرەی یەک ئاسمان و
یەک شینایی
دوو ئاوازی سوێی برینێ
دوو هەنگاوی
دوو هەناسەی
دوو لەرزەی لێوی
بێ تینێ
باڵی گیانیان کردە یەک باڵ
عەشقیان بوو
بە سروە (با)
بە بزەی لێو و
بە ترۆپکی کێوی خەیاڵ
نیگایان بوو
بە روانینی نیگای یەک چاو
خوێنیان بە یەک
دڵیان بە یەک

هەنگاویان بوو
بە یەک هەنگاو.
بەرەو دنیای خۆشەویستی
بەرەو وەرزی شادی چاندن
ڕێگەیان گرت
بەرەو هەتاوی ئاسمانی
زنجیر و پێوەند شکاندن
بەڵام دەستی کاڵی خەمێ
کاروانکوژەی دەمەوبەیان
دەروونی گیانی قەقنەسی،
ئێسک قورسێ
مەرگەوەڕێ
باڵی پەپوولەی ئاواتی
ڕێگەی پیرۆز
ڕۆژی ڕووناک
گیانی نەمریانی
سووتاند.
دواین نیگای چاوەڕوانی
دواین تاسە
دواین ژانی..
دەروونی پڕ
دواین کسپەی
ناخی گیانی
کۆتایی هات

بەڵام تاریکی و شەوەزەنگ
بیرەوەریی کۆچی ڕێی ون
کزەی دەروون
جیهانێکی نوێتر بوو.. بۆ
ئەو دڵۆپە فرمێسکانەی
دەڕژان
بێ دەنگ.
لە نێوەندی دووڕیانی
دوو جیهاندا
پێی خزیوی پلەی سەختی
نێو ژیاندا
بۆ جیهانی بێ هاوڕازی
بە نامۆیی
بە شەکەتی
بەرەو دنیای بێ تروسکەی پڕ مەینەتی
هەنگاوی قورس
بەرەو مەزرای بێ کەنار،
بێ دارستان، بێ شەو و با
هەنگاوی قورس
دڵی تەنگی گریاناوی
بەرەو ئەو جیهانەی مرۆڤ
تێیدا بەرپێی خۆی نابینێ
کەس لە ئازاری کەس ناگا.

# مرۆڤ

له کامه کاتدا دنیا زۆر کپه
ورشەی گەڵایەک
کزەی شەماڵێ
نایەتە بەرگوێ
من لەو کاتەدا
هەرەسی شاخێ مەینەتی و کەسەر
بەسەر لاشەم و بیر و سەرما دێ.
هەندێ جار..
تۆزێ مۆسیقای ئارام
کڵپەی شەماڵێ
تەلی کەمانێ
دەمخاتە گرین
جاری واش هەیە
له بەردەم خەما
دەست لەسەر ئەژنۆ
فرمێسک له چاومدا دەبێتە سەهۆڵ
گیانم دەبێتە پەپوولەی بێ تین.
من چیم بەبێ گیان
کۆمەڵێ گۆشت و خوێن و ئێسقانم

که گیانم کڵپەی چەوساوەکان بێ
بێ ئەوان،
نامۆم..
بێ کەسم..
وێڵم..
کۆمەڵێ مەینەتیی ژیان ناتوانم
خەم چییە گوڵی
سوور هەڵوەرێنێ
یا لێو و دڵم وشک کاتەوە
ئەگەر ئارەقەی ئەو رۆژە نەبێ
کە تیشکی زێڕین دەدا لە گیانم
هەر کاتێ ئازار
سەرم کاستر کا
تاریکی چاو و دڵم داگیر کا
من زیاتر ئاسۆی خەبات دەبینم،
دوورتر لە رێگەی
ژیان دەڕوانم

١٩٨٣

## جیاوازیمان

ئەوەی جــیــاوازییــە لە نێــوان دڕندە و ئینســاندا بە تەنیـا ئینسانە.

من ئامادەم بەدیار دێرێ
شیعری گەش و ناسکەوە
تا بەیانی دەستەوئەژنۆ دابنیشم
تۆش ئامادەی
بە دیار گرێی خەمی خەستی سەرمایەوە،
تا بەیانی خەو لە دوو چاوت نەکەوێ
من ئامادەم
دەرگەی دڵە عاشقەکەم
بۆ ئەوینی هەموو دنیا
ئاوەڵا کەم
وەک تۆ چۆن دەرگەی دەروونت
لە ئاست خەمی ئەم جیهانە گەورەیەدا داخستووە
بە درێژاییی رۆژگاری سەخت
من ئامادەم گیانم بکەم بە سووتووی خۆر
وەک تۆ چۆن گیان و ویژدانت
دیلی گۆڕی،

لاشەیەکی وا مردووە.
من ئامادەم لە پێناوی تروسکەیەک
هەردوو چاوی خۆم هەڵکۆڵم
بەسەر مەرگی خۆمدا ببم
بە ئەسپی با.
وەک تۆ چۆن کرمی برسێتی
رەنگ و سیما و بیر و گیان و دڵت دەخوا.

١٩٨٣

# شیعر

شیعر نە لە کۆشکە بەرزەکاندا، نە لە ماڵە نزم و نسرمەکاندا دەنووسـرێ. شـیـعـر لەو دەروونانەدا لەدایک دەبێ، کـە شایستەیە بە ئینسان.

شیعر ئافرەتێکی دڵتەنگە
دڵدارەکەی لەنێو چاویدا و
چاوەکانی لە پرسەیدا
زریانی فرمێسک هەڵدەکا.
چۆن دەتوانی لێی تێ بگەی
شیعر رێبوارێکی ماندووی
شەوێکی تۆف و زریانە،
کە لە دەرگەی هەناسەی دای
چۆن دەتوانیت دەرگەی بە روودا دابخەی
شیعر پشکۆیەکە
نوقمی مشتێ خۆڵەمێشی ساردە،
کە (با) بە سەریدا هەڵی کرد
تۆش وەکو ئەو
لە نێو ناخدا کڵپە دەکەی
شیعر مۆسیقایەکە هێمن،
کە گوێت لێ گرت،
یا خەندە لێوت دەکرۆژێ
یا چوار دەورت تفرێژ دەکەی.

١٩٨٥

## تاتەشۆر

که دایکم مرد، خۆم له کفنەکەیەوە ئالاند،
بۆنی شیری منداڵی لێ دەهات

مەمکەکانت دوو هەناری دەنک هەڵوەریو بوون
به لقێکی پایزیی بەژنتەوە.
ئەوسا وا بوو،
ئێستا دوو چۆلەکەی ژەهرخواردووی،
سەر تاتەشۆری مردنن
من هەر کاتێ،
ژنێکی رەشپۆش دەبینم، تۆم دێتە یاد.
که هەمیشه گۆڕستانێ دەکەوته نێوان،
زەردەخەنه و پێکەنینێکتەوە.
پۆله قاژووی سبەینان زوو
تۆم بیر دێنێتەوە
هەردەم رێبوار بوویت له نێوان،
شەڕی کازیوه و شەوگاردا.
له تۆوە دایه فێری گومان بووم له ئەوین
گومان لەو حیکایەتانەی هەمیشه
عاشقانی تێدا شکست بوون

ئەو حیکایەتانەی
لە زاری پیاوماقووڵانەوە دەتبیست، گوایە
خواوەند بۆیە ئێمەی،
بێ باڵ و دەنووک دروست کرد،
تا بەچڕنووکی واشە و قەل و داڵی براکانمان
ئەزموونمان کات.
بڕوات نەدەکرد تۆ دەتوت:
درۆیە تریفەی ساماڵ و ملوانەکەی ئاڵتوونی هەتاو
لە شەوی درێژی کڕێوە و قرچەی نیوەڕۆی هاویندا
وەکو یەک بن، بۆ کۆشکێکی چەند نهۆم و
کۆڵیتێکی داڕماو.
بڕوات نەدەکرد تۆ دەتوت:
لە هیچ وەرزێکدا خەممان لەگەڵدا بەش ناکەن، چونکە
خۆر تیشکی زێڕینی نادا لەماڵی بێ پەنجەرەمان
گەڵای پایز لە کۆڵانی بێ باخچەمان سەما ناکات
بە دوو دەستی پڕ کفنەوە مردن، تەنیا
دەستی سڵاو درێژ دەکات.
من ئێستاکە لە گومانی تۆ جێهێشتن رادەمێنم
کەچی سیحری دەست و پەنجەی گوناهباری گۆڕهەڵکەنێ
بانگم دەکا تا بزانێ، کەی رەنگەکەت
تێکەڵ بە رەنگی خاک بکا و
پەیکەری ئەو زەردەخەنە ژاکاوانە
لە کوێی لووتکەی بیرەوەریی من دابنێ.

## ڕەنجی نامۆ

بۆ ئەو هەزاران کرێکارە میسرییانەی بژێویی ژیان ناچاری
کردن وڵاتی ئاگر و ئاسن هەڵبژێرن.

ئەی قژ لوول
دەم و لێو وشک و برینگ
ئەی مرۆڤی نامۆ و نەشارەزا
ئەی کانگای ڕەنج
کێوی زەحمەت
کانیی وەفا
ئەم جێگەیە
ئەم نیشتمانە شیرینە،
گەرد گەرد خاکی
لە گیانی ڕەنجت دەنیشێ
برای نامۆ..
شەماڵی ئاوارەی سەر نیل
بەری ڕەنجت دڵۆپ.. دڵۆپ
دەستی زۆردار
دەیکاتە دیل
لەو کاتەوە
کازیوە پێڵووی هەڵدەبڕێ،

تا ئەو کاتەی..
ئاسۆ ڕەش ڕەش هەڵدەگەڕێ
تۆ شەکەتی دەخۆیتەوە.
شەوان تا لە مەلە تەریوەکان
وەنەوزە دەدەن،
تۆ هێشتا هەر چاوەڕوانی (کاسێتێکی کۆنی ژەنگین)
گیانت دەخوا
جارێکی تر
دە جاری تر
بە هەناسەی غەریبیدا
منداڵەکەت بانگت دەکا
بابە.. بابە
ماما.. ماما
لە تاوانا..
لە..
تاوانا..
وا پایەتەختت بە کۆڵەوە،
برای نامۆ..
– خۆزگە ئێستا مەلێ دەبووم
سنوورەکانم دەپچڕاند
تێر دەمڕوانییە چاوەکانی
تینوویەتیی ئەم دەروونە غوربەتییەم
دادەمرکاند
– من چی دەکەم ؟!

سێبەرەکەم لێم ون بووە!
من چی دەکەم؟!
بۆچی نامۆم؟!
بۆچی نامۆم!
– بۆچی ؟
– بۆچی ؟!
– چۆن چی دەکەی
بیر کەرەوە چۆن چی دەکەی..
بیر کەرەوە!
گریان
گریان
هەناسەی سارد
گریان
گریان
بە دەستی خۆت پەساپۆرتی
پەڕینەوەی خۆت مۆر نەکرد
بە دەستی خۆت
کەلەپچەی سەر سنوورەکانت
لە هەردوو دەستی خۆت نەکرد
لە بیرتانە
دەڵاڵەکانی بازاڕی
هەڕاجخانەی نێو دەوڵەتان،
لە بیرتانە بۆ قازانجی..
بازرگانی قاهیرە و قودس،

بە پارت
بە گەل
بست بست زەوی..
پۆل پۆل مرۆڤ،
هەڕاج دەکران
برای نامۆ..
ئەی هاژەی کەناری نیلی شین
لە برساندا خۆشەویستی،
چۆلەکەیەکی باڵشکاوی ئەم کۆچەیە
وڵات.. وڵات..
سەرکزی نان،
سەرکزی ژین
وڵات.. وڵات
چاوەڕوانی شەوگاری درێژ،
چاوەڕوانی ڕۆژگاری سەخت..
چاوەڕوانی،
نزمترین
برای نامۆ..
(دەزانم بۆ مەعیشەت وێڵ و ئاوارەی)
بەڵام ئەفسووس
لێرەش هەر نوقمی ئەم دەریا بۆگەنەی..
نوقمی ئەم شەو و شەوگارەی!

١٩٨٥

## مێژوو

مــێــژوو شــتــێ نیــیــە جگە لـە شــەڕی خـوێناویـی نێــوان بەرژەوەندییەکان.

لە کاتێکدا
گڵۆڵە ئاڵۆزەکانی مێژووی سەر هەتاپا خۆرنشینم
دەخوێنمەوە
لە کاتێکدا..
گیانم لەنێو رەنجی زۆری بەرهەمی کار،
دەتوێنمەوە
لەم پێدەشتە بێرونەدا
جۆگەلەی ئاژینی پرسەی
دەیان سەدەی عومری وەریو
ملیۆنان پێناسەی ون
هەزاران پرسیاری ژەنگ لێ نیشتووی بەبێ وەڵام
بەسەر دوورگەی نیگاکانمدا
دەشکێنمەوە
لە کاتێکدا..
وشەی یاساغ
وشەی هەمیشە چاوەڕێی مەرگی ناوەخت
ژانی ماندووی رۆژگارەکان

دەگێڕنەوە
ریز ریز لەنێو
بیرمدا دەنوون.
لەو کاتەشدا..
ئازاری ئەو سەردەمە
هەژارەکان بە چاوی بیر دەبینم
چۆن لە برساندا
دەچەمنەوە
زۆردارەکان وەک ڕەوە گورگ،
بەسەر شان و دڵمدا دەڕۆن
لە ژوورەوە..
لەسەر کورسییە تەختەکەم
کتێبێکی قەبەی ڕەنگ زەرد
ناوەڕۆک ڕەنگ سوور هەڵگەڕاو
لە بەرچاوم پاڵکەوتووە و قسە دەکا.
جارجار تووڕە وەک ڕەشەبا
جارجار هێمن وەک مۆسیقا،
دەڕوا و لەگەڵ خۆیدا دەمبا.
هەندێ جاریش لە داخاندا
رادەوەستێ و مان دەگرێ
وەک ئەسپی با یاخی دەبێ
هەندێ جاریش لە ئازاردا
لەپێش چاوم
دوا هەناسە دەدا و دەمرێ

من له سیمای هەر شتێ
سەری کاسم سوورِ دەمێنێ
ژیان و مەرگ،
شەو و رۆژگار،
لەو مرۆڤەی سەری لەژێر هەرچی یاسا و نەریت هەیە
نانەوێنێ
کتێبەکەم لەنێو سەرما و وڵاتەکەم
بە کۆڵمەوە بوون بە چریکە و سروود و دەنگ
ئەو کاتانەی خوێنەکەم قوڵپ دەدا
ئەو یاسایەم دێتەوە بیر
دوێنێ زوو بوو..
ئێستا کاتی هەنگاونانە و
سبەی درەنگ.

١٩٨٥

---

* وتەیەکی (لینین) ە.

## وڵاتەکەم

فاشییەت لە شەقامەکاندا دڕندەن. بەڵام، کە هاتە دەروونتەوە
ئیدی بە چیی دەچوێنی.

وڵاتەکەم مشتێ خۆڵەمێشە
فاشیستەکان حەز دەکەن بیدەنە دەم (با)
ئاوارەییی نیشتمانمە
وڵاتەکەم لە چڵێ کۆڵەوژ دەچێ
هەر ڕۆژێ فیلمی ئەم مەرگەساتە
شاری خاپوور
پەتی مردن
سووتانی دێ
هەموو ساتێ
جووتیارە دڵ گوشراوەکان
هەموو ساتێ،
کرێکارە چەوساوەکان
ئەو ئازارە دەیانکێڵێ
کە لای مرۆڤ تاهەتایە
ناسڕێتەوە و لە بیر ناچێ
ئای نیشتمانە ئاوارەکەم
لە عەزرەتت چەندین پێوەندم کۆن کرد و

تۆ هەر دیلی
ئەی نیشتمانە دیلەکەم
تۆ لە مەرگی شەهید دەچی
هەموو رۆژێ بە چرای بیر
تازەترین داستانی خۆت دەنووسی.

## (......)

ئافرەت لە شەڕدا چەکەکەی شانتە و هەندێ جار قەڵەمەکەی دەستتە لە داهێناندا، هەندێ جاریش مارێکی سڕە لە ماڵەکەتدا لە ئەوپەڕی بێ ئاگاییدا پێوەت دەدا و دەتکوژێ.

وام دەزانی..
ئەو ئافرەتەی بۆی دەسووتێم
بێت و لەگەڵما هەڵبکا
نەک لەمەولا
ئەو تەمەنەش هەڵوەریوە
سوژدە بۆ باڵای ئەو دەبا
وام دەزانی چاوەکانی وەک ئەستێرە
دادەگیرسێن
وام دەزانی..
دەم و هەردە پەنجەکانی
لە جوانیی ئەم جیهانە جوێن
بەڵام کاتێ
بووینە دوو گیانی یەک لاشە
سەرنجم دا
مرۆڤێکی ئاسایی بوو
ژانی قورسی کۆڵی باوکی

لەنێو چاویدا،
گریانێکی ئەسپایی بوو
نە لێوی شانەی هەنگوین بوو..
نە بریسکەی چاوەکانی
بەقەد مۆمێ ڕۆشنایی بوو
کاتێکیش دووڕیانی
ئازارەکانمان پێک گەیشتن
بێ خەوبینین
گیانمان بەرەو ئاواتێکی
دوور ڕۆیشتن
ئەو ئاواتەی بزە دەخاتە ڕووی مات و
لێوی وشکی چەوساوەکان
ئەو ئاواتەی مێژوو دەخاتە نەڕەی شان.

١٩٨٤

## پرسیار

جیاوازیی چینایەتی وەک جیاوازیی سەربڕین و لە ئامێزگرتن ئاشکرایە.

تاریک داهات
مەرگ گەلەگورگی نێو زریانی ئەم وەرزە سەهۆڵبەندانە بوو
لە تینوواندا چاو داگیرسا و
لە برساندا ئۆقرە لە گیانیان هەڵگیرا و
تارماییی جەستەی ڕێبوار و،
شوێنپێ و هەتا سێبەریشیان دەلستەوە
جیاوازیی مرۆڤ ئەوە بوو
کێ ئێخەی بە مەرگ گرت و
کێ خۆی لێ دوور دەخستەوە
تاریک داهات..
دەروازەی کۆشکە بەرزەکان کلۆم دران
شەقامەکان لە ئازاردا چاویان داخست
شووشەی پڕی سەرمێزی بەر ڤیدیۆ و وێنەی
چەند ئافرەتێکی سۆزانی،
مەرگیان لەودیو دیواری بەرزەوە جێ هێشت
مەرگ شەپۆلی دەریا بوو
کەشتیی گیانی ئەوانەی رادەماڵی ماڵەکانیان

بێ پەنجەرە و..
بێ دەرگە بوو..
زەمەن کۆتاییی سەدەی بیست،
جێگە خاکی بەر زریان و
رەشەبا بوو
لەسەر پشتی ئەسپی ئەم شیعرەوە خەڵکە
مێژوو دەڵێ: "کام (چین) دەرگە و
دەروازە و پەنجەرە و چاویان
لە ئاستی ئازاردا داخست؟!
کام (چین) دەرگەی چاوو بیریان
بە درێژاییی ئەو شەوگارە درێژانە
ئاوەڵا بوو.."

١٩٧٨

# کارگە

کرێکار بەتەنیا فرۆشەری بازوو نییە، بگرە رەگێکە قووڵ بە زەویدا رۆ دەچێ، هەر زەمەنەی لە خاکێکدا چڵ لە یەکسانی سەوز دەکا.

١

تاریک و لێڵ
هێشتا دوو چاوی نوستووی شەو
نوقمی خەوە
شەقام تەرمی دارستانێکی سووتاوە
تارماییەک قیبلەنومای دوو پێی سرک
دەخاتە سەر رێچکەی کارگە و هەنگاو دەنێ
دوو چاوی زیت
دڵێکی ناو قەفەزی سنگ،
خێرا خێرا لێ دەدا نەک
چۆلەکەیەکی هەڵکورماو
یان سەگێکی خوێری نوستوو
یان ئازارێکی بە خەبەر
لە ترپەی پێی ئەم راچەنێ

٢

چێشتەنگاوێکی درەنگە

گورگێکی چاوبرسی کەتە
کاسەسەری لە بریقەی کەوشەکانیدا سەما دەکا
دوو برۆی پڕ... دوو چاوی لێڵی شپرزە
رەشەبای بیر
دەیانهێنێ و دەیانبا،
کە چەخماخەی ئازار دەیدا لە پووشووی رەنج
لەگەڵ یەکەم هەناسەدا
سەمفۆنیای شەڕێکی خوێنین
بە بێدەنگی دەست پێ دەکا

٣

چوار وەرزی ساڵ
ئێمە لەنێو زەلکاوێکی شەختەبەندا
وەک بەربینی بۆق دەلەرزین
نامۆیی پۆلێ دالاش و واشەی دڕن
وا برژانگمان لە چاوەکانمان یاخی بوون
ئەمڕۆ سبەی
ژەنگ هەڵدەهێنین و دەڕزین

٤

ئاژێر لێی دا
شەپۆلێ دەنگ
بەرەو ئەودیو شوورەی کارگە
پێ بە شەپۆلێ هەڵدەچنێ
بێگومان لە دوای ئەوەی پاسەوانێ هەر لە یەکەم دەروازەدا

وەک دزێکی بەدیلگیراو
دەستی یەخسیر،
ملێکی کەچ
بۆ دڵنیایی
ورد گیرفانمان دەپشکنێ

٥

هەواڵێکی دەرزی ئاژن
ئەو هەنگاوە هێورانەی بە ئاگادا،
کە روانیبیان رەوە ناوی خانەنشین
وشە گوشراو،
پەڕە لە خەمدا پێچ خواردوو
وا بە ناوچەوانی زەقی
پەنجەرەکەی پرسگەدا
بۆنی مردنی ئەو ناوەی گرت
چونکە بێگومان ئا لێرەدا
کارگەرێکی پاش ٣٠ ساڵ رەنج
پیرێتی چاوی هەڵکۆڵی و
کارگە تینی لەبەر ببرێ
بەپێی یاسای جەنگەڵستان
دەبێ لە برساندا بمرێ

١٩٨٧

## بۆ دایکم

نازانم ژمـــارەی ڕۆژەکـــانی زیندان چـەند بـوون. بەڵام دەزانم شێدارترین ڕۆژگار و یادگارترین تۆڵە بوون.

ئێوارە نییە دەستی پۆلیسێ،
وەک جاڵجاڵۆکە نێوانی عەشقی من و تۆ نەچنێ
ئێوارە نییە چنگی پشیلەی یاسا دڕەکان،
ڕوومەتی وشە بە وشەی نامەی نێوانمان نەڕنێ

*

لە بەردەم دەرگەی ئاسنیندا وەک
درەختی قەراغ شۆستەکان ڕواین
لە بەردەم دەرگەی ئاسنیندا، وەک
پەڕۆیەکی پیس
ژێر پێی ڕێبوار و هەنگاوی گەورەی جەندرمە خراین
ئەی دایە ئێستا لەوانەیە من
پیرەمێردێکی تەمەن سی ساڵ بم.
ئازارێکی ریش سپیی پشتکۆم بم
لەوانەیە.. من گۆڕهەڵکەنێکی دەست و پێ دیلی گۆڕەکەی خۆم بم.
ئەی پەیکەرتاشی دەست و پەنجە سوور
چۆن پەیکەری خوای ئەهریمەنت
لە ئێسکمان دروست کرد

چۆن گیانی حەزی گەلگامێشت کرد
بە بەری ئەودا و لەبەر خاتری چاوەکانیشی..
سوجدەت بە گەورە و بچووکمان بۆ برد
ئەوە تۆ و مێژوو و
ئەو دیوارانە
ئەوە تۆ و مێژوو
بە ڕیزە بۆ ئەم مەرگ وەستانە
لەنێو چەپەری تاوانباریدا
ئەی دایە ئێستا سەدانی وەک تۆ
پرچی سپیی خۆی هۆنیوەتەوە و
مەرگ گەرا لە خوێنیاندا دەخا
ئەوانیش بەڕیز
بەند.. بەند لە مافی
مرۆڤایەتی دەکەن بە دوای تەزبیحێکەوە و
پارێزەری ماف
لەسەر مێزی داد،
تەزبیحات دەکا
ئەی پەیکەرتاشی دەست و پەنجە سوور
سەیرکە لەبەر هونەری دەست و پەنجەکەی تۆدا
چۆن جۆگەی ئازار دەکشێ بەرەو خوار
چۆن ڕووباری خوێن دەڕوا بەرەو ژوور.

١٩٨٧

## راهاتن

دوا رۆژ بۆ ئێـوەیە کـرێکاران، بـەڵام جـەخـار، ئێـمـە دەبینە قـــــوربـانـی و ئـەو رۆژانـەش هـەر لـە ژێر قـــــورســــــاییـی گاشەبەردەکانی مێژوودان.

کام ساتی بە ئاگا
زەنگی نوێژی کام کڵێسا
پاسەوانی بەردەم دەروازەی کام پاشا
وەک پێڵووی چاوم راهاتوون
بەیانییان زوو، زەنگ لە دوای زەنگ
کەروێشکە گیانی کۆچەیم
سیزیف ئاسا، بەرەو کارگە
بدەنە بەر شێلکەی تفەنگ.

## ساڵی نوێ

ســاڵی ڕابردوو ژمــارەی شــەهیــدەکــانمان بە قــەد خــەزانی باخـــچـــەیەک بـوو بۆ منداڵان. ئاخـــۆ ســـاڵی داهـاتوو چەند گۆڕسـتانمان لـە دارسـتـان و جـەنگەڵە سـەوزەکان لێ دروست دەکەن.

چوار وەرزە ڕەنگ
٣٦٥ سەدە وەکو شووشەی چۆڕ لێبڕاو
دوا دڵۆپی یادگارەکانیان لێ دەچۆڕێ
ساڵێ بەسەر غەریبیمدا، شەکەتیمان تێ دەپەڕێ
گۆرانی بۆ ساڵێ یەخسیری تر دەڵێم
وەک تارمایی هەمیشە زیندانی ئەوانەی
بە زنجیری پەلبەستکراوی روحیان،
ئاواز بۆ شیعرێ دادەنێن
ساڵێ بەسەر کوژانەوەی مۆمێکی تردا تێ پەڕی
سەرمان لەژێر گاشەبەردی تەمەنێکدا،
وەکو چاوی کۆترێکی باڵ پێکراو..
وەکو زامی پڕ لە ژانی خوێ سواخدراو.
تەرمی پارمان بە کۆڵەوە و،
شانمان داوەتە بەر چەقۆی ساڵێکی نوێ
واین لە بناری مردنێ و ترۆپکی مەرگێکی تردا

ئەمشەو مژدەی ساڵە وەختێ کارەساتە
ئەمشەو ساڵێ، کۆتەکانمان ژەنگ هەڵدێنن
ساڵێ تەمەن تێپەڕ دەبێ.

١٩٩١/١/١

## ختووره

باوکم رووبارێ بوو له فرمێسک، کێوێ بوو له هیلاکی،
بیابانێ بوو له سەراب.

باوکم خەمێکە ئاشکرا
بە تەوێڵی و سەرنجمەوە
کەسێ بمڕوانێ دەمبینێ
باوکم پەنجەیەکی هەڵوەریومە
هەموو روانینێ دەیبینم
ئەو پیرەکەوتێکی دێرینە
هەموو ساتێ
گەڵای ژەنگاویی وەریوی رۆژەکانی خۆی دەبینێ
هەموو وەرزێ
چڵێ پەلێکی کرمۆڵی
ئازارێکی هەرەس دێنێ
باوکم پیرەکەوتێکی رۆژگارە
بیرەوەریی دەیان پەنجە لە سیمایدا هەڵکەنراوە
زۆر دەترسم رەگی نێوان
قەدی رۆژگار شەقارکردووی، ئەو و خاکی دڵم بپسێ
زۆر دەترسم
داستانی مەرگ شیعری
ئەم زێوانە غەوارەیەم پێ بنووسێ

١٩٩٤

## چاوەڕوانی

تا هەنووکەش من هەر لە زڕەی زنجیر و تەقەی دەرگە بەتوند داخراوەکان دادەچڵەکێم. نەوەک ئەو پۆلیسێکی هارکراو بێ و بمگەزێ. یان یەکێ لە جگەرگۆشەکانم بفڕێنێ و بە بەرچاوی خۆمەوە بیخوا.

من شەوانە
خەو بە مەرگ و چەقۆی لە دەنگ لە هەڵکێشراوی خۆم دەبینم
شەوێک کابووس
ساتێک ناوی خۆم بیر دەچێتەوە و
شەوێک شەبەقێک دەکەنە سنگە هەمیشە والاکەم
من هەر شەوەی لە زیندانێکدا دەژیم و
قامچییەک گیانم رادەدا،
کە کازیوە.. تاریک و لێڵ بە خەبەر دێم
دادەچڵەکێم
ئەوە دەست و قاچ و هەموو پەنجەکانم
ئەوە وێنەی هەڵواسراوی برا شەهیدەکەم..
ئەوە کتێبخانە و دەرگە و گوڵ و پەنجەرەکەم
ناوی خۆم لە بیر دێتەوە
بەلام هەرگیز دڵنیا نیم
ئەمشەو، کە دێ

کابووسێکی ڕەشتاڵەتر
وەردیانی زیندانێک و
مەرگێکی تر قۆپچەی سنگم ناترازێنێ و
دەرگەی ژوورم پێ ناگرێ.

## بۆ خوشکێک و
## چوار جگەرگۆشەی مانگرتوو

ئازادی ئەگەر سنووردار کرا هیچی لە ئەوپەڕی دڕندایەتی کەمتر نییە.

ئەمشەو دڵێ سست لێ دەدا و
چرای سۆزی چوار منداڵیش
بە دیارییەوە کز دەسووتێن
دادە ئەم شەو
بەری دەستی مێژووی برسێتیم خوێندەوە
تێدا نووسرابوو:
وڵاتی نان ئێسکی ئینسان ئاڵایانە
لە خاکی مارگەستە و برین.. ژەهرەمارێ
هەتوانیانە
لەناو لەپی دەستی شەقاری ئەوانەی
ئازادییان بە شانی رەنج لە کۆڵ نابوو
قەفی زنجیر ئەستوورتر و
دەرگەی هیوا ئەڵقەڕێزتر
ئازادیی خۆی نێچیری نوێی نێو زیندانە.

## پایز

هاوڕێم ئەم پایزە لێرە نەبووی، دوای مەرگی تۆ ئەنفالی گوڵ و ئینسـان و درەخت و جـوانی کـرا..! دوای مـەرگی تۆ چەکەکەت لە شانی خۆفرۆشێکدا، تەزبیحەکەت لە دەست جاسووسێکدا، سەعاتەکەش لە مەچەکی خائینێکدا بوو ئاخ هاوڕێم ئەو ڕۆژانە چەند سەخت بوون.. هەر بە تەنیا چیاکان پشتیان تێ نەکردین.

دایکم ئێستاش
پایزانە
(با)ی دەربەندان دەلاوێنێ
چونکە دوا شەوی کۆچ وابوو
ئەو بەو سۆزەی سەبووری بە پارچە پارچە شووشەی
دڵە شکاوەکەشماندا دێنێ.

*

ئەمڕۆ لە پاش حەوت ساڵ پرسە
پیرە پایزەکەی هاوڕێم
پەڕەیەکی ڕەشکراوەی
لەو گوزەرە
دا بە زریان
خۆڵڕێژی ئەو شەقامانە گێڕایەوە..!

پێوانەی باڵ و کەمەرتی تێدا نووسرابوو
سوپاس بۆ ئەو بەرگدرووەی لە کەشکۆڵی یادەکانیدا
ئەم شان و سنگە خوێناوییە
ئینجا دەبا بۆ گۆڕستان
*
پایز لە وەرینی مـــەل و وەرینی لاشـــەی منداڵ و تێکشکانی ئەژنۆی باخ و ڤیستیڤاڵی کیمیابارانی هەڵەبجە و گۆڕستانی ئەنفال دەچێ..
هێندە لاشەی گەڵای زەرد و وەریو زۆرن
بە مەزەنەم
بە قەد ژمارەی سەربازی گوم ناوی مێژووی نوێم دەبێ.
*
هەندێ جار لە خۆشەویستیدا
نەفرەت لەو ئەوینە دەکەم
لە لووتکەیدا راوەستاوم
وەک چۆن هەندێ جاریش
نەفرەت لەو ئەوینە دەکەم بێ ئەو ناژیم.
*
شیعری گەشبینی شاعیرێ
تابلۆی سەوزی هونەرمەندێ
رێی تێ ناچێ،
کە هاوتا بێ
بە سەمای ئەو گەڵێ زەردەی تا دەکەوێتە سەر زەوی
دەشنێتەوە و گۆرانییەکەی تەواو نابێ
*

## بۆ "بەکر عەلی"ی شاعیر

هاوڕێم: کوشتیانی، زەمانێکە ئێسقانەکانت رزیون، چاوەکانت تواونەتەوە، لێوەکانت هەڵوەریون، کەچی تا ئێستا، بە بەردەم ئەو دیوارانەوە رەت دەبین، کە تۆیان لە پاڵیدا گوللەباران کرد. وا هەست دەکەین هەموو جەستەمان شەلاڵی چۆڕاوگەی خوێنە.

کوشتیانی
وەک گیاکەڵە
ئاپوورەی چیمەنی روحیان دایت
کوشتیانی
سنگتیان کرد بە گاسنی سەدەکانی ناوەڕاست
بەزەویی سالانی ساڵ دێم
زەنگی مەرگە
یا هەڵواسینی مەسیحی
شیعری شاعیرەکەی هاوڕێم
ئەم گوللانەی نران بە سنگی شیعرەوە
وەڵامێکن
سەدە لە دوای سەدە
مێژوو پرسیار لە ڕێبواری ڕێگەی قۆناغی ماندووی خۆی دەکا
ئەو وەڵامە

ڕەنگی تەڵخی چینایەتی و مرۆڤایەتی و دڕندایەتیی خۆی پێوەیە.
ئەی پیاوانی بیر هەڵبزڕکاو
ئەمە پرسیاری ئێمە بوو
ئەوەش وەڵامی ئێوەیە
ڕەنگە ئیتر نەتوانین بۆنی شیعر کەین
چاوی حەزمان نەتوانێ جوانی ببینێ
نەزانین گوێ لە سۆز بگرین
ڕەنگە ئیتر بە شوێن پەتی گەردنی یەکتردا وێڵ بین
بە شوێن چەقۆی ملی یەکتردا بگەڕێین
ڕەنگە ئیتر سوێند بە گۆڕی
شیعر و جوانی و ویژدان بخۆین
ئەی پیاوانی بیر هەڵبزڕکاو
بە بەرچاوی دیوارە ڕاوەستاوەکانەوە..
بە بەرچاوی سنەوبەرە ڕوح لە خاک هەڵکێشراوەکانەوە
دەستدرێژتان کرد
لەو شاعیرەی بەرگریی لە ڕەشەبای سەر چەپەری ماڵە ئاوارەکان دەکرد
بەرگریی لە گیانی برسیی هەڵخزیوی کێوی سەختی ژیان دەکرد
ئێوە یەخەی پەپوولەتان گرت هەڵنەفڕێ
قاچی شەپۆلتان شکاند نەڕوا
دەمی (با)تان دووری نەگری
لە دواییشدا هاتن شیعرتان سەربڕی
ڕاوچی لە مەرگی باڵندە و
سەرکردە لە گەلابارانی لاشەی شەڕ

ئێوەش لە گوللەبارانی تارماییی سەر ئەو شەقامانە
چۆن وەڵامی سەختی مێژوو دەدەنەوە
ئەی پیاوانی بیر هەڵبزڕکاو
جارێکی تر چۆن لە دەرگەی دڵمان دەدەن؟
چۆن روح لەبەر
مۆسیقای مەرگ
تابلۆی شەهید
شیعری کوژراو دەکەنەوە؟
ئەی پیاوانی بیر هەڵبزڕکاو

(*) ئەم شیعرە لە چلەی ماتەمینی شاعیری شەهیددا خوێندرایەوە.

## دڵنیایی

من بە گـــومـــانـەوە لە دڵنـیـــایـی دەڕوانم دەشێ ئـەم هـەمـــوو هـیـوایەی لە پێناویدا دەجـەنگم سـبـەی نائومـێدییـەکی تاڵ و سەڕابێکی خنکێنەر بن.

دەست دەگێڕم
نامیلکەیەک، دووان، سیان.. نەخێر
خانە خانەی کتێبخانەکەم دەگەڕێم
فەرهەنگۆکی دیوان بە دیوان سەیر دەکەم
سەرنج دەدەم
لە حەسرەتی غەمگینترین شیعری نووسراو
بە سوێترین زامی وشە
ئاڵۆزترین لێکدانەوە
من لە هەموو ئاوازەکان بڵندترم
وەلێ لە ناخمدا هەست دەکەم
بە مچورکەی تا سەر ئێسقان توانەوە

*

مافی خۆمە
ئێخەی چارەنووسم بگرم
کێ سبەینێ تەرمی ئەو منداڵانە
ئەو کۆترە باڵکراوانە

ئەو روانینە دزراوانە
لە گۆڕستان دەشارێتەوە
کێ دەوێرێ لە گۆڕهەڵکەنێ بپرسێ
رۆژێ دەرگەی چەند گۆڕ لەسەر
شەقامی هیوا دادەخرێ
چەند ئەرخەوان هەڵدەکێشرێ
چەند جۆگەلە وشک دەکرێ
چەند دەست یەخسیر
چەند گەردن کەچ دەکرێنەوە
بەگومان بووم
لە کۆتاییی ئەم سەدەیە بەگومان بووم
تا خزامە نێو شەپۆلەکانەوە
ئەوسا ئیتر دڵنیا بووم
ئەوەی بیەوێ لە زەریای
شەڕی نێوان نەهەنگەکاندا هەڵبکا
دەبێ فێری نهێنییەکانی کانیلە و
چەم و رووبار و دەریا بێ
تا دەگاتە نێو ئەفسانەی دڵنیایی
دەبێ وەک من لە ئەوین و
لە شەپۆل و لە نامیلکەی شیعرەکان و
کتێبخانە بچکۆلەکەی گومان بگا

١٩٩٤/١٠/١

## شەهید

شەهید خوێنێکی ڕژاوە، بەئاسانی کۆ دەکرێتەوە.

١

چەند کۆترێکی باڵ سپی
لەسەر گۆڕی جوانەمەرگێکدا دەسووتان،
کە پرسیمان:
وتیان: دوێنێ دەم ئێوارێ
لە ئاسمانێکی تەلبەندا
راوکەرێ خۆی حەشار دابوو
یەکێکیانی خستە خوارێ

٢

سەعات دوو و پەنجا دەقیقەی
بەیانییەکی پایزی!
جەلادەکەی بە پەلە خۆی کرد بە ژووردا:
"گەورەکانم دەڵێن: ئەگەر گرێی دوو وشە بترازێ،
گیانی زیندووی دەکەینە بەر
وەک چۆن فەرمانی تەماشا و
دەنگی لێدانی دڵمان گرت."
جەلادەکەی چاوەڕوان بوو ..

– ئەم چاوی لە میلی سەعاتەکەی هەڵنەدەبڕی
چاوەڕێی ساتی سێی دەکرد

٣

جەلادێکی دەست ویژدان بەخوێن گرتوو
لەوپەڕی سەرخۆشیدا،
گێڕایەوە:
"دوای تەڵەیەک یەخسیرمان کرد
وتمان تۆڵەی سام و ترس و شەونخوونیی
ئەو هەموو ساڵە سەختانەی لێ دەستێنین
لەژێر سێبەری پەتێکدا،
کە ڕامان گرت
بینیمان چۆن دوا بروسکە گیانی هەژان
گەورەکەمان هەناسەی هەڵکێشا گوتی:
بە داخەوە..! فریای تۆڵە نەکەوتین
.. مرد

٤

زۆر بزێو بوو
یاخیبوون لە پێست و سیما و
هەنگاوەکانیدا دیار بوو
زۆر جاریش سەرزەنشت دەکرا
لای ئەو مرۆڤانەی وەک ئەو
ڕەش دەبینرا..

سووک دەبینرا
ئەوانەی وا ئازاد بوون و
خەوی یاساخیشیان دەدی،
کەچی تا ئەم مەرگی جێ هێشت
ئەوان زۆربەی ئێجگار زۆریان
کڵاوەکانیان (با) بردی

٥

پۆل پۆل گەڵای نیگای خەڵک
دەوەرینە حەوشە و سەربان
شەپۆل شەپۆل
هەناسەی خەڵک دەرژانە نێو ژووری سیخناخ
دەنگی وەستاو
ویژدانی سڕ
کەوتنە جووڵە و
لەرینەوە
تا ئەو کاتە ئێمە سەرقاڵی ئەوە بووین
بۆ کڕینی دوو بست زەوی و
سێ مەتر خام
چەند دینارێ کۆ کەینەوە

٦

لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا بردیان
کەس نەڕوانێ

به دیوارێکدا سەریان خست
کەس نەتوانێ
لە زریانێکدا نوقمیان کرد
کەس نەزانێ.
رۆژگار هات و شەوگار رۆیی،
کە سەیریان کرد
هونەرمەندێ پەیکەرێکی بۆ دەتاشێ و
شاعیرێکیش وا سرووودی بۆ دادەنێ

## پێشمەرگەی ون

سـەرمـایەی روحـی ئێـمـە ئەو چەند دێرە جـوانـانەیە، کـە شـەهیدێ بە خوێنەکەی ناوی خۆی لەسەر لاپاڵی چیایەکدا تۆمار دەکا.

ڕێژنەی گوللە
سۆزی گریانی تێ بەردای
سروودی پرسەی شەهیدێ
پەلی گرتی
دوایین نامەی زیندانییەک
سرووشی مەرگی بۆ هێنای
شانت دایە بەر هەرەسی پیرەمەگروون
چاوت بڕییە ترۆپکێ
ئا لەوێدا
دەستی لەرۆزکی دوژمنێ
هات پێکاتی
ئاوا بوویت و جارێکی تر
لەنێو دڵی سەنگەرێکدا
هەڵنەهاتی
ئەوەی لە شوێنت بەجێما
بێ نازناو و بێ ناونیشان

تروسکەی چەند هیوایەک بوو،
کە هەمووومان خۆشمان دەویست
بەڵام تۆ خوێنت بۆ رژان
ئێستا کەوا..
لەسەر گردێ
یا لە قەراخ لادێیەکدا
پێڵووی چاوت هەڵوەریون
لە گۆڕیچکەی لاڕێیەکدا
لاشەی ماتبووت پاڵ کەوتووە و
هیواکانت پۆلە کەوێکی باڵکراو
رەوە مەلێکی تەریون
لەوانەیە ئێستا دایکت
بووبێ بە چڵێ کۆڵەوژ
رێچکەی رێبوار
لە دڵیدا بووبێتە کڵۆیەک تەموژ
غەوارەی هەر جێ و مەزارێ
هەر سواڵکەرێ
هەر پەڕاگەندە و هەژارێ
لە دەرگە با
لە خۆشییاندا
نەوەک تۆ بی، بەرەو دەرگە شالاو بێنی
هەڵمەت بەرێ
لەوانەشە.. بۆ دواین جار

ئیتر لە تۆ بێ هیوا بێ
بەڵام هەر جارێ بڕوانێ
بۆ ئاسۆگەی ئەرخەوانی
دەزانێ ئەستێرەکەی ئەو
بەبێ ئاسۆ و
بەبێ ئاسمان
رانابووری و ئاوا نابێ

## کۆچ

دوێنێ تەرمی شەهیدێکیان بە خاک سپارد
نامەیەکیان لە گیرفانیدا دۆزییەوە..
تێدا نووسرابوو:
"لەدایک بووم
بێ ئەوەی حەز و هیوای
خۆمی تێدا بێ
بۆ مەرگیشم خۆم ئەم رێگەیەم هەڵبژارد.."
*
دوێنێ زامی کرێکارێ
بۆ ئازارەکانی خۆی دەدوا
ئەگەر نەبم.. ماڵەکەمان یەک بە یەکیان
لە برساندا دەچەمنەوە
ئەمرۆ بینیم
بەرەو هیوا هەنگاو دەنێ
لە پێش هەنگاوی منەوە
*
دوێنێ دەستەخوشکێکم دی
سەراپایان لە بەرگی رەش هەڵکێشرابوو
ئەمرۆ بینیم
سەرو گوڵێکی سووریان
لە قژ و ئێخە درابوو

## تەنیایی

هەڵەبجــە شـــارێ بـوو پڕ لـە دارگــوێزی بڕاوە و خـــاڵی لـە هەناسەی ئینسان.

١

هەموو ئێوارانێ بەرەو

کۆڵیتە ساردوسڕەکەم

لاشەی سستم بەسەر خەم و تەنیاییمدا بە کێش دەکەم

دەنگی کەسم نایەتە گوێ

کەسیش نایە بەپیرمەوە

بەڵام چونکە وا راهاتووم

هەرچی منداڵ خۆشی بوێ

پڕ دوو گیرفان دەبەمەوە

٢

دڵم تەنگە

حەز دەکەم شار بەجێ بێڵم

رووەو کۆسار.. پێدەشت بڕۆم

هەنگاو دەنێمە هەر جێیەک

چەند پەنجەیەکی هەڵوەریو

دوو چاوی کاڵ

کاسە سەرێکی بچکۆلە
سەری سۆزیان هەڵدەبڕن بۆم

٣

زەمانێکە لەسەر ڕەفە و
کتێبخانە بچکۆلەکە
کتێبە زەرد و سوورەکان
هەر چاوەڕێن
نەخشەی وانەی ڕۆژەکانی ئەو هەفتەیە
هەفتەی سێیەم نەورۆزی ساڵی هەشتا و هەشت
بە خاچی چاوەڕوانیدا سەر بەرەوخوار هەڵواسراوە
پۆلی یەک هەر پۆلی یەکە..
پۆلی دوو هەر پۆلی دووە..
پۆلی سێ هەر پۆلی سێیە..
دیارە زەمەن لەسەر نەخشەی وانەکانی
سێ شەهیدە بچکۆلەکەی من وەستاوە

٤

بەگوێی بیستن سەیر نەبێ
لە ئاسمانی شاری شەهیدان
چەند کۆترێ دەنیشنەوە!
چەند چۆلەکەیەک هەڵدەفڕن
من یەک بەیەکیان دەناسم
ئەوان تارماییم دەناسن

روحم لەگەڵ باڵیاندایە
چونکە کەسی تر شک نابەم
بێ ئەوان بیکەم بە هاوڕێ

٥

ئەی زێوانی هەمیشە چەکی روح لە شان
کرێوەیە.. ژەهرەبایە
پەنجەرەکان بخە سەرپشت
قەتارەیەک زەنگی کڵێسا لێ دەدرێ
پەپوویەک دێتە چریکە
شارێ دەبێ بە گۆڕستان

## روانین

من شاهیدم، سوێند بە چیای ئەزمڕ دەخۆم. ئەویش شاهیدە، وەکو من سوێند بە گۆڕی ئەو تەنیاییيە دەخوا. هەردووکمان بە چاوی خۆمان بینیمان سەگێ لەوپەڕی تەنیاییدا سوێی بووەوە و مرد.

لە وڵاتی رەشەبادا سەگێ هەیە..
گاشەبەردی تەنیاییی خۆی
هەموو رۆژێ تاکو ناوقەد
بە ئەزمڕدا هەڵدەگێڕێ
ئیستێ دەکاو،
وەرەچەرخێ
دەڕوانێتە شارباژێڕ و خاکی بەبە
ئەم سیزیفە
لە حەشمەتدا
دادەگەڕێ و دڵی نایەت چڵ و چێوی چەمی گریانی جێ بێڵێ..!
لە پێدەشتدا ئێسک و پرووسکی وڵاخێ
چەند قەوان و رەشمەیەکی ژەنگ لێ نیشتوو
لەولاشەوە سەعاتێکی
چەند وەرزێ زەمەن تێدا نوستوو
هۆ خەڵکینە..!

ئەم سەگە چاو ئەستێرەیە
سەرنجی بۆ ئەم گەردوونە بۆ ئەم کازیوە رەشتاڵەیە
روانینێکی چەند گەورەیە

١٩٩٠

## سەرنج دەدەم

مەگەر نسێ و بەستەڵەکی کەناری ئەم عەشقە قووڵە
هەڵت گرێ و شەقامە چۆڵ و سڕەکان
لاشە و گیانی گرمۆڵەبووت
بگرنە خۆ
سەر هەڵبڕن.. سەرنج بدەن
لە شەقامی وشک هەڵاتووی دوو وڵاتدا
دوو دڵی وا بچکۆلانە..
بە هەناسەی تەنیا هیوایەک دەژین و
بە رووی زریانی هەڵکردووی
سنوورێکدا هەڵدەشاخێن
نە پەنجەیان لە گۆ دەچێ و
نە لە لێدانیش دەکەون

١٩٨٠

## خاچ

فەرمان درا:
سوورپۆش بکرێ و خاچ هەڵواسن
سەمای مەرگ لە نێوان ئەم و جەلادەکەیدا تاسا بوو
فەرمان درا:
"مادام فەرید گلۆڵە خەمێکی ئازارە
مادام زمانی گۆکەوتووی
ماندووی وڕێنە و بڕیارە"
بڕیار درا:
رەنگ هەر رەنگ و خاچ داگرن.
فەرید هەڵۆی چەندان جار لە داو دەرباز
ئەم مەرگەی لا پەسندتر بوو
دوای نەفرەت و تفبارانیان
پشتی کردە دەرگەی واڵا
ملکەچ نەبوو، کە بیکرن

١٩٨٨

## ئەفسانە

ئەوەی ناگونجێ ئەوەیە، ئەو شەقامەی بە نێوی شەهیدێکەوە ناسراوە، خوێنی رژاوی ئەو لە شەقامەکە درێژترە.

سیروان(١) لەنێو مەنجەنیقێکی ئاگردا پەلبەست کرا
دوور و نزیک، مەرگ زۆر بوو
ئەم بۆ نزیکترین گەڕا .
پەنجەی قەڵەمیان هەڵوەران
چاوی روانینیان هەڵکۆڵی
گوێیان پڕ کرد لە قورقوشم
دواییش هەر چوار پەلیان بڕی.
دوژمن هەڵۆی بێ دەنووک و باڵکراویان لە تۆڵەدا
کرد بە هێما و دروشمێکی جوامێرانە
بەڵام تاوان بوو بە دێڕێ مێژووی رەش و
بەرگریی ئەمیش ئەفسانە

---

(١) سیروان مستەفا کونجرینی: قوربانییەکی لەداردراوی بەعسییەکان بوو، ئازایەتیی ئەم و دڕندایەتیی ئەوان بە هەموو جەستەی شەهید کراویەوە ئاشکرا دیار بوو.

## فەرهاد

لەسەر ترۆپکی ئەو شاخانە زۆر کەس هونەرمەندانە پەیکەریان بۆ خۆیان داتاشی.

شەوان دەبیتە ئەستێرە
لەنێو خوێنمدا پرشنگ دەدەی
شەوان دەبیتە برووسکە
نامە و هانای هەژارەکان بۆ خوا دەبەی
کام دەریایە شەپۆل خستوویەتییە لەرزین
کام مرۆڤە
لە ژێر ئازاری جەستەیدا
بووەتە کلۆیەک ئاگرین
ئەوەندەی تۆ
بە شوێن خۆیدا
سەرگەشتە و وێڵ نەبوو
عەشق ئۆقرەی لەبەر بڕیت
لە بیابانی غوربەتدا
چاوەڕوانی روانینەکانتی داپۆشی و
سەرابی ڕێ
شوێن کۆچی سووری خێڵ نەبوو

(چەند هەرد و کۆت کرد
چەند خاکەساری
بوویتە شوانەکەی حەق نادیاری)[1]
شەوان دەبیتە ئەستێرە
لەنێو خوێنمدا دێیت و دەچیت
کە چاو لەنێو چاوت دەبڕم
دێم باڵی تەنیاییم والآکەم
کەچی لە چاوم ون دەبیت
هاورێ: دەستە بڕاوەکەت گەیشتە شار
دەستی چەپی دارمازوویەکی قەندیل
باڵی چەپی قەتێیەکی گەرمیان بوو
دەستی چەپی کوانووی سەدان کەڵەپشکۆ و
هەزاران بە سۆزی عەشق هەڵقرچان بوو
فەرهاد[2]
مردی و گیانت کردە کزەی هەورێکی پڕ گریان
هاورێ مردی و
لە دواین دێری تەمەنتدا بە برووسکەی چەن وشەیەک
ئەڵقەیەکت لە زنجیری گەردنی ئەم شارە پسان

١٩٨٠

(١) فۆلکلۆرە.
(٢) شەهید فەرهادی مەلا مستەفا قەرەداغی.

## مافی مرۆڤ

هەڵەبجە دوو دەستی یاخیی
کرێکاری مانگرتوو بوو
هەر گەورەیەک
قامچی یاسای دەگرتە دەست
پەنجەیەکی دەبڕییەوە
بەڵام ئەم بازووی ڕەنجدان و
شوێن پەنجەکانی دانەگرت
دەمی تەوری تێدا شەکەت بوو
چەقۆ کول و کەرت و پەرت بوو
دوای هەزاران گەڵای وەریو
لەبەر تۆڵەی ژەهرەبادا
باڵای درەختێ نەچەمی
چڵێ ملی خۆی کەچ نەکرد

١٩٨٩

## رۆژی ئاشتی

مرۆڤیان کوشت
شەقامیان کردە گۆڕستان
دێیان بەسەر دێدا شێلا
مەرگ دالاشی ئاسمانی،
ئافرەتێکی گوندنشین بوو
لە چوار کۆرپەی لە کۆڵ ناوی
سەرپشک بێ
چونکە زریانی ئەو رۆژە
دوو منداڵی وردیلەی پێ
جێ دەهێڵا

١٩٨٩

# رۆژی منداڵ

منداڵە شەهیدەکان تەمەنیان لە تەمەنی جەلادەکان درێژترە.

لە شەوێکدا
منداڵانی قژ هەڵەکۆکی شارێکیان
لە هێلانەی سنگی دایکیاندا دەرهێنا
لە ژێر کەڵبەی گەلەگورگدا
بە زۆر دانیان بە تاوانی جوانترین گوڵ
پاکترین گیان
گەرمترین ئەوین هێنا.
دادگەیەک
دوا فەرمانی سێدارەیان،
لەبەر ئابڕوی رۆژی منداڵانی جیهان
لەبەر یاسا و ئێستگە و هەواڵ
پەپوولەی وەرزی تەمەنی هەموویانی
کرد بە ڕاپۆرتی هەژدە ساڵ

١٩٨٩

# ڕۆژی کرێکار

ئەمشەو هەورەتریشقەی گڕ
مۆڵگەی داگیرکەری کێلا.
سەری وەک قارچک هەڵتۆقیو،
سنگی بەرزی ڕۆژ دەرپەڕیو..
دەگەڕا بۆ قوژبنێ
خۆی تێدا حەشارا بدا
وەک کەڵەشێرێکی بەزیو
کە خۆر هەڵهات
لە تۆڵەدا
دوو جەمسەری شەقامیان گرت
چی ڕێبوار و دێوەرە بوو
بەسەر یەکدا سووتاندیان و
گڕی سەرکەوتنیان هەڵکرد.

١٩٨٩

## رۆژی شانۆ

ئەوان دەیان گوڵەتەمەن بوون، ئەمانیش پۆل پۆل دەیانکردنە چەپک.

لەبەر ڕێزی شانۆی جیهان،
ئەی بڵندگۆی مێژوو ئەوا..
دەست پێ دەکا،
چیرۆکی شەش یاخیی دیل و
فیلمێکی گوللەباران
تۆ لاپەڕەی مەرگەساتی هەموو مێژوو بخوێنەوە
ئازاری ئاوا نابیستی.
برینی ئاوا نابینی شەش منداڵی زنجیرکراو
شەش منداڵی تەمەن و چاو و دڵ گریاو
دوای سەرزەنشت
دوای نەفرەت لە..
ئابڕووی مێژوو
ئابڕووی شانۆ لەسەر تەختەی شانۆی شارێ
دەستڕێژ کران

١٩٨٩

## ڕۆژی ئافرەت

زیندان نەما ژنان مەمکی بڕاو و پرچی قرتێنراویان تێدا جێ نەهێڵن.

گیان چۆلەکەی باڵکراوی
چوار لا پشکۆ
زەویی چەقۆ
ئاسمان پەتا.
دەست کۆتەرەی داڕزیوە
سەر تۆپێکە وا لە ژێر دوو پێی شەکەتدا
چەند هەنگاوێ لەولاشەوە
ئافرەتێکی سپیاڵ لەبەردا هەڵوەریو،
دەکەن بە تاڤگەی چریکە
تا ئەو جەستە گرمۆڵەیە
نهێنییەکان بدرکێنێ و
پاکانە کا

١٩٨٩

## ئەڵوەن

ئەڵوەن رووبارێ بوو لە بێدەنگی هەر ئەویش بوو کێوێ بوو لە وره و درەختێ بوو لە هەڵوێست. لەبەر ئەو هەڵوێستە جوانانەی، جەلادەکان لە زینداندا کراسێکی سووری ئاودامانیان بۆ کرد بە دیاری.

لە ترساندا
لەوانەیە قوبەی چاوە رەشەکەتیان
دەرهێنابێ
پەنجەکانت دە مۆمی سووتاوی شەوبن
تروسکەیان تێدا نەمابێ
لەوانەیە ئێستا گڵۆڵەیەک ئازار بی
یان مشتێ خۆڵەمێشی سووتاو
لەوانەیە ئێستا چوار چڵ ئێسقانی وشک هەڵاتوو بی
یان نووزەیەکی خنکێنراو
لە هەر خاکێکدا سێبەر بی
لە هەر زامێکدا کەسەر بی
چاوە ڕەشەکانت هەر گەشن
پەنجەکانت هەر ئەستێرەن
بیرت چرایەکە رۆشن
ئای ئەڵوەن.. ئای،
کە بیر لە تۆ دەکەمەوە و

بارگەی یادی سەفەر دەخەم
دەریای خەمی خۆم لێ دەبێ بە سەراب و
تۆش دەبی بەو ئۆقیانووسەی هێندە قووڵە
پەی پێ نابەم
وایت لەسەر باڵی تەنیایی
بچیتە سەر شانی مەرگیش
نابیتە چاوی فرمێسک
بەڵام هەموو بۆ پەیکەرێ
لەم رۆژانە دێینە سەر چۆک
بەو دوژمنە پێ دەکەنین
لە بەرهەتاوی هەنگاوت
بووبووە سەگێکی رووتەڵەی
خوێڕی بەرەڵای ترسنۆک
ئای ئەڵوەن.. ئای
من شەکەتی چ مێژوویەک لە کۆڵ دەگرم
لەم رووبارە غوربەتییە
هەناسەیەکی سووتاوی خۆم
بەقەد باڵای ئەم کێوە ژانەی تۆ دەگرم
من دڵنیام
زۆر وشەی جوان.. جوان
چاوەڕێن
شاعیرێ بێت بە برووسکەی قەڵەمەکەی
ئەم سنوورانە رامالێ و ئازارەکان
خۆیان بدوێن

## بۆ هاوڕێم نەسرین[(١)]

تۆ هەواڵی شەهیدبوونی خۆت بیستووە؟!
بە چاوی دڵ، چاوی خەیاڵ
مەدالیای پۆستەرەکەی خۆت لە گەردنی دەرگە کڵۆمدراوەکان
لەسەر درەختی سەر شەقامەکان
لەسەر دیواری رووخاوی یەکەیەکە
شەقامی شار ژماردووە؟!
سیمات روانینمان بانگ دەکا
بیستنمان دادەچڵەکێنێ
برووسکەی ژانێک دەچزێی
بە ویژدانی دایکێ، باوکێ
رێبوارێکی سەرەڕێوە
دەزانم چاوی پەژارەت
گیانی بزە لێ براوت
لە دەلاقەی مەرگێکەوە
چۆن دێتە سەما و هەژانێ،
کە دەبینی لە بەردەم وێنەکەتدا
وێنەی کچە خاچ شکاوێ لە جیاتیی چرکەیەک وەستان
هەموو دەمێ پۆلێ رێبوار تێ دەپەڕێ و پۆلێکی تر وان بەپێوە! ١٩٩١

(١) مامۆستا نەسرین: ئەو ئافرەتەی لە یەکێ لە بەڵگەنامە دۆزراوەکانی پاش ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ناوی هاتووە. "بە فرمانی عەلی کیمیاوی دەبێ نەسرین سەید ئەحمەد سەری لە لەشی جیا بکرێتەوە".

## نامەی شاعیرێ بەر لە کوژرانی

جاران لەگەڵ کۆڵەپشتی ئەم دێ و ئەو دێ و
یاڵە و یاڵدا راهاتبووم
هەموو شتێ: دەفتەری بیرەوەریم
شانەی چەک و
نامەی کەرت کەرتبووی دایکم و
وێنەی ژن و منداڵەکەم
رۆژ لە دوای ڕۆژ بە کۆڵمەوە
پیرۆزتر و
شیرینتر و
جوانتر دەبوون.
ئێستە لەسەر سنووری خاکی غوربەتدا
کۆڵەپشتەکەم سەیر دەکەم:
پەساپۆرتێکی تەزویر و
لێدانی زەنگی مەرگم و
لیپاولیپیش لە دوودڵی و
پارچەی شکاوی روحمە
خۆزگە ئازار بیهێشتایە
بۆ چرکەیەک چاو لێک بنێم
ئەمیان بووبووایە بە خەون و

دەستی خەیاڵ
ئەویشیانی بکردایە
پشتی کۆماوەی هەمیشە
بۆ ئەو رۆژانە چاوەڕێم
خۆشەویستی
زۆر جار بەرەو قوڕگی مەرگ و
بەر قەنارە و
مەرگی بێ نانی بردوومی
زۆر پەنجەی بە زۆر کردووم
بەنێو چاوی ناحەزانم
زۆر لە دەرگەی ئارەزووە داخراوەکانی پێ داوم.
زۆر جار پەنجەی ئەوین
کەوتووەتە سڕینەوەی
شوێنەوار و جێگە و ناوم
ئەمانە گشتی بەجێی خۆی
لەم ونبوون و سەڕابەدا
جارێکی تر گەردن دەنێمە بەر چەقۆی
ئەو جەلادەی لە قەسابخانەی غوربەتدا
بۆ کوشتنی ئەوینەکەم
راوەستاون
دیارە حەقیقەت زۆر ونە
دەبێ بە پێی کۆتکراو و
سیمای زەردی پێش مەرگتدا

له زیندانه قووڵەکاندا بیدۆزییەوە
دیارە حەقیقەت زۆر ونە
دەبێ هەرچی زووە برۆی
لە گەڕەکی هەژاران و
ڕێگەی بە سیم تەنراوە و
خێوەتگەی سەر سنوورەکاندا لێی گەڕێی
دیارە حەقیقەت زۆر ونە
گەر وا نەبا
ئەم هەموو خوێن
لە روح چۆڕاوانە کێن
سنوورەکانی وڵاتان
بە هەنگاوی یاساخ دەبڕن
دیارە حەقیقەت زۆر ونە
گەر وا نەبا
خەڵکی پڕکێشی چۆن دەکا
دەست لە روانینی منداڵ و
ساڵانی ساڵ خۆشەویستی و
گۆڕستانی وڵات بەردا
دیارە حەقیقەت زۆر ونە
نیشتمانیان
وەک چڵە نێرگزێکی سیس پێ جێ هێشتم
کۆشکی هەزار نهۆمی بیرەوەریم
وەک گوندێکی ئەنفالکراو

پێ جێ هێشتم
گاڵۆکێکی دەروێشیان کرد بە قۆڵمدا
سلاو ئەی ولاتی غەریبی
من لە نیشتمانەکەی خۆشمدا غەریب بووم
سەیر نییە
لە ژێر سێبەری درەختی شەقامی هەر شارێکدا بم
لەسەر سەکۆی هەر مەنزڵ و جێیەکدا بم
سەیری ئاسمانی بەرین کەم
قیبلەنومای خەیاڵی خۆم روو بکاتە هەر گۆشەیەک
بڵێم ئەوە نیشتمانەکەی منە
ئەو نیشتمانەی وەک بووکێکی چاو بەگریان
لە ئامێزی کەسێکدایە رۆژی غەریبی نەکردووە و
دڵۆپێ خوێنی نەڕژاوە و
شەوێک زیندانیی نەچەشتووە و
خۆشی ناوێت
دیارە حەقیقەت زۆر ونە
گەر وا نەبا
یاساکان چۆن پەنجەی گەواهیی
رێژنەی حەقیقەتیان دەبڕی
چۆن ئەژنۆی قەڵەمیانی دەشکاند و
کراسی ماتەمی روحی
دایکی شەهید سەر هەتا پاش
مێژووی یەخەی خەڵتانی خوێنی دادەدڕی

گەر وا نەبا
دارستانێ شیعری سەوزم
چۆن بۆ بیابان و سەراب دەخوێندەوە
چۆن لە گارد و پاسەوانی سنوورەکانم دەپرسی
ئەرێ وڵاتی ئەنفال و
جۆگەلەی خوێن دەکەوێتە کوێی ئێرەوە؟
گوێم تامەزرۆی هەواڵەکان
چارەنووسی رێبوارانی رێگەی بە مین چێنراو
هەژارانی لە ئامێزی مەرگ خزاو
منداڵانی لە رەنج و بازوو دەرکراو
دەبێ چی دەبێ؟
گەر وا نەبا
ئەم غەریبی و
تا سەر ئێسقان داچۆڕانە
لەبەر چی؟
بۆ؟
دیارە حەقیقەت زۆر ونە.

ئەستەمبوڵ – ١٩٩٥/٩/١

## نامەیەکی کراوە بۆ هاوسەرەکەم

لێم تێ ناگەن
بە زمانی وشە نادوێم
ئەو گۆرانییەی دوێنێ ئازار فێری کردم
لە سەفەری ئەم خەمەمدا نایلێمەوە
ئەم کێوە ئازارەی روحم
سالانێکە بە کۆڵمەوە
وەک مەلێکی بێچوو بەزۆر داگیرکراو
دێم و دەچم
بە باڵی سۆز
چیرۆکی لانەی خاپوور و
سووتانی ئەم داگیرکردنەم دەگێڕمەوە
ئەستەمە زۆر لە دوا هارەی شووشەی دڵت
دوای میل هێنان بە روانینتدا
خەنجەری غوربەت هەڵکێشی
خۆت گەردنی شۆڕەوەبووی هیواکانت
بە قەنارەوە بژمێری و گوێ بگری لە، دواین چۆڕی خۆشەویستی
ئەستەمە زۆر نیشتمانێ بەجێ بێڵی
سەر هەتا پا گۆڕستانی هەژاران بێ
ئەستەمە زۆر خۆشەویستم
تا چاو بڕ بکا.. تا حەز بکەی لە گوێ گرتن          ئەستەمبوڵ ١٩٩٥

## له هەندەران

له بیابانی روحی نامۆییمدا
له ئەوسەری شەقامی ساڵدا وەستاوم
دەستی پڕی منداڵانی بە گوڵی حەز، رازاوەیان
دەمانباتەوە بۆ نیشتمانی هەژاران
بۆ باوەشی منداڵانی ساڵ سەر هەتا پا چاوەڕوان
لێرە ئەمساڵ
پێش ئەوەی ساڵ دواین سەرنج بدا و بڕوا
چی باخچە و یاریگە هەیە
تێیدا شەماڵی پێکەنین، سروەی قاقای تێدا هەڵدەکا
لەوێش ئەمڕۆ پێش ئەوەی ساڵ
پشتی کۆماوەی هەرەس کا و
بینایی و روانینی لێڵ بێ
دەبێ (هەست)م
بەدوای هەواڵی پەڕینی
دەست و قاچی منداڵانی ئەم گوند و ئەو گونددا وێڵ بێ
لێرە دیاری دەستی یاران
چڵێ گوڵ و تریفەیەک زەردەخەنە و
هەنگوینە ماچی شیرینە
لەوێش چاوەڕوانی بەردەم رێکخراوی ئەو خێرخواز و

ئەم کڵێسا و
دیاری دەستی ئەو چاوڕەش و
ئەم چاوسەوز و
ئەو چاوشینە
لەسەر ترۆپکی هەرەسێ، چوار وەرزی ساڵێ وەستاوم
خەمی دوێنێ و
توێشووی رۆژانی داهاتوو
دەمباتەوە بۆ نیشتمانی هەژاران
بەسەر شەقامی غوربەتدا
چۆن هەڵبێنمەوە هەنگاوم.

ئەسینا ١٩٩٥

## پیاوێ لە شەڕی براکان هەڵدێ

لەسەر ئیقاعی ئەو مۆسیقایە
کچە ئەکتەری شانۆی رۆژئاوا
نیشتمانی خۆم دێتەوە پێش چاو و
لە شانۆی خاکی منیشدا ئێستا
مۆسیقای شەڕی نێوان رەنگەکان
وەک شانۆکەی تۆ
ساتێ لە دەریای پاش هەڵچوون دەچێ
ساتێ دەبێتە شەپۆلی توورەی سووری خوێن چڕان

*

لەسەر ئیقاعی ئەو مۆسیقایە
کچە ئەکتەری شانۆی رۆژئاوا
بمخەرە نێوان شەپۆلی توورەی هەناسەتەوە
بایەقووشی سەر وێرانەی روحم
بهێنەرە جۆش، تا دەبمەوە بە منداڵی ساوا

*

لەسەر ئیقاعی ئەو مۆسیقایە
کچە ئەکتەری شانۆی رۆژئاوا
بچۆرە نێوان برووسکەی تیژی دوو شمشێرەوە
لەوێ، لای ئێمە.. لە نیشتمانی ئەنفالکراودا

داستانی دووری سەدە دوای سەدەی
نەفرەتی مێژوو بخوێنەرەوە

*

لەسەر ئیقاعێ لە نیگای غوربەت نزیک بەرەوە
کچە ئەکتەری شانۆی رۆژئاوا
لە چاوی ماتەمگێڕی سەرنجمان
کابووسی مردن دوور بخەرەوە.

١٩٩٦ ئەڵمانیا – ئۆڵدن بۆرگ

## غوربەت

ئەم گەرداوی سەڕاب و ڕوانینە لێلە ڕاپێچم دەکا
ئەم قامچیی هەناسە غوربەتییەم ئازارم دەدا
تا بۆ دوورگەکانی پڵنگی چنگ بەخوێنی وشە و
سارای خەیاڵ سەر هەڵگرم
هەر ڕۆژێ بێ دەزانم هەر لەو دوورگە ئەفسووناوییانەدا
خەیاڵە شاعیرییەکەم باڵ دەکەن و
چارەنووسم دیارە لەوێ
تەنیا لەوێ دەبێ بمرم
خوڵقەت ئێمەی بە پەڕەمووچێکی سیحراوی،
بەدەستی هەرزەیەکی بێ ویژدان
لەسەر نەخشەی سەر ئەم زەمینەی داناوین
هەر کاتێ دەریایەک هەڵچوو
جەرگێ سووتا
کەپکە شاخێ بەلادا کەوت
سەگێ لە برسا نووزانی
دەبێ دەست بدەینە قەڵەم و شیعری تووڕەی ئاگراوی
بەین بە دەروونی شەختەی سوڵتانەکانی زەمیندا
ئەمە چارەنووسی ئێمەیە
ئەمڕۆ شیعرم بۆ هەژارانی گەلەکەم

له بانیژەی کۆڵیتەکەمانەوە دەوت
گوێیان لێ بوو
ئەمڕۆ شیعرم لە بڵندگۆی شەوگارێکەوە دەچریکاند
گوێیان لێ بوو
شمشێری ڕقیان هەڵکێشا و
سواری کەشتیی غوربەتیان کردم
دوورگە و رووبار و دەریاچە و
ئۆقیانوسەکانیان گەڕاندم
لە سووچی نەخشەی وڵاتێکدا دابەزیم
بردیانمە(*) جێ نزرگەی مەرگی هەزاران کرێکار
روانینم لێڵ
جەستەم شەکەت
هەناسەم دیل
شەرواڵ و جامانەکەیان پێ فڕێ دام
ناوی باوک و باپیریان سڕیمەوە
نەخشەی وڵاتیان دڕاند و
پێناسەکەم بوو بە ئازویل
سەردەمێ خووم بە نهێنیی ئەو شوورای زیندانەکانەوە گرتبوو
لە رۆخی ئەو شەقامانەدا دەوەستام،
کە روانینی تێدا قەدەغە بوو بە روح سیمای دڕکاویی

(*) کەمپی پەنابەران لە شاری ئۆڵدن بۆرگ لە تەنیشت رووبارێکەوەیە، کە پانتاییی ١٠٠ مەتر تا هۆڵەندا درێژ دەبێتەوە. بەدەستی رژێمی نازییەکان بەبازووی دیلە هۆڵەندییەکان دامەزراوە، بووەتە جێگەی مەرگی هەزاران دیل تاکو ئەم رووبارە دەستکردە ئەنجام دراوە.

سەر دیوارەکانم دەپساند و
دەچوومە ژووری شێداری زیندانەوە
سەردانی ژووری ئیعدام و کابووسی زیندانیم دەکرد
ئەوان ئێجگار لە گاردی بەردەرگەی زیندان گەشبینتر بوون
دەیانتوانی خەون بە نهێنییەکانی جوانییەوە ببینن
دەستی خەیاڵ بۆ ئەوین بەرن و.. نەخشەی
رۆژە کورتەکانی تەمەنیان بگۆڕن.
ئەوان لە لوورەی گەلەگورگی یاساکانی جەنگەڵستان
دەربەست نەبوون
لە بریقەی شمشێر چاویان دانەدەخست
لەشیان لەژێر رەهێڵەی نامە تراجیدییەکاندا لانەدەدا
رۆژە کورتەکانی تەمەنیان دەژمارد و
بە دیار لەدایکبوونی هەواڵی نێو نامەیەکی یاساغدا،
ئێشکیان دەگرت.
لەوان فێر بووم
بەهای زەمەن بە چی دەپێورێ
خۆشەویستی چۆن باڵ دەگرێ
رابردوو چۆن دەخوێنیتەوە
ئێستا چۆن بەردباران دەکەیت و
سبەینێ چۆن بە گوڵ پێشوازیی لێ دەکرێ
*
کاتێ وشە دێتە زمان
گوێچکەی ئاخنراوی بیستن دەکرێتەوە.

بڵندگۆ زۆر ماندووەکانی سەر شانۆ
وەک کەڵەشێری چێشتنگاو کڕ دەبن و
شێرە بەفرینەی خەیاڵی ئەکتەرەکان
یەک لە دوای یەک دەتوێنەوە.
دوای مردنم.. دوای ئەوەی کە
خاچەکەی خۆم دەدەم بە کۆڵی غوربەتمدا
سەیری مێژووی سەدەکانی چەوسانەوە و
نەخشەی ئێستای بە خوێن سووری زەوی دەکەم
لە خۆرهەلاتی ئازارەوە تا ناوەند و
تا خۆرئاوای ئەم نەخشەیە هەر ئازارە.
لەوێ زنجیر دەکرێتە پێی زیندانییان و
لێرە دەکرێتە گەردنی زیندانییەوە
لەوێ قفڵ دەدەن لە گەرووی گۆرانی و
لێرە کلیلی کردنەوەی گەرووەکانیان لێ ون دەکەن.
لەوێ بە شوێن گوڵە ئەستێرەی نیوەشەوە تاریکەکاندا
تا چاو بڕکا چۆڕاوگەی خوێن.
لێرە میل بە چاوی گوڵە ئەسێرەکاندا هێنراوە و
لە شەقامە ساردەکانی روانیندا پێشێل دەکرێن
ئەم نامەیەم بۆ ناگاتە دەستی برا کوژراوەکەم
بڵێم کاکە.. هەستە.. رابە.. کەسێ نییە
خوێنەکەتم لەسەر ئەو گاشەبەردانە لەگەڵدا کۆ کاتەوە
کەسێ نییە پشکۆیەک لە کوانووی جەرگی پیرەژنەکان، بێوەژنەکان
خەون دەبینم..

به سواڵکەری بەردەم دەرگەی مزگەوتەکانی شارەوە
بە هەرەسی چاوەڕوانی چێشتنگاوی گۆڕەپانی بێکاران و
حەسرەتی ئەو گەڕەکە هەژارانەی دەکەونە رۆژهەڵاتی شەوگارەوە
سیمای بەفرینی چاوەڕێی دەست پەڕیو و
قاچ پەڕیو و
لاشەی لەژێر ئەشکەنجەدام دێنێتە بیر
من بە جەستە سواری کەشتیی دەریاکان و
ئۆتۆمۆبێلی شارەکانی دنیا ئەبم
روحم لە ناو قەفەزێکدا جێ هێشتووە، لەوێ لەناو
دووکەڵکێشی کارگەیەکدا سەما لەگەڵ پێچاوپێچی دووکەڵ دەکا
روحم زێوانی ئەو گۆڕستانە گەورەیەیە،
کە پێی دەڵێن نیشتمان، کەچی هەریەکە بستێکی
دەفرۆشێ بە قاچاخچییەکی سەر سنوور
کەی دەتوانم نەخشەی کەرت کەرتبووی دەم رەشەبا غوربەتییەکەم
بەیەکەوە بلکێنمەوە
گوند بە گوند و شار بە شار و
هەرێم.. هەرێم
جارێکی تر لە رووباری ئەویندا مەلە بکەم
بە پێدەشتی بیرەوەریمدا تێپەڕ بم
بەسەر چیای روانینەکانمدا هەڵزنێم

١٩٩٦/٢/٢ – ئوڵدن بۆرگ

## رێناتا

دەستم بەرێ رێناتای جوان
خوشکی ماندووی ئەم سەفەرەم
هەردووکمان وەک دوو نێچیر واین،
لە نێو کێڵگەی مەترسیدا
بە دووی شتێکدا هەڵوەداین
تۆ بۆ نان و
من ئازادی
تۆ بۆ ئازادی و من بۆ نان
جیاوازیمان ئەوەندەیە
من شاعیرێکی رۆژهەلاتی چەوسانەوە و
تۆ کیژێکی خۆرنشینی چەوسانەوەی
جیاوازیمان ئەوەندەیە، هەر ئەوەندە
رێناتای جوان

فرانکفۆرت ١٩٩٦

## کەسەر

ئەو پیاوە لەوێدا راستی کرد، لە نیشتمانەکەی خۆیدا
غەریبتر بوو.

لە نێوانی قژڕنینی خۆرنشین و ئێوارەدا
لە نێوانی هاوڕێکانم و گۆڕهەڵکەنی
گەڕەکێکی ئەم شارەدا
رۆژێ پێش ئەوەی راو نرێم
سیمیناری ساتە ئاڵتوونییەکان کرا،
لەسەر جەستە تیرۆرکراوەکەی هاوڕێم
چەند رێکەوتێکی سەیر بوو!!
ئەو نیشتمانەی لێم کرا بە دۆزەخ و
ئەو کۆڵان و شەقامانەی بە پەلە بووم هەرچی زووتر
تێ پەڕین و قورتاریان کەم
بە پێوانی سیمیناری بەهای ساتە ئاڵتوونییەکان
ئێستا بەقەد بیرەوەریی هاوڕێکەم و
پەلەپەلی دەربازبوونی ئەو ساتانەم بیریان دەکەم

# هاوڕێم

بۆ حوسێن بەفرین

لە دواین ڕۆژەکانی تەمەندا، کەسێ بیرەوەریی خۆی بنووسێتەوە، ڕەنگە بە دێڕێ شیعری غەمگینی تۆ دەست پێ بکا
بۆ دواین جار ماڵئاوایی، زیندانییەک لە کۆتاییی نامەیەکیدا
ڕەنگە بە چاوی شیعرێکت فرمێسکی دوا وشەی بسڕێ
ئەو ژوانگانەی هەمیشە دەرگەی چاوەڕوانییان لەسەر پشتە،
ڕەنگە یەکەم تیشکی روانین نیگایەکی شیعری تۆ بێ
هاوڕێم هەمیشە چەقۆی قوربانییەکانت لە گەردنە
تاکو مێژوو یاداشتی بیرەوەرییەکانی خۆی بکا

١٦/مارت / ٩٩٦ ئەڵمانیا

# ئاژاوه

راسته غوربەت سەرەتای فێربوونی نوێیه، بەڵام له راستیدا
کۆتایی هەموو یادگارییه جوانەکانیشه.

عومرێکه
من ئەستێرکی ئەم ئەندێشەیەم جۆگەی تاسەی دەچێته سەر
غوربەت ئێستا به پلوسکی چاوەکانم ئەو باخچانەی پێ ئاو دەدا
هەر له سیمای خونچەییانەوه هەڵوەرینیان پێوه دیاره
گوناهه ئەم ئاژاوەیه
خەیاڵی چیرۆکی ئەوینمان پەرت پەرت بکا
من لێرەم
وام له بیری خەوبینینی ئەم شەوی هاوسەرەکەمدا
ئەویش ئێستا خەو به تەلی دڕکاویی چواردەوری ئەو وشانەوه دەبینێ.
چەند له مەترسیی باڵکردنیان دوور خەمەوه
هێندە یاساغتر دەنوێن
لەو دەسته کابووسییانه
دا
ده
چڵه
کێ

دڵڕەقانە
ڕێچکەی خەوبینین دەتەنن
عومرێکە
هەموو ڕۆژ تاریک و ڕوون
من لەگەڵ مارشی هەژاراندا
سروودی نان
دەخەینە نێو گەرووی نووساوی کارگەکان
جگە لە دەریا و ئۆقیانووسەکانی جوگرافیا
زەریای خەم و زەریای ئەندێشە دوورەکان،
لەمسەری گۆی زەوییەوە
تا ئەوسەری گۆی ڕوانینمان
بووەتە ڕەنگی نیشتمانی ئازارێکی دوورخراوە
گوناهە ئەم بێدەنگییە!
هەر قریوە و تێکرژانی گۆرانییە غەمگینییەکانی جیهانە
پۆل پۆل فڕینی دەنگ و ڕەنگمان پەرەوازە دەکەن
ئاسمان بووەتە قەتارەی کۆچی ئاژاوە.

١٩٩٦

## قۆپیه

کچه شیرینەکەم (دەریا)، من لە دەرگەی زیندانێکەوە دەرباز بووم و دەروازەی زیندانێکی تریان بە روومدا کردەوە.

منداڵەکەم
لە ئەزموونی پۆلێکی نوێی سەرەتاییی وانەی ماتماتیکدا،
مامۆستاکەی لێی دەپرسێ:
"باوکت لە زیندانی ژمارە چەندی دوای سەدەمین زیندانی ئەم وڵاتە دیموکراسییەدا زیندانییە؟
لە ژووری ژمارە چەندی ئەودیو دەرگەی ئەڵقەڕێزی هۆبەی دووەم چاوەڕوانە؟
لە پێش گاردی ژمارە چەندی دوای دە هێندەی ژمارەی زیندانی یەکانەوە و دەڕوا؟
باوکت عومری چەند ساڵ بە قەد ژمارەی ژێر سفری تێرمۆمەتری سەردابەکانی زیندانە؟"
منداڵەکەم بە دزییەوە
ئەو نامەیە لە گیرفانی دەردەهێنێ
پێش هەفتەیەک بۆم ناردبوو،
دوای سەرنجێکی زۆر خێرا
پەنجەی وردی هەڵدەبڕێ بۆ وەڵامی
ماتماتیکانەی مامۆستا

١٩٩٥/١١/٥
زیندانی چۆرلوک – تورکیا

## هەڵبژاردن

بازرگانەکانی هەڵبـژاردن وەک هەرا و زەنای شـەوانی یاریی منداڵانن. پاش ماندووبوون هەرچی کرا و هەرچی گوترا هەر لە کۆڵان، لە پاش خۆیان جێی دەهێڵن.

ڕەشەبای چەپڵە هەڵی کرد
بانگەشەی پەیمانی ئاشتیی
نێوان داس و گوڵەگەنم
کۆت.. ئازادی
چەقۆ و گەردن
وێرانەخاک.. ئاوەدانی
لە بڵندگۆی قرخنی پێش هەڵبژاردن جاڕ درا
ڕەشەبای نەفرەت هەڵی کرد
بەو درۆیەی هەر لەوێڕا
دوای بەڵێنە ژەنگاوییەکان
لەگەڵ گەنم و ئاوەدانی و گەردن و ئازادی کرا.

# ئەوین لە خەونی شەوگاردا

سنووری بازنەی تریفـەچنی خـۆشـەویسـتی نیـوەی زیاتری دەکەوێتە ساتەکانی شەوگارەوە.

خەمی دووری تا دێ سیما هەتاوییەکەت
لە تەمومژ هەڵدەکێشێ
چاوی خەیاڵ لێڵ دەڕوانێ بە ئاسانی ناتناسمەوە
ئەم خەونە چەند کابووسییە
چەند بەدگومانە
ئازیزەکەم هەستە مەنوو
لە شەوگارە درێژەکانی مێژوودا
بڕیاری خۆرگیران درا
ئەم خەونە چەند کابووسییە چەند بەدگومانە
کەزییەکانت چەقۆ کولە ژەنگاوییەکان شانەی دەکا
چاوەکانت لە میلی تفەنگەکاندا دەبرسکێنەوە..
دەستت لە بازنی کەلەپچەدا
هەر چیرۆکێکم بیستبێ
بوومەلێڵ زوو ئەوینیان کردووە بە دارا
دڵم دەڵێ شاری ئەم خەونە جێ بێڵین
ئازیزەکەم هەستە مەنوو

فرانکفۆرت ١٩٩٩/٥/٢٥

# ئەندێشە

کراسی ئەندێشەی ئەو کێوە
هێندە تەنگە بە بەری ئەم جەستەیەم هەتا
پارچە شیعرێ لە گیرفانێکیدا هەڵگرم
ئەم دەنکە فرمێسکانە، کە ئەوسەریان
لە مەودای خەیاڵ دوورترە..
بەش ناکا بۆ هۆنینەوەی ملوانکەیەک
لە ژوانی خەونێکمدا.
خوێنی هاژەکردووی شەڕی نێوان
من و رۆژە سەختەکانی تەمەنم
بەشی ئەوە ناکا تا قەڵەمەکەم نامەیەکت بۆ بنووسێ و
شیرازەی بیری تێک نەچێ
وەک دوو تارماییی زۆر بچووک واین
لەمسەر و لەوسەر کەنار بیرچوونەوەی گۆی زەوییەوە
تەماشاکە ئەم زەمینە چەند بچووکە
جێی ئەوەندە نابێتەوە باوەش بکەین بە یەکتردا

١٩٩٦/٦/١٦

# سکاڵا

من ناتوانم بەم دەستانەم لە ئامێزت گرم. بەم هەموو گوناهانەوە عیشق چۆن دەکرێ، کە هەموو جەستەمان غەرقە لە تاوانی دڵنیایی!.

کاتێ نیگات پرشنگ دەدا
لە پەنجەرەی زیندانی گیان
دەترسم دەستم نەتوانێ
سڵاوی ناخ بگەیێنێتە پەنجەکانت
با بەنیگا، بە هەست بدوێین
ئەوان چەند درشت دەڕوانن
تەمەنمان بە ساڵ دەپێون
نێوانیشمان بە تەرازووی هەڵواسراوی دادگە
لەم سەردەمە تاریکەدا
هەموو رۆژ بەردبارانی چراکانی دڵمان دەکەن
دەستی سڵاو رامەکێشە
با بەنیگا.. بە هەست بدوێین
نیگەرانم لە داچۆڕانی ئەوینمان
لە پەنجەی شاشی وشەدا

فرانکفۆرت ١٩٩٦

## شیرین له زیندانی نیشتماندا

شەو سەری ماندووی نایە سەر شانی چاوەڕوانیم و نوست
گوێم لە هاڕەی داخستنی دڵی پەنجەرەکانی شەو گرت و
کەوتمە دەریای بێ بنی غایەڵەی تۆوە
لەبەر نێڵەی ماڵئاواییی هاوڕێکەتدا
پەنجەی وشە سڕەکانم دێنەوە گۆ
کاتێ گاردێ راپێچی دەکا بۆ مەرگ
دەبێ بە زڕەی کۆتەکەی پێتدا بتناسمەوە..
لەبەر بریسکەی چاوەکانتدا نامەی وشەی زیندانییەکان بخوێنمەوە.
ئەم زیندانە چەند تاریکە،
بەڵام دیارە
ئەم شەوگارە
چۆن ئەستێرەی ئەو دڵانەی تێدا دەدرەوشێنەوە
دڵەکەم مەڕوانە چوار دیوار
مادام کەشتیی سەر بە ئاڵای دنیایەکی بەهەشتی..
لە خوێنتدا هاتوچۆ دەکا.

دارمشتات ١٩٩٦

## سنوور

دەبێ سنووری رووباری خەیاڵەکانم فرەوان کەم. ئەم کەنارانە
ناهێڵن بەسەربەستی باڵ لێک بدەم.

چەند ئەستەمە،
لەم سەر زەمینەدا خەیاڵ.. لەوێ،
لە ئاسمانی دووردا دەتوانی هەور بپۆشی
گوڵە ئەستێرە رابێنی چاو لە ئەوینت دابگرێ
مانگ بکەی بە مەدالیای سنگی گەنم رەنگی کچێ
لە بەرباراندا بخەوی و پەلکەزێڕینە رام بکەی.
لێرە.. لە نێوان مەترەلێز و
دووکەڵکێشی کارگەکاندا
ئەوین گوناهی گەورەیە
لە ئەرشیڤی تەمەنماندا
تەنیا لەسەر دیوارەکانی زینداندا
بیرەوەری تۆمار دەکا
چەند ئەستەمە
ئەم درەختە خەیاڵییە ژەنگاوییانە
جارێکی تر لەم دەروونە بەردینەدا چرۆ بکا.

نورنبیرگ ١٩٩٧

## بۆ.. گونتەرگراس[1]

باڵای ئەم کێلانە چەند کورتن لە چاو تەرمی راکشاومدا
ئەو دیوارانەی لە پاڵیدا دەمدەنە بەر رێژنەی گولله،
چەندە نزمن لە چاو ئاسۆگەی روانینمدا.
دەست بخەرە بەر چۆڕاوگەی بارانی خوێنی داکردووم،
بۆنی کارگە ئەتۆمەکان، رەنگی (راین)[2]ی گرتووە
گونتەرگراس چاوی ویژدان
لە ئەسپی ژێر کۆتەڵی ئازارمان دەبڕێ
بە دەسرِی کۆلکەزێرینە.. لە تاڵی هەتاو چنراو..
چەند زەنگوڵە لە عارەقەی شەرمەزاری
نێوچەوانی نیشتمانی دایک دەسرِێ

بەفرانباری ١٩٩٨ کۆلۆنیا

---

(١) لە کاتی خەڵات بەخشین بە یەشار کەمال لە وتارێکدا رووبەرووی کاربەدەستانی ئەڵمان گوتی: «من شەرم دەکەم وەک ئەڵمانییەک، کە چەکی ئێمە بە خۆڕایی پێشکێش بە حکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دەکرێ و ئینسانی کوردی پێ ئیبادە دەکرێ».

(٢) رووبارێکی گەورەی هەمیشە لێڵە، بەناوەندی ئەڵمانیادا تێپەڕ دەبێ.

## کەرنەڤاڵ

بەم قەڵەمە خوێناوییەوە چۆن دەتوانم بەراوردی ئەم هەموو جوانییە بکەم؟

وەک گەواڵە هەورێکی پڕ لێزمە و باران
بەر لەوەی داکاتە سەر زەویی وشک و برینگی گیان
گەردەلوولەکانی کوشتارگە
فڕاندیانم
خۆم و باڵای کەڵەگەتی بێهوودەییم
لەم کەرنەڤاڵی شارەدا،
کە شانی سەما لە شانی پێکەنینی یەک هەڵدەسوون
گوێ لە هاژەی چەمی ئەو ئاوازانە دەگرم
شۆڕەبیی باڵای زراڤیان دێنێ و دەبا.
من ئەو ساتە
سیمای گوڵەگەنمی ژنان
گوڵەجۆی بەژنی کچانی شەپۆڕانم دێتەوە یاد
نیگەرانی چۆن کەروێشکە بەو مەڵۆ هەڵڕژاوانەی لێرە و لەوێی
کۆڕی گەرمی پرسە دەکا
بەو قریوە و چریکە و هەورەتریشقەی ماچانە
بە دوو چاوی تیژی گورگ

دەڕوانمە نێچیری نێو نیشتمانی ئەو کوشتارگە و بێشەڵانە
دەمامکی ئەو مامزە
لە سەری ئەو قەیرە کچە و دەمامکی ئەو پڵنگە،
لە سەری ئەو مێردمنداڵە و، ئەو پیاوە مەستە لە کەوڵی
ئەو دڕندە تووڕەیەدا لە گۆمی لێڵی پرسیار هەڵمەکێشێ و
سەری گلۆڵەی وەڵامی ئاڵۆزکاوی ئێرە و ئەوێم،
لێ تێک دەدا.

بەفرانباری ١٩٩٨ کۆڵۆنیا

## ڤيەننا

تاڵیی ژەهری هەر چاوەڕوانییەک بیر دەچێتەوە، تەنیا شیلەی
هەنگوینی چاوەڕوانیی تۆ نەبێ.                ٢٠٠٢/١١/١٥

من ژنێ چاوەڕێم دەکا
ئەو پەلکی شۆڕی درەختێکە لە دارستانی خەیاڵم
هەموو رۆژێ بستێ بەئاسمانی تەنیاییمدا هەڵدەکشێ
من ژنێ چاوەڕێم دەکات
وەک چاوەڕوانی باڵی پەپوولەیەک بەسەر دڕکەزیی حەسرەتدا
چاوەڕوانیی ژنێ خەریکە دەمکوژێ
لە نێوان من و ئەودا
هەزاران گوڵەئەستێرە و کانییە،
کەچی من بە تەنیا تروسکەی ئەوینی ئەو دەبینم و
لە دڵۆپی فرمێسکی چاوەڕوانی ئەودا دەخنکێم
منی رێبوار، دوای بیابانێ تەنیایی
دوای دارستانێ هەڵوەرین
زەوییەکی تینووی سەر پەڵەم
لەوێش لەو دوورەوە
کانییەک لە پێکەنین
گوڵەئەستێرەیەک لە جوانی
بیابانێ لە سەوزایی و
لە گۆمی تەنیاییدا ژنێ خۆی دەشوات و
ئەو بە دڵ چاوەڕێم دەکا.

## ئاسمانی نێوان کوێڵن و ڤیەننا

تۆ ئەی گوڵی هەڵبژاردەی باخچە سەوزەکانی ئەوروپا
بە فرەژنی چاو بە زەردەخەنە ڕێژراو،
ئەو ڕۆژنامەیە دامەنێ
نامەوێ با هەواڵی کۆستکەوتنی کۆلانی شارێ نەزانم،
تۆ ئەی کچە بەناز میکیاجکراوەکەی تەنیشتم
ئەو tv یە مەکەرەوە
با ئەمڕۆ شالاوی هۆردووی پۆلیسێ
بۆ بارەگەی ئەوینێکی قەدەغەکراو نەبینم،
تۆ.. ئەی فڕۆکەوانی بەدمەست
بە شەرابی خەستی غروور
تا دەتوانی ئەوان جێ بێڵە بۆ دوورتر
باڵ بگرە و بفڕە
بەرزتر لە دواین هەناسەی ئاسمان
لە ژوور چینێکی تری هەورەوە
ڕەنگە جوانییەکی شاراوە هەبێ نەیزانین
دوورتر بفڕە
لە دوای چەند فرسەخێکی ترەوە
ڕەنگە تیشکێ.. هەبێ هێشتا.. بە روحمان نەگەیشتبێ
بەرز بفڕە.. تا دەتوانی

وەک ئەو شەکرە ژنەی لە نێو دەمی ئازادیدا دەتوێتەوە
تۆ.. ئەی فڕۆکەوانی مەغروور و
کچە قژ گوڵە جۆکانی خۆرئاوا
تا دەتوانن دوورتریشم بخەنەوە
لە بۆنی دووبارەبوونەوەی کابووسە ڕەنگاوڕەنگەکان
بۆنی دەستە خوێناوییەکانی ئەوان و
مەرگی گوڵەئەستێرەی روانینی ئینسان.
تا دەتوانن دوورتریشم بخەنەوە
رەنگە ئەوە حەزی بەدمەستێ بێ.. بە ئازادی
لەودیو تەلبەند و دیوارەوە، هەر بە خەیاڵ،
کە بیەوێ بۆ چەند ساتێ پشوو بدا..

## روانین

لەودیو پەنجـەرەی كراوەی روانینمـەوە، تا چاو برِكـا روانینی
نوێی تر دەبینم!..

با میلی تفەنگ،
مشتووی خەنجەر،
نووكی پێنووسمان بگۆرِین...
لەم شەرِی بیابانی رۆحەدا
پێویستیمان بە نەخشەی نوێی روانین هەیە،
كە رووبار و سەرِابەكان لێک جیاوەكا
ئیدی، دەبا تینوویەتی هێند شپرزەمان نەكا
لەم شەختە رێ سەختانەدا،
لە سێبەر و نسێكاندا نوێژی پیرۆز دانەبەستین.
لە لۆجیكی شیعر بگەین.
بە خەیاڵی شاعیرانە، لە جەنجاڵیی جیهان بدوێین
شاعیرانە عاشق بین و
عاشقانە تا ناخ رۆچین..
مەرگ بەسەرمانەوە وەک هەوری پایزی توورِە،

هاكا
دا

کا،
پەڵە بە خوێنی (مای لای)(*) و (هەڵەبجە)یەکی نوێ بدا.
بەر لەوەی مێژوو ریشی سپیی بە خوێنی ئایندە سوور بێ،
با چەقۆ حەشاردراوەکانی دەروونمان بشکێنین
چیی تر سروود و گۆرانی بۆ بریقەی شمشێرە سواوەکانی شەڕ نەڵێین
ئەو شەڕانەی پیاوە ئازاکانی تێدا دەکوژرێن و
ترسنۆکەکانی تێدا بەهرەمەندن!
چ یاسایەک ئەو سزایە هەڵدەگرێ،
هەتا مردن گابەردی تاوان بەسەر کۆڵی سیزیفدا دەدرێ؟
بەو گوللەیەی دەتەقێنرێ، کێ چاو لەسەر قەرەوڵە و
کێی پێ دەمرێ؟
ئەو ژمارە خەیاڵییەی لە گیرفانی کەسێکدایە،
چەند هەزار کەس ژەمی ئێوارەی پێ دەخوا؟
ئەو سنوورە تاریکانەی بە دیواری کەللەسەری خەیاڵ هەڵچنراون،
کێی پێدا دێت و کێی پێدا دەڕوا؟
با جارێ تر میلی تفەنگ، مشتووی خەنجەر، نووکی پێنووسمان بگۆڕین!
شاعیرانە عاشق بین
عاشقانە تا ناخ رۆچین.
ئەگەر رووباری مەرگ بوارمان بدا
بەسەر کۆڵی شەپۆلەکانەوە
هەندووانە بپەڕینەوە
چاوەڕوانی بەدیار تەرمی رابردووەوە دادمان نادا.

(*) شارۆچکەیەکی ڤێتنامی خوارووە، لەساڵی ١٩٦٨دا سوپای ئەمەریکا دانیشتوانەکەی قەتڵوعام کرد.

لەوبەری هاژەی رووبارەوە
پیاوێکی رەنگ زەردی لاواز
نازناوەکەی غەریبییە
چاوەڕێمان دەکا تا بۆ ماڵی تەمومژی خۆیمان ببا..!
ئەم چرکەیە لە چرکەیەکی دوای ئێستا
ئەم ساتە لە ساتێکی داهاتوو
ئەمڕۆ لە سبەی چاکترە
ئەم زەلکاوە
رەنگ و رووی
بە روانین و بیستن و لێکدانەوەی
لـێ بڕیوین.
دەبێ کۆچ کەین،
بەڵام خاک و ئاوەدانی
جێ نەهێڵین
تەنیا خۆمان
روحی خۆمان، وەک بەرماڵی مزگەوتەکان،
وەک جاجمی سەر دارەمەیتی گۆڕستان
بپێچینەوە
لەوبەری رووباری هاژەکردووی مردنەوە
نیشتمانێکی تر بنیات بنێین
ترسی ژیان لەوەدایە
برسێتی لە پاشکۆی ئەڤیندا لەدایک دەبێ
سەرچاوەی خۆشەویستی لیخن بووە
ماسییەکانی ناوی سەر بە کۆچی دوور دەسپێرن..

کەس ناتوانێ لێوی تینوویێتیی پێ تەڕکا..!
لەوانەیە
ئەمڕۆ.. سبەینێ، وشک کا.
ترسی ژیان لەوەدایە
بڕوا بە داستانی ئەوینی و شانۆی خەون و پەڕینەوەی کەشتییەکانی ئازادی
کەم بوونەتەوە
ئێستگەکانی دەنگوباسی زەمین
درۆ دەکەن!
لە دوای کوشتنی قەتارەی هەر پۆلە مەلێ
تیمساحانە فرمێسکی گەرم دەڕێژن و
سەرەخۆشی لە کۆتری ئاشتیی دنیا دەکەن
ترسی ژیان لەوەدایە
هەور چۆن ئاسمان تەی دەکا،
پەڵەهەوری چاو قاوەیی،
بەرەو ئەودیو جاویدانی و
پێسترەش بەرەو
دواین ئێستگەی چاوەڕوانی و
رەوی سپییەکان بەرەو کوێ..؟
ئاسمان وەک چۆن ئاژاوەچیی هەورەکانە
سەرزەمینیش بەدوای تەنیا بوارێکی ئەم بورکانی گومانەدا وای لێ دێ.
من ئازادیم وا خۆش ناوێ
هەر کوێ بڕۆم زنجیرەکەم بە شوێنمەوە هەر خڕەی بێ...
من ئازادیم وا خۆش ناوێ
پاسەوانێکی ئەفسووناوی هەمیشە لە ناخمدا

بێت و بڕوا
لەگەڵمدا پاڵ کەوێ
لەگەڵمدا خەو ببینێ
بە پەنجەی سۆز
سنووری ئازادیم بپێوێ
چۆن دەکرێ ئەو وشانە کۆ کەینەوە،
کە دایکمان
لەسەر بێشکە
لایلایەی پێ بۆ دەکردین
چۆن ئەو ڕۆژە شەونمیانە کۆ کەینەوە،
کە ئاگری سووتێنەری تەمەنمانی کرد بە هەڵم.
چۆن دەکرێ چۆن
دەبێ میلی تفەنگ،
مشتووی خەنجەر،
نووکی پێنووسمان بگۆڕین
عاشقانە شاعیر بین!؟
شاعیرانە...
ناوی من لە بیر خۆتان بەرنەوە!
"ئەمە دوا دێری نامەی زیندانییەکی نێو زیندانێکی ڕۆژهەڵاتە."
– کامیان لە چوار پارچەی جەرگم بنێرمەوە!
"ئەمە بڕیارِی دایکێکی ناو شەڕێکی ناڕەوایە."
ـ من لە نێوان تەمەنی منداڵیم و پیرێتیمدا هیچ شک نابەم
"ئەمە هاواری هاونیشتمانییەکی ڕەسەنە."
ـ من لەسەر ئەم زەمینەدا بستێ خاکم دەست ناکەوێ تیای بسرەوم

"ئەمە وەسیەتی کرمانجێکی گۆڕ غەریبە."
ـ بەهەشتم بە رەنجی بازووم دروست کرد،
کە تەواو بوو، قەدەغە بوو تێدا گوزەر کەم.
"ئەمە مێژووی چەوسانەوەی کرێکار بوو."
ئەگەر نەکرا چاوەکانمان هەڵکۆڵین،
دەکرێ روانینمان بگۆڕین
ئەگەر نەکرا هەنگاوەکان ببڕینەوە
دەکرێ رێگەی نوێی پێ ببڕین
ئەگەر نەکرا گۆرانییە ژەنگاوییەکان بیر بەینەوە
دەکرێ گۆرانیی نوێ بچڕین
هەرچۆنێ بێ ژیان بانگمان دەکا،
وەک بڵندگۆی مزگەوتەکان
وەکو زەنگی کڵێساکان
بەڵام بەحەق
لەم ئۆقیانووسی روحەدا
تاکو خۆمان پاک کەینەوە.
ژیان وەک کارەساتی خۆرگیران
لە نیوەڕۆی رۆژگارێکدا،
وەک ئاوابوونی ئەستێرە
لە سەرەتای شەوگارێکدا
وەک نقومبوونی کەشتییەک
لە گێژاوی دەریایەکدا
بەنیگای تیشک ناپێورێ
ژیان وەک گۆمی مەنگی کەنار رۆخانەی شارێ نییە

وەک شکۆفەی چڵە نێرگزی پێش هاتنی بەهار نییە
ژیان یاسای کێشمەکێشی دوو زۆرانە
بازوویەکیان سەرچاوەی ئەوینی لیخن کردووە
تاوانبارە بەزەلکاوبوونی سەر زەوی
هەر ئەویش بوو ئاسمانی لە هەور کرد بە ئاژاوە
گلۆڵەی چارەنووسمان دەخاتە سەر ئەو خەرەندە و
کۆڵەوژی پەلمان دەدا بەدەم باوە
ئیدی ناچارین
میلی تفەنگ، مشتووی خەنجەر،
نووکی پێنووسمان بگۆڕین.
کە خەزان
وەک دەستگیرانی سەربازێکی هەڵهاتووی شەڕ
چاوەڕوانی گەڕانەوەمان دەکا
ئیتر چۆن دەتوانین بە دڵنیایی گوڵی ئەوین بگۆڕینەوە
کە وەرزی وشکبوون و دەسکەنە و هەڵوەرین هەبێ
چۆن دەتوانین کەروێشکە بە هیوای حەسرەت بکەین
کە کێڵگەی تەقینەوەی جیهان بەدەمەست بەدەمەستێ بێ
چۆن دەتوانین بێ ماڵ ئاوا پەنجەرەی نیگا لەیەک داخەین
ئەم سەفەرەی چەند ساڵەمان توێشووی گومان هەڵناگرێ
یاسای کاتە زێڕینەکان و دڵنیاییان پێویستە.
هەتا ئاسمان هێندە بە گازی ژەهراوی پیس نەکراوە
زەوی نەبووەتە سەرنوێلکی فابریقەکان
هەرچی زووە دەبێ ئەم پیاوە قرخنە ریسوا بکەین،
کە پێی دەڵێن بەرژەوەندی.



عەبدولقادر سەعید (١١)

خەریکە ژیان هێندە ڕمووزن بێ
بێشکەی ساواکانمان بە زێوانی گۆڕستانەکان بسپێرین
گومان
گومان
چەکەرە لە نێو خەونە پاکیزییەکانماندا دەکا
دەبێ مشتووی خەنجەر، نووکی پێنووسمان بگۆڕین
بەر لەوەی دڵنیایی بارانی نەفرەتی داکا.
گوێمان لە مەرگی خۆمانە،
باوەڕ ناکەین..
چاومان لە ئاویلکەی ژوور سەرمانە..
باوەڕ ناکەین.
ئامێرەکان هیواکانمان لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر،
وەک نازناو و کرێی ڕۆژانە دەگۆڕن
ژنەکانمان لەسەر پشتی ئەسپە کابووسییەکانەوە
تەڵاقیان لە خۆشەویستی وەرگرتووە و
لە باوەشی پیاوە سۆزانییەکانی گومانان
سەری منداڵە چاوشینە قژ ماش و برنجییەکەم
لە بەرپێی ئەو پیاوەدایە، کە نایناسم
قافیەی شیعر و گرێ کوێرەی ڕۆمانەکانی دەینووسم
لەسەر مێزێکی ئاڵتوونی مەزادخانەی ئەو شارەیە
هێندە غەریبین بە ژیان
دەرگە کڵۆمدراوەکانی دەروونمان لێ تێک دەچێ
ئەوە نەبێ هەسانی چەقۆی برینمان
خوڕەی هیوا وێڵەکانمان

باڵی شکاوی فڕینمان لەیەک دەچێ.
زۆر سروود و گۆرانیی کۆچەریانەم بیر چووەتەوە
هۆبەی ئەندێشە دوورەکەم
بە لیکی جاڵجاڵۆکەی تەمەن زیندانییە
ئەمە چ نیشتمانێکە
گوڵ بە ئێخەی بیرچوونەوەوە هەڵدەوەرێ
ئەمە چ نیشتمانێکە لەدایکبوونی تێدا نییە
هەر مەرگی تێدا تەتەرە
ئەو مژدەی دوێنێی بۆ هێناین
ئەو مژدەی ئەمڕۆ دەهێنێ
بۆ سبەینێش پەیامبەرە
ئەوان دەماننناسنەوە
بە ڕەنگی گریاناوی و دەنگی کڕووزانەوەماندا
دەماننناسنەوە
بە چاوی هانا و دەستی پاڕانەوەماندا
دەماننناسنەوە
ئازادیمان وەک تۆپێکی منداڵانە دەدەنە دەست
ئیتر بە نووکی شەقێکیان..
هەتا ماوین، دەبێ بە شوێنیدا رابکەین
ئەمە چارەنووسی هەڤاڵەکانی ڕێگەیە...
پاڵەپەستۆی ڕۆحمانە لە بەردەم وێنەگرێکدا
تاکو سەرە بۆ وێنەی پۆستەرێ بگرین بۆ میهرەجانی مردنمان
مادام پیرۆزیی بوونمان لەناو قوڕگی مەرگدایە
هەتا زووە دەبێ ڕاکەین

گڵۆڵەی سەرەوخواری ئەم تەمەنە بگرینەوە
هەتا زووە لەم شەڕی بیابانی روحەدا
مشتووی خەنجەر، نووکی پێنووسمان بگۆڕین.
گەر زانیمان (با) لە سۆراخی پەپوولە پایزەیەکدایە
لە دانایی پاسەوانیی (با) بپرسین بۆ
کە بارانی سوور وەرزەکانمان ئاو دەدا؟!
بپرسین بۆ!؟
هەڵفڕین و کۆچ
لە قەفەزی باکورەوە
بۆ قەفەزێکی نوێی باشوور
هانای گوڵە باشوورییەکان
بۆ سنگی دۆزەخی باکور
بپرسین بۆ؟
لەگەڵ یەکەم سەمای مەرگی پایزاندا گۆرانیی خەمبارانە بچڕین
لەگەڵ دواین گەڵای درەختی وەریندا، سروودی بەرگری بڵێینەوە
خۆمان لە گۆمی سۆز هەڵکێشین
بە چاوی عیشقەوە نیگا لەسەر وێنەی ئاوێنەکانی روانین بگوێزینەوە
سەربەستی بدەین بە پشیلە برسییەکانی کازیوە
بە خوێندنی مەلی نێو قەفەزە ئاسنینەکان
بەدەست فرۆشەکانی نێو کۆلانی بەیانیانمان
چەند بە عیشقەوە هاواری نان دەگەیەننە ویژدانمان
هەرچەندە گومان لەسەر کۆلانی دڵنیاییدا
سەنگەری قووڵی لێ داوە
بەیانیانمان بە ئێوارە

ئێوارانمان بەخەوبینینەوە هاڤی دەکا
ئەمە شەڕە!
پەنجەی گەواهی تێدا هەڵدەوەرێ
چاوی جوانی تێدا هەڵدەکۆڵرێ
ئەوینی تێدا ئەتک دەکرێ
بەردەوامە تیرۆری وشە بزێوەکان
بەردەوامە گلانی حوسەینی کەربەلا و
یەک لە دوای یەک قەتارەی مەسیح لە خاچدان
کە وابێ دەبێ میلی تفەنگ،
مشتووی خەنجەر نووکی پێنووسمان بگۆڕین
هەمیشە لە ئەندێشە هەندەسەییەکانماندا
گۆڕستانێکی ئاوەدان
سەمای خەمێکی بە کۆمەڵ
پەرژین هەیە
لە چیرۆکی ئەوینماندا شمشێرێ،
قەدەری تێکشکانێک و
تا سەر ئێسقان برین هەیە
خەون بە پیربوونی منداڵی و
خەزانی رۆژەکانی تەمەنمانەوە دەبینن
چەند ئەستەمە لەم دەریا دۆزەخییانەدا
فڕین بەسەر دوورگەیەکی بەهەشتیدا
ئەو رۆژانەمان بیر دەبەنەوە
کە تێیدا لەدایک بووین
گوڵی سپیی ئەو حەزانەمان هەڵدەپرووکێنن

بۆنمان دەکرد.
ئەو درەختانە دەبڕنەوە
بیرەوەریمان لە قەدیاندا دەنووسییەوە،
ئەو عیشقە نوورانییانە لێڵ دەکەن
بە کوڵ بەدیاریەوە دەگریاین.
ئەوان تەنیا بیرچوونەوە و... بیرچوونەوەمان فێر دەکەن
من خەونە وەنەوشەییەکانم
لە چاوە هەنگوینییەکاندا دەبینم
ئەوانەی مێژوو بەخەندەی پێش مەرگیان شانازی دەکا
چەپڵە بۆ گومڕاییی جەنەراڵەکان لێ نادەن و
ئەوانەی لەودیو ئاسۆوە
کازیوەی روانین دەبینن..
بەردبارانی گوێسەبانەی
هیوا هەڵنیشتووەکان ناکەن
تفەنگ بە عیشقەوە نانێن خەونی منداڵ سەرنابڕن
لە تەنوورە دۆزەخییەکان
نانمان لەگەڵدا بەش دەکەن.

ئەڵمانیا - ١٩٩٦

# سیمفۆنیی خوێن

هەندێ مردن نەمری بەخاوەنەکەی دەدا

تۆهو (شاعیری ڤێتنامی)

بەبۆنەی شەهیدبوونی – نیۆن ڤانترۆ –ی شەڕوانەوە

پێشکێشە:

بەو کەسانەی لە چاوترووکانێکدا لە پێش چاوم گوم بوون و لەگەڵ هەر چاو لێکنانێکدا دێنەوە پێش چاوم.

ئەی گەلی پەنگر
بە سینگ و بازووی رەنجدەران و کوژاوەم
بالآی ئازار و ژانی تۆ
لەگەڵ روانینمدا هەڵدەچێ
ئەوین چاوی سەرنجمە،
تا بە ناخیدا شۆڕ ببمەوە
زیاتر روانینم رۆ دەچێ!.
سەرم ناوە بە مەشخەلآنی ئاگر و نیشتمانی رەژووەوە.
پێوەند لە دەست
یاخی دەبێ
گڕ لە چیا
پەت لە گەردن
ماندوو دەبێ

ئەی چاوی شیعر بڕوانە
ئاسۆی ئەو نیشتمانەی
لە ژێر ڕەشماڵی ئەوینەکەیدا،
شیعری مەرگی خۆی دەنووسێتەوە
ئازار برینی خۆی هەڵدەکۆڵێ
دەستی لەشکری زەحمەتکێشانیش
لە شەهیدبووندا..
پەنجەی وەریوی هەڵدەگرێتەوە.
ئەوە جەستەم و گیانم
وا لە دەست (بای) برسییەتیدا
شاباڵی مەلی فڕینم وەری و
ڕەنجیش مەلێکە وا لە مستیدا.
سەیر کەن، ئەوە نەخشەی ولاتم،
ئەوەش وێرانەی گوندی بەجێماو
لووتکەی هەرەس و
جەنگەڵی سووتاو
بەیانی نییە درەختێ گەلای فرمێسکی چاوی هەڵنەوەرێنێ!
ئێوارە نییە کێوی هەرەس بەگاشەبەردی سەر
لووتکە و لاپاڵی خۆیدا نەهێنێ
ڕۆژ نییە ئاسمان ڕەش دانەگەڕێ
شەو نییە لە دوای هەواڵی خەوی بزڕکاوی گوند
کلافەی خەم و ماتییەکی سڕ
ناو دێ دانەگرێ
ئیمڕۆ شیعر وا لە پێچ و لوولی دووکەڵی مەرگی ڕوانینێکمدا
ئاسمانی گیانم دەکاتە قەقنەس

وێرانە خاکی لاشەم دەسووتێ
خاشاکی چەمی گریانی ناخم دەڕوا و ڕێ دەکا .
مەپرسن ئاخۆ
ئەو لاشەیەی وا بەکۆڵمەوەیە
لاشەی خەمێکی تاکو ئێسقان
بەنێو ناخمدا داچۆڕاوەیە
ئاخۆ تارماییی کوێرەگوندێکی کاول کراوە
ئاخۆ پەلوپۆی دارەبەنێکی لە خاک هەڵکێشراو،
یا تەرمی سووری هەڵۆیەکی سەر دوند و ترۆپکی
ئەم نیشتمانە خوێن ڕژاوەیە.
ئەمە خەیاڵی شیعری کەسێکە
پێش ئەوەی چەقۆ بخەنە گەردن
چیرۆکی مەرگی خۆی تۆمار دەکا .
ئەمە داستانی دێوانەیەکە
لە بیابانێکدا ڕێی لەبەرە
ئەفسانەی ئاوی ژیان و نەمریی بۆ نیشتمانێ لێ پەیدا دەکا
وشە هەنگاوی بەسۆزی دەنێ
بە پێپلیکانەی شان داچەکاوی بیست و هەشت ساڵی
عومری کەسێکدا دەچێتە خوارێ
شوێنپێی خوێنینی زامێ هەڵدەگرێ
بزانێ ئەنجام
سەر دەکاتە نێو ژووری گڵینی چ ماڵە زەحمەتکێش و هەژارێ.

*

شیعر سۆراخی دێوەرەیەکی هەناسەسوارە
پێ دەخاتە سەر خاکی ئازار و

چاو دەبڕێتە سەر هەندێ کەلاوە و
چەند کۆڵیتێکی ئەوپەڕی شارا
ئەو شارەی ژەنگی دەروون ئەم دیوە و
کازیوەش سیما و رەنگی ئەو دیوە
چاوی سەرنجی تێدا دوور روانین و
رووبارێ ئازار
جەستەی پاڵکەوتووی شاری بڕیوە
بەنێو کۆڵان و گەڕەکی ترسدا
نیگای سەرنجم بەچاوی پرسدا
دنیایەکی دی، جگە لە دنیای ئەندێشە و خەیاڵ
وێرانە خاکی چنراو بەتەونی
ئەم ماڵ و ئەو ماڵ
شوێن ئەو کۆشکانەی ئێستاکە
خاوەنی لووتکە و بنارن
ئەو کۆشکانەی
هەر بستێکی
شوێنی دەیان گومان و
هەزاران پرسیارن
ئەوسا کۆمەڵێ ئاپۆڕەی کۆڵیت و خانووی گڵین بوون
پەنجەرەی بستەبالآیان
دەرگەی نزم
چەپەر و گوێسەبانە شاش
تەنانەت شێوە و روخساری خەڵکی گەڕەک
زۆر دوور نییە گەر بڵێم
لەیەک دەچوون.

لەو ساتەوە، تاکو ئێستا
چەند بەفرانبارێ چووەتەوە
چەند جارێکیش دارتووە قەد باریکەکەی
بەردەم ماڵمان
وەکو ئێمە رووت و رەجاڵ
پەلوپۆی لاوازی داوە
دەم گڤەبای پایزەوە.
لەو ساتەوە،
تاکو ئێستا
چەند جارێ دایکم کراسە قەترانییەکەی خۆی گۆڕیوە
چەند جارێ کانییە بەهارەی
دوو چاوی دایکم تەقیوە.
چەند پەڕەیەک لە دەفتەری بیرەوەریی ئەو سەردەمە:
لە بیرم دێ
منداڵانی ئەو گەڕەکە
چۆلەکەی گیانی بزێویان
لە قەفەزی چوار دیواردا قەت نەدەسرەوت
ژیان لەو بێشە چڕەدا
بۆ ئەوان چەند نهێنی بوو.
بۆ ئەمانیش وا ئاسان بوو
پەنجەی قەڵەم
پەنجەی رەنج بوو
چاوی بینین
چاوی رەنج بوو
شەختەی زستان

گڕەی هاوین
چاری سروشت تەنیا ملکەچی و ڕەخسان بوو
وەک پەپوولەی بەتاسەی نێو باخچە گوڵێ
وەک چۆلەکەی بە گوێسەبان بەستراوە
هەردەم باڵیان لێک دەدا
زەمەن ماسیی ڕووبارێ بوو
ئەمان بەشوێنیدا شەکەت بوون
ژیان شتێکی عەنتیکە
هەندێ جار لە تۆپی شەق و
هەندێ جار لە گوڵە ئەستێرەی شەو دەچوو
ئەو وەرزە تێکشکاوانەم دێتەوە یاد
پرسیاری ئەم ئاپۆڕە پڕ لە شیلەی خۆشەویستییە
لە کێ دەکرا
بۆ کێ دەبرا
گرینگ نەبوو.
هەڵۆی ئەم شیعرە خوێناوییەم
چینەی لەسەر سینگی گاشەبەردی ئەو هەڵەمووت و هەورازە بوو
دەستەمۆی ڕاوچی نەدەکرا
هەردەم سرک
ئاسکەنیگای وەک بێچووە کارژۆڵە وریا
باڵای ئەوینە سەوزەکەی
کەڵەگەتتر لە بەژن و باڵای دەینواند
وەکو چەقۆی قاڵکراوی کورە خەمێ
خەمێکی باڵا زراڤتر
ئازارێکی باڵا بەرزتری دەدوان.

هەرچەندە هێشتا
لەگەڵ تاریکیی شەوگار و چەمی دەم کەفکردوودا
لەگەڵ ڕێی سەخت و
کاروانی ماندوو
برسی و تینوودا
ئاشنا نەبوو
لەنێو جەنگەڵی چڕی گەڕەکدا
خەڵفە خەمێ بوو تازە هەڵدەچوو.
وەک چۆن بە تەنیا
چڵە نێرگزێ،
لەوپەڕ سەوزە مێرگێکدا بڕوێ
وەک چۆن، کە فەرخە سمۆرەی چاوزیت
ورد ورد دەڕوانێ
وەک چۆن ئارەزووی بێچووە کۆترێ
دەیەوێ بفڕێ
ئەویش ئاوەها
جۆگەلەی خەمێ
رای دەماڵیە کەنار دەریایەک، کە خوێن شەپۆلی تێدا چەپۆکان بوو
چاوی دەبڕییە کەشتیی ئەو گیانەی
ئەنجامی تێدا
یاخۆ رزگار بوون
یان تێشکان بوو.
وەک چاوی گەشی گوڵەبەڕۆژە
سەرنجی لە خۆر نەدەگواستەوە
ئەم وێنە سەرنجڕاکێشەی سروشت

وای دەکرد خەڵکی خۆر و ئاسۆگەی روانینی قووڵی
هەموو بینین لە یەک ئاستەوە.
کاروانی تینووی رێگەیەکی دوور
بۆ دۆزینەوەی کوێرە کانییەک
چەند تامەزرۆیە
رێبوارێکی وێڵکەوتەی بیابان
بە شوێن سەرابدا چەند سەرەڕۆیە
ئاوا عەودالٚ بوو
بۆ تروسکەیەک
بۆ راستەرێیەک.
ئەم شۆڕابەی ئەوینە پرچ هەڵەکۆکە
هێندە دەستی بەسەر شان و ملی شۆڕەبیدا هێنا
پەپوولە پایزەی ماچی گشت هەڵوەرین
ئەم رووباری بەنازی شەپۆل قالٚ بووە
مەلی تازە پەڕ دەرکردووی ئەم دەڤەرەی
خستووەتە سەر کەڵکەڵەی فڕین
ئەسپی شیعر خۆی بۆ زین کرد
گوڵە ئەستێرە تەتەری.
نێوان شەو و پەنجەی ئەم بوو.
پەرە زەردە زیندانییەکان
خۆیان لە رۆحی هەڵدەسوو.
پارچە فلووتێکی خەمناک
لە ئێستگەی شاخ و کێوەوە
هەموو ئێواران نێڵەی لە مەرگی ئێستەی خۆی دەچوو.
- کاکە، پرسە بۆ فەرهادێکی تر دانێ..

– کاکە، پرسە بۆ بێستونێکی تر دانێ
– کاکە، پرسە بۆ شەهیدێکی تر بگرە
لە ئەنجامدا ئەسپی سروودێ دەیحیلان
– کاکە ئەوە سێ پرسیار!..
وەڵامی (با) بدەوە،
یان داوێنی خاکفرۆشێ،
یان دەست بەکڵاوی دەم زریان،
یان سرووده هێشتا تەواونەکراوەکەی
هاورێ شەهیدەکەت بچڕە.
– کاکە چیت کرد...؟
وەڵامی (با) بدەوە

– کاکە ڕابە
کاکە زووبە.

*

ئێوارەیە ئەی (ژیلوان)ی[١] پێ لەسەر ئازار داگرتوو
بە خۆری ئاوابوو بڵێ
راوەستێ و با کەمێکی تر
تیشکی ئاڵتوونی خۆی بدا
لەو کێو و یاڵ و بەندەنەدا
ڕێبوارێ وا بەڕێوەیە
گاشەبەرد و (لەشکر)ی[٢] توولەڕێی ونی جەنگەڵ دەکاتە مەزنە،

(١) کێوێکی بڵندە دەکەوێتە ناوچەی سلێمانی.
(٢) لە جەنگەڵە چڕەکاندا و بۆ وننەکردنی توولەرێگەی نێو چیاکان چەند بەردێ لەسەر یەک لە هەر چەند هەنگاوێ دادەنێن تا ڕێبوار ڕێگەی لە چڕ و زەبەندێکدا تێک نەچێ..

که شەو دادێ
سروشت خەمخۆرێکە دڵسۆز
توێشووی ڕەنجی ڕۆژگاری دێ
لەسەر شانی ماندووی جووتیارەکان دەگرێ
تاریکی باڵ دادەدا و
لە پەنجەرەی هەر ماڵێ
چاوی چرایەک دەسووتێ
ئا ئێستا گوندی ڕەشپۆش
لە دەریای پاش هەڵچوون دەچێ
دەرگەی کام ماڵ
بە دووی کام ڕێ
بەرەو کام سەگوەڕ سەرکەوم
زۆر دەنگ
زۆر ڕەنگ
زۆر تارماییی دوور دەنگیان دام
تا زانییان
من ڕێبوار و میوانی ناوەختی شەوم
*
ئەو وای دەوت
خانەخوێکەم
قوتابییەکی گوێدێر بوو
لە قوتابخانەی ئەم دێیە
پەنجا ساڵ ڕەنج

له مامۆستای ژیان فێر بوو
خانەخوێکەم..
له چرچیی ناوچەوانیدا
له دەستی زبری شەقاریدا
دەیان رۆمانی سەربڕاو
دەیان چیرۆکی مەرگەسات
بۆ نووکی پێنووسێ دەژیا
ئەو زامێ بوو هەتوانەکەی
خەنجەر بە دیاری هێنابووی
ئەو کارێزێکی سپی بوو
تارماییی پاسەوانی بوو
بە کۆڵی کەسا نەدەدرا
ئەو هەرەس و
تێکشکان و
خەرەندێ بوو
بە کامێرای لێڵی شیعر نەدەبینرا
بە پەنجەی لەرزۆکی وشە ڕانەدەهات
نەدەنووسرا.
ئەو هەردەم پێی دەوتین
خانەخوێکەم
قوتابییەکی گوێدێر بوو
لە قوتابخانەی ئەم دێیە
پەنجا ساڵ رەنج
له مامۆستای ژیان فێر بوو
ئێستا شەوی ئەنگوستەچاوی مێژووە

گوڵەئەستێرەی شەوارە و وەڕەی سەگ و
هەندێ چرای پرتەپرتکەری ماڵان و
ترپەی پێی پێشمەرگە نەبێ
کێ سەر دەنێ بەهەناسەی
ماڵە کلۆمدراوەکانی خەڵکەوە
کێ لە بواری چەمی هەڵچووی خوێن دەگەڕێ
عیشق سەیرە
لەیلایەک لە ئەوینی هەموو
عاشقاندا پەیکەرە
بەقەد لەیلا چاو هەڵکۆڵراوەکانی ئەنفال
بەقەد پەیکەرە تێکشکاوەکانی روحمان
لەیلا و سووتانی لەیلایە
ـ ئەی لەیلای تۆ؟
ـ لەیلاکەی من
گۆرانیی ئەو زیندانییەیە بە تەنیا
خۆی رەشەبا و
خۆی باران و
خۆی ترۆپک و
خۆی خەرەندە
لەیلاکەی من
مێژووی لە خوێن هەڵکێشراوی
فەرسەخ دوای فرسەخ سەراب و زەمەنێکی چەند بەچەندە،
هاوارێکی قەتیسماوی ئەو گەرووانەم
مەرگ سەرشانیان کەوتووە و
کابووس روانینیان لێڵ دەکا

پەنجەم تامەزرۆی لێدانی
ئەو دەرگەیانەیە دەمێکە
چاوەڕوانن غەوارەیەک
هەواڵێکی هێنابێ و
لە ناوەختێکدا لێ بدا
تەق.. تەق
– ئەمە ماڵی کام شەهیدە؟
– ئەمە پرچی بڕاوی کام داپیرەیە
– ئەم تفەنگە ژەنگاوییە
بیرەوەریی کام شۆڕش و ڕاپەڕینە خوێناویەیە؟
مێژووی لەدایکبوونی وڵاتەکەم
لەو ڕۆژەوە دەست پێ دەکا
کە چەقۆمان بۆ سەربڕینی دروست کرد
مێژووی رووباری ئەوینیش
ژمارەی شەپۆلەکانیەتی
من کەناری ئەو رووبار و جۆگە و کارێز و زنەیەم
وەکو خەمی درێژبووی تەمەنم
هەدادانێ
قەتماغەیەک
بوارێ چییە نییەتی.
ئەی ئەو شەهیدەی دوێنێ
لە نەبەردێکدا پێکرای
ئەمڕۆ تفەنگەکەی دەستت
وا لە شانی جوامێرێکدا،
لەو مەنزڵەی تۆ گەیشتیتێ

ئا لەوێوە دەست پێ دەکا یەکەم هەنگاوی سەر رێگەی

*

مانسانا سێ چرکە وانەی حەقیقەت و
سێ چرکە پەردەی تاوانی لە رووی سەرمایە داماڵی،
تەنیا سێ چرکە و هیچی تر.
بەڵام.. چونکە ئازار دوا.. !
لە نێو میلیۆنان چرکەی وندا
مێژوو نەکرا نەینووسێ
ئەو سەدەیەی تاوان تێیدا لووتکە بوو،
سێ چرکە دەنگی مانسانای شۆڕشگێری پێدا هەڵزنا
– ئەی هاوڕێکەم
(با) نامەبەرێکی خێرایە
سەنگەر بە سەنگەر دەگەڕێ
هەموو دەمێ
کۆڵەپشتێی هەواڵی نوێی لە شاندایە
(با) وا دەڵێ ئەی هاوڕێکەم
پشکۆی ژیان بەهەناسەی من هەڵنابێ
کێ خوێن دەدا
کێ رەنج دەدا
ئەو شاعیر و
ئەو مامۆستا و
پێشەوا بێ.
(با) وا دەڵێ ئەی هاوڕێکەم!
من شەماڵی هەڵکردووی ئەوینێکم
حەز دەکەم گوێم لە داستانی ئەو کۆتەرە تەڕانە بێ

بە بەرد و ئەستێی مەرگ دادەگیرسێن
حەز دەکەم گوێم لەو سرووود و شیعرانە بێ
بە خوێنی شاعیر دەنووسرێن
لە توێی پەڕەی زیندەبەچاڵی ڕەنگ زەرددا
لە ڕۆژمێری خوێناویی بەجێماودا
لەنێو بوخچە و
لە ژێر گوێسەبانە و بن بەرددا.
ئەو دیرۆکانە سەیرەکەم
(ئەوین هەڵۆی چاوەکانت
لە پۆلە واشەی دوژمنی ئاسمانی خاکم بەردەدا)
حەوت ساڵی تەخت شوانکارەیی
حەوت ساڵی تەخت کوێرەوەری
ساتێ گینگڵی پرژان و
ساتێ دوژمنی ڕاودەنا
هەرچەند دوو چاوی مێوژیی
لە ئازاردا جارجار مات بوون،
بەڵام ساتێ
هەناسەیەک
چەکی باوەڕی دانەنا.
ئەوە زێنووی سووری قەندیل
ئەوە گمۆ و شارباژێڕ و سولەیمانی
ئەوە نزیکترین ڕووبار
هەورازترین کوێرەکانی.
پوورەهەنگێ هەلاڵەی بیر
لە گوڵی سووری زەحمەتکێش دەدا

به شانەی هەنگوینێ
ئەی ڕەنجی بیر و مەچەکان،
بێ لە نیشتمانەکەی تۆ..
هیچ شک نابەم،
بۆیە خەبات بەختیاری و
شەهیدبوونیش
پێوەندیی گیانم دەشکێنێ.

*

سەرم
لەبەر هاڕەی پشتوێنی زیوینی
ئەم مانگەشەوی زستانە
هاتووەتە جۆش کاتێ تریفەی زێڕینی
بەردەداتە سنگی شەختەی ئەم چیا بالاّ بەرزانە
دەستی لەرزۆکی ئارەزووم هاتووەتە گۆ
ئەی نیشتمان چەند دزێوە
ئەم کلاّوە مەرگچنەی کراوەتە سەری چیا و گرد و قەدپاڵ و لووتکەی تۆ
سبەی دایکانی ڕەشپۆش و کوڕ بە چیاوە پەیکەری،
ڕۆژانی سەخت دێنە لامان
پێیان لە تەونی چنراوی
نێو کێڵگە مینێ هەڵنووتا
چۆن چاوی فرمێسک هەڵبڕین
سبەی نیگای مێرمنداڵی لە سیمی دڕکاوی گیرا
چۆن قەڵەمی پەشیمانی بۆ یاداشتی ئەو هەڵگرین
سبەی ترۆپکێ خۆی کوشت و
گاشەبەردێ خۆی هەڵدێرا

چۆن تفەنگی پەشیمانی سەربەرەو خوار
بە شاندا کەین
چۆن لە دەرگەی سۆزی ماڵە جووتیارێ بدەین
چۆن پێستی عاشق داکەنین
چۆن کەوڵی گورگ، پێستی ڕێوی و دەعبایەکی زراو تۆقیو
بە بەردا کەین
ئەوسا بۆ کوێ سەر هەڵگرین
لە کوێ بمرین
لە کوێ بژین
ئەوسا
ئەوسا
ئەوسا چی بکەین؟!
ئەی دابانی پەنگر لەسەر سنگ کوژاوەم
ئەمشەو بەفر ڕنووی کافرۆش[١] کەلیل دەکا
زریان وەک دەریا هەڵدەچێ
دابان دەبێ بەپارچەیەک شەختە سەهۆڵ
بە دامێنیدا پۆلێ هەڵۆ گوزەر دەکا
ئەی تەمی پرچ و قژ سپی
تۆش بڕوانە
پۆلێ تارماییی جل خاکی
بە پێدزکە
سەردەکەون

(١) ڕنووی بەفری کافرۆش: ڕەنووە بەفرێکی گەورەیە لە دۆڵی مێرگەپانی پاڵ چیای پیرەمەگروون چوار وەرزە پڕە لە بەفر.

تا بگەنە ڕکە و هەوراز
دان بە غەریبیتدا بگرە
بە گژ ئەو کێوەدا نەچی.
گوێ لە بیستن
پێ لە هەنگاو
چاو لە ڕوانین نهێنی بوو
چەم خوڕەی سەرسامیی دەدا
بە گوێی دەشتی حەپەساودا
هەر تارماییی جوانکیلەی پرسیار بوو
دەکەوت بەسەر
تارماییی پیر و کەنەفتی
پرسیاری بەجێماودا
بنار لە لووتکەی دەپرسی
لووتکەی بەرز،
بە نهێنیی ئەم کاروانەی نەدەزانی
سەرسامی تەمی ئەستوور بوو
سێبەر بۆ کێو
گەڵا بۆ چڵ
پیرەمەگروون بۆ دابان و
دابانیش وەک منداڵێکی وێڵ و نامۆ
بەسەر قژی ئاڵۆزکاوی..
داربەڕووەکاندا دەیڕوانی
خۆر منداڵێکی بزێو بوو
بەسەر شەختەی ئەو ئێوارە تۆفانەدا
پێی لە ئاسۆگەی شاخ خزا.

جرجی کڵاوڕەشی گوێ قووت
جرجی سارا و بیابانی وشک هەڵاتوو
لەم کەندڕ و ریزە برینی شاخەدا
بووبون بە پەلی کرمۆڵی درەختێکی ویژدان مردوو
گوێیان لێ بوو چۆن قەدپاڵی فێگرتووی شاخ
هەڕەشەی مردن بە گوێی لووتکەی لەخۆبایی دەدا
چاویان لێ بوو لە بەردەم تەوری رەشەبا
گەڵای مردن نمایشێ بوو ئاسایی.
پاش بەڵێن و نوێکردنەوەی
برایەتیی نێوان جەلاد و قوربانی
چوونەوە نێو برینی پشتی دابان و
چیرۆکی مەرگی ئەمرۆیان سپارد بەمەرگی بەیانی.
مەلێکم پەنجەی سۆزی ئەم دەڤەرە
شاباڵی فرینی هەڵکێشاوم
کۆچ لە بیرکەم
کەچی باڵی فرینم وا بە یەخەی جەنەڕاڵێکی شەرکەرەوە
چۆن دەتوانم چاو لێک بنێم
من دیلێکم تف نێوچەوانم سواخ دەدا و
پێوەند دەکرێتە دەست و پێم
چۆن دەتوانم چاو لێک بنێم
هۆردووی دوژمن
قاچی لە جەستەی نیشتمان
پەنجەی لە پرچی رەوەز و
گوللەی لە روانینی ئینسان
دەکا بەنیشانەی مردن

ئیتر ژیلوان
پیرەمەگروون رەوەز بەرەوەز بانگ دەکا
دەمی هاوار دەکا بەبارانی شەستە و
چاوی سەرنج بەئاگردان
سمکۆڵی وەک ئەسپی یاخی هاوار دەکا
دابان
دابان.
ئەی شەوی دەم و چاو سپی
بەفری پێڵووت بتەکێنە
لە بنارەوە..
دەمێکە پەنجەی عاشقێ
ختووکەی پێی سرم دەدا
بە ئاسمانی ئازاریشمدا
مەلێکی باڵ سپیی خرپن
چاو دادەگرێ
خێرا... خێرا
دەڕوا و دێ
دێ و دەڕوا
چاوم لێیە
کزەبایەکی هەڵکردوو،
قەیرەکچێکی بزێوە
سەری ئەم دار بەگوێی
ئەو دارەوە دەنێ و
بەپێدزکەش
بەرەو ئێرە وا بەڕێوە.

چاوم لێیه..
کزەبا گەیشت
ئەی چاوی خەم لێ نیشتووی شەو
بەفری پێڵووت بتەکێنە
سەیرکە
وا گوڵە ئەستێرەی پێشمەرگە
زریانی مەرگیان بەسەر زریانی (دابان)دا هێنا
سەیرکە وا پێشمەرگەکان
سواری ئەسپێکی بێ زینن
گوێ بگرە وا هۆردووی دوژمن
سەری گلۆڵەی ون بووە و
خەونی حەقیقەت دەبینن.
لە پێشەوەی دەستەیەکدا،
(کەریم ) هەنگاو دەخاتە سەر
ئەو بستۆیەی ساڵانێکە
دوژمن گەرای چەوسانەوەی تێدا دادەنێ
ئا لەوێوە سەیر دەکا،
وا هەر پەنجەی جوامێرانەی پێشمەرگەیە بەدوایەوە
کۆمەڵ.. کۆمەڵ
هۆردووی دوژمن یخ دەدا و
یەک یەک برینی شێرپەنجەی
سنگی دابان هەڵدەکەنێ.
ئاسمان کراسی پرسەی سەدان
مەلی کێوی خەڵووزانی دارستانێ لەبەر دەکا
چیای بەفر هەڵدەقرچێ

مەرگە سەمای کڵوی بەفر
تێکەڵ دووکەڵی پێچ خواردووی
لێرە و لەوێی بن شێخەڵ و
پیرەداری لارێ دەکا
شەڕ سەرەتا و کۆتاییيە
خوێن سێڵاوە.
ناڵەی زامی سەرەمەرگە
نرکەی تفەنگ
هاژەی بایە
هەر شتێ دیمەنێکی دیوی ئەودیوی خۆی تێدایە.
ئەسپی ورەی شۆڕەسوارێ
کۆڕژن دەکا،
(ڤانترۆ)یەک
(سپارتاکۆس)ێ هەڵدەگرێ
شەڕ سەرەتا و کۆتاییيە
مێژووی سەر و یاڵ خوێناوی
هەر ساتێ
(سپارتاکۆس)
(ڤانترۆ)یەکی نوێی دەگلێ
(با) گەردەلوولی باروت و
ژەهرەبای سەر تەوێڵی گاشەبەرد دەسڕێ
شەڕگە هێمن..
لاشەی بێ دەست،
سەری جێماو
قەتماغەی خوێن

تفەنگی قۆناخ شکاوی
خوێن ژەنگگرتووی بێ ناونیشان
خەمن..
چرپەیەکی بێدەنگن
دەچنە کۆڵی کۆڕژنی سیمفۆنیی دابان.
ئێستا دابان ماسییەکە لە تۆڕی راو دەرباز بووە
پاڵەوانێکە بەسەر مەرگدا سەرکەوتووە
هەر بەڕووییەک
هەر بنچکێ هەر شێخەڵێ
شەرواڵێکی خوێناویی شڕ،
پارچە جامانەی شەهیدێ،
دەستەسرێ، یادگارێکی لە ملی لق و چڵ و گەردنی خۆی ئاڵاندووە
ساڵ هات و رۆیی
خەجی ئەوین هەر جوان دەبوو
دەستە دەستە سیامەندیش
خۆی دەکرد بە قوربانی بۆی.

*

چیا نەما پشتی نەگروون
شەقام نەما باڵای مرۆڤی تێدا نەدروون
دەیان داستان،
دەیان مەرگەسات ئێستا گەواهیی ئەو دەمەی مێژوون
پێی رێبوار و کاروانسەرای نێو شەوەزەنگ
چاوی وریا و شارەزای سەر لوولەی تفەنگ
دەستی گۆچانی دێوەرە و
قریوەی شکانی پێوەندی

دەست و قاچی کچانی نێو گوندی دڵتەنگ
هەریەک بەجیا وردتر سەرنجیان دەڕوانی
بۆ سەر ئەو گڵکۆ نوێیانەی
لە هەر شوێنێ پۆلێ هەڵۆی چاو بەفرمێسک
تەرمی پۆلێ هەڵۆی هاوڕێیان دەهانی،
دەم تامەزرۆی تروسکەیەک لە هەواڵ بوو
گوێ عەوداڵی میلی رادیۆی بەر شەپۆلی
پرتەپرتکەر هەندێ جاریش
میلی رادیۆ بابایەکی کەڕولاڵ بوو
لە نێوان چرکەیەک و چرکەیەکدا
لە نێوان تەزووی تنۆکێ باران و جارێکی تر قەترەیەکدا
زمانی رادیۆی کوڕی شاخ گڤەی دەهات
مژدەی نووچدانی دوژمن و
نەبەردێکی تازەتری دەدا بەدڵداری وڵات.

*

هەواڵی نوێی ئەم ئێوارە قژ ژاکاوە
دروێنەی دڕکی دوژمن بوو
پاککردنەوەی (سپیلک)ی[1] بە هەنگاوی دوژمن چڵکن بوو
هەواڵی نوێ مژدەیەک بوو
بەئاسانی دەگەیشتە ناخ
دەگەیشتە گوێ،
ئێستگەی هەواڵدەری کەمێ لەسەر بزەی لێو راوەستا و
جارێکی تر..

---

(١) کۆتاییی بەشی رۆئاوای چیای پیرەمەگروونە.

بوو بە پارچە ئاگرێک و
خزایە نێو پووشووی خەم و وشەی گریاو.
ئیستگە: "چەقۆی هەواڵی سەر سنگم
دڵۆپ
دڵۆپ
خوێنی برینمی لێ دەتکێ
دەنگم هاڕەی شووشەی دڵمە.
دڵم هەرەس دێنێ و دەشکێ
ئەی خاچی سەر بەرۆکی رەش
ئەی گۆریچە ونەکانی بن هەرەسی رکە شاخ و کێوی هەپروون؟
ئەی تارماییی نێو زیندانە تاریکەکان؟
ئەی سێبەری هەنگاوی رێگە پێکراو؟
سەربازی ون؟
گوێ بگرن لێم
ئەمڕۆ سەعاتی تاوانی میقاتنەکراوی داگیرکەر
چزووی ژەهریان نا
بەسنگی داچەکاوی شەدەڵەوە
تریفەی مانگیان کوشت و
خۆرەتاویان کوژاندەوە
ژەهرە بایان کردە چەقۆ
باڵی باران و رەشەبا و مەل و مۆریان دەسکەنە کرد
دوژمن توانی وڵات بکا بەو ئەفسانە خوێناوییانەی
جۆگەلەی خوێن تێدا سەر بکا.
درەخت بمرێ
باڵدار بمرێ

منداڵ مەمکی دایکی بەردا و
مەمکی ژەهرەمەرگ بگرێ
بەڵام هێشتا..
ئەوانەی وا لە پێشی پێشی مەرگەوە.
یەکی هەزاران ئاگر و
دەیان بڵێسەی بڕیاریان
لەنێو ناخدا دەکردەوە
بەسەر کەلاکی دوژمندا
سات نا ساتێ
گڕەوی ئەم یالە و یاڵیان
لە یەکتری دەبردەوە.
دوژمن بەرازی زامدار بوو
دوای گەستنی دەیان لووتکە و رەوەزە شاخ
چوار پەل ماندوو..
شەلاڵی خوێن..
لە ترسیشدا هەر گابەردێ
چڵە گیایەک بەرەوڕوویان
چەند هەنگاوێکی خێرا بوو
سروشت پێڵووی چاوی لێک نا،
بە بناری سپیلکاندا
چەند بەورێکی هەڵبژاردە
پەنجەی لەسەر پەلەپیتکەی
چاوەڕوانی تارماییەک
هێواش.. هێواش
بەپێدزکە

هەنگاو بەدوای هەنگاوی ورددا هەڵدەزنا
ئەوان سەر و پشتیان دابوو
بەگابەردێکی گەورەوە
ئەمانیش تەنیا سێ هەڵۆ
چاویان بڕیبووە سەنگەری
دواین ترۆپکی سەرەوە.
دوژمن سەگی نهێنگر بوو
یەکەم نیگا
ئاسمان و گڕ و
چواردەوریان پشکۆ و پەنگر بوو
یەکەم چرکە
یەکەم دەستڕێژ
هەردوو هاوڕێی خۆشەویستی
کەریمی ئازا پێکران
دوو بازی باڵ شەلاڵی خوێن
بەسەر رکە و دانە بەردا
دەستەویەخە لەگەڵ مردن
دەستەویەخە لەگەڵ دوژمن
شەڕیان کرد تا شەهید کران."
ئێستا (کەریم)
لە نێو دڕکەزیی دوژمندا لە هەوری لووتکە دەڕوانێ
هەندێ جاریش چاو دەگێڕێ
بە شەرواڵی تەپوتۆزاویی کون کوندا
بارووت سەرپۆش و دەستماڵی قەترانیی پرسەی چیایە.
دەستێ لە سنگی رەوەزدا

ئەوی تریان وا لە دەستی مەرگدایە
مەلی شەوارەکەوتووی گیان
لەمبەر.. بۆ ئەوبەر
لەو دار بۆ ئەم دار
لەگەڵ ریژنەی مەرگچندا
سەنگەر بە سەنگەر دەگەڕان.
ژیان ئەوەندە خێرایە ٢٨ساڵی بەجێماو
چەند نیگایەک
چەند چرکەیەکی ئێستایە
وێنەی دایک
وێنەی هاورێ
وێنەی برا
سیمای بەفرینی پیرەباب
فیلمێکی مەرگەساتە.
تیژ تێ دەپەڕێ و تیژ دەڕوا.
لووتکەی هەڵکورماوی سەرشاخ
لە سۆزی (کەریم) دەڕوانێ
هەر هەنسکی دار بەڕووە
هەر هەناسەی پیرەکەوتە
بۆ بینینی ئەم جوامێرە
پێی سام لەسەر (پلە)ی[١] سەختی
نێو قەدی دابان دادەنێ
کچە جۆگەی لۆق درێژی

---

(١) چەند دانە بەردێکە بۆ سەرکەوتن بەسەر چیای داباندا.

نێو دەربەندی بەناخ ڕۆچوو
لە جاران زۆر گورجتر و
نێو دەربەندیش قووڵتر دەبوو
ئەسپی مەرگیش
بە چەپۆکان
کەوتە سڕینەوەی ماری تووڵەڕێی کێوی سپیلکان.
هۆ داربەڕوو
هۆ مەل و مۆری پێدەشت و
ئاسکە کەمەر باریکەکان
لە ترۆپکی بەرزی شاخەوە بڕوانن
وا هەڵۆیەکی پێکراو
خوێن و ئەوینی لـێ دەتکێ
لە دوورەوە
چاوی وەکو چاوی ئێوە
لە پێدەشتی سولەیمانی و
پەیکەری ناخی ناترووکێ
لەوێ کچە شۆڕەبییەک
ناسک وەکو بەرەزای کێو
وەک شەماڵی نیوەڕۆی هاوینان بزێو
تا کەمەربەندی فیشەکدان
بکاتە بەژنێ بووکێنی
گۆمێ ئەوینی لێوانلێو
هۆ ئاسمانی شین و ساماڵ
کوا هەورێکی چڵکن داکا
(با) بەفری مردن بباریێ

بەچۆڕاوگەی شوێن پێیەکدا
لە لووتکەوە هۆردووی کوللە،
هۆردووی دوژمن دێنە خوارێ
دەستڕێژێ.. دووان.. سیان.. دە.. سەدان.
بیرەوەریی نامەی نێوان شار و دێ
پەیمانی مانگی هەنگوینی
تاسەی بینین
دنیای خەیاڵ هێند گەورە بوو
لە چاو ئەم عەشقە مەزنە
دیواری قۆچی گەمارۆ
بستە بالا...
زۆر نزمتر..
هەر هیچ نەبوو.
من بەچاوی خۆم نەمبینی
ئەو رەوەز و جەنگەلانە دەیگێڕنەوە
چۆن رێژنەگوللە دایکرد و
برووسکەی گیانی (کەریم)یش
دڕی بەهەوری مەرگ دا
من بەچاوی خۆم نەمبینی
ئەو بنچک و سەنگەرانە دەیگێڕنەوە
پۆلە قەلەڕەشکەی تاوان
لە بن بەرد و حەشارگەی زۆر قایم خزاو
دوو چاوی زیتیان دادەخست
کاتێ تەنیا چەند فیشەکێکی بەجێماو
رەوە جاش و

سوپای دوژمنی دەنگ دەدا.
شەو خەڵووزانێکی کونبڕە
شەو با هەر جارە لەلایەک
گیانی پشکۆیەک هەڵدەکا
لە خەڵووزانی سپیلکان
پشکۆی دەست و پەنجەی (کەریم)
لە چەند لاوە سەر دەردێنێ
ئەمشەو دوژمن
تاکو لایەک کونبڕ دەکا
دەستڕێژێ.. دووان.. سیان.. دە..
دەیان..
پیرەبەرەوو چڵە نیگای چەمانەوە بۆ بێژنگی سینە و قەدی
سەرنجی دا
لە دوا گەڵای شەهیدی خۆی
رەوەز بەقەد رۆژانی عومری پێ کرا
شریخەیەک
سیان
دە
دەیان
لە کەندرێ
چرای مەرگێ دەکوژایەوە
لە کەنارێ
چرای ژیانێ هەڵدەکرا
شەو درەنگان
دەستی قەتماغە لێ نیشتووی

گێڕا بە نێو
گیرفانی کون
سەنگەری چۆڵ
ریزە فیشەکدانی خاڵی
سەرنجی دا لە مەتارەی وشکهەڵاتوو
هەورازی کوور
لووتکەی بەئاسماندا هەڵچوو
گابەرد پشتی بۆ نەوی کرد
درەخت چڵی دایە دەستی
ئەم پڵنگە چنگ خوێناوییە
کون بەدوای کونی سپیلکان
بەشوێن رەوەی جرجی دوژمندا رای دەکرد
من بەچاوی خۆم نەمبینی
خوێنی سەر ئەو گابەردانە دەیگێڕنەوە
(کەریم) سنگی
لە ئاودامانی لووتکەوە
دابووە بەر تریفەی مانگی نێو رەوەز
لە دوورەوە
تارماییی چەند جەندرمەیەک
شپرزەی نێو هەڵاتن و قیژە و هاوار و دەنگەدەنگ
سەری تۆقیویان هەڵبڕی، کە بینییان مەرگ سەرشانیان کەوتووە
دەستیان دایە نارنجۆک و
(کەریم)یان دایە بەر تفەنگ
زۆر ئەستێرەی کز داگیرساو
عومری چەند چرکە و ساتێ بوو

له روانینی نیگایەکدا
گەردوون بوو بەگەردیلەیەک
لەسەر شانی ئاواتێ بوو
پێکانی بوون بە دوو تاشەبەردی مەلاس
پەنجەکانی بەکۆڵەوژ
جۆگەلەیەک بەفراوی خوێن
چۆڕاوگەی بەست
چەند مستە زیخێکی لێوار
لەگەڵ لاشەی پێکراودا
هەڵدێرا بۆ
رەوەزی
هەزار بەهەزار.
رەوەز گریا،
پیرە بەڕوو دەستی چڵی قرچەڵۆکی
خستە سەر چاوی روانینی
تا بەچاوی خۆی نەیبینێ
مەرگی هەڵۆ و
هەتا بڵێی
کوڕی لە دڵدا شیرینی
(پۆلە داڵی پەرتی ئاسمان باڵی هەڵمەتیان هێور بوو.
نیگای برسی و چاوی پەلاماریان تۆقان.)
شەو درەنگە..
خەو ناچێتە چاوی گوند و
منداڵانی خەو زڕاو و
مەلی هەڵکوڕماوی لاڕێ
پیرێژنی لە بەردەرگە هەڵترووشکاو

پیرەمێردی کەڵەپشکۆ بەناخ چزاو
لە پەنجەرە و دەرگەی هەموو ماڵێکەوە
چاوەڕوانی دڵیان دەخوا و
چاو دەبڕنە سێبەری گوێسەبانەی دێ
کەڵەشێری نیوەشەو نووست
دەریای هەڵچووی تەقە وەستا
تاکە تاکە بریسکەی دوور
سپیلکانی رەش داگەڕاو
دەهێنێتە قەراخی جۆگەی بندەستا
گوێم لە قریشکەی هەرەسی کێوی دابانە
چاوم لە پەنجەی بەڕووە
وا خەریکی قژڕنینی گەڵای پرچی
یەکە یەکە بەڵاڵووک و دارەبەنی سپیلکانە،
چاوی لێیە..
کانیلەی لاڕێ بەقوڵپەقوڵپ و بە هەنسک
دەم دەنێتە دەم هەمووان..
بروسکەی ماندوو جەستەکان
تێر ئاو دەکا و،
بۆ ئەو پشکۆ دامرکاوەش
دەداتەوە قوڵپی گریان
لە دوورەوە.. تارماییەک
هێواش هێواش دەگاتە دێ.
لەبەر چرای دەستی لەرزیوی مزگەوتدا
لاشەیەکی سارد وەک بەفر،
سەری شەکەت،

باڵی خوێناوی دادەگرێ.
ئەو شەوە چی کۆترەشینکە و
زەڕنەقووتەی هێلانەیە
ناخەوێ و ئێشک دەگرێ.
کچانی ساڵانی ساڵ دیل
دڵیان چۆلەکەی نێو مشتە
یەکی هەزاران هەناسە و
دەیان شێخ و مشایەخی
ئەم دێ و ئەو دێیان لە پشتە
ئەم هاودەم و هاوئازاری
منداڵان و هەرزەکارانی دێرین بوو.
ئەم مەرگە بۆ هەموو کەسێ
وەکو یەک کۆست و برین بوو.
ئیتر لەو ڕۆژەوە نێو دێ
هەموو ئێوارانێ لەگەڵ
چرا کزەکەی خۆیاندا
بیرەوەریی چرای کەریمیش هەڵدەکەن،
تاکو دەشنوون ئەمیش لەگەڵیان دەسووتێ
سپیلکانیش لە پرسەدا هەموو ساڵێ
پارچە هەورێ دەنێرێتە
سەر دابان و پیری(١) هەلاج (٢)
ئەو ڕۆژە هیچ گاشەبەردێ

(١) مەبەست لە پیرەمەگروونە بەزمانی خەڵکی ناوچەکە.
(٢) چیایەکە لە ڕۆئاوای چیای دابانە.

هیچ باڵدار و داربەڕوویەک
لەگەڵ (با)دا سروود نەبێ
کەس هیچ ناڵێ،
هاوڕێم من بڕوا ناکەم مێژوونووس
قەڵەم پڕ نەکا لە خوێنی ئاڵی ئەم شەهیدییە
مادام تۆ گوڵی وەریوی گیانی زەحمەتکێشێک و
مێژووش زۆرانی چینایەتییە،
ئەوان دەیانویست
کوردستان مەلی مۆمیاکراو بێ
لە گۆڕەپانی هەر شەقامێکدا
بن هەر شێخەڵێ
تاپۆی پەیکەری ڕەنجی دۆڕاو بێ
وڵاتەکەم ئەو بازووەیە
لە هەر کوێیەک ڕەنج بکێشم
دەست دەخاتە سەر سنووری نیشتمانم
من لێرەدا
لە نێوانی ملێونان مێرووڵەی ژێر
پۆستاڵی فاشیی سەردەمدا
بازووم دەکرێ بە بارووتی ڕەش و دەدرێ
بەپارچە پارچەی جەستەمدا.
چۆن یادگاریی هەنگوینی
ئەو ڕۆژانەم لە یا ددەچێ
سیمات لەگەڵ عومری من و
ناوت لەگەڵ باڵای بەرزی پیرەداری بەر مزگەوت و
خانەقای دێدا هەڵدەکشێ

بیرت دەکەم
گوێم لە قرچەی تێکشکانی
ئەژنۆی خۆمە
چاوم لە کورتبوونی
چرکە و رۆژ و ساڵە
هەست بە کڵو داباریني
تاڵ تاڵە قژی خۆم دەکەم
دەنگم لە دەنگی تۆ دەکا
ئای چەند شەیدا و
چەندم حەز لە دەنگی خۆمە،
تۆ پێچەوانەی مەرگی،
تا رۆژگار کفنە کێویلییەکەت زەردتر بکا
رێژنەی فرمێسک خێراتر و
توندتر گەرداوی خەم و ژان
بۆ کەشتیی گیانم هەڵدەکا،
کە بیر لە تۆ دەکەمەوە
ژیان هێندە مەزن دەبێ
ناوی دەیان شار و پایەتەخت و رووبار و نیشتمانم لە بیر دەچێ.
کە بیر لە تۆ دەکەمەوە،
هەنگاوم رێگە دەرناکا
چاوم ڕووناکی نابینێ
هێندە ژیان بچووک دەبێ
من وام دەوێ..
دەست لە نزا و
هەڵکەندنی گۆڕ هەڵگرم

نێرگز ئاسا وەک تۆ بژێم،
ئاسمان ئاساش وەک تۆ بمرم
ئەی نیشتمان..
هەر بستێکت بۆنی خوێنی
رژاوی کەریمی لێ دێ
ئەی نیشتمان..
ئەوانەی هەوری جەستەیان
لە ئەوینتدا کردە شەونم،
تەنیا ئەوان خۆشیان دەوێی
نیشتمانەکەم مەدالیای
نەخشەیەکی زۆر بچووکە
بەگەردنی ژێر پەتی زۆر
سەرەمەرگدا هەڵواسرا.
لە گیرفانی هەردەم خاڵی زۆر کەسدا
بەقەتماغەی خوێن سۆراخ درا.
نیشتمانەکەم مەدالیای
گەردنی زۆر سپیی زیوین
زۆر ملی کەچ
لە چوارچێوەی
ئاڵتوونیی زۆر کۆشکی بەرزدا
نرخ لەسەر
هەر کانییەک
هەر درەختێ
هەر بستە خاکێ دادەنرا
ئەی نیشتمانە ماندووەکەم،

(ئەوانەی کوڕی ترۆپکیان کوشتین و
جەرگی دارستانیان سووتان
ئەوانەی کانی و رووباریان وشک کرد
مرۆڤیان کوشت
مەزرا و گوند و شاریان خنکان
ئێستە ئەوان
بەدەست چەپڵە و
بە دەم شیعر و
بە سۆز گۆرانیت بۆ دەڵێن
ئێستە ئەوان)
هاوڕێم کوژرای
وەک کوژرانی کارمامزێ
بە تفەنگی ڕاوچییەکی ویژدان مردوو
هاوڕێم دوای تۆ
ئەو گوندەی تۆ خۆشت دەویست
ئەو شارەی تۆ لات پیرۆز بوو
ئەو جووتیارەی ساڵ دوازدە مانگ
هەناوی کڵپەی نەورۆز بوو
ئەو دایکانەی زنەی چاویان وشکی نەکرد
ئەو منداڵانەی بەدەستێ ئازارێکی گەورەتریان
لە دەستەکەی تر وەردەگرت
ئەو پیاوانەی دوای تۆ هاوڕێم بەجێت هێشتن
ئاخ با نەیڵێم،
هاوڕێم نەیڵێم
بەو قەڵەمەی لە خوێنی ئێوە پڕ کران

چ ئازارێکیان پێ چێشتین
من شەوم بۆیە خۆش دەوێ
چونکە شەوان،
تۆ ئێشکچی و بەخەبەر بووی
من ڕۆژم بۆیە خۆش دەوێ
تۆ کازیوە و زەردەپەڕ بووی
بێدەنگیم بۆیە خۆش دەوێ
تۆ ئازارێکی بێدەنگ بووی
قریشکەم بۆیە خۆش دەوێ
تۆ گەرمترین ئاهەنگ بووی
دوای تۆ هاوڕێ
هیوام هەر بە ژیان نەبڕی.
چونکە تۆی تێیدا .. نەمری
تۆ درەختێکی چەند ساڵە
باڵا کورت و گەڵێ ورد بووی،
لە زامی دڵی من ڕوای
توانییان نوقمی باروت بێ
ژین خەزان و هەڵپرووکاو،
ڕووت و قووت بی.
سەرت بڕن
گڕ ڕێژت کەن
پەلوپۆکانت دابێنن
بەڵام هەرگیز نەیانتوانی
لە ڕەگەوە..
لەنێو دڵم دەرتبێنن.

بیرت دەکەم..
وەک چۆن باوکم بیری گەنجێتیی خۆی دەکا
وەک چۆن گوندە سووتاوەکەم،
وەک چۆن عومرە جێماوەکەم
بیرم دەکا.

*

ساڵ درەنگە
پایز گەڵای ڕۆژانی عومری هەڵوەری
شاخ گوێ دەگرێ
لە ئیقاعی مەرگی (کەریم).
چاوم لێیە..
گەڵای لەسەر لووتکە خزیو
دەوەرێت و هۆن هۆن دەگری
پۆلێ پەپوولە پایزە
دەوەرێنە سەر لاشەی و
خەڵتانی خوێنی سوور دەبن
چاوم لێیە..
هەوری سەر دوند و لووتکەکان
لە پرسەیدا دێن و دەچن
تاوێکی تر..
پاش چەند فرسەخێ دەڕوا
مەرگی (کەریم) و هەزاران
پەپوولە پایزە
یەک دەخا.
ئەی بای بزێ

هەڵکەرە سەر ئەو بنار و جەنگەڵانە
با چی دارمازوو بەڕووە
چی بنچک و شیناییيە
مل کەچ بکەن
بۆ ئەو مارشەی
ئا لێرەدا کۆتاییيە
ئەی بای بزێو
باڵی هەڵۆیەک پێ کرا
فرمێسکی چەمێ وشکی کرد
پەپوولەیەک گیانی سپارد
ئەسپێ گلا
لقی شۆڕی پیرە دارێ کەوتە زەوی
پێ هەڵگرە ئەی بای بزێو
هەڵکەرە سەر دەربەند و شاخ
دەربەندی کێو.
سنگی چیاکانی تەرزە و
سنگی (کەریم) کانی خوێنە
بۆ ئاڵترین گوڵی کێوی
بۆ گەشترین ئەستێرەی دوور
(کەریم) چۆغە خوێناوییەکەت
بترازێنە
ئەوان خاوەنی سەدان تەلاری بەرز و رازاوەترین ئاهەنگن
ئێمەش سەدان گۆڕیچکەی ون
ئەوان خاوەنی هەزاران
وشەی مردووی ڕەنگاوڕەنگن

ئێمەش وڵاتێکی بێروون.

*

شاعیرێکی چیانشین وای گوتبوو
لەبەر دادگەی مێژوودا
بەرپرسیارن
لەو جۆگەلە خوێنینانەی
سەرچاوەیان
لە مەیدانی شەڕەوە دێ.
بەرپرسیارن
لە مەرگی خاک
لە خۆڵەمێشی هەناسە
تەنانەت لەو بووکەشووشەی
لە شەڕێکدا، رێککەوت بە فیشەکێ دەشکێ.
گوێم لێ بگرە
من لاوانەوەی شەوانەی
دایکمت بۆ دەگێڕمەوە
ئەو وا دەڵێ:
لەسەر هەر بستە خاک و
سەر درەخت و
گاشەبەردێ
دەتخوێنمەوە
دەنگت تێکەڵ
با و بۆران و هەڵکورمان و بێدەنگییە.
ئەو وا دەڵێ:
چاوێکم تۆی پێ دەبینم

چاوەکەی تر ئەو دەریایەی
ناوی تۆی تێدا کەشتییە.
– تەمەن پەتێکی قرچۆکە
بەرگەی کاروانی ڕێ ناگرێ
پیری کەنەفتی ڕۆژگاریش
لە دوامەوە هەنگاوەکانم هەڵدەگرێ
پێ هەڵدەگرم
(با) دڕکەزی دێنێتە ڕێم
سێبەرەکەم دوام ناکەوێ
لە دوامەوە
هۆردووی دوژمن
شوێن ترپەی دڵی سست و
تفەنگی سەر بەرەوخوار و
پێی لەرزۆک و
دەست و پەنجەی تەزیومدا دێ.
چۆن گابەردێ بەجێ دێڵم
پێش من سەنگەری شەهید بێ
چۆن ڕەوەزێ بەجێ دێڵم
لووتکە و لاپاڵی هەپروون بێ
چۆن کۆت نانێمە دەست و پێم
شوێنپێکانم شوورەی دڕکاویی دوژمن بێ
دەستم بگرن
جارێکی تر لە مەرگی خۆم یاخی دەبم
لە گۆڕەکەم دێمە دەرێ
هەر هیچ نەبێ

ببم بە تارماییی بەردێ، دارێ، بنچکێ، دەوەنێ
بۆ شەوانی پڕ لە سامی داگیرکەرێ.
شەوانە شاخ وەک من ماتە
(با) لاوکی مەرگەساتی ئەودیو چیا
دەدا بە ژێی بەلالوکی بەر دەربەندا
بەفری رنو هەرەس دێنێ،
مەلی تەریو خۆی دەکا بە ژێر شێخەڵ و بن دەوەندا
شەوە ئەگەر
خەو پێلووی چاوم لێک بنێ،
خەو بە بەفر و
مەلی تەریو
سروودی باوە دەبینم
ئەی دوژمن تۆش..
خەو بەزینۆ و بستۆیەک و
پێیەکی تر بخەیتە سەر
چەند بستە خاکی برینم
دەستم بگرن
لە مەرگی خۆم یاخی دەبم
لە گۆڕەکەم دێمە دەرێ
رەنگم زەردە
لێوم هێشتا چۆڕاوگەی خوێنی لێ دەتکێ
برووسکەیەک دەیدا لە سنگی چیایەک
خەمێ دەیدا لە دەرگەی ماڵی هەژارێ
من لێرەوە گاشەبەردی دڵم دەشکێ
ولاتەکەم بە پەرگاڵ و هەنگاو و فرسەخ ناپێورێ

له پشت هەر کێوێکەوە،
کێوێکی تر سەخت هەیە.
له پشت هەر چەمێکەوە،
چەمێکی تر فرمێسک هەیە
له پشت هەر گۆڕستانێکەوە
سەدان گۆڕیچکەی ون هەیە
له ژێر خاشاکی جێماوی شوێن چەپۆکانی زریاندا
سەدان ورده ماسی و سەدان کانی و سەرچاوەی ڕوون هەیە

*

سبەی ساڵێ زەمەن دەڕوا
سەدەیەک دنیا پیر دەبێ
چاخی سەهۆڵ دەتوێتەوە
نه دایکم ئێخەی خۆی دەدڕێ
نه کانی چاوی کوێر دەکا
نه خۆر تیشکه قژی دەڕنێ
بابەنوئێل
له جەژنی سەری ساڵماندا
ئێمه شین بۆ ساڵی ون و
ساڵێ ڕەنجی دزراو دەکەین
پرسەی ساڵێ مەرگی بەسوێی
یەکتر دەکەین
ئەمساڵ کام دێمان خاپوور بوو؟
کام شەقاممان سڕایەوە؟
کام پەیکەرمان تێک شکێنرا؟
سەری چەند گۆڕمان نایەوە؟

بابەنوئێل
لە جیاتیی خاچی هەر ساڵێ
لەسەر خاکی ئەم ئازارە
هەر چرکە و
هەر رۆژێ
یەکێ خاچی خۆی دادەکوتێ و
چەمی خوێنی خۆی دەرێژێ
پشکۆیەکم
دوای بوون بە خۆڵەمێشیشم
هێشتا هەناسەم گڕەیە
مرۆڤ بەهرەی بیرچوونەوەی لە ناخدایە
من لە ئاستی مەرگی تۆدا
خۆم دەزانم چەند بێبەشم
لە ئاسۆگەی ئەو بەهرەیە.
لە ئازارم
برینێ هەیە
لە گیانیشم
ئەوینی تۆ
لە نیگام تارمایییەک
لە هەناسەشم بۆسۆ.
ئەی مێژوونووسی شارەزا،
گوێ بگرە لێم
من شیعر بۆ مەرگی خۆم و
گیانی زیندووی (کەریم) دەڵێم.
ئێوەش گەڵا زەردەکانی درەختی

پەل و پۆ شۆڕی خاکی هەنگاو لێ بڕاوم.
گوێ بگرن لێم
ئەو تفەنگەی لە شانی (کەریم) ترازا
وا لە شانی شیعرەکانمدا
هەتا دوا هەناسەی وشەم
من بەو تفەنگە دەجەنگێم
وەک چۆن دەست و پەنجەی هونەرمەندانەی ئەو
ژیانی کرد بە بەری پەیکەری شیعرێکی جواندا
هەر بەو پەنجە خوێناوییانەش
جوانترین تابلۆی خۆی کێشا و
تاجە گوڵینەی خوێناویی
لەسەر گۆڕی گومناویی ئێستای خۆی دانا.

## ئەو ساتانەی نامانەوێ بڵێین بەڵێ

من دوو منداڵ.. دوو جۆگەی روانین لە ئۆقیانووسی تەماشا و دوو قەترە شەونم لەسەر گیای بەیانییانی چاوەڕوانی و دوو خەیاڵ لە باڵی فڕین و دوو ڕەنگ لە پەلکەزێڕینە پێشکێش بەو قەڵەمە دەکەم، کە سبەی دارستانی سەوزی ئەم کۆچە دەکا بە تابلۆ.

ئێمە لە شەڕە گەورەکانی نێو مێژوودا هەردەم قوربانی بووین، ئەو شەڕانەی بە رووبار فرمێسک و بە دەریاچە خوێن و بەبارتەقای کێوی ئاسنگەران ئەشکەنجەمان تێدا تۆمار کرد، ئیدی ناکرێ لە بەردەم پەیکەرە وەهمییەکاندا هێندە سەرسام بین و لە ئاستی ئەو هەموو هەرەس و تێکشکانانەدا گوێڕایەڵ بین. ئەم ئەفسوونی ئازادییە لە یەکەم نیگای سەرنج و یەکەم چرکەی هەستکردن و یەکەم تەزووی ئەندێشەوە دەست پێ دەکا.

بۆ ئەوەی پێکرا هەر هەمـوو بەرەنگاری درۆینەی خەونە جوانەکانمان بین، لەگەڵ تۆدا، کە داهاتووت وەک هەڵەمووت لەنێو تەمدا ڕاکشاوە دەبێ، چی بکەین. ئەو ساتانەی نامانەوێ بڵێین بەڵێ.

دەنگ هەڵدەبڕم
ئەم تاریکاییە چەند سەختە
چاوی روانینم لێل دەکا

لێت دەڕوانم
لە قریشکەی تفەنگ و هاژەی بیستندا بتبینم
گەرچی وەرزی بارینی بەفری غوربەتە و
سەری چیا بەتەمی دووریت تەنراوە
ئەو چیایەی هێمایە بۆ ئەوینمان و
چارەنووسمان لە قەدپاڵی سەوزی هەزار بەهەزار و
تاریکستانیی نهێنیی ئەشکەوتەکانیدا نووسراوە
رەنگی خەممان وەک ئەوسا سەوز،
بۆنی خوێن و ژەنگی تفەنگی لێ نایەت
دەنگی هانامان لە زەنگی
کڕنوشبردنمان دەرنایەت.
ئێستا خەممان
سەوز وەک پەلوپۆی دارهەناری گوڵگرتووە
هانامان شیعری درێژی خەیاڵی باڵگرتووە
تۆش بەپەنجەی پێکەنین و مەرەکەبی زەردەخەنە
نامەیەکت بۆ نووسیبووم
رێک باڵا بەرز، وەکو خۆت
بێگەرد وەک ئەو بەفرەی
یاری لەگەڵ تریفەی مانگەشەوی زستاندا دەکا.
وات نووسیوە، گوایە، کە من گەشبینانە
دەچمە کۆڵی مەرگەوە
ئەی دەلاقەی ئەو زیندانەی
بەتاوانی ئەوین تێیدا لەسێدارە دەدرێم
گوێ بگرە لێم
من لەسەر سنگی گورزە تیشکێ لێت دەڕوانم

گۆی زەوی وا لەنێو لەپی دەستمدا
تۆش مندالانە بەسەر کیشوەرەکاندا باز دەدەی،
وەک جوانوویەکی کۆچەری،
لەو دەمار بۆ ئەو دەماری دڵی من
لەم ئەستێرە بۆ ئەو ئەستێرە
لەم رووبار بۆ ئەو رووبار و
لەم کەژ بۆ ئەو کەژ باڵ دەگری،
نێوان من و خەیاڵی تۆ
دوو کیشوەری پڕ ئەفسانە و
سەدان رەهێڵەی مردنە
کەچی چڵی غەمگینی من
لە باخچەی ئەو تەنیاییەت
وا خەریکی گوڵگرتنە
من (با)م راهێنا بۆنی تۆ لە گۆیژەوە رابماڵێ
سلێمانی هەموو وەک من بۆنی تەنیایی تۆ بکەن
سیحرێکی چەند ئەستەمە
یاسای سروشت هەڵگێڕمەوە
تاڵێ لە مووی چارەنووسم هەڵکرووزێ
دێوی عەقڵ لە خوێنی خۆیدا بگەوزێ
لەبەرئەوەی ساتێ زووتر پێت بگەم.
زەمانی کوڕە ئازاکە و کچی دەریا بەسەر چووە
تا سواری ئەسپەشێ بم
شمشێرەکەم هەڵکێشم
سەری سەدان دێوی گەورە
ئەژدەهای مردن سەربڕم

ئێستا زەمەن بە ڕەشەبا و
ژەنگی دەروون تەنراوە
ئامێرەکان بەپێکەنینی گومڕایی و بەفرمێسکی تیمساحییانە
لەم دراما چاو بەیاقووتە دەڕوانن
ئاخۆ نێوان عەشق و مردن
کەی دەبێ بەکۆشکێ لەنێو هەوردا ون و
کارگەیەکی ئەتۆمیی نوێ
لەسەر شووشەی ژەهری ڕوانین
لەسەر گوللە و خومپارەکان
کێ یەکەم ناوی ئەوینی زیندووی ئێمە هەڵدەکەنێ.
تاوانیان کرد، وەک تاوانی لێزمەی تەرزە
لە پرچی نوستووی درەنگانی پەڵە گەنمێ.
تاوانیان کرد، وەک تاوانی
ئەو کۆشکانەی بەر لە گورزە تیشکێ دەگرن
کاتێ درەختێ دەیەوێ
بەعەشقەوە بۆ چاوی خۆر پێ بکەنێ.
تاوانیان کرد
تاوان
تاوان
من لە سیما هەتاوییەکەت
تۆیان لە من هەڵاوێرد کرد.
من لەوێش بۆیە بە غوربەت نامۆتر بووم
دەمزانی ئەو یارییە کە دەترسام ڕۆژێ لە ڕۆژان،
بەدمەستانە، پاکیزەییم بدۆڕێنم
هەرگیز بۆیە چاوم بەرایی نەدەهات،

ڕۆژە لێڵەکانی غوربەت ببینم
خەریک بوو هێندە پیر بم
منداڵیی خۆمم بیر چێتەوە.
من بۆیە هەر باسی نیشتمانم دەکرد
چونکە بەفری غوربەت هێندە باریبوو دەترسام
شوێنپێی هەموو بیرەوەریم بسڕێتەوە.
لە نێوان غوربەت و نیشتماندا چیم بەسەر هات
ئەو دەمانە من خەمێ بووم
دوور لە بۆنی مەرەکەبی ئەو پەنجانەی
مانگ لەو سەر کەناری خەیاڵی ئەوانەوە دەبوو،
خۆر لە ئاسۆی چاوی ئەواندا
هەڵدەهات.

*

لەوێ.. لەنێو شەوە ئەنگوستەچاوەکانی ئەزمڕ و
رەوەزە پڕ سیحرەکانی ئاسنگەران
گوێم لە هاژەی دەرگە داخراوەکانی
شەوارەکانی گوند دەگرت
کاتێ بارەش
پەنجەرەی گشت گوێ قوڵاغەکانی (یاخسەمەر)ی
دەخستە سەر گازەرای پشت
دەنگێ لە هەور تووڕەتر و لە برووسکە بەپەلەتر
شەوانی دێ دەکاتە شەڕی ئەفسانە
تەمی ترسێ وەک بەیانییانی (تانجەڕۆ)
بەسەر دڵی (یاخسەمەر)دا تێپەڕ دەبێ
لەو کاتەدا دڵم دەڵێ

ئاخۆ ئێستا دەیەوێ سواری کام شاخ بێ و
ئەسپی خەیاڵی ئەم دڵە
چۆن ئەوینی لە کۆڵ دەنێ و عەشقی فڕین
لەنێو دڵیدا هەڵدەگەڕێ
لێرە.. لەگەڵ شەپۆلە تووڕە و
رەنگ پەڕیوەکانی (راین)دا
شەپۆل دەدەم
تا دەگەمە
نزیک بالآ بەرزەکەی (دۆم)
چاوی هاڤیبوون هەڵدەبڕم
دیسان لە دەرگەی هەرە بەرزی روانینەوە
خۆم دەکەم بە لێرەوار و لووتکەی لەنێو تەمدا نوستوو
تارمایییەک بانگم دەکا.
لەسەر پەنجەی شایەتمانی مریەم
خێوێ بەزمانی غەریبی لێم دەپرسێ و
کابووسێکی ئاوەڵاوی دەمی وەڵام دادەخا
تا دەستی خۆم، تا چاوی خۆم، تا گوێچکەی خۆم گوێم لێ نەگرێ
پاسارییەک بەسەر سێبەری
خوار و خێچی هەنگاومدا
هەڵدەفڕێت و دەنووک دەدا لە بیری پەرش و بڵاوم
منیش بەزمانی بیانی و بەزمانی پیرێژنەکەی دایکم
خەریکی کردنەوەی پەتی دەم ڕەشەبای خەیاڵێکی ئاڵۆزکاوم
لەملاشەوە، لەنێو تیشکە زێڕینەکانی جوانیدا
هەزاران قریشکەی چاو بەفرمێسک
بۆ پەنجەی ئەو هونەرمەندەی

شازدە سەدە تێکەڵ دەکا و کەس نایناسێ
هەریەکە لەسەر چڵی خۆی
لەسەر لێوی بەخشینەوە
گوڵێکی ئافەرین دەگرێ.
من خەیاڵی دەرگە سیحرییەکانی (یاخسەمەر)
دەمکا بەنێو قوبە پڕ لە نهێنییەکانی نێو (دۆم)دا
ئیتر بای هەردەم زیندووی دۆم
کڵاوی قووچی غەریبیم هەڵدەگرێ و
لەگەڵ خۆیدا بۆ کۆڵانی دووری تەنیایی تۆم دەبا.
شەقامی (برۆکسل)ی مات
سێ ژمارەی ژەنگاویی ناوە بەقەدی
بەدیوارێکی سەر سپییەوە
تۆ، کە چاوی نامۆیی خۆت دەکەیتەوە
سەد و شەست و نۆ جار دەڵێی غەریبی چەند ناشیرینە
ئەڵێی ژەنگی پێکەنینی ئاوێنەی دەست پیرێژنێکە،
کە کاتێ لەبەر بادا بەگەنجی قژ دادەهێنێ و
لەبەر تیشکی ئاوێنەدا
بەقەڵەمی رەنگ پەمەیی جێ ماچەکان سارێژ دەکا.
دیسانەوەی جارێکی تر ئەفسانەکانی (یاخسەمەر)
تێکەڵ بە سیحری نێو دۆم و هەریەک بە جیا
بەرەو قاتی پێنجی هەمان،
کۆشکی دنیای درێوی غەریبی
لۆژ لۆژ
نهۆم نهۆم سەرم دەخا.
ئەرێ کاکە

تۆ مێزەرە سپییەکەی پیرەمەگروون و
گوڵە مێخەکەکانی دەربەند و
سوورە چنارەکانی شارباژێڕ
لە تابلۆی ئەم هونەرمەندە مەغروورەی
رۆئاوادا دەناسییەوە
تەنیا جارێ
تۆ وەڵامی هانای پیرێژنەکانی ئەنفال و
قریشکە سڕەکانی (بادینان)
لە کەڕنەڤاڵی غروور و خۆرنشینی هەندەراندا
دەناسییەوە؟
ئەگەر وەڵام بکەی بەدیاریی پرسیارێ،
لەم تۆز و گەردی غوربەتە
تۆ لە کەشتیی سەر بەسەمای ئێوارانی (راین)دا
جارێکی تر لە نێوان لێزمەی قوربانی و
رێژنەی سەما و رێژنەی ماچدا
لەم نیشتمانی مردنە
بیر لە نوقڵی بیرەوەریی نێو گیرفانی
هەلاهەلا و کونی تەمەن دەکەیتەوە؟
تۆ بەچاوی شەونماوی
بزەی تاڵی لێوانتەوە
دیارە ناتەوێ گوێ بگری
ئیتر چاو لە تابلۆی رێبواری دوودڵیی
دووریانی چارەنووسی خۆت هەڵدەگری.
من دەزانم دەستەکانم پڕن لە گەنمی برسێتی
کەچی چاوی هاوڕێکانم لە هەژاریدا هەڵنایەن

من دەزانم چاوەکانم پڕن لە هیوای سبەینێ
کەچی دەستی هاوڕێکانم
لە سەهۆڵی ترسی سبەینێ دەرنایەن
تۆ جارێ لە قوتابییە ڕەشپێستەکانی قوتابخانەکەت نەپرسی
چی دەزانن لەبارەی ئەو رووبارە خوێنەی هەزاران
کەشتیی بازرگانیی پێدا دەڕوا؟
چی دەزانن لەبارەی ئەو نیشتمانەی
لەسەر نەخشەی جوگرافیا ئۆقیانووسێکی سەرابە
چی دەزانن لەبارەی ئەو مرۆڤانەی
هەریەکە وێنەی خۆیان بۆ پۆستەری
شەهیدبوونیان لە باخەڵدا هەڵگرتووە.
تۆ ناپرسی و ئەوانیش،
کە لە سیمای گەنم ڕەنگی تۆ دەڕوانن
هەریەک بەجیا داستانێ لە ئازارت لەبەر دەکا و
هەمووش پێکڕا پەڕە پەڕە مێژووە هەلاهەلاکەت دەزانن

*

دەمم بۆنی نوقڵی پێکەنینەکەت دەگرێ،
کە ژەهری شەڕ لەسەر لێوانت تاڵی کرد
ئەو رۆژانە چەند تەماوی بوون،
کە بالآت لە نیوەڕۆی هاوینێکدا لە ترساندا دەشاردەوە
نەوەک پیاوێکی دیکتاتۆر
لە برژانگی چاوەکانت پەتی قەنارە بچنێ
جەرگم.. ئەوسا مەرگ وەک پشیلەی دەستەمۆ
خۆی لە پەنجەرە و دیواری ماڵمان هەڵدەسوو
مەرگ وەک ماسیی نێو حەوزی شووشەکەمان

دەهات.. دەچوو
بەڵام رۆژێ ئەستێرەکان ئاسمانی شینیان جێ نەهێشت
رۆژێ گورزە تیشکێکی خۆر پەنجەرەیماڵەکەمانیان جێ نەهێشت
پۆلە مەلێ ئاسمانیان بەنەفرەت نەکرد
پەلەوەرێ زمانی خۆی نەگۆڕی و
بەڕوویەک کڵاو و جامانەی نەدایە دەم بای هەڵوەرین
شەهیدێ لە گۆڕ هەڵنەهات و
شاخێ لووتکەی خۆی دانەگرت.
کەچی ئێمە نیشتمانمان بەجێ هێشت و
ئاوڕیشمان نەدایەوە.
ئەم تاوانە چارەنووسێ بوو
بەپەنجەی دەستی راست و چەپی خۆمان نووسرا و
بەخوێنمان نەخشەمان کێشا و
پرسیارێ بوو مێژوو رێبوارانە کردی و
ئێمەش هەر وا بەسەرپێیی وەڵامیمان دایەوە..

*

لە سێبەری دارکاجێکا دانیشتووین
تۆ بەچاوی هەرزەکاری و من بەچاوی سەرنجەوە
بست بەبست پێدا هەڵدەگەڕێین
تۆ هێماکانی دڵداریی هەڵکەندراوی نێوقەد و
من بیرەوەریی ماندووبوون دەخوێنمەوە،
کە دوا نیگامان لەوسەری روانینەوە شۆڕ بووەوە
سەیری یەکتر دەکەین و بەچاو لە یەکتر دەپرسین
تۆ دەڵێی من هارمۆنیی ئەم وێنەیەم لا ئاژاوەیە
تۆ دەڵێی چی؟

منیش چاوی راستم دەگرم و بەنیگای پڕ لە خەمەوە
بەسەرنجێ وەڵامی دوور و درێژی روانینی تۆ دەدەمەوە
من دەڵێم لە سەفەری هەڵگەڕاوی تەماشامدا
چرپەیەک شک نابەم لە مۆسیقای رۆحم بچێ.
تۆ چاوی چەپت دەگریت و هەر بەسەرنج
دەڵێی راستە با بە دنیای نووتەکی غەریبی
مەحاڵە چرای ئومێدی کوژاوەی تۆی تێدا داگیرسێ

*

ئەوان دنیای منداڵی تۆیان
پڕ کرد لە خەمی گەڕان بەشوێن ئازاترین شەڕوان و
دڕندەترین مرۆڤ و
ناپاکترین چاوی روانین
فێریان کردی
چۆن قەوانی خومپارەکان
پڕ کەیت لە خۆڵەمێشی شەڕ و
گوڵی سبەی تێدا بڕوێنی
فێریان کردی
کەزیی شۆڕی شەوە درێژەکانی بەرەی شەڕ
قژی رۆژە درێژەکانی شەهیدبوون دابهێنی.
فێریان کردی
من بەچاوەڕوانی بکوژی و
پاشان داوای لێبووردن لە سەرکردەکانی شەڕ بکەی.
لە پاڵ دەستم
لە شەقامە درێژەکانی (کۆڵن)دا
لە تەنیشتمدا، لە باخچەیەک بە مرۆڤی ئالی و گوڵی نایلۆن رازاوەدا

هەست بەڕەنگی دووریت دەکەم
وەک ئەو پیاوەی چاوی ئاویلکەیی بەچواردەوری خۆیدا دەگێڕێ و
لە چاوی کۆرپەکانیدا ماڵئاواییی خۆی دەبینێ
وەک ئەو پیاوەی لەو شەڕەدا
دواین نیگا لە مەرگ و
جارێ مەرگ دواین نیگای لێ دەفڕێنێ.

*

دەستت بێنە با دەستم بۆنی تەنیایی و
رەنگم بۆنی غەریبیی تۆ بگرێ
ئەم سارایە چەند درێژە
ئەم هەنگوینی خۆشەویستییە چەند تاڵە
ئەم ژەهری بیرەوەرییە چەند شیرینە
دەڵێی چوار وەرزی ئەوروپایە خەمی من
تا چاو بڕکا سەوز دەچێتەوە،
بەڵام دڵنیا وەک مەلی سرک هەر رادەکا
من سەفەرم
لە یەکەم دێری دەفتەرێکی گەورەوە دەست پێ کرد
هەر لە یەکەم لاپەڕەدا دووریت بڕشتی لێ بریم
چۆن لەنێو ئەفسانەی ئەم خەیاڵە جەنجاڵەدا
گلۆڵەی ئەم خەمە قورسە کۆ کەمەوە
دێر دێر نووسیم
پەڕە پەڕە فرمێسکم رشت
بە قەڵەمی سۆراخ پرسیم:
"ئەرێ خەڵکینە سەرەتای سەفەرەکەی سیندباد و
عەوداڵبوونی من بۆ چرکەیەک بەختەوەری و

شەهیدبوونی (ژاندارک)
بۆ حەقیقەت
لە پەراوێزی کوێی چیرۆکەکاندا بنووسین
ئەم ئەندێشە قووڵەی ئێمە لە سی چل ساڵی
تەمەندا چۆنی جێی بێتەوە
ئەم دوورییەت بەپێوەری چی بپێوم
ئەم شەوگارە بەچی رووناک دەبێتەوە!

*

زۆرجار بۆ (راین)[١] بەدەنگی بەرز دەدوێم
پێی دەڵێم تۆ بەو قریشکەی شەپۆلانە
چی دەتوانی بەکاروانی کەشتیی ئەتۆم هەڵگرەکان
کەشتیی بازرگانیی تفەنگ
بازرگانیی ئینسان بڵێیت.
ئەو کەشتییانەی لیستەی مەرگی هەموومانیان هەڵگرتووە و
ئێوارانی زەردەپەریش
هەموو دەچین بۆ تەماشای پەلکەزێرینەی جوانی ئەو
کاتێ بەمۆسیقای شەڕ و ماکیاجی سۆزانییانە
یاری بە شەپۆلە ئاڵتوونییەکانت دەکا.
سیحری ئەو درۆ جوانانە بوو منداڵەکانی وا لێ کرد
نەفرەت بکەن
لەو کێوانەی لە ئاگردا چرۆی بەهار دەردەکەن و
لە ئاگردا زمانی عەشق فێر دەبن

(١) رووبارێکی گەورەیە بەنێوەندی ئەڵمانیادا تێ دەپەڕێ و شاری کوێڵن دەکا بەدوو بەشەوە.

له ئاگردا بەفری زیوین لەبەر دەکەن.
ئای ئەورووپای سەوز
کیشوەری غروور و بێ مروەتی
ئێمە هێندە بەغەریبی راهاتووین
لەو هەموو جوانییەی تۆ
سیمای گوڵە ژاڵەیەک
چڵە نێرگزێ نابینین
هەموو رۆژ لەو هەرێزانە زیاتر
بەولا و بەولای هیواکانماندا باڵا دەکەن.
لەو درکەزیی روانینە زیاتر
گوڵە مێلاقی ئەوینمان تەلبەند دەکا
ئێستا ئێمە ئەویندارێکی زیندانین
ئەوینێکی سەربڕاوی نێو قەسابخانەی غوربەتین.
خەیاڵی من لەسەر باڵی زیوینی پەپوولە پایزە و گەڵای سەوزی ئەرخەواندا
خۆی دەداتە بەر تریفەی مانگ
کاتێ دەیدا لە گۆمی قەترەیەک شەونم.
خەیاڵی من سەر دەنێتە سەر باڵی راکشاوی تەنیایی
نامەیەکت بۆ ئەنووسێ
کێ دەتوانێ لەسەر باڵی نەخشێنراوی پەپوولەیەک
خۆشەویستیی بخوێنێتەوە
کێ دەتوانێ دەستی هەڵپەڕینی باران بگرێ و
گۆرانیی رێژنەی پایزیی ئەم غوربەتە بڵێتەوە
ئارەزووم وەک ئارەزووی بارینی بارانێکە
لە وەرزێکی هەرگیز چاوەڕواننەکراودا
ئارەزووم وەک خوێندنی مەلێکە،

له ساتی پڕ وەیشوومە و تەنگانەدا
ئارەزووم زەنگێکە لەوپەڕی بەدمەستیدا،
کە پێکەنین تێکەڵ دەکا لەگەڵ هاژە و خوڕەی چەمێکی گریاودا.
بەو مەراقەی پەنجەی ماندووم
بە مەرەکەبی سپی لەسەر لاپەڕەی سپیی خەیاڵم
نامەیەکت بۆ بنووسێ پڕ لە هاوار و بێدەنگی
تۆ دەتوانی بەچاوی روانین،
سەرتاپا ئەندێشەی من بخوێنیتەوە
تا نامەکەم پەڕە پەڕە تەواو دەبێ
بێ ئەوەی دڵۆپێ فرمێسک، یا دڵۆپێ خوێنی جەستەم رژێنراو بێ
تۆ سەرتاپا سەیر دەکەیت
دەڵێی: "بابە ئەم نامەیە لە جەستەی شەلاڵی
خوێنی هاوڕێ تیرۆرکراوەکانی تۆ دەچێ.
بۆنی خوێن ناهێڵێ
گەشتی دێر بە دێر و فرمێسک ناهێڵێ
لە بواری گریانی ئەم قەسیدەیە بپەڕمەوە
لەمدیو رووباری مەرگەوە
توێشووی پڕ لە شیعری کوژراو
پڕ لە سەمای گۆپکەی ئارەزوو قرتێنراو
پڕ لە خەمی پەنابەرێ بکەمەوە.

*

سەرەتای نامە:

ئەی سەرەتای گلۆڵەی ئاڵۆزی خەیاڵی پڕ سیحرم، لە کوێی هاژەی رووباری خوێن، کوێی پێدەشتی تەنیاییم و کوێی کەناری دوور و درێژی سەفەری هات

و نەهات، دەست پێ بکەم. ئەو ڕۆژانەی تەنیا چۆم و ڕووبارەکان بەلامـاندا تێ دەپەڕین، بە تەنیـا (بـا) دەیقـریشکان. بە تەنیا چیاکـان جێیـان نەهێشـتین و، تەنیا خۆمان و قەدەرمان.

ڕۆژانێ بوون بە ئاوریشـمی سپیـی مـەرگ نیشـتـمان وەک تەرمێکـی غـەمگین داپۆشـــرابوو. چـرای دڵمـــان کـــز دەســـوتا. وەک دوو چـاوی پڕ لـە تریفـــەی پەلەوەرێکی بریندار بە چوار سنوور و ئاقاری خۆماندا دەمانڕوانی. کەس لە زمانی ئازارمان، لە ئەندێشـەی خـۆێناویمان تێ نەدەگەیشت. ئێمە خـۆمـان و قەدەرمان وشکەسالانێ فرمێسک مەزراکانمان ئاو دا و کەچی ڕەنج بەخەسار و نائومـێد بـەخـوێنـی داچۆڕاوی ڕوح پەیکەری شـەهیدبوونمان لەنێـو گیـانی هەمـووانـدا دروست کـرد، کـەچی بـەدیار چاوی خـۆمـانەوە بـراکـان و شـەڕی دەستـەو یەخەیان، سەری شـانازییان دەبڕین ، بۆشـاییی نێوان برۆی ڕاست و برۆی چەپیان دەکردین بە نیشانە و دەستڕێژیان لە شـەرەفی هەمووان دەکرد. کوڕی سـەر ئـەرزی ئومـێد و کـچی دەریـایی نائومـێدیم هـەر ئـێوە بوون. دەیان جار مەرگ بەهەردوو دەست سلاوی لێ کردم و هاتە ماڵم. ڕێگەی نێوان شیعر و هاوڕێکانـی لێ گرتم، تفـەنگی نا بەنێـوچەوانی خـەیاڵـمەوە. نامـەی بە لوغم ڕازاوە و بە گـولـلە ناخ سـیـــخناخکراویان بۆ نـاردم. هەمـــوو ڕۆژێ چەتـەوڵێ کەوڵی تاوانێکی ئەمڕۆییی دەکردە بەرم و کەوڵی تاوانێکی تری دوێنێ لەبەردا دادەدڕاندم. ئەو ڕۆژانەی مـەرگ هێندە ترسنۆک بوو، نەدەهات و هـەر نەدەهات و ، نەدەهات. ئیدی منیش ئێوەم وەکو دوو پشیلەی چاو نەپشکوتوو بە دونیـا بە دەستی پڕ لە هەگبەی ناوەخن خاڵی و بەچاوی پڕ لە حەسرەت و بەخەیاڵی فڕینی باڵی مەلێکی پێکراو ئێوەم کۆڵ نا. شار بە شـار و، دێ بە دێ، سنوور بە سـنووری وڵاتان. تا سـنوورێکم دەبـەزاند، دەمــوچاوم غــەرق دەبوو لە لیکی دەمی چەتەوڵی تورک و فـارس و پاسـەوانی سنوورەکانی نێوان سەفـەری ڕێی هات و نـەهات. بارانـی هەمـوو وەرزەکــان شــۆردیانمەوە، گــەرمــای هــەمــوو وەرزەکـانیش برژانـدیانم. بەجـێـشــەڕگـەی ســەدە تاریک و ڕووناک و ســەدە نەفـرەتکراوەکـانی مـێـژوودا سـەفـەرم کرد، لە پـردی نێـوان ڕووباری خـوێنی

دێرینی دەیان گەلدا پەڕیمەوە، شەڕی جیهانیی یەکەم و دووەم و تا هەزارەمم بەچاوی ئەشکەنجە دەدی، بەزمانی نەفرەت زۆر خێڵ و هۆبە و شارستانیی ڕەنگاوڕەنگ. دەکەوتمە بەر شالاّوی گوللە و گوڵە گەنمی وشە بەوشەی زمانم کەوتن و ، تاڵ تاڵ برژانگی روانین و یەکەیەکە نینۆکی پەنجەم هەڵوەرین. ئا بەو جەستە شەلاّڵەوە، بەنێو تەپوتۆزی ڕێگا بە سیم تەنراوەکان و بەنێو کێڵگە بە مین ڕێژراوەکانی سنووردا من دەهاتم و مەرگ نەدەهات و هەر نەدەهات و نەدەهات. ئاوا .. ئا بەو گەرووی غوربەتەوە، دەستم گەیشتە یەکەم شیشی ژەنگگرتووی سەر پەنجەرەی پۆلیسخانە. دەفتەری بیرەوەریم و نامەکراوەکانی هاوڕێکانم و وێنەی ئێوە و برا شەهیدەکەم، وێنەی ئەو و خوشکە شەهیدەکەم، وێنەی هەمووتان و نەخشەی نیشتمانە قەدەخەکەمیان پشکنی، گوتیان: "ئەوانە کێن! چیی تۆن، بۆ کوێی گۆی زەمین ئەم تەرمانە بەکێش دەکەی! ئەم خەمە قورسانە بەهەورازی کام ریزە برینانەدا سەردەخەی!" پێیان گوتم: "ناوی خۆت و باپیرت و ژمارەی چەکی بکوژەکانت بنووسە" پێیان گوتم: "دەستی راستی ئەندێشەت و دەستی چەپی خەیاڵت و نازناوی گشت هەواڵدزەکانی گەڕەک و چی دەزانی لە یەکەم قەترەی عارەقەی نێوچەوانی رەنجتەوە، تا دواین ژمارەی کەوتنی پەنجەکانت لە سەفەری هات و نەهاتدا. ئیدی من و قەڵەمێکی بیرەوەری و گوێچکەی سرکی چاوەڕوانی و هەر رۆژێ چەند ساڵێکی تەمەن هەلا هەلاکردن، بەدیار تەرمی وەلاّمێکدا ئیدی من و رۆژ و مانگ زەمەن کوشتن. هەتا رۆژێ پێی کابرای مەست لە (دیسکۆ)یەکی تاریکدا، لە خەیاڵێکی بزری خۆی هەڵنوتا و، لەنێو کەمپی پەناهەندەییی ئەو شارەدا، بۆ سبەینێ، کە هاتەوە، کەوتە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی، کە وەلاّمی نیگەرانیی داستانی سەفەری رێی هات و نەهاتم بداتەوە. من ئاوا هاتم. ئاوا .. ئاوا .. نیشتمانم برد بۆ تاراوگە و تاراوگەم کرد بە نیشتمان. پێنج ساڵە من لێرە وەکو بەردەمۆری سەر قسنەکان، بەردی نیازی پەناگۆڕی مشایەخی مەغریبستان رۆژی سەد جار خۆم بەدیواری مێژوویانەوە دەلکێنم و دەکەومە خوار. رۆژی سەد جار خۆم دەلکێنم بەکێلی ئەوسا و ئێستایانەوە و دەکەومە

خوار، ئیتر ناچار بەرەو زریانی ولاتی هاژەکردووی مردنەوە قۆپچەی پاڵتۆ ئاودامانەکەی مەرگ دەگرم و لەگەڵ هەموو بەربەستەکاندا بەشەڕ دێم. ئیتر لەژێر سێبەری داری شیعرێکمدا ئۆقرە دەگرم، یان لە پاڵ دیواری شیعرێکی باڵا زراڤمدا دەکوژرێم..

*

هەقتە گوڵم.. ئەو ڕووبارە بەچاوی لێڵ تەماشاکەی
کاتێ ئێمە هەموو بەردبارانی شەپۆلە وردەکانیمان کرد و
گوێمان نەگرت لە ئاوازی لاواندنەوەی هاژەکانی
تۆش هەقتە.. ئیدی ئەو ئاسمانە رەش ببینی
کاتێ ئێمە هەمووومان گوڵەئەستێرەکانمان سەربڕی و
بەشوێن فڕینی کۆترەکاندا یاخی بووین و
چەقۆکانمان لێ هەڵکێشان.
مەدالیای بەرگریمان دا لە ئێخەی سیخوڕ و
پیاوی چەتەو نیشتمانفرۆشەکانی ئێرەوە.
بەهەردوو دەست چەمۆڵەمان لە گۆڕستانی سەیوان نا و
پشتمان کردە هێما جوانەکەی ئازادی
ئەو رۆژانە لە بیر مێژوو ناچنەوە
پێمان لە خوێنی یەکتر هەڵدەکێشا و
شانازیمان بەگەلێ بارانی کوژراوەکانەوە دەکرد
شانازیمان بەژمارەی منداڵە هەتیوەکانی سەرشەقام،
شانازیمان بەدەنکە تەرزەی بەهارەی تەمەنی بێوەژنەکانەوە دەکرد
هەمووومان هاوارمان دەکرد
بژی.. بژی
ولاتی ئەستێرەبارانی شەهیدان.

من حەز دەکەم ئێوە بەچاوی ڕێبوارێ
لە دارستانی سەوزی ڕوانینی خەڵکی بڕوانن
جگە لە ئێمە، کێ قەنارە بۆ گەردنی ئازادیی خۆی هەڵدەخا؟
کێ قەفەزی ئاسن بۆ باڵی فڕینی ڕەنگاوڕەنگی خۆی دروست دەکا
کێ هەوڵ دەدا منداڵیی خۆی بیر چێتەوە
کێ حەز دەکا
بەشوێن هەمان ڕێچکەی مردن
شەقامی پڕ سیحری گوناه
دەستی شەقاری مەینەتی و
چاوی قەتیس بەفرمێسکی
مێژوو دووبارە بێتەوە
جگە لە ئێمە، کێ کێی تر هەیە
کێ حەز دەکا؟
لە نێو کۆڕی تەمومژی ئەم وەرزەدا
هاوارێکم دێتە گوێ تا حەز بکەی ئازاراوی
تا حەز بکەی بە سۆز، بە کوڵ، دەیناسمەوە
ئەوە دەنگی ئاوارەییی نازم حیکمەتی شاعیرە هاوار دەکا
پڕ بەدنیای گوێ ئاخنراو هاوار دەکا:
"بانگت دەکەم گوێم لێ بگرە
کوڕی دوور و عەزیزی من هۆ محەمەد
لە دوورەوە
لە دووریی سەدان فرسەخەوە
بانگت دەکەم
بەدەنگی سۆز بانگت دەکەم
بەگوێی ئەوین گوێم لێ بگرە

له (ڤارنا)وه بانگت دەكەم
كوڕی دووری عەزیزی من هۆ محەمەد
لەنێو گۆمی خوێنی مەییوی ئێراندا
گوێم لە هەستی ورووژاوی بەردەم دەرگەی
زیندانێكە گوڵسورخی تێدا كۆت كراوە
پێش ئەوەی ئەڵقەی سێدارە چاوی گوڵسورخی دابخا
گورزە تیشكێ، وەكو تارمایی (داموون) دێ و
بە پێ پەتی بەشوێن خوێنی رژاوی باوكیدا رادەكا،
دەستتان بێن هەتا شفرەی تیژی پیاوە شەڕانییەكان
لە دووریتان نەیانپێكاوم
وەک چۆن فروخی فەروخزاد
كامیاریان لێ كرد بە دووری ونی رووباری تەنیایی
من و گوڵسورخی و فروخ و نازم حیكمەت
چوار پەنجەی براوی دەستێكین
هەریەكەمان بەجیا لەسەر زەویی مەینەتیی خۆی
قەترە قەترە
خوێنی غەریبیی لێ دەتكێ
هەر ساتێ پارچەیەک لە شووشەی سۆزمان
هاڕە دەكا و
هەر پارچەیەكی شكاویش
لەگەڵ كردنەوەی بەیانیی
هەر پەنجەرەی شیعرێكم
ورد و وردتر
جارێكی تر
وردتر دەشكێ.

دەنگ هەڵدەبڕم گۆرانییەک بۆ نیشتمان
سرووودێ بۆ بەرگری بڵێم
لە نێوانی وشەکاندا شتێ ناوی تۆم بیر دێنێتەوە
نازانم ناوی بنێم چی
لە نێوانی پەلکەزێڕینەی ڕوانینم
تیشکێ هەیە سیمای تۆم بیر دێنێتەوە
نازانم ناوی بنێم چی
لەم هۆڵی ئۆپێرایە،
کە لە پارچەی لەشی سەمفۆنیای خۆرنشینی خەمگین دەچێ
سۆز لە دەنگی ئامێرێکی کز و خەمگینەوە دێتە گوێم
لەگەڵ دەنگی (بابە)ی تۆدا تێکەڵ دەبێ و
کارەساتی سەمفۆنیاکەم لێ تێک دەچێ
نازانم ناوی بنێم چی
دەزانم دوای هەر خەزانێ هەڵوەرین،
بیر لە چرۆی وەرزێکی نوێ دەکاتەوە
دەزانم دوای هەر تۆفانێ
کەشتیی گێژاو بیر لە خەوی دەریای ئارام دەکاتەوە
من لە دڵمدا خەمێ هەیە ڕەنگی ئەرخەوانیی دوێنێ و
کازیوەی چاو بەشەونمی ئەوینتم بیر ناباتەوە.

*

ئەوینێکم هەیە پیر نابێ.
ژەنگی پایز نایخوا و نامرێ
ئەوینێکم هەیە باران نایشواتەوە و
خۆر نایبرژێنێ و دز نایبا
تا بێ چوار لام

ڕەنگاڵەتر
ئاسۆی دنیام
فراوانتر
بەڵام پەل پەل بەختەوەری و
چڵ چڵ هیوا و
گەڵێ گەڵێ ڕۆژانی سەوزی درەختی
عومری درێژی خۆم دەخوا!

*

من لەوێ.. لە دەریای ئەندێشەمدا
دەریایەکی بچووکترم جێ هێشتووە
چی نەهەنگی خەونم هەیە
چی بەلەمی چارۆکەداری خەیاڵ هەیە
چی کەشتیی سەر بەئاڵای وشەم هەیە
وا لە قوڕگی گێژاوێکیدا
دەترسم وەک چارەنووسی خەمی بارکردووی (تایتانیک)
بەیەک کەڕەت ژێرە و ژوور بێ
من لەوێکانە دارخورمای باڵایەکم جێ هێشتووە
سەوز وەک چاوی کاریزی بەهاران
دەترسم ژەنگی نامۆبوون
لە سەرەتای ئەم عومرەدا خەندەی سەر لێوی پیر کا
من دوو خەڵفە نەمامی سەوز
دوو گوڵە ئەستێرەی روانینم جێ هێشتووە
دەترسم بای غرووری خۆرئاوای زەوین
بەسەر عومریاندا هەڵبکا.

*

پێش ئەوەی گوێ لە لاواندنەوەی دایکانەی
ڕەشەبای سلێمانی بگرم
کاتێ بە پەنجەی تەزوویەک تەرمی گەڵا و
تەرمی ماچ و تەرمی یادگارەکانمان دەماڵێ
بە دوو چاوی پڕ لە حەز و پەرۆشەوە
باڵی فڕین دەکەمەوە بەهەردوو دەستی خەیاڵم
وەکو جارانی منداڵیم
دەکەومە وێزەی دەروازە و
دەرگەی کڵۆمدراوی ماڵێ،
جارێکی تر بەنێو کەپکە شاخەکانی (یاخسەمەر)دا ڕادەکەم و
کێوی خەمی ئاسنگەران دەگرمە کۆڵ
هاوار دەکەم
هۆ نیشتمان
بە باران بڵێ بمانشوا
کۆلکەزێرینە ڕەنگمان کا
پایز خەزان، خۆر ئومێد و
مانگ تریفەی سپیی زیوین
جارێکی تر بە دەروازە سحرییەکانی (یاخسەمەر)دا[١]
بای دێوی ڕەش
بای دێوی سوور
بای دێوی خەونێ هەڵبکا

*

ئەمجارەیان تێکشکانی شۆڕشەکان

---

(١) چیایەکە لە ناوچەی سلێمانی.

وانەیەکی نوێیان فێر کردم نەنەوم
کە شانمان لە تفەنگەکانمان داماڵی
ویژدانمان خستە ژێر باری هەرەسێکی توندترەوە
چی بکەم جگە لەوەی ئێستا هەردوو دەستم
دوو پارچە گۆی زەویی لەسەردا ڕاگیراوە
تا بزانم کامیان لە کامیان قورسترە
لە نێوان خۆشەویستیی ئەوینی ئێوە و ئەواندا
کێ ئەم ئەزموونەی فێر کردم
دوو کەرتی زەوی لە کۆڵ نێم
بە زمانی دنیا بڵێم:
"هۆ خەڵکینە
لە نێوان سەربڕینی ژوانە سەوزەکانی ئەوان و
ژوانە سەوزەکانی نیشتماندا
چەقۆی بڕیار لە گەردنی کامیان بنێم
هۆ خەڵکینە
ئەگەر بەزمانی غەریبی، کەسێ پرسی
چۆن نیشتمان دوو کەرت دەکرێ
چۆن خۆشەویستی سەردەبڕدرێ
چۆن دەست لە ئازاری ڕەنجی چەوساوەکان هەڵدەگیرێ
من بڵێم چی
من چی بڵێم.
من زمانێ شک نابەم پێی بدوێم
من هێڵی نێوان خۆم و جەستەمم ون کردووە
ئەرێ خەڵکینە پێناسەی ئاوارەبوون مانای چییە؟
پیاوێ سۆراخی خۆیی دەکا

دەپرسێ من لە کوێی گۆی زەوییەوە هاتووم و
بۆ کوێ دەچم
من چیم
من کێم؟
ئیدی کاتی گەڕانەوەی منداڵیمە
من ناتوانم کارەساتی گەورەبوون لە ئەستۆ گرم
دەبمەوە بە منداڵە لاسارەکەی سەرچنار
لە نهێنییەکانی سروشت دەگەڕێم
بۆچی هەر بە منداڵی ماڵەکەیانیان سووتاندین
بەبێ گوناھ
هەر جارێ
بۆچی هەر بە منداڵی
منیان شەلاڵی خوێن کرد و
سنگی خوشکە گەورەکەمیان کردە بێژنگ
بۆچی باوکم چوار فەرز بەکوڵ دەگریا
بۆچی دایکم کراسە رەشە ئاودامانییەکەی نەگۆڕی
بۆچی هەردەم دەنگی زەڕنەقوتەی برسێتیمان کراوە بوو
بۆچی ماڵی ئێمە لە ماڵی هەموو شار شێدارتر و
گەڕەکمان لە هەموو شوێن دوورتر و
ماڵەکەشمان لە ماڵی هەر هەموو گەڕەک تاریکتر بوو.
من دەگەڕێمەوە
ئیدی ناتوانم گەورە بم
پیاوە بێ ویژدانەکانی دەسەلات
ببنە هاوڕێم و هاوڕێگام
من نازانم بێ هیوایی مانای چییە

مانای ئەشکەنجە نازانم
مەرگم بۆ پێناسە ناکرێ و
چاوەڕوانی بەهەشتێکی داهاتوو نیم
مادام هەموو چەپکە گوڵەکانی دەستم
لە چاوەڕوانیدا هەڵوەرین.
نازانم سنوور و ئازادی
جیاوازییان چەند بارتەقای زەوین دەبێ
کێن ئەوانەی فەلسەفەی دیموکراسی
لە خوێنی خەڵک هەڵدەکێشن
دەیدەنە بەر تیشکە زێڕینەکانی خۆرەتاو
تا شاعیرە بەدمەستەکان
وەکو گای شەڕ
بهەژێنن.
ئیتر پێویستە یاخی بین
وەکو ئەو پیاوە جەنگاوەرانەی
پرچی ژنەکانیان لە گەوهەری جامخانەکان لا پیرۆزترە
ئەو پیاوانەی هەمیشە ئێخەیان
بۆنی عەتری سەربەستیی لێوە دێ
دەستیان تامەزرۆی نێو دەستی ئەوانەیە بە قەڵەمی سۆز دەنووسن.
بە چاویلکەی ئازادی دەڕوانن
کاتژمێری رۆژە زێڕینەکانی سبەی
لە دەست دەکەن.
ئەوانەی باڵی خەیاڵیان هەموو شەو
دوور دوور دەفڕێ
سەردانی ژووری ئیعدامی زیندانەکان و

ئێوارانی درەنگ وەختی شەقامەکانی خۆرئاوا و
بەیانییانی گەڕەکە پەراوێزەکانی نێو جیهانی ئاوارەبوونی تۆ دەکەن.

*

دەڵێن جیهان گوندێکی گەورەیە
تۆ دەتوانی لەسەر لقی درەختێکی بالاّ بەرزی خۆرئاواوە
سەیری فڕینی پەپوولەی خەیاڵێکی رۆهەڵات کەی
تۆ دەتوانی لەیەک ساتدا
بە شەقامی زەردەخەنەی کۆڵانێکدا
پیاسە بکەیت و هەمان سات
بە کۆڵان و گوزەرێکی ئەودیوتردا تەماشا کەی.
راستە، بەڵام لەم گوندەدا،
کە ئازادی
هەزار رەنگ و
هەزار جۆر و
هەزار تام و
بۆنی هەیە
ماڵەکەمان لەوپەڕی چراخانی ئەم گوندەدا
بێ ژمارە و ناونیشانە
ماڵەکەمان چوار دیواری زیندانێکە
ئازادی تێدا ئەتک دەکرێ
چرا هەناسەی تێدا نادا
گوڵە ئەستێرەشی تێدا دەمرێ.
ئێمە هەموو رامان کرد و پشتمان کردە نیشتمان
لەم گوندە، کە تێیدا ژمارەی ئینسانەکان
هێندەی خەیاڵی زیندانییەک فراوانە



عەبدولقادر سەعید (١٦)

کەس لە چۆڕاوگەی ئەنفال و ڕەشبەڵەکی گۆڕستانمان تێ ناگا
کەس ناپرسێ لەم ماڵەدا چی ڕوو دەدا
کێ دڵۆپێ ئاوی نەمریی لەم بیابانە سەرابە پەیدا دەکا
*
ئێوە نازانن غوربەت
چۆن دڵە بەردینەکان ورد دەکا،
یەقین پەشیمان دەکاتەوە
پەشیمان ببنەوە لە غوربەت
وەک پەشیمانیی تفەنگێ لە کەوتنە خوارەوەی مەلێ
وەک پەشیمانیی ڕێبوارێ لە چەپککردنی گوڵاڵە
وەک پەشیمانیی شاعیرێ لە پێشێلکردنی ئاونگ
ئێوە، ئەی دوو چرا کزەکەی بیناییم
پەشیمان ببنەوە لە غوربەت
گەرچی ڕووحە ئاسنینەکان، تا بێ ژەنگاویتر دەبن
ئیتر سەردەمی گەورەبوونی خەونەکان و منداڵبوونەوەی خۆمانە
تا سنووری بەرائەتی چلە بییەک لە چنگی شەپۆلی ڕووبار
تا سنووری بەرائەتی کەروێشکەی پەڵە گەنمێ
لە زەردەخەنەی بایەکی هەڵکردوو
ئێوە بەچاوی هەڵوەدا، کە فرمێسکی ئەوینی تێدا شەپۆل بدا
سەیری ڕەنگاڵەی سەر شاشەی کۆمپیوتەر و
سەیری پەلکەزێڕینەی بەهاری بەختەوەریی خەڵکی بکەن
ئێمە هێشتا ژمارەی کەوتنی پەنجەکانمان و
ژمارەی کوژرانی بەختەوەری و
ژمارەی خەونە کابووسییەکانمان نازانین
نازانین لەودیو پەنجەرەی داخراوی ماڵمانەوە

باڵی فڕین چەند فرەوانە
چیمەنی ڕوانینی خەڵکی چەند سەوزە
دەریای خەیاڵی ئینسان چەند قووڵە
هەورەکان جۆرێکی دی کێڵگە وشک و بەیارەکان دەدوێن و
گوڵەکان دێرتر هەڵدەوەرێن و
هیواکان زووتر پێ دەگەن
هەموو شتێ لەم گوندەدا ڕەنگی تێکەڵی پەلکەزێڕینەی هەتاوە
جگە ئێمە و پەنجەرە ئاسنینەکانی ڕوانینمان
جگە ئێمە و دەروازە داخراوەکانی روحمان.
سلێمانی ٢٠٠٠ کۆڵن

# ئەنفال

ئەنفال پێشینەیەکی دێرین و ڕەگێکی قووڵی مێژوویی هەیە. بە بەرنامەیەکی داڕێژراو ـ وەک قۆناخێ لە قۆناغەکانی شەڕی جینۆساید ـ دژ بە چارەنووسی گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا ئەنجام درا.

بە کۆتاییی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق ـ ئێران ١٩٨٠–١٩٨٨، ئەم قۆناخە خوێناوییە بە هەشت قۆناخ هێرشی سەربازی، کە زۆربەی لەشکرەکانی عێراقی تێدا بەشدار بوو، زیاتر لە ١٧٠ فەوجی جاش و دەیان پۆلێنی تر لە بەکرێگیراو و نیشتمانفرۆشان، بە نوێترین چەکی کوشندە، یەک لە دوای یەک دەستی پێ کرد:

١٩٨٨/٣/١٩ ئەنفالی (١) لە دۆڵی جافەتی.

١٩٨٨/٤/١ ئەنفالی (٢) لە قەرەداخ.

١٩٨٨/٤/٩ ئەنفالی (٣) لە گەرمیان.

١٩٨٨/٥/٩ ئەنفالی (٤) لە دەشتی کەرکووک و هەولێر و کۆیە.

١٩٨٨/٨/٢٥ ئەنفالی (٥ ، ٦ ، ٧) لە بادینان.

١٩٨٨/٩/٥ ئەنفالی (٨) لە بناری قەندیل.

لەگەڵ هەر هێرشێکدا گازی کیمیاوی ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو.

جگە لە کوژرانی هەزاران کەس و خنکاندنیان بە تۆپی دوورهاوێژ، کە ڕێژێمی بەعس گازی کیمیاییی بەسەر دانیشتوانی گوند و چیا و پێدەشت و مەزراکاندا بڵاو دەکردەوە، دواییش زیاتر لە ١٨٢ هەزار گوندنشین بەهەموو جۆرەکانی تەمەنەوە، لە ژن و پیاو و منداڵ دەستگیر کران و ڕەوانەی زیندانەکانی باشووری عێراق کران. زۆربەیان بۆ زیندانی (نوگرە سەلمان)

نێدران، کە زیندانێکی دێرینی عێراقە، لە بیابانێکدا دوور لە ئاوەدانی دروست کراوە. نەک هەر دەستی شارستانی نەیگەیشتووەتێ، بگرە هۆیەکانی ژیانی سەرەتاییشی تێدا نەبووە.

هەندێ لە پیر و پەککەوتەی ئەو زیندانە، کە لە چەند کەسێک زیاتر تێ نەدەپەڕین، بەمەبەستی گێڕانەوەی کارەساتەکە بۆ تۆقاندنی جەماوەری خەڵک، ئازاد کران.

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی، کە لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دەست جەماوەری ڕاپەڕیو کەوتن، ئاشکرا بوو، کە چەند هەزار کەسێک لەو ئەنفالکراوانە لە ناوچەی (صویرە)ی نزیک شاری بەغدا چەکی کیمیاوییان لەسەر تاقی کراونەتەوە.

ئەوانی تر لە بیابانەکانی باشووری عێراقدا دەستە دەستە زیندەبەچاڵ کراون.

چەکی کیمیاوی، کە هۆکارێکی کاریگەری سەرکەوتنەکانی ئەنفال بوو بەهاوکاریی دەیان دەزگای سەربازیی دەوڵەتە ڕۆئاواییەکان ئەنجام درا، لە کوردستاندا بووە هۆی مردنی هەزاران جووتیار و زەحمەتکێشان، کە لە هەموو تەمەنیاندا لە سادەترین مافەکانی مرۆڤ بێبەش کرابوون.

لەم دیرۆکە خوێناوییەدا تەنیا چیاکانمان پشتیان تێ
نەکردین

(با) و سەراب و تیشکی هەتاو
بەنێو کێڵگەی بە سیم تەنراوی نێو وڵات و
بە نێو چەقۆی دەستی هەواڵدزان و
بە نێو سەردەمێکی یەکجار گومان لێکراودا
تێ پەڕین و
بە نهێنی هاتنە خەوم

وتیان: ئێمە سێ تەتەری هەواڵێکین
ئەم گوێچکە نەهێڵێ گوێچکەی تر ببیستێ
ئەم چاو نەهێڵێ چاوەکەی تر لە فرمێسکی بزانێ
ئەم دەست نەهێڵێ ئەو دەست و قامچی ئازاری ئەم هەواڵ
لە بریسکەی هەواڵێکی تر بڕوانێ
وتیان: ئێمە دەمەوئێوارە بە بەرچاوی فرمێسکاویی خۆمانەوە
چەند گەواڵەهەوری بزێو،
سپیتر لە لاپەڕە نەنووسراوەکانی مێژوو
بەسەر دڕکەزیی سنوور و
پشتی داخکراوی بیاباندا بەکێش دەکران
لەژێر براووسکەی گوللەدا و
لەبەر ڕێژنەی خوێن چرانا
پەڵە پەڵە، ڕەش هەڵگەڕان
دڵۆپ دڵۆپ، داباریە سەر سنگی سارا و
تنۆک تنۆک، بەدەم مارشی دەستڕێژەوە
ئەرخەوانی دەچوونەوە و دادەچۆڕان.
وتیان: دەبێ بەکۆڵی شیعرێکی کاکۆڵ درێژت هەڵمان گری
پایزیتر لە سیمای غەمگینی بیابان
چریکەتر لەو قرمەژن و ڕێژنانەی بەناوچەوانی منداڵ و
پشتی کۆماوەی داپیرە و
سنگی رووتی کچانی دیلەوە
دەنران
ئەسپی شیعرم تاو دا و
ئەوان
تا دادگەی مێژوی تاوانە گەورەکان دانەبەزین

لەوێ سوێندیان
بەمەرگی ئەو خەزانە خوارد، کە بەچاوی خۆیان دیبوویان
وتیان: ئێمە گەواهیی ئەو قریشکانە و گەواهیی ئەو بیابانەین
لە دوای ئێمە چنگی خوێناویی عەجاج(*) و
چاوی هەڵکۆڵراوی هەموو ئاسکە نیگاکان دەزانین
ئێمە سێ گوناهی گەورەین بەتەوێڵی مێژووەوە.
ئەگەر چریکە ونەکانی دەنگی خۆتان نەدەینەوە
ئەگەر دەرگەی ویژدان
لە سۆراخی
هانا زیندەبەچاڵکراوەکانی
سیمای گەنم ڕەنگی خۆتان
نەکەینەوە
ئێوارەیەکی درەنگ بوو
بیابان دامێنی گرتین
وتی: بۆن دێ
بۆن لەسەر سنگە شەقار شەقارەکەم دێ
بۆنی هەناسەی تێکەڵی
قەتاریەک غەوارە دێ
ئێوارە بوو
قریشکەی سارای قژ تۆزاوی
رای چڵەکاندین

(*) ئەفسەرێکی سەردەمی بەعس بوو، لێپرسراوی زیندانی نوگرە سەلمان بوو. بەدەستی خۆی دەیان پیر و منداڵ و ژنی کوشتووە. نامەردیی زۆری بەرامبەر بەکیژ و ژنی کورد کردووە. زۆر ژن و پیاوی لەبەر گەرمای بیابانی باشووری عێراقدا بەستووەتەوە لە تینوودا گیانیان سپاردووە.

وتی: وەرن بۆن دێ
بۆنی خوێن چڕان و
چەخماخەی مەرگی ئینسان دێ
ئەم هەناسە غەریبانە
دەیان سەدە بەر لە ئێستا
بەم گوزەرەدا تێپەڕ بوون
دەیانناسمەوە
ئەو راستی کرد
سارا رەنگی لووتکە شاخ و
رنو بەفر و
بۆنی مێخەکی گرتبوو
هێندەی درەختی جەنگەڵێ کۆڕی ئینسان
بیابان تێکەڵ بووە بەبیرەوەریی
تارمایییەکانی نیشتمان.
بەبانگی وشەی بزرکاو
هەندێ خوڕ و هەندێ مەنگ و
هەندێ هەڵوەدا و شڵەژاو
یاداشتێکیان داینێ
وتیان: ئێمە کاروانی مەرگین و ئێوە زیندوو
بچنە خەوی زڕاوی شاعیران و هەژاران و
ئەو جەستانەی خەوبینینیان قەدەخەیە
پێیان بڵێن
رووبارێک خوێن
کێوێک هانا
ئاسمانێک هیوای سەربڕاو

بۆ کوردستان
شار بەشار و
گوند بەگوند و
کۆڵان بەکۆڵان
بنێرن
ئەنفالە..!
ئەنفالی مەرگ..!؟
تالآنییە،
تالآنیی گیان!
پێیان بڵێن: مەرگ
بۆنی کەناری دەریای ناوەڕاست و بیابانی کاکی بەکاکیی لێوە دێ،
بۆنی خاکی سووری مۆسکۆ و
هەناسەی مارشاڵەکانی رۆئاوا و
کۆشکی سپی و
کۆشکی سوور و
ئافەرینی لێرە و لەوێی
چەپ و راستی
دوور و نزیکی لێوە دێ
ئیقلیم گیرە ئەم میهرەجانی مردنە.

*

(با) سەراب و تیشکی هەتاو
بە نهێنی هاتنە خەوم
دامێنی ئازاریان گرتم
وتیان: نەکەی تەلیسمی ئەم نهێنییە، ئاشکرا کەی!
کێوا و کێو بڕۆ،

بڕوانە
تا دەگەیتە خاکی سووتەمەرۆی نێوان
کێو و چەم و سەراب
ئا لەوێدا هەڵوێستەکە
بەلای چەپدا چەمێ هەیە
هەڵوێستەکە و تیژ بڕوانە
ئاوی ڕەش هات هیچ مەشڵەژێ
ئاوی سەوز هات مەشڵەژێ
ئاوی سپی هات مەشڵەژێ
کە سێڵاوی خوێن هاژەی کرد
چیت بیستووە بیگێڕەوە
ئاوی ڕەش و ئاوی سپی و
ئاوی سەوز و سوور هەر نەهات.
ئیدی شیعرم کۆتەڵی ئەم مەرگەساتە
سواری پشتی ئەسپی ڕوانینی خۆی دەکا.
شەڕ سامی نێو قوڕگی پڵنگ، چزووی دووپشک، ژەهری مار بوو.
شەڕ هەشت ساڵ گابەردی سەرشانی
سیزیفی زەحمەتکێش و هەژاران بوو
هەشت ساڵ
گۆڕ هەڵکەنە نەمرووەکان
لە نیشتمانی کابووسدا
بەشوێن بستێ خاک
بۆ گۆڕێ
دەمیان شیلەی پڕ هاوار بوو
ئەو ڕۆژگارە تاریکانە

ئەو شەوگارە برینگانە
دەستەوئەژنۆ
دەمانڕوانییە چارەنووس
چی ڕەنگ هەبوو، چی دەنگ هەبوو
دوو دەستی سەر بەرەوژووروو
تفەنگێکی سەرەوخوار بوو.
گرەوی دوو کەڵەگای شەڕ
شکاندنی چیلکەی سەدان هەزار گەردن،
وشکبوونی کانیی بیری هەژاران بوو
گرەوی دوو کەڵەگای شەڕ
خنکاندنی بیابان و
هەڵکەندنی چاوی ڕەشی گاور باخی و
بڕینی تاڵ تاڵ قژی
کچە خاکی کوردستان بوو.
نۆزدەی سێ بوو
مانگی سووری کارەسات و
مانگی فرمێسک
مانگی رەو و مانگی ئەنفال.
ساڵ سەرەتای شیعرێکی زۆر رۆمانسی بوو
ئێستگەی داڵی فاشیستەکان
داڵی دوای شەڕ
بەسەر ئاسمانی ئەم تارا چاو بەکلڕێژەدا
جاڕی دەدا
.. ئەنفالە.. ئەنفالی ژیان..
.. تالآنییە.. تالآنی گیان..

هاژەی دەنگ و
دەستی رەنج و
چاوی روانینتان هەڵبڕن
خۆشەویستی و
ئەڵقەی پەنجەتان تەسلیم کەن
لە خەو هەستن
میل(*) بێنن بە ویژدانتاندا
سەری چیا نەوی کەن و
تفەنگەکانتان بشکێنن
هەر هەمووتان هەستن لە خەو
ئەنفالە.. ئەنفالی مەرگ..
تاڵانییە.. تاڵانی گیان..
چاوی سەرنج
تا پلەیەک بەپەیژەی ساڵدا سەردەکەوت
ژیلەمۆی خەمێکی تازە
دەچزا بەدەستی چاوەڕێی
بەر بەرۆچکە و
کۆڕ و نزای مزگەوت
ژوانگەکان
حەشارگەکان چۆڵ نەکران و
ئەنفالی یەک
ئەنفالی دوو
ئەنفالی سێ

(*) شیشێکی سوورکراوەیە لە دادگە کۆنەکاندا دەکرا بەچاوی گوناهکاراندا.

تا چنگی دڵەکەرخۆرەی نۆکەر و یەهووداکان نەگەیشتنە دواین ترۆپک
ئەنفالی هەشت بۆن کرووزی دنیای نەگرت
(مامەندە)(*)یان باڵبەست نەکرد،
ئەژنۆی هەنگاویان نەشکان
دوا چاولێکنانی (مامەندە)
بۆ هەمووومان
دوا چاولێکنان بوو.. چاولێکنان.
لە سەرمدا بیری سەفەرێک خەملیوە
نە سەفەری سیندباد و
نە هیی نالی و
نە غوربەتی مەولەوییە
ئەم سەفەرە
شکاندنی پەرەمووچی دەیان سەدە و
ریشی سپیی کەلەپوورە.
ئەم سەفەرە
هێندەی گەڕانەوەی
تینی دوو چاوی پیرەباب دوورە
ئەمە سەری خۆمە
داومە بەگێژاوی دەریای هەڵچوو
ئەمە باڵی شکاومە
داومەتە دەست حەزی فڕین
ئەمە پێنووسی وشکمە
تک تک چۆڕاوگەی عارەقەی

---

(*) لووتکەی چیای بەرزی قەندیلە.

ماندووی ڕۆحمی لێ دەتکێ.
ژەهرێکە و دەبێ بینۆشم
گۆرانییەکی خەمناکە و
لە زەماوەندی هەمووواندا
دەبێ بیڵێم.
ئەی خەڵکینە
کێ دەتوانێ خەون بە وشکبوونی دەریایەک
هەڵوەرینی ئەستێرەکان
هەر هەموویان
چاولێکنانی ١٨٢ هەزار کۆترەشینکەی
بن ئەو بەرد و ئەشکەوتانەوە ببینێ
من دوێنێ شەو خەوم بینی
با و سەراب و تیشکی هەتاو
هاتنە خەوم.
بەڵام چۆن دەست بەنووسینی داستانی مەرگێ بکەم
تەرمی وشەی بەقەد پەپوولەپایزەی،
تا چاو حەز کات دارستان بێ.
سواری شەپۆلی گریانی کام سێڵاو بم
لە فرمێسکی پیرەپیاوێ
لە ئەوکی بەستووی منداڵێ
لە پرچی بڕاوی جەنگەڵێ
یان لە چاوی کوێرەوەبووی کارێزێکدا
ئەم هەموو ژان و سووتانە
ئەم توێشووە
ئەم کۆڵەی سەر شانم بخەم

بەکام وشە
کام فرمێسک
یەکەم دێرم دەست پێ بکەم
ئەمە ئەفسانەی تاریکیی سەدە تاریکەکانی مێژووە
ئەو تەڵە دانراوەیە،
سەدان ساڵە نێچیر دەگرێ و
بۆ هەمووومان دەنرێتەوە
ئەنفالە.. ئەنفالی مەرگ
تاڵانیە.. تاڵانی گیان
با و سەراب و تیشکی هەتاو
گوێ لە تەونی نەزیلەیەک دەگرن دەڵێ
زەمان سەردەمی شمشێر بوو
مەرگ بەرەنجی هەژار و بەخوێنی تاڵانی تێر بوو
سەردارێکی چنگ لە ریشاڵی خوێن ئاڵاو
چەرخی ئاشی کوێرەگوندێکی هەڵبژارد
تا بە خوێنی دوازدە هەزار دیلی ئەنفال
ئاش بگەڕێ
کاتێ زانی سوێندی پەراش پەراش دەبێ
پەیمانەکەی دینارێکی قەڵب ناکا
کارێزێکی باڵ بەستوویان بەجۆگەیەک،
هێنایە سەر لە پلووسکی ئێسکێکەوە
چۆڕ چۆڕ ئاوی
لە لاشەی کوژراو راپسکاو
رژایە نێو گۆمی خوێن و
ئاش کەوتە گەڕ

له دوایيشدا
بۆ ڕێزگرتن لەو پەیمانە
پێستی گووراوی هەموویان
وەک پێستی نێچیری شکار
ڕاخست لە بەرپێی پیرۆزی
سەردار و سوێندەکەی سەردار(*)
– ئەوە پرچم
بیکە بە ژێی
ئەو کەوانەی
تیرێ دەدا لە بازوو و باڵی دوژمنێ
– ئەوە پێستم
بیکە بەتەپڵی ئەو شەڕەی
هەژارەکان بەهرەمەند و زۆردارەکان ملکەچ دەکا.
تاڵانییە..!
کێ دەتوانێ ئاسکی گیانی
لەسەر لووتکەی
قووتی هەزار بەهەزار بێ
کێ دەتوانێ خوێنی بکا بە شاباش و
لە ڕەشبەڵەکی مردندا دەست بەرنەدا و
بەرەنگار بێ؟
تاڵانییە..!
ناودێ گۆڕەپانی خاڵی
دوا شەڕێکی خوێناوییە

(*) ئەم ڕووداوە لە شاری گورگان ڕووی داوە لە فتوحاتی ئیسلامیدا بۆ سەر گەلانی ئیسلامنەبووەکان.

چەند نێزەیەک
نوقمە لەنێو کانیی سنگی داچەکاودا
زەردەواڵەی دەستی تاوان
ئاڵاونەتە دەسکەنەی پرچی ژنان و
دادڕینی ئێخەی کراسی کچان و
ڕنینەوەی کاکۆڵی لاو، پرچی ساوا.
تاڵانکەران
بەزمانی بیابان و بەزمانی شاخ دەپەیڤن
بەدوای سەگی گڕوێژەبووی دێدا
بە شوێن قرووسکەی توولەیەک
کارژۆڵەیەک
دەستێکی چەک
ئەوی تریان هەر هیچ نەبێ
شتێ لە گیرفانی راستی شەڕواڵەکەی
بە دزییەوە بۆ گیرفانی چەپی دەبا
مەترەلێزی سەر کڵێسا و
تەباری بەر مزگەوتی دێ
مەرگ پیاسەی پێدا دەکا و
جاڕی مردنی تێدا دەدرێ
تا چاو بڕکا دەستە دەستە
تاک و تەرا
لاوی تێکسمڕاوی نێو گوند
بە جامانە دەست و قاچ و چاو بەستراو
بەرەو ریزی مەرگی ئێستا و تاوێکی تر
بەکێش دەکرێ

سەر بۆ چنگی خوێناویی داڵە کەرخۆرەی داگیرکەر و
ماڵیش بۆ کۆشی نۆکەر و یەهووداکان
ئەنفالە
ئەنفالی مەرگ
تالآنییە
تالآنیی گیان
رەوە
ڕەوە ئوسرا و وسبانا(١)ی تالآنی
بەرەو ئەڵقە جاش و سەرباز
ئەڵقەی گوللە
بەقژ بەرەو ریزی زیل و
ریزی جاش
ریزی گوللە
بەکێش دەکرا.
کەس نەیدەزانی کابووسی ئەو خەونە تاڵە کەی دەڕوا
بۆ کوێ دەچێ؟
پرسیار لە شوێن تارماییی وەڵام دەگەڕا
سەرنج لێڵ بوو
بیرکردنەوە بەکێش دەکرا.
بەتەنیا هەر با و سەراب و تیشکی هەتاو
دەزانن و دەڵێن ئێمە چاومان لێ بوو
قەڵەمێکی باریکەلە

(١) ناوی ئەو ژن و کچە دیلە کوردانە بوون سەردەمی عومەری کوڕی خەتاب لە شاری مەدینەدا دەفرۆشران.

ماندوو.. ماندوو
بەقەڵەمباز ملی دەبردە پێشەوە
زوو دایبێنن
تا دوواین دڵۆپی چۆڕاوگەی رۆحی بخزێ و
خۆی رزگار کا
هەتا هێندە
مەرگی هەناسە نەنووسێ و
بڕیاری مردن تۆمار کا
*
هێشتا لاشەی کەڵەکەبووی دوا شەڕەکان
نەنێژرابوون
سێڵاوی خوێن نەنیشتبووەوە
زۆر تفەنگی رق لە ئازادی هەڵگرت و
زۆر دارعەسای دەستی دوژمن
زۆر قەڵەمی ملکەچ کرد و
جاڕی ئەنفالیان دەدا بە
گوێی شاری لە خەمدا نغرۆ و
گوندی لە ئازاردا نوستوو
هەرکە گوندێ دادەگیرا
هەرێمێ دەبوو بە زوخاڵ
ئەمان سەمای شیعرێکی تازەیان دەکرد و
پەراوێزی رۆژنامەیەکی رووزەردیش
خەڵاتی چەند دینارێکی
دەکردە مانشێتی هەواڵ
*

هەشت گەردەلوول
هەشت ئافاتی یەک لە دوای یەک
بەئازارتر
هەشت قەپاڵی هەشت دڕندەی
یەک لە دوا یەک
سامناکتر
مەرگی مەلو مۆری هەردوو مەرگی ئینسان
مەرگی جووتیاری چەوساوە و
مەرگی دەعبای جەنگەڵستان
پێکەوە بوون
قوڕەیش ئەمجارە گوڵبژێر
لە کیژە هەژارەکانی خێڵ ناکا
بۆ ئەم سەما ئەنفالییە
قوڕەیش سەرزەنشتی هەموو
مێژووی ئەنفالی خۆی دەکا
*
کە بینییان بە مەزەنەی درەختێکی
قەد و پەل و پۆ هەڵپاچراو
ماری پرچی شۆڕەژنان
ئاڵاونەتە گەردنی ساردی هەڵواسراو
نەیانزانی چۆن دەروازەی مەرگی هەمیشە واز بگرن
ڕێگەی سێڵاوی خوێن بگرن
بڕیاریان دا
لە بێخەوە گوڵەجۆی کەزیی هەموویان
گوڵەگەنمی پرچیان ببڕن.

که بینییان دەستی کوڕانی
بەرپشتێن ئاوەڵایە
سەریان نان بەنێوچەوانی زیلەوە
هەر بەجامانەکەی سەریان چاوی روانینیان داخستن

*

با و سەراب و تیشکی هەتاو
لە سووچێکی شەوگارەوە بەنهێنی
تارمایییەکیان پێ ناساندم
ناوم تەیموور[(١)]
خەڵکی گەرمیان
تەمەنم دە ڕێبەندانە
من شەهیدێکی زیندووی گۆڕستانی بیابانم
لە کۆڵی سوارێکی ڕەشپۆش دابەزیم و
لە بواری رووباری خوێن پەڕیمەوە
بە شوێن جوگرافیای سڕاوەی گوندەکانمدا دەگەڕێم
تەیموور ئێستا گلۆڵەی پڕ لە سوێی ئازارەکانی گەرمیان
بە چەپەری کوێستانەوە گرێ دەدا
ناتوانێ سەد و هەشتا و دوو هەزار دەنکە زەنگیانەی تیشکی سەرنج
بهۆنێتەوە
قرمەژنی گولله و هانای منداڵانی

(١) منداڵێکی ١٠ساڵانە بوو لە کارەساتی ئەنفالدا لەگەڵ خێزانەکەیدا گیراوە. لەگەڵ سەدان کەسی تردا زیندەبەچاڵ کراوە. بەڵام لەبەر زیتەڵیی خۆی لە کەناری ئەوسەری چاڵەکەدا بەبریندار هاتووەتە دەرەوە. هەر ئەو شەوە ماڵە کۆچەرییەکی عەرەب داڵدەی دەدەن و پاش تیمارکردن و خزمەتکردنی دەینێرنەوە بۆ کوردستان. تەیموور یەکەم بەڵگەی ئەو کارەساتەیە.

له گوێچکەدا
تێکەڵ بووە
نازانێ ئەو فرمێسکە وەریوانە
چۆن بچنێتەوە.
چاڵی قووڵی پشت ماڵانی دێکەیانی دێتەوە یاد
لەمسەری دێ، تا ئەوسەر
لەوێشەوە تا بەرحەوزی مزگەوتی دێ
بەمەزنە بەقەد پشتێنەی برینی هەڵکەنراوی سنگی رووتی
بیابانم دێتە پێش چاو
گەر بڕواش ناکەن، ئەوە هاواری ڕەشەبا و
سەرابی ناو بیابان و
تیشکی هەتاو..
هەتاو و با و سەراب وتیان:
تەیموور مەلێکی پێکراوی راوچیی سارایە
جێرنیکای چیرۆکی مەرگێ باس بکا
باس لە ئەفسانە و داستانی پێش خەیاڵی لە خاچدانی عیسا بکا
نوگرە سەلمان
ئافرەتێکی شاربەدەرکراوی عێراقە
بەتاوانی سەربڕینی ویژدانی خۆی
ئەو چنگی وا لەنێو لمی بیابانی باشووردایە
گۆڕستانی چاوەکانی
ئاڵای سووری کرێکار و
چڵەگەنمی پێدەشتەکانی باکور و
ئێسکی پیاوە زاناکانی پایەتەختی تێدا چەقێنراون

تا چاو برِکا سەراب دوورە
(عەجاج)[١] لەشكرى بە سامى سنووریِتى
لەودیو شوورا و دیوارى قووچ
چەند سەگێكى رەشى برسى
چاوەڕوانى مەرگێكى نوێى زیندان دەكەن
ئێستاكە نا، تاوێكى تر
یەكانەكان
فەرمانى مەرگى ناكاوى
ئەنفالێكى نوێ دەربكەن
(عەجاج) دەستى خوێناویى خۆى
بەداوێنى كچانى دیل سواخ دەدا و
سەرى بڕاوى ئەم دەنێ بەلاشەى بێ سەرى ئەودا
پەنجەى بڕاوى ئەو دەنێ بەشوێنپەنجەى دەستى ئەمدا
(عەجاج) شمشێرى هەڵكێشراوى قارەمانێكى سارایە
شەوگار دەداتە بەر تفەنگ
سەرى بڕاوى دیلەكان دەدوێنێ و
دەبێتە شاى نیشتمانێكى زەبروزەنگ
ئەم دەرگەیە ئاوەڵا كەن،
با منداڵە مردووەكانم بنێژم
ئەم دەرگەیە ئاوەڵاكەن،
با بۆگەنى ئەم مەرگەساتە تێپەڕ بێ
ئەم دەرگەیە ئاوەڵا كەن

(١) لێرەدا مەبەست لەو گێژەڵووكە گەرمەیە لە بیاباندا هەڵدەكا و زۆر كات شوێنى مەترسییە.

هەر سەعاتە نۆرەی مەرگی یەکێکمانە
ئەو دەرگەیە ئاوەڵا کەن
ئەو دەرگەیە
ئەو
پلووسکی چاوی بەگریان
بەهاژەی ئەو رووباری مەرگە نەدەچوو
چرای کوژاوەی روانین و شەکەتی گیان
بێ هێز.. لاواز
پرتەپرتکەر
هەر چیت دەکرد پێ نەدەبوو
هاوار.. هاوار
گەرمەشین و کۆتەڵی مەرگی ئازیزان
هەر سەعاتە
لە دووکەڵکێشی هەناسەی ئەملا و ئەولای مەرگێکی نوێوە هەڵدەچوو
لەو کوشتارگە گەورەیەدا
زەمین هێندە کرژ بووەوە
تۆ خۆت لە زەریای خوێنی هەموو کیشوەرەکاندا دەشۆرد و
دەستت لە دیواری مەرگی دنیا دەدا
ئاسمانێ پرسیاری فڕین
جەنگەڵێ وەڵامی دڕکاوی دەستە گێڕن
ئەو مازووی چاوە هەڵکۆڵراوانە
هەر ئێستاکە دۆزیومنەوە
هی دایکی کێ
هی برای کێ
چاوی منداڵی کامتانە؟

دەست بەسینەی برینی کچان و
قەیرەکچانی شەلاڵدا بگێڕن
ئەم تەنەکە خوێناوییە کەیلی چۆلەکەی سەربڕاوی
مەمکی شۆڕی دایکی کامتان، کچی کامتان،
یان دەستگیرانی فڕێندراوی کامتانە
ئەم زەمینە چەند بچووک دەبێتەوە
ڕەنگە ئێستا دیوارەکان بێتەوە یەک
چەند تەسکە ڕوانینی لێڵی ئەم جەلادە
چەند تیژە دەمی ئەم مەرگە
چەند بەرینە ئەم زیندانە
با و سەراب و تیشکی هەتاو
پرچی گڤە و پەرچەمی باق و بریق و
کاکۆڵی تیشک دەڕننەوە
هەریەکەیان بۆ یاداشتی ئەم خەزانە
پریاسکەیەک بیرەوەری و
خەرمانێ هیوای خنکاو و
کەشکۆڵی وشەی بەجێماو دەچننەوە.
ئەوان ئێستا
تیپێ سەربازی گومناون
لە گێژەنی بیاباندا،
لەسەر سنگی خۆڵاویی چەند تەڵە تیشکێ
بەکامێرای سامی مردن بە دزییەوە وێنەی گۆڕستانێ دەگرن
لەو چاڵانەی قووڵتر لە دنیای غەریبی سامناکتر لە نیشتمانی تەنیایی
لێژنەداری باریکەلەی چەند جەستەیەک
دەست و قاچی تێکەڵاو و

سەر و ملی تێکەڵاو و چاوی ڕوانینی تێکەڵیان
لە بەردەمی شۆڤڵێک و ریزێ تفەنگی لەسەرپێ
باڵیان لە گەرد و تۆزی هەرەسی خۆڵ و لم دەگرن

*

ئێوارە بوو
لە پرسەی شارێ هەڵدەستام
هەواڵی مەرگی گوندێکم دەخوێندەوە
کۆلانێکیان دەڕووخاند و
لاوێکیان تیرباران دەکرد
ئەو کاتە من لە زیندانیی ژمارە سفری
نیشتمانێکی سفردا بووم
لەنێو قوڕگی زیندانێکی گەورەتر و
(عەجاج)ێکی دڕتردا بووم
پشتێنێکی قەترانی،
بە هەر چواردەوری ئازادیمدا کێشرابوو
چوار تەنیشتی ماڵەکەمان بە جاسووس و
نیشتمانیش بە مەرگی مین چێنرابوو
لەبەر ئێستگەی چاوەڕوانیی
ئەمڕۆ و سبەیی مەرگماندا
هێشتا فەرمانی دەستڕێژی
دەیان هەناسە نەدرابوو
کۆڕژنی ئەسپی شیعری من
لەم کۆتەڵی ئەنفالەدا چی لە دەست دێ!
ئەوە نەبێ، لەسەر کۆڵی ماندووی خۆیدا
خاچێ لە ئێسکی هەمووتان

بۆ سبەینێ مێژوو هەڵگرێ
دەبووایە من لەم کەرنەڤاڵی مەرگەدا
بێدەنگ بم و
ئەم سێ میوانە ناوەختە
بە قەڵەمی تیشکی روانین
خۆیان هاژەی ئەم رووبارە ئەرخەوانییە و
ئەم چیرۆکی زیندەبەچاڵی رۆحانە
هەرەسی ئەم کێوە خەمە و
ئەم گێژەنی بیابانە بگێڕنەوە
لەگەڵ کۆستی هەر یەکێکدا
لاپەڕەیەک لە ئازاری مەرگەساتێ هەڵبەنەوە
من ئۆقرەی شیعرم هەڵگیرا
ئازار خەوی لێ تەراندم
ئەی تەتەری ئەم هەواڵە ئاگرینە
لە هەرسێکتان
لە پرچی ئاڵتوونی هەتاو
لە قژی ئاڵۆزکاوی (با)
لە ئەوینی سیحری سەراب
سڵاو.. سڵاو

## تراجیدیای مەرگی پاکیزە

ڕێی حەقیقەت بگرە، تا ماوی نەکەی لادەی لە حەق
حەق بڵێ ناحەق مەڵێ نەکەی لە حەق سەرفی نەزەر
ئاخـــری هەر ئەمکوژی نابێ لە دەســـتت دەربچم
ئەمکوژی! جار بەجەهەننەم وەی بە فیناری سەقەر
"شێخ سەلام"

ڕەنگە بەبێ شکاندنی تەلیسمی ئەم چارەنووسە
گوزەری خەیاڵ مەحاڵ بێ
هەتا ئەم کوورە ئاگرینەی ژیان بگرێ
دەبێ کاسەسەری هیوا و
ئەوینی مەرگی تێدا قاڵ بێ
مەرگ عەشق و
مەرگ ڕێگە و
مەرگ دواین تراجیدیا و
دواین کۆمیدیای هەواڵ بێ
تۆ بڕوانە
تیشکی ژیان چۆن دەیدا لە بەری دەستم
تریفەی خۆشەویستی چۆن
لە چاومدا دەبریسکێتەوە
هەموو ڕۆژێ بۆ عەتری ڕەنج
کازیوە لە خەو دەکەم و

به هەردووکمان هەوری شەوگار دەخەینە سەر
سەودا و کەڵکەڵەکەی سەفەر
هێشتا چەپکێ تیشکی خۆری بەیانییانم
لە پەنجەرەی ماڵەکەی خۆمدا نەدیوە
بە نیشتمانەکەم نامۆم
کەچی مێژووش بەخوێنەکەم
دێر دێر هەموو سەرکەوتن و
نووچدانێکی خۆی نووسیوە
درەختێکی چەند ساڵەی
بناری کێوی هەرەسم
هەر سیزیفێ سەرکەوتبێ
هەر گابەردێ داگەڕابێ
بیرەوەریی مەرگێکم و
کۆستێکی نوێی منی تێدایە
ئای لەو زام و ناسۆرانەی
(لە ئازاردا وشەم لە بیر دەبەنەوە)
لەو هەرەس و داڕمانەی
یەک لە دوای یەک
دواییی نایە
ئێوارە بوو
گەواڵەیەک هەوری غەمگین
کردییە چەخماخە و برووسکە
بە ئاسمانی خەیاڵمدا
لەوە ناچێ خۆش کاتەوە
ژوورە تەنیایەکەی دڵی من

ئەمشەو بەخوڕ
دڵۆپەی شیعر دادەدا
نیشتمانی ئەم خەمە ڕەنگاوڕەنگانە،
کە هەریەکە
بۆنی مەرگی ئینسانێک و
ڕێژنەیەک هیوای لێوە دێ
سەرگوزەشتەی ئیسماعیلێکی یاخییە
بەقای بەپاشگەزبوونەوەی ئیبراهیم و
فەرمانی مەرگی خۆی نییە
نێچیرێکی سرکی هەمیشە تەریوە
لە سەرابی سارای ڕەنگ و
لە ترپەی پێی هەر راوچییەک ڕاپەڕیوە
لەو نیشتمانە کابووسیەدا
من لە زامی پڕ سوێی خۆم و
قاقای تۆڵەی ئەهریمەندا
لە سەردەمێ رادەمێنم
بازی مەرگ بەسەرماندا دەخولایەوە
ژاڵەی ژیان هێندە تاڵ بوو
مردن لەودا دەتوایەوە
ئەو دەمانە گوندەکەمان
کچە قەرەجێکی سادە و ساکار
پێ لەناو چەمی ئەویندا راکشاو
تاجی گردێ بە سەرەوە
کوڕگەلی دێ، بە بازووی رەنج
کراسی سەوزی قەرسیلییان

دەکردە بەر
ملوانکەی گڵوکە سوورەیان
دەکردە مل
هەموو ڕۆژ
ئەم دەریا پڕ مروارییە
ماڵ بەماڵی
بست
بەبستی
دەبووە چقڵی ئەو چاوانەی
ئەو دەروونە قەترانییانەی
هێندە بەقین دەیانڕوانی،
خوێنی گەرمی لێوی گەست و
ئاگەداری دەکردنەوە
کاتێ فەرمانی سەرلەشکر
دووربینی لە چاوی تۆڵە
چاوی ماندوو دەکردنەوە
گوندەکەمان ڕۆمایەکی بچکۆلە بوو
لە ناوەندی پەیژەی کرمۆڵی ساڵێکدا
نیرۆن بەدەست و پەنجەی خۆی
یەکەم گوێسەبانەی گڕ دا
کچانی دێ
لە ترسی هۆردووی تاڵانکەر
دەموچاوی گوڵڕەنگییان
لە خۆڵەمێش هەڵدەکێشا و
لە خەڵووزانی دێی سووتاو

کراسی قەترانییان کردە بەر
خۆم لەوێ بووم
ئەوسا منیش
لەو نێڵەنێڵ و گڕەدا
خەمێکی هەڵکڕووزاو بووم
چاوی لە ترسا ئەبڵەقمان
دەست و پەلی هەڵلەرزیومان
ناوچەوانی لەنێو شەختەی مەرگ تەزیومان
وەک بارەکەو هێشتا باڵنەگرتوو
دەخستە ژێر کەوای ئاودامانی دایکی
بە سەرزەنشت و جنێو کاس
بە نووکی نێزە ریز کرد و
ئاسمان کراسی پرسەی پۆشی
ئەستێرەکان کز دەسووتان
بۆنی ئاگر
بۆنی مردن
بۆنی تاوان
ئەو چەشتەنگاوە غەمگینە
پوورەهەنگی وروژاوی
پیرەژن و پیرەبابی گاگۆڵ بەدەست
قریشکەی کیژی یەخسیر و
ڕێچکەی خوێنێ
بەر ئەم ماڵ و
ئەو کۆڵان و
سنگی خوێناویی ئەوانەی

دەدرانە بەر گوللەی ئەنقەست
دێ هەر ناڵە و هەڵقرچان و
هانای دەبرد
پشتێنی تانکی گەمارۆ
قەتارەی لەشکری تۆڵە
پەتی مەرگیان لە گەردنی خاچدراوی
گوندەکەمان توندتر دەکرد
*
گیانەلای دێ
دوا سلاوی پەنجەی چڵی
پیرەچناری کانی بوو
هەموو شت
هەرەس لە دوا هەرەس نوقمی
سووتانێکی قەترانی بوو
مەرگیان لەسەر هەموو توولەرێگەکانی دێ چاند
کۆڵەوژی ئەم دێ یان نا
بە چاوی حەپەساوی ئەو گوندەوە
کەڵەپشکۆی پیرەداری ئەم شێخەڵیان، نا
بە لووتکەی ئەو چیا و
ئەو قەدپاڵ و
دەربەندەوە
بەسەر بەردەبازی سەری
قرتێنراوی یەکتردا
بەرەو شاری لە خەم نغرۆ
نەک هەر شاری خۆی

دەروازەکانی زیندەگی
بەڕووماندا توند دادەخرا
شار ڕێبوارێکی نامۆ بوو
بۆ ئێمەی باڵ هەڵکڕووزاو
بۆ چۆلەکەی هەڵلەرزیوی مشتی رۆژگار
دوو چاوی زیتی هەڵۆ بوو
شار پیاوێ بوو زیت و وریا
خەممان هەمیشە عاسی بوو
لە روانینی دوو چاوی ژێر چاویلکەی لێڵ و بچووکیدا
گەڕەکی لێو قڵیشاو و
چرا تاک و تەرای قەراخ شاری سلێمانی
تاکە رۆشناییی گیانێ بوون بەڕاستی لە
حەسرەتی کۆچی شپرزە و
پوورەهەنگی ورووژاوی
خەمی ئێمەیان دەڕوانی
لەو کۆڵیتە پشت کۆماوە و
چاو هەمیشە شێدارەدا
بەسەر پەیژەی رۆژەکاندا
خەمێ دەستی خەمێکی تری دەگرت و
ئازارێ پەنجەی سۆزی
بۆ ئازارێکی تر دەهانی

*

ئەو کاتەی درەختی پەل و پۆ قژنی خاکی دڵمان
خەڵفێکی چەماوەی بالاّی غەمگینی پاکیز بوو..
جەستەی خوێناویی سەدەی بیست

٦٨٪ی دەکەوتە نێو
تەمتومانی مێژووەوە
لەو دەمەوە پاکیز چرۆی
گوڵەباخێکی گوێ چەم بوو
پێش ئەوەی گوڵ چاو هەڵبێنێ
پێش ئەوەی بۆن چەم سارێژ کا
لە دووربینی روانگە و قوللە و قەڵاوە
لە بڵندگۆی شەوانەی زۆر لە ماڵانی
دەست لەنێو دەست دوژمنی گەل تێکەڵاودا
شوێن و کاتی پشکووتنی
ئەم چرۆیە دەماودەم بوو
ساڵ مەلێکی ژێر بەردبارانی
راوکەر بوو
ساڵ ڕێبوارێکی دواکەوتووی
کاروانی بارگە و سەفەر بوو
ئێمەی پەڕ و باڵ هەڵکێشراو
دەروون پڕ داخ
ناخ چزکراو
پۆلە کەوی کەسیرەبووی
رۆژانێ بووین
ژیان قەفەز
رێگە تەڵە و داری ورد بوو
ئەو رۆژانە بۆ ئێمە
ئازارەکانمان بەقەد یەک باڵای خەممان لەیەک دەچوو
*

تازە شەقامەکانی شار
بە خوێنی ئاڵ سواخ دەدران و
بە کەللەسەری فرۆشراو
هەڵدەچنران کۆشک تەلار
گابەرد لە بەردی ئەوبەری
هەنگاو لە سیمای سێبەری
سەر لە زمان
زمان لە گیان سڵی دەکرد
هەر کەسێ پێش خوانی ئێواران
یاداشتی وەسیەتێک و
نوێژی گومانی خۆی دەکرد
هاژەی خوێنی برینەکانی نیشتمان
دەکرا بە ڕاپۆرتی شیعر
هەر قەڵەمەی چەپڵەی خۆی لێ دەدا و
هەر هەژارەی سەرەی بۆ مەرگی خۆی دەگرت
ئەوسا وا بوو
لەسەر گۆڕی جوانەمەرگی شەهیدان
یەکێ سەما لەگەڵ مەرگ و
یەکێ سەمای لەسەر جەستەی
ئەتککراوی خۆیی دەکرد

*

ئەی مێژووی خەڵتانی خوێنم
گەواهی ئەو شەکەتییەیت
لەساڵی چوار وەرز یەک ڕەنگ
ڕۆژگار پوورەهەنگێ ڕەنجمان دەدا و

شەوگار کەلاکێکی ماندوو
بێدەنگتر لە هەڵهاتنی ئەستێرەکان
هێمنتر لە ئاوی کانی
دڵنیاتر لە کۆتری تاقی مزگەوت
کەچی تارمایی شمشێرێ
لە ئێسکمان هەسان کرا و
هەر شەوێ
شەو ناشەوێ
هەر ساتێ
سات ناساتێ
هەر تاوێ
تاو ناتاوێ
میلی پرسیاریان بەدوو چاوی روانینماندا دەهێنا
– کێتان دەوێ؟
– مەرگمان دەوێ!
– مەرگمان دەوێ
– مەرگمان
– مەرگ
– مە
– مەرگ دڵنیاییبەخشە بۆتان
لە نێوان دوو رەنگی جیادا
لە نێوان دوو دەنگی جیادا
کێتان لە کێ خۆشتر دەوێ..؟
– مەرگ
مان

ده

و

ێ

– مەرگمان دەوێ

*

هەمیشە زەلکاوی ئەو شەڕەی لە نێوان دوو کەناری جۆگەیەکدا

بەرپا بووە.

هەرێزی پەنجەی یەهوودا و ناوزڕاوی قەڵەمی دەرباری تێدا گەورە بووە.

ئەم دیرۆکە،

ئەم رووباری خوێنە

ژەنگی لووتکە بە لووتکە،

شاخ و گوند بەگوند،

هەرێم و بست بەبست بە ناخی ئێمە هەڵهێناوە.

ئەم دیرۆکە

لەگەڵ گەرا و

سەرەمێکوتەی زەلکاوەکانی قەڵەم و

دەفتەری سەرماندا زاوە.

ئەم چیرۆکی تاوان لە جەستەپۆشینە،

نە شەڕی نێوان دوو ئاوزە،

نە دوو کیشوەر

نە دوو وڵات

نە دوو چینە

ئەم چیرۆکە

هاژەی خوێنی نیشتمان و

خەنجەری ژەهراویی دەستی

دوو برای نێو جەنگەڵستانی گومانە
ئەم زەلکاوە
ئەم ئاسمانە بۆگەنە
ئەم نیشتمانی برینە
تا چاو بڕکا تەمتومانە
*
ئەوان زەلکاوی قینێ بوون
بە پولسکی روانینیاندا تاوان دەڕژا
زووخاوی زنەی سەرێ بوون
بەسەر دەم و برۆی تووڕە و
دارستانی ریشیانەوە
ژەهری تۆڵەیان لێ دەزا
شەو ناشەوێ
سات ناساتێ
تاو ناتاوێ
لەو کۆڵیتە غەوارەیەی ئەوپەڕی
شاری نوستوودا
بەو گۆچانەی بەپەنجەی نیگەرانی نەخش دەکرا و
گورزە
گورزە
بە دیاری
بۆ پیاوانی ئاسایشی ئەتککراوی شار دەبرا
بە نەعرەتە و نرکە و ناڵەی شڵەژاویان
تۆزی بنمیچیان دەورووژاند
ئەوسا ئێمەش، وەک گەردێکی ئەو دیمەنە

چارەنووسمان لە بۆشاییی ئەو ڕۆژەدا
بەبێ ئاسۆ سەمای دەکرد
چاوەڕوان بووین
سات ناساتێ
تاو ناتاوێ
کرێوەی ئازار لە کوێوەی
ئەم زیندانە تەنگە هەڵی دەکرد
بەڵێ یاسا
کەڵەشێرێکی نەخۆش بوو
لە منارەی قووچی ئەواندا هەڵدەنیشت
سبەینان زوو بۆ خەڵک و خوا
بانگی ناهەقی هەڵدەدا

*

تا ڕەنگی ئێمە لاوازتر
دەنگی ئەوان دڕتر دەبوو
تا سفرەی ئێمەی خاڵی تر
کاسەی ئەوان پڕ لە زێڕ دوورتر دەبوو
تاکە شتی گیانمان بدا با با–ی چارەنووس
کڵاومان بابردەڵەتر
چارۆکەشمان شڕتر دەبوو
تاکو دەهات ڕۆژانی ئێمە تاریکتر
شەوگاری ئێمە بەسامتر
هەتا ڕۆژێ
ریزێ قەرەوڵی تفەنگ
لە دوا شوێنپێی

مەلایەکی دەم گوێزانی
مەچەک سپیی برۆ پڕدا
کۆلانیان گرت
سەربانیان گرت
هاتنە ژوورێ
بێ پرسیار
بێ وەڵام
بە ڕۆژی نیوەڕۆ بەزۆر
شازدە وەرزی عومری پاکیزە لە چەقۆی
بەرپشتێنی جەردەیەکیان
مارە بڕدا
ئەوە کەڵبەی گەلەگورگێ
ئەوەش کاریلە ڕەشکەلەی
بەرچەپەری کۆڕی لادێ
ئەوە قامچی بەسوێی گیانی
ئەسپە بیرم
راستم
چەپم
هەورە سکاڵای
زەوی
ئاسمان
ئیقلیم گیرم
پاکیزە وەکو مۆمی شەوی چاوەڕوانیی دەم ئێواران
گڕی نامۆی لە شەوێکی نوێ بەردەدا و
بە دیاریەوە دەکوژایەوە

چاوەڕوانی سەرابێ بوو
بۆ دیدەی ڕێبواری تینوو
سێبەرێ بوو
لە بیابانی ڕۆژگاردا
بۆ کاروانێکی زۆر ماندوو
شەست شەو پاکیزە
شیرینێکی بێ فەرهاد و
فەرهادێکی بێ بێستوون بوو
ئەو لە قریشکەی ئەو کێوانەدا داچڵەکی
گوللەیان تێدا دەچێنرا
بەو گۆڕستانە نامۆ بوو
هەر ڕۆژێ بەیداخێکی
خوێناویی نوێی تێدا هەڵدەکرا
لەو ئەلبوومانە ڕەشبین بوون
هەر ڕۆژەی وێنەی پیاوێکی
دەستەمۆیان تێدا هەڵدەگیرا
ئەم وای دەویست
کەچی دیواری قەدەخە
لە نێوان ئەم و ویژدانی بزێویدا
بەرەو ژوورتر هەڵدەچنرا.
ئەو نامۆ بوو
وەک ئەو مەلە شاخاوییەی
دوای ترازانی دەرگەی قەفەزێکی زیوین
هەڵدەفڕێ و بیرت ناکا
ئەو نامۆ بوو

وەک ئەو وەنەوزی ئەو خەوانەی
لەسەر سەرینی دڕکەزیی باسکی ناحەزێ هەڵناکا
ئەو گوڵێ بوو
لە ئینجانەی ئاڵتوونی هاوسەرەکەیدا
تینوویەتیی بەهەتاوی دیل نەدەشکا
ڕێبوارێ بوو
متمانەی بەئەستێرەی کاروانکوژەی شەو نەدەکرد
سەفەرێ بوو
لە زەمەنی گەڕانەوەی تاوانێکی تر دەترسا
ئەو دیلێ بوو
بۆ فڕێدانی ئینجانەی
بەزۆر ئەوین تێدا نێژراوی
ڕەنجی فەرهادی دەکێشا
(شەوگار پرچی دەخستە بەر شانەی زریان
ڕێژنە بەخوڕ دادەچۆڕا
چەخماخەی هەور
گەڵای وەریوی پەژموردە
پێکدادانی تارماییەکانی سەرشەقام
تەپەی هەنگاوی خواروخێچ
هانکەهانکی ئەسپی ورە شەکەتەکان
لە نێوەندی شەقامی ڕەش داگەڕاودا
چوار تارمایی
چوار کابووسی شەلاڵی نێو ئارەقەی ماندووبوون و شەرمەزاری
تەرمێکی شۆڕ وەکو تەرمی شارایەک گوڵاڵەسوورەی بەر مەزرای دێ
لە سەرشانی پەشۆکاویان

ترس له هەنگاو ئالاویان
خوێن لەبەر پێیاندا دەچۆڕێ
گۆلاوەکانی سەر ڕێگە
دەمیان ناوە بەچۆڕاوگەی دە پەنجەی شل
دە پلووسکی سەرەوژێری تارماییەک
پاکیزە ئەندێشەیەکی شپرزە و بیستنێکی بێ
مەبەست و دەنگدانەوەی سۆزی خۆی بوو
له بەر دەرگەی بەشەوقی نیگەرانیدا
نیگای سەرنجی خستە سەر تارماییەک
وەک نێچیری کوژراوی دەستی ڕاوچییان
شەلاڵی خوێن لەنێو تەونی بە ترس چنراوی ڕێگەدا
لەژێرەوە
هەنگاوەکان تێک دەئالان
بەر لەوەی خۆر یەکەم گزنگ با له دەرگە تفەنگی ڕۆحی لەسەرپێی
چەخماخەی خورپەیەکیدا
ئیتر بوو بەپەیامبەری یەکەم هەواڵی کۆستی نوێی.

*

ئێستا پاکیزە
بەنووکی شەنی ژانەکان
پرزۆڵ پرزۆڵ
خۆڵەمێشی مەرگی لەسەر هەیوانی دڵ کەڵەکەبووی
بەبا دەدا
لەبەر خەزانی پایزی ئەم عومرەدا
با دەیهێنێ و دەیبا

مەرگ وا بوو
تەوری مردن درەختی دوو پەلی دڵی
هێشتا سارێژنەبووی قەڵاشت
لەو ساتەوە لاشەی کوژراوی هاوسەر و
تەرمی دوو مانگ بیرەوەریی
پێکەوە ناشت
ئەو لاسکی باڵای خەمی
بەدەم کەروێشکەی ئازارەوە
لە دەمی مەرگ دەخزا کاتێ داسی مردن
لە دروێنەی دڕکوداڵی ئاپوورەی ئەو
تاوێ بە بەژنیدا هەڵدەزنا و
تاوێ دەهاتە خوارەوە
بەڵام ئاخر مەرگەساتە
لە ترۆپکی ژوور هەورەوە
گاشەبەردێ هەرەس بێنێ
مەرگەساتە
لەنێو جەنگەڵ و زەبەندا
بەنێو مین و لە تەلبەندا
گەلەگورگی ئەفسانەکان
هەستنە سەرپێ
هەریەکە لوورەی گۆرانی
بۆ نێچیرێکی خۆی بڵێ
پاکیزە وا بوو
باڵی قەقنەس هەناسەی بوو

گوڵە ئەستێرە چاوانی
زامی بەقەد گومەزی کاک ئەحمەدی شێخ
ژانی بەقەد ڕەشەباکەی سلێمانی
ئەندێشەی وەک رەگی داچووی دارگوێزی حەوشەی خانەقا
لەم شەڕی ساردی خوێنەدا
لاوکێ بوو.. حەیرانێ بوو
وەک سەربازی ون
دەجەنگا
*
لە نیشتمانی یەخسیردا
چاوی کۆیلە هاوولاتییە یەخسیرەکان
چەندە لە ئازاردا بێ تین بوون،
هێندەش بۆ دەستی میرەکان
قوللە و روانگە و دووربین بوون
سنوورەکان بەئەڵقەی چاو تەنرابوون
ئاسمان قەفەز
زەوی قەفەز
بەلام دەنووکی خوێندنی
باڵی خەیاڵی فڕینی
هەتا بڵێی
فراوان بوو
ئاوەلا بوو
ئەم دەیویست گیان بکا بەبەری وشەدا و
مانایەک بدا بە ژیان
ئەوان چەخماخە و گڕێک بوون

له هەر چوار وەرزەی ساڵێکدا
هەر رۆژە پووشووی ئەوینی
پۆلە کیژێکیان دەسووتاند
رازی نەبوو
لەژێر بریسکەی شمشێردا
چۆک دابدا
ملکەچ بکرێ
رازی نەبوو بڕیای یاسای جەنگەڵێ
ئەمجارەش پەنجە بۆ ئابڕووی
رۆژانی ئایندەی بەرێ
بەدگومان بوو
له بانگەشەی شەڕ و ئاشتی
میکرۆفۆنە ژەنگگرتووەکان
لەو ماڵانەی بەدمەست بوون
به خەنجەر و تفەنگی هەڵواسراو
بەدگومان بوو
لەو ڕستە و دێر و وشانەی
له لمی بیابان دەچوون
بەگوێچکەی ئەم نامۆ بوون
به زمانی دایک نەبیستراو
بەدگومان بوو
لەو لاپەڕە و لەو قەڵەمە ڕەنگ سوورانەی
به ژێر چەم و
کەپکەشاخ و

کوێرەگوندی سەر نەخشەکاندا دەکێشران
بەدگومان بوو
لەو هێما و دەست و پەنجانەی
بۆ ماڵی کلۆم دراو و
بۆ گەڕەکی حەپەساو و
شەقام و کۆڵانی ترساو ڕادەکێشران
بەدگومان بوو
لە گومان خۆی

*

ڕەنگە ئەوسای لە خم نیشتوو
ویژدانی بەستەڵەک ئاسای
ئاوزەی یاسا و
چاوی گەرد لێ نیشتووی مێژوو
لە نێوان داس و گوڵەجۆ
لە نێوان ڕاستی و درۆ
لە نێوان قین و ئەوین
لە نێوان چەقۆ و برین
تەنیا دزەرێیەک مابێ
بە فەرمانی چەخماخەی عەشق
ڕێگە بەچۆڕاوگەی بیر و
باڵی سەربەستی درابێ
ئەی ژاندارکی مەرگ لە کۆڵکردوو
لە وڵاتی مارگرێت(*) و

(*) مارگرێت یەکەم ژنە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوولی باشووری کوردستانە.

هەڵوەرینی گوناهە پاکیزەییەکان
کە چارشێو بوو بەتارمایی چاوەکانی (زێڕینەتاج)[(١)]
گوڵە ئەستێرەی ئەوینێ کەوتە فڕین
زەنگی دنیای خەوی تەران
ئیتر هەموو دەبینە گوێ بۆ بیستنی
هاڕەی شووشەی دڵی سوڵتان
لەسەر بەردەنووسی زەمەن ناخوێندرێتەوە
ئەم دیرۆکە ژەنگاوییە ڕەنگ بەردینە لە یەک ساتدا،
چونکە ئێمە هەر سەرێکمان دوو خەیاڵ و
هەر دەمێکمان دوو مقەست و
هەر چاوێکمان دوو ڕوانینە لە یەک ساتدا
تۆ بڕوانە لەم دیرۆکە
بە شوێن گالیسکەی مێژوودا
سەدەکان پێشبڕکێیانە
شۆڕەسواری جبە بەشان
بەسەر کۆڵی ئەسپی سەدەی ناوەڕاستدا
دەڕوا بەسەر لاشەی ماندووی سەدەکاندا

---

(١) زێڕین تاج (قرة العین) ساڵی ١٨١٤ لە قەزوین لەدایک بووە، زیرەکی و جوانیی ئەم ژنە ناوبانگێکی تایبەتی بووە، ژیانی لە کەربەلا و بەغدا و شام و هەمەدان و تەورێز بەسەر بردووە خاوەنی بۆچوونی نوێیە لە شەریعەتدا. لەبارەی چارشێو (حیجاب) و تەلاق و مەسەلەی ئافرەتانەوە زۆر دواوە و داکۆکیی لە ئافرەتان کردووە. بەهۆی بۆچوونە دژەکانییەوە خەڵکێکی زۆری لێ کۆبوونەتەوە. پاش خەباتێکی تیۆریی زۆر ساڵی ١٨٥٢ فتوای کوشتنی خۆی و مریدەکانی دەدرێ. لە شاری تاران گیراوە و ڕیوایەتی کوشتنەکەی بەزۆر شێوە باس دەکرێ وەکو گرێدانی پرچی بەیاڵی ئەسپەوە و دواییش سووتاندنی بەزیندوویەتی یان بەفەرمانی شاه. لە بیرێکی قووڵدا زیندەبەچاڵ کراوە.

ئێستا لەنێو تەپوتۆزی شۆڕەسواردا
بۆ ئەم شەوە
ئازارێکم بەشوێن بریندا دەگەڕێم
شەو بوو
شەوگار پرچی قەترانی لە بەردەم
ئاوێنەی گوڵە ئەستێرەی ئەم شەوەدا دادەهێنا
وەنەوزی خەو لە چاوی شاردا دیار بوو
تا چاو بڕکا هەر چوارلامان
هێمن وەکو
شوێنەواری گۆڕەپانێکی کوشتار بوو
دە گورگی هار
دە بەرازی خیشکردووی نێو
جەنگەڵەکانی نیشتمان
دە ئامێردی دەموچاو شاراوەی ژێر جامانە
هێواش هێواش
پێیان لەسەر هێلکەی دڵماندا دادەنا
سەنگەری چۆڵ
دەرگەی واڵا
گیانی نوستوو
جەستەی ماندوو
لە کولانچکەی ژووری بێ دەرگە و پەنجەرەی دڵمانەوە
لەسەر سەکۆی بەردەڕێژی سەرینی ژێر سەرمانەوە
لە ئاسمانی بە تریفە و گوڵە ئەستێرەچنی دەورمانەوە
هاتن وەک گەلەگورگ
بات لەڕانی گوندی بنار

هاتن وەک داکردنی تەرزەی بەهار
هاتن
هاتن
سەریان نوقمی گۆلێ چلپاو
لەشیان لە پاڵ ئاودەستخانەی بەتەیمان و
گوێنی تەنراو
دەستیان لەسەر پەلەپیتکەی
بۆ مەرگ ئاواڵەکراو
تا دەستنوێژیان بەخوێنی پاکیزە نەشت
هەتا تفەنگی ماندوویان
دواین گوللەی ئیستی نەکرد
بڵاوەیان بەبێدەنگی و
دەستیان لە دەسترێژ هەڵنەگرت

*

مەرگ وا بوو
پەپوولەپایزەی هەواڵ
لە درەختی پەلوپۆ رووتەڵەی دڵمانەوە
بە هانەسەی وردە خەمێ کە لە ترسی
شەوانەی منداڵیمان دەچوو
گەڕەک بەگەڕەک دەگەڕا و
دەیدا لە دەرگەی ماڵە و ماڵ
ئەو شیعرێکی غەریب بوو
بە ئاوزەی ژەنگاویی میرزاکان
فەرهەنگێ بوو وشەکانی مانای جۆراوجۆریان هەبوو
وەک هەزاران کەزییە شۆڕ و پرچ هەڵەکۆک

وەک هەزاران
هەڵۆی شاباڵ هەڵکێشراوی
لە قەفەزی ژیان یاخی
بۆ دیلیەتیی دەستەئێخە و
بۆ ئازادیی عەشق هەتا هاتنە سەر چۆک
گەرچی مەرگ سەرەتای نووسینی
ئەم داستانە غەمگینە بوو،
کە دەبوایە قرمەژنی ئەم تفەنگە ژەنگاوییانەم
بە قەڵەمێکی کۆمێدیا بنووسیایە
لە جێی مرواریی هەر خەمێ
لەسەر لێوی هەر یەکێکتان
زەردەخەنەیەکی نەفرەتم جێ هێشتایە
پێش ئەوەی سوێی ئازاری ئەم
مەرگە ئەرخەوانییە بخەمە نێو هاواری شیعرەکانمەوە
پێش ئەوەی جەزرەبەی رووحم
بەستەڵەکی ئەو قەتماغە خوێنە بکا
بەتەمتومان لە قەڵەمەکەم داچۆڕێ
پێش ئەوەی ئاوزەم لە تابلۆی
هونەری مردن بگۆڕێ،
ئەستێڵکی ئەو تاوانە
لە دەروونمدا پیشی دەخوارد و هەڵدەچوو،
کە ژانی هەر مچوڕکەیە دەیهەژانم
دەستم دەدایە تفەنگ، پشتێنی گوللەم دەبەست و
کەناری بیر ژەنگە سەودای
تۆڵەی لە دەستدا دەسەندم

ئەو گڵوکە سوورەی وەرزێکی تازەی مێژوو بوو
مەرگ وا بوو
خوێنی هەموو پاکیزەکان
بۆ ڕێبواری سەرەتای ئەم قۆناخە نوێیە توێشوو بوو
ئەوسا دووکەڵی کارگەکان
وەک هەناسەی دووکەڵکێشی
زستانی ماڵێکی هەژار
وەک هی ماڵە پۆشتە و پەرداخەکانی گوند
نەدەگەیشتە لووتکە و بنار
ئەوسا جووتیاری دەست و گۆنا و پێ قڵیشاو
نامۆ بوو بەهارەهاڕی فابریقەکان
غەڵبەغەڵبی کووچە و بازاڕ
ئەو سەردەمە هەڵۆی شاسوار
ڕێبوارێ بوو
ماندوو
شەکەت
هەناسەسوار
ئەوین دڵێکی بچووک بوو
ڕاڕا
تووڕە
ڕەنگ زەرد
ساکار
خەم سەرچاوەی
لە ئاوەڕێژ و پلووسکی
کۆشکە بەرزەکانی شارەوە و

گوێسەبانە نزمەکانی لادێ دەهاتە خوارەوە
داڵی مردن هەمیشە چاوزیت دەیڕوانی
تەتەری دوێنێ بۆ ئەمڕۆ و
ئەمڕۆ بۆ سبەی هەواڵی کۆستێکی تازەی دەهانی
پشتی ڕەنج و هێزی بازوو
ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ماندووتر و
شەکەتتر بوو
مەلی ژیان دەستەمۆتر
بەڵام گورگی چەوسانەوە
سات لە دوای سات
کەڵبە تیژتر، دڕتر دەبوو
ئەو پەنجانەی لە مەرگی خۆ هەڵدەبران و
بەگژ ئاوێنەی چارەنووسدا دەچوونەوە
ئەو چاوانەی لە مەرقەدی پیرۆزی خێڵ یاخی دەبوون
هەر شەوگارەی لە کەنار ڕۆخانەی شارێک و
کونجی تاریکی کۆڵانێ
ڕووبەڕووی مەرگ دەبوونەوە
ـ ئەی درەختی پەلوپۆ خوێناوی!
بەر هەرەسی ئەم بەستەڵەکی ڕوانینە
بەختەوەری
بە پێوە مردنی ئێوە
لەوەدایە، هێشتا ئەوین وەکو چاوانتان سەوزە
هێشتا ئاسۆ ئەرخەوانی و
ئاسمان شینە

*

# ژنێ لەوپەڕی جوانیدا
# یان دەروازەیەکی تر بۆ مێژوو

بەشی یەکەم

## قەفەزێ بۆ گومان
## قەفەزێ بۆ فڕین

زیوە خۆرێ
شەپۆلی تیشک
بەسەر زەمین پەخش دەکا
شەختە نسێ،
دەروونەکان ڕادەماڵێ و شایی،
گەرمەخوێنی گیانی دڵدارەکان
گەرم دەکا
ڕۆژان خۆری گەشی بیر و
شەوانە ئاڵتوونە مانگی
شار و لادێ ئامێز دەگرێ
ئەو هەتاوە
ئەو خوێنە گردە.....(ئەوینە)
وەک ئەستێرە پرشنگ دەدا و
وەک دەریا ناخی قووڵە و
وەک زەوی

ئاسۆی سنووری بەرینە
ئاسۆگەی ئەو خوێنە گردە
پەلکەزێڕینەی ڕەنگەکان لە پشت دەکا و
یاری بەئاونگی حەزی بەیانییانی ئینسان دەکا
تا ئەو دەمەی ڕەنگێکی لاسار یاخی دەبێ و
ئیتر هەموو ئەو ڕەنگانەی
تاکو ئەوسا دۆش دامابوون
هەریەک بەجیا
بە دەست و پەنجەی حەپەساو
بۆ سێبەری کۆتکراو
ملی بەزۆر کەچکراو
چاوی ترساوی خۆی دەبا
(هاژە) کچە هەژاری قاڵبووی ژیانی
کوێرەوەری و نەهامەتی
برژاوی دەستی ڕۆژگار بوو
ئەوین ترۆپک و لووتکە بوو
ئەمیش پێدەشت و بنار بوو
ئەوین دەریایەکی بەرین
هاژە لێوار و کەنار بوو
بیری ڕوونی هەمیشە قووڵ
دوارۆژێکی خۆرئاسات تێدا دەبینی
لەگەڵ بادا چاوەڕوان بوو
لەگەڵ گزنگدا پاسەوان
(خۆشەویستی) نیشتمانێکی ئازاد بوو
سات لە دوای سات

کانیی تازەی تێدا هەڵدەقوولان
کانیی هیوا
کانیی حەز و خۆشەویستی
ناخی هاژە
پەڵە هەورێکی توورە بوو
بەئاشکرا دادەباری بارانی
(کامیار)
پەر
ستی.

*

چێشتنگاوی ئەمڕۆ
هاژە چرای ڕەنگی
لە ئەستێرەی ڕۆژانی زوو
زۆر گەشتر بوو
چاوەکانی بە کل ڕشتن
مێخەکبەندی لە مل کرد
ئەو ڕۆیشت بەدوای خۆیدا
جوانی سروشتی کێش دەکرد
بەرەو ژوان
بەرەو تێکەڵبوونی دەنگ و
هەناسە و گیان
سروەی ئاوازی دەروونیان
چەپک.. چەپک
گوڵاڵەی هیوای دەچنی
خۆری هێشتا خەواڵووشی

دەبزواند و...
لە گزنگی ناخیشەوە پێ دەکەنی
وەک دوو کۆتر
دوو مەلی تیژ
دوو باڵداری هەناسەسوار
ئاوا بوون و
خورپەی حەز و ئەوینیشیان
دەخستە نێو نیگای ڕێبوار
سەمای گیانیان
سیمفۆنیایەکی ئارام بوو
لەبەر شەپۆلی ئەویندا
پێیەکیان لەسەر ئاسمان و
پێکەی تریان
لەسەر زەمیندا دادەنا
هەموو گیانیان
بزە و... خورپە
جووڵە و هەستی،
هەنگاوەکانی سەر ڕێگە
لێیان دەتکا خۆشەویستی

*

سروشت وەرزی پایزی خۆی کردە شایەت
شەقام پیرەداری ڕۆخی کردە شایەت
خەڵک چاو و بیر و گوێیان کردە شایەت
بۆ ئەم عەشقە
بۆ ئەم داستانە نەمرە

بۆ ئەم کاسە
تا سەر لێوان پڕاوپڕە

*

عەشق وایە
سەرەتا.. یان باخچەیەکی زەرد و ژاکاوە و
ئینسان دەیکا بەچێنگەی شاخ
یان هەر ئەزەل، کەرێشکەی مێرگێکی سەوزە
جوانیی ئەوە دەکرێ بە ئێخەی دڵداردا و
بۆنی ئەویشە، کە دەدرێ لە کچە درەختی گوڵەباخ
ئەوان دوو پەڵە هەور بوون
شنەبایەکی ئێوارە لە ئاسمانی لە ژوورسەری هەمووانەوە
جارێ هەڵاوێردی لە یەکتر دەکردن
جارێ ئاوێتە دەبوون و لە ناو یەکدا دەتوانەوە
ئەوان عاشق بوون،
وەلێ عەشق
وەکو چاوی منداڵ لەسەر ستوونێ ئۆقرە ناگرێ
رێک کەوێکە ئەو رۆژەی باڵی هەڵکێشرا
بیر لە زێدێ دەکاتەوە خۆشی بوێ
ئیدی هەر چرکەیەک میلی خۆشەویستی سووڕا
بێباک قاسپەی خۆی بۆ دەکا و بۆی هەڵدەفڕێ
عەشق وایە
نە ڕەنگی پێست
نە زمان و
نە غەریبی و نە نیشتمانی هەیە
ئەو شتێکە وەکو باران

وەکو هەور
وەکو شەوبا
بێ پرس خۆی بەماڵی خورپەیەکی تازەتری خۆیدا دەکا
ئەوان ئێستا وەک دوو پارچە، بەردی لکاوی گابەردێ
گەر رێک کەوت بێڵێ تا ئەبەد
بەو شاخەوە دەست لەناو سنگی یەکتردان
گەر واش نەبێ وەکو دوو تامی دژ بەیەک
لە ناو ماچێکدا لەیەک جیان
ئەوان وا بوون
بە دەم حەزێکی شێتەوە ڕۆیشتن و
لەو ساتەوە...
لە شەقامی سڕ ئاوا بوون و
سێبەرەکانیان بوو بەیەک
زەوی پازدە خولی بە گۆی خۆیدا خوارد و سووڕایەوە
پازدە شەوی پرچ درێژی پایز رۆیشت و
پازدە جار خۆری ئاسۆی گەش کوژایەوە

*

هێشتا نامەی درەنگ وەختی کچە عاشقێ
دەرفەتی بۆ نەڕەخسابوو بگاتە دەستی دڵدارێ
هێشتا پیرێژنی جادوو نەگەیشتبووە
لێکدانەوەی داستانی خەوبینینی کچە عازەبی جووتیارێ
هێشتا پەنجەی ئاڵۆزکاویان لە چاوی خەڵکدا هەر وەک خۆی
یەکێ نەفرەتی دەکرد و
یەکێ هەناسەی خۆزگەی هەڵکێشا بۆی
هێشتا زوو بوو

بەڵام لە پاش ئەوەی سیمای قەبەی
ئەو ئاگرە
ئەو کڵپەیە
چاوی خەواڵووی نووچ پێ دا و
کاڵ بووەوە
لە پاش ئەوەی
نێڵەی دەروونی سەرەڕۆی
ئەم جیهانە بچکۆلەیە دامردەوە
ئیدی هاژەی تیشکە ئەوین
سێبەرێک بوو بەشوێن هەنگاوی کامیاردا
کەنارێک بوو
بەشوێن شەپۆلی رووباردا
لە خامۆشیی چاوەکانیدا
رەشەبا بوو
لە ماتی رەنگ و سیمایدا
رێژنەبارانی بەتاو بوو
وەکو چڵی پشت کۆماوەی،
درەختێکی بەر ڕەشەبا
چەمایەوە و هانای دەبرد
هاژەی عاشق
هاژەی دڵدار
گلۆڵەیەک تارمایی بوو
لە خێراییی چرکەیەکدا
دەمرد، دەژیا
دەژیا، دەمرد

هـاژه:

هـانام كامیار
بیرمان ئەشكەوتی نسێ بوو
چاومان تارماییی نیوەشەو
دەستی حەزمان سروەیەک بوو
گیانی سڕمانی كردە خەو
هـانام كامیار
لە ڕۆژی وا شووم و
چوار پەل بەستراودا
لە ڕۆژی وا خۆرگیراودا
خەنجەری مەرد
دەبێ كێلان جێ بهێڵێ و
لەگەڵ تیشكی خۆری گەشدا
سەما بكا
هیچ سەرمایە و....
هیچ سامانێ
بەقەد وەفا دڵسۆز نییە
تەنیا وەفا
تەنیا وەفا

كامیار:

پەلەكردن ئەسپی سەركێشی زریانە
بەرەو لووتكەی مەرگمان دەبات
ئەوەندەی تر
نغرۆی ڕنووی خەممان دەكات

هاژە:

بەڵام کۆمەڵگە و ڕێساکان
گاشەبەردێکی خزیوی
چیایەکە و ڕاناوەستێ
لە چاویاندا
ئابڕووی ئافرەت
گوللەیەکە، کە تەقێنرا
ناگەڕێتەوە نێو تفەنگ
ڕووبارێکە، گەر بەجۆگەیەکدا داگەڕا
ناگەڕێتەوە سەرچاوە
مردوویەکە
پێی لە ڕۆخی ژین خزاوە

کامیار:

پەشیمان نیم لە وەرزی سەوزی ڕابردوو
بەڵام ئەوین سەراپا حەز و ئارەزووی
ئینسانێکی لێ پێک نایە
بیرکەوە، هاژە
باپیرانمان گوتوویانە
بەگوڵێکیش بەهار نایە
ئیتر ئەوین لە چاو سووڕانی زەمەندا
دەبێ چی بێ؟

هاژە:

خۆشەویستیی کانییەکە
بۆ تینوویەتیی ڕێبواری ڕێ
ئاسمانێکە

بۆ هەتاو و کازیوەی نوێ
خۆشەویستی
ناونیشان و
گلێنەی هەردوو چاومە
لەوانەیە بتوانم چاوم هەڵکەنم
بەڵام کۆمەڵ
گورگی یاسا ژەنگاوییەکان
پڵنگێکی بریندارە
مرۆڤێکی داخ لە دڵە
چاوی زەرقای یەمامەیە
تا چاو بڕکا
زێیەکی سەرشێتی هەڵچووی
بێ بوارە
کامیار:
من هەرزە بووم، ئەو خەونە بزڕکاوانەم
وەک گیانەڵای نێوان ژین و مەرگ وایە
من ناتوانم
لە پێناوی ئافرەتێکدا
لەم ژیانە
لەم زریان گەردەلوولە و پەشێوەدا
ئەنجامی خۆم
بخەمە دەست
ڕەشەبایەک
حەز ناکەم چیی تر دەربارەی
خۆشەویستی و

کۆمەڵ و
هیوا و... تۆ
بدوێم
گیانم ناکەم بەقەڵغانی ئەو ئازارە
دڵم ناکەم بە پێوەندیی ئەو بڕیارە
ببوورە
لێم
ببوورە
لێم

هاژە:

هانام کامیار..!

کامیار:

چیی تر بەردی دڵی رۆژگار ناجوومەوە
گیانم ناکەم بەهێلانەی
ژەنگە بیری ئەفسانەی ئەم سەمەرەیە
ئەوەی وتم
لە تەوێڵی هەردووکماندا
چارەنووسی بەیدەستەیی و
نەخشەی هێزێکی گەورەیە.

بەشی دووەم

## پایزێ لە بێدەنگی

## پایزێ لە هەڵوەرین

هاژە:

ئەی پایزی وەرزی خەزان،
وەک عومری من
وا پرچی ئاڵتوونی درەخت
هەڵدەوەریێ
ئازارەکانم ڕەنگی زەردی سەرەتاتن
گەڵا... گەڵا
چڵی عومرم
تنۆک... تنۆک
ئەشکی چاوم
رەنگی زەردی خەزان دەگرێ
لە پێش چاوم
کارێزەکان کوێر دەبنەوە
ئەستێرەکان داناگیرسێن
تەرمی یەکتر لە کۆڵ دەگرن
ئەی پایزی بزە لەسەر لێو سەربڕاو
پار

ئەم کاتە
کامیاری بەر دوو چاو تاریک
کامیاری بێ هەنگاوی سەر ڕێگە باریک
سەرابی سەر ڕێگەی دووری
منی شەکەت و ماندوو بوو
منی ڕێبواری دێوانەی
گیان وشکەڵاتوو تینوو بوو
پار ئەم کاتە
دڵدارەکەم
ئەو کەسەی وا بەهارێکی بێ وادە بوو
باسی گەشتی
ساکارترین گوڵی کێوی و
ئاڵۆزترین ئۆقیانووسی
بۆ دەکردم
دڵدارەکەم.... ئەو کەسەی وا
قسەکانی کای دەم با بوون
باسی دنیای شارستانی و
گەشتی ئاسمانیی بەرین و
سەمفۆنیای دووکەڵی کارگەی
جیهانی نوێی بۆ دەکردم
ملوانکەی شیعری بە گەردنمدا هەڵدەواسی
گوێم هەر زرینگەی گوارەی وشە جوانەکان بوو
سیمام ساتێ ئەستێرە بوو
ساتێ دەیکردم بە مانگ و ساتێ بە گوڵە ئەستێرە و
تەمەنیشم ساماڵی شینی ئاسمان بوو

بەڵام ساتێ خستمیە بەردەم گەلەگورگێ
بە یاسای جەنگەڵستان
تاوانبار و ریسوای کردم
گوڵی کچێنیی لێ بردم
ئێستا وەکو
ماسییەکی لە جۆگە و رووبار دەرکراو
وەک گوڵێکی
لە لق و چڵی شکێنراو
وەک ئاسکێکی کۆتکراو
بەرەو کۆڕی گەلەگورگێ
ڕەوە بەرازێکی برسی،
چاوزیت دەچم
چەقۆی تۆڵەی
ئەو یاسایەم لە گەردنە
وەک خۆرێکی گەش و رووناک
لە ئاسمانی ماڵەکەمان ئاوا بووم و لە ئاسۆیەکی تاریکدا
چەپکێ تیشکی کز و تاریک
تێکەڵ بەخەمێکی خەست دەبم
ئەی پایزی رێژنە فرمێسک
برسییەتی چۆن..!
لە کرێوە و شەختەبەندا
داوی گیانی باڵدارانە
عەشقیش ئاوا
گرێبەندی دەستی برسییەتی و زریانە
لە ناچاری و نامۆییدا

له کڵۆڵی و تەنیاییدا
دەڕۆم سەرم
له بەرپێیدا رادەخەم و
دڵم دەکەم بە کوانووی گڕ
با کڵپەی تانەی ئەم خەڵکەم
لێ نەبێتە ماری تەمەن
دەڕۆم
دەڕۆ
م
له پێناوی نەمریمدا
لەبەر سێبەری لاشەیدا کڕنوش دەبەم
مل کەچ دەکەم
کڕنووش
دە
بە
م
مل کەچ
دەکەم
***
«هاژە ڕەنگی بەیانی بوو
کراسی تەمی لەبەر کرد و
کۆڵی داد و هانای بردە
بەر ئاسانەی گیانی کامیار
ملی کەچ کرد
کڕنووشی بردە بەر حەزی

تەنیا یەک ڕاز
یەک تۆز وەفا
یەک تۆز بڕیار
دادی نەدا
دادی نەدا
مەرگەساتی تەمەنی خۆی
کردە فرمێسک و دایباران
خاک و خۆڵی ئەو پێدەشتەی کرد بە سەرداو
دایە جۆش و هاڕەی گریان
دادی نەدا...
دادی نەدا...
خەمەکانی ئازاریێ بوون
سوێی برینیان هەڵدەکۆڵی و
لەبەر ڕێژنەی ئەشکی گەشدا
بووە چەپکێ لە خامۆشی
ئاسۆ خۆری لە ئامێز گرت و
تاریکیی ئێوارەی درەنگ
وەک هەورێکی خەستی تووڕە
بە یەکجاری چیای باڵایان داپۆشی».

بەشی سێیەم

## هەورێ لە گریان

## بەسەر بیاباندا دادەکا

هاژە:

وا پێنج مانگە
ماری کەسەر گیانم دەخوا
هەناسەی شەو دەمخنکێنێ
وا پێنج مانگە
مەرگەساتی داگیرانی،
ئاڵای ئابڕووم
ئاگرێکە و دەمسووتێنێ
هانام بووەتە شەپۆلە تیشک
دەنگم بووە بەباڵی با
کەس دەست ناخاتە ژێر سەری ئازارەکانم و
هیچ کەسیش لە سکاڵای ناخم ناگا
برووسکەی قین،
وردە ئاسن لەناو چاوی،
براکانمدا دەبارێنێ
بەئاشکرا
لە نیگای چاوی تەماشای

هەموویاندا
مردن شالاوم بۆ دێنێ
تەنیا... تەنیا
دایکم نەبێ
دەروونی ئەو تەنیا دەرگەی
پەنهانییە
هەر چەند بێزار بوون بیکرۆژێ
هەرچەند ئازار نوقمی بکا
مادام دایکە...
وا هەست دەکەم
دەروونی ئەو بێ لە سۆز و خۆشەویستی
شتێکی تری تێدا نییە،
وادەی مەرگ و ژیانی من پێ دەزانێ
ئێستە بۆ دوور بۆ یەکجار دوور
بۆ دوا ئەنجامیش دەڕوانێ
تەنیا هیوام
هۆ دایە گیان
بۆ کرووزی خۆم هەستەکەم
لەم ئاگرە دەرم بێنە
جارێکی تر وەک فریشتە
لە بەرپێی جەلادەکەمدا
مژدەی ژیانم بۆ بێنە

دایک:

هۆ هاژە گیان
ئەی فرمێسکی هەموو تەمەنی ئازارم

بە شیری پاک گۆشم کردی
لە بەردەرگەی گەورەکاندا
سبەینان زوو
لەو کاتەدا
لە خەوی قورسدا دەگەوزان
چەند ساعاتێ
لەبەر سەرما و...
لەبەر تۆف و...
ڕەهێڵەدا...
تا دەرگەیان لە رووی ماندووم دەکردەوە
هەموو رۆژێ تا ئێوارە
شان و قۆڵی رەنجم دەکوتا و
نانی سپیم بەئارەقی ڕەشی لەشم
دەکرد بە گەرووی ئەواندا
چڵکی دەست و هەتا دەرپێی
پیاوە مۆمیاکراوەکانیانم دەشۆرد
هەتا بەچاوی زەلیلی
سەر دانەخەن
برسییەتی پشتتان کۆم نەکا
تەریکەڕێ
نەتانباتە مەنزڵی بێ
بێ تروسکە و ناونیشاندا
کچم هاژە
باوکت شانی لەژێر ئەرک و
ڕەنجدا سوا

نانی لەسەر بەردی ڕەقدا
دەردەهێنا
هەوری ئاسمانی دادەگرت
گەرمای هاوین دەیبرژاند و
سەرمای زستان
نێوچەوانی شەقار شەقار
دادەهێنا
لە پێناوی چاوی گەشی ئێوەدا،
نەک ڕەشەبای مەرگ
ڕەگی تەمەنتان هەڵکەنێ
نەک دەردی لاوازی لەشتان
دیواری بیرتان بتەنێ.

هاژە:

دایە.. دایە
ئەی ئەو کەسەی
بە شیری پاک گۆشت کردووم
شەو و ڕۆژت بە دیارمەوە گرێ داوە
شەونخوونیت بۆ کێشاوم
ئەی ئەو کەسەی
هیوای ژینت خستووەتە نێو هەردوو چاوم
هانا و دادم
هێناوەتە بەر ئەو پرچە سپییەی
بە دیار منەوە بوون بە سووتووی خەم
بمپارێزە
بمپارێزە

دایک:

کچم خۆزگە هاناکانت هەرەسی کێوێ بوونایە
بەسەر شان و جەستەی مندا دارمایە
بەڵام چی بکەم منی دایک
لەژێر چەقۆی بڕیاری پیاوانەیاندا
فرمێسک نەبێ هیچی ترم لە دەست نایە
ئەوا باوک و براکانت گەیشتنە جێ
بزانین کار بەچی دەگا
ئەنجامی ئەم مەرگەساتە
بەچی دەبێ.

*

هاژە:

دایە توخوا

دایک: (لەبەر خۆیەوە)

ئێستا دەزانم نێوان ئینسانەکان
بەقەد ئاسمان و زەوینە
چەوسانەوەی منی ئافرەت
برینێکی چەندە قووڵ و
ژیانم بەکۆیلەیی چەند بێ مانا و
مردنیشم بەئازادی چەند شیرینە

بەشی چوارەم

## خەنجەرێ لە تۆڵە

## شمشاڵێ لە گۆرانی

باوک: (لەبەر خۆیەوە)

پوورە خەمێ

بەرەو دەرگەی گومانێکی گەورەم دەبا

چین چین

توێژ توێژ

لەسەر دڵ و بیر و گیانم

مەڵۆ و خەرمانی خەم دەخا

شێتانە بەهەردوو دەست

بیرم لە پەنجەرەی دنیایەکی نامۆ دەدا

بەئەزموونی باوکایەتیم

هاژە دەنگێکی زرنگ بوو

بڕوا ناکەم

ملکەچی بەدناوی کەس بێ

عەقڵی هاژە

دڵی هاژە

پلیشاوەی ژێر هەرەس بێ

لەبەر ئەوە،

هەتا گەشبین و دووربین بین
بەرچاومان روونتر دەبێ
ڕێگەکەمان زووتر دەبڕین
برایەکی:
بە چەقۆیەکی کول و سواو
سەری دەبڕم
برایەکی تر:
بەبسکی خۆی هەڵی دەواسم
هەتا دەمرێ
برایەکی تر:
پێستی لەشی ورد دەگرووم
هەتا مەلی گیانی دەفڕێ
دایک:
هیچ یاسایەک ڕێگە نادا
شالاوی وا دڕندانە بۆ سەر ئەو گیانە کلۆڵە
ئەوەندەی تر خەم دەمانخوا
باوک: (سەر هەڵدەبڕێ)
کوڕەکانم..
زامی قووڵی باوکایەتیم
ناسۆرێکە
گیانی کردووم بەتۆزی (با)
برینی ئەم مەرگەساتە
لە ویژدان و گیانی منا
بست.. بست بەنێو ناخدا دەمبا
ئەگەر دڵتان

لە گۆمی ئارامدا بشۆن
پشت لە نێڵەی تۆڵە بکەن
من بەدەستی خۆم
دەرگەی والای ئەم نهێنییە دادەخەم
جەستەی دیلی بەکێش دەکەم
بەسەر خۆڵ و دڕکەزیدا
لە خاکێکدا نغرۆی دەکەم
کەس نەناسێ
کەس نەیناسێ
تا سزای خۆی بزانێ کە، نەفرەتی خاک و ئێوەش بوو،
کە مەرگیشی وا لە دنیای غەریبیدا..!
من دەڕۆم و
ئیتر تانەی چاوی ڕوانین نابیننەوە
من دەڕۆم و..
..
(هاژە بەدوای خۆیدا بەکێش دەکا)
*

بەشی پێنجەم

## گۆمێ لە مەنگیدا ماسییەکانی دەمرن

## ڕووبارێ گوڵ لە کەنارەکانیدا سەوز دەبێ

باوک:

بەیانییە
کازیوەی نوێ
بەدەم ئاسۆی سروشتەوە پێ دەکەنێ
ئارام.. ئارام
زەوی پرچی ئەستێرە روون و گەشەکەی بەری بەیان
ڕادەکێشێ
ئەویش ملکەچ
سەر بەرەوخوار
پێی لە ئاسۆگەی ئاڵ دەخزێ
مرۆڤ هەموو دەم و ساتێ
بەنرخترین سەرمایەیە
ئەمە زۆرجار
لە هەڵکشانی ئازارێ
یان لە سەفەری تەمەنێ
بەنێو دڕکەزیی مەینەتدا
هەست پێ دەکا

کچم هاژە
هێزێ ویژدانم دەهەژێنێ
ڕەنگی لە ماتیی تۆ دەچێ
چیرۆکی ئەفسانەیی
دەروونی تۆم بۆ باس دەکا
بە شەپۆلێ دەگاتە رۆخی دەروونم
لە تاواندا گڕ دەگرم و دەبمە تۆزی خۆڵەمێشی دەم ڕەشەبا
ئەوا منیش
بەجوانییەکەی خۆتم بەخشیت
نە کێردی تۆڵە ڕەوایە
نە تەلیسمی ئەو فرمێسکە درشتانەی
کە لە گۆنات هەڵدەوەرێ
ئازاد بە
با ئەم کێوە ئەزموونە سەختە
فێری ژینی هەڵدێر و لەندتر بکا
ئازاد بە
با چەقۆی ویژدان منیش لەم تیغە ئازاد کا

هاژە:

یانی بابە تۆ نامکوژی؟

باوک:

کچم ژیان فێری کردم
ژەنگە بیری تۆڵەم نەبێ
وەکو باران چۆن بە زەویدا ڕۆ دەچێ
ئاوا ڕقم لە مردن بێ
ئاواش ئینسانم خۆش بوێ

هاژە: (دەگری)

لە تاراوگەی هەر خاکێکدا
لە ئامێزی غەریبیی هەر کووچە و جەنگەڵ و شارێکدا
ناسنامەی خۆم لە دەستدایە
دەڕۆم مادام هێزی بیر و تینی گیانم لەگەڵدایە
دڵنیا بە..
بابە بەڵام دڵنیا بە
لە گزنگی خۆر گەشترم
لەوانەی وا ئابڕووی شڕیان
تەنیا لەنێو کۆشکەکاندا
شاردووەتەوە
تا حەز بکەن دڕندەن و
تا دەشتوانن خوێن دەمژن

باوک:

من ناتکوژم

هاژە:

دەزانم بابە نێوان دڕندە و ئینسان
تەنیا تاڵە قژێ سنووریانە

باوک:

ئەی بۆ ناڕۆی؟
تۆ ئازادی

هاژە:

چەند دوور بڕۆم بابە
لە نێوان هەناسەی باوکایەتی و
هەناسەی خۆشەویستیمدا

هەمیشە لە برژانگی چاوەکانم نزیکتری
(سەر هەڵدەبڕێت)
بابە تەماشاکە ئێمەی کچان
ڕووسووریمان بەو پێوانە ژەنگاوییانە دەپێون
چەند ئەستەمە
بابە تا کەی؟

باوک:

ئەوە نییە کچم لە پێناویدا تۆ خۆت دەکەی بەقوربانی
(باوەش دەکەن بەیەکتردا)

بەشی شەشەم

## پەلکەزێڕینەیەک لە جوانیی
## ئاسمانێ پڕ هەورەبرووسکە

هاژە: (نیگەران و شڵەژاوە)
هیوا گیانێکی ئازادە
ئەگەر بەند و کۆتیش بکرێ
هەنگاو بەسەر گۆڕدا دەنێ و
ئێخە بەمەرگیش دەگرێ
وەک کەنارێ
پێش بەرووباری خۆی بگرێ
لە تەنیایی و غەریبیدا
ئەو ئێخە بەمەرگیش بگرێ
پێ دادەگرم
جارێکی تر کێوی دڵی سەختی کامیار
بە سۆزی عەشق دەتوێنمەوە
وەک چۆن
تەرمی مردووی ژینم
لەنێو مەرگدا ژیانەوە
ئاواش کانیی سۆز و ئەوین
لە رەوەزی چیای دڵیدا

دەژیەنمەوە
ئەمجارەیان
یا جێ ژووان
دەکەم بەقیبلەی یادگار
یا دەبمە پاڵەوانێ
گەورەترین مەرگەساتی
دڵی ڕۆژگار
هاژە: (لە بەردەم کامیاردا)
لەسەر کەناری گۆڕێکدا
چۆن دەتوانم ئارام بگرم
گیانم گلاوی شاخێکە و
دەست بەباڵای وشکهەڵاتووی گیا دەگرم
چاوەڕێی چیت؟!
ها گەردنم سەرم بڕە
ئەوە خوێنم هەڵی مژە
چۆن چاوی هیوات هەڵکۆڵیم
واش بمکوژە
هانا و دادم بۆ سەرمایە و کۆشکی بەرز و
سیما و حەز و ڕەنگت نییە
دەنگێ یاقووتی ناسنامەی
ئەم کۆمەڵەم لا داناوی
بەبێ ئەو
وەک سەربازێکی چەککراوم
وەک چەمێکی سەرچاوە لێخنکراوم
پەنام بردە بەر هەرچییەک

دادی نەدام
خەوی نیوەشەوم بەدیار
هەنسکەوە گێڕایەوە
چوومە بیابانی وشک
چاوەڕوانی ڕووبارم کرد
ئاوی شین هات، دادی نەدام
ئاوی ڕەش هات، دادی نەدام
ئاوی سوور هات
ئەویش بۆنی کفن و تەرمی
دەیان ئافرەتی وەکو من
بەیدەستە و دیلی لێ دەهات
قژیان شەپۆلی ڕووبار بوو
سەریان بەردی دەم کەنار بوو
گیانیان هاژەی پڕ هاوار بوو
چەپکێ گوڵی زەرد و سووری
لووتکەی عەشق و چیای باڵام
کرد بەدیاری و
خستمە بەرپێی
ڕۆژانی زوو
ڕۆژانێ بوو
ڕام و هۆگری جوانی بووی
لە عشقاندا
سوجدەت دەبردە بەر چرۆی
گوڵاڵەی ژێر بەرد و خاکدا
من ئەو گوڵەم

ئەو ئەستێرە گەشە باڵا هەڵلەرزیوەم،
کە خەندە و فرمێسک دەیژیان
کە بۆ خەندە و فرمێسک ژاکا

کامیار:

دڵی سروشت گاسنێکە
کێڵگەی عومری پێ دەکێڵێ
مرۆڤ گەردی دەم زریانە
لە نێوان بوون و نەبووندا
تەنیا یاد و بیرەوەری جێ دەهێڵێ

هاژە:

ڕقی دڵە سەرگەشتەکەت
چەند ئەستوور بێ
بۆ مەچەکی ئازارەکانم باریکن

کامیار:

من ئەو پەڵە هەورەی جاران نیم تاکو با
هەموو ئاسمانم پێ تەی کا
بۆ نازانی عاشق ئینسانە و ئینسانیش
ساتە وەختێ سەوز و پاراو
ساتە وەختێ گاشەبەردێکی چیایە و
هیچ گوڵێکی تێدا ناڕوێ!
ئەوینیش پەلکە وەنەوشەی نسێیەکە و
بێ سیمای کاڵی بەڕەزا
گڕە دەیبا و هەڵدەوەرێ

هاژە:

ئەی بۆ دڵی فەرهادی بێستوونت هێنا

بە دیاری کردتە مەدالیای دەروونی ورکی منداڵیم
ئەی ئەوسا بۆ عاشق بوویت و
ئێستا چیا..؟!
کامیار:
ئەوساش بەردێکی بێدەنگ بووم
ئازارێکی بێ هاوار بووم
گوڵی عەشقت بای وەیشوومەی ئەم ڕۆژگارە
نەشارەزا لەسەر سیمای نەخشاندبووم.
هاژە:
لەنێو جەستەی ئینسانێکی قەترانیدا
زۆرجار دڵێکی گەش پرشنگ دەدا
زۆرجاریش، لە سیمایەکی بەفریندا
بەبێ هیوا دڵێکی ژەنگین لێ دەدا
بەختەوەری لەوەدایە
مرۆڤ دڵی سەربازێکی نەناسراو بێ
چرای ژینی
تروسکەی نێو شەوگارێکی خنکێنراو بێ
کامیار:
لە چاو عەشقی فەرهادا
نیگای شیرین
تیشکی خۆر و
دەنگی تاڤگە و
بالآی بەرزی شەنگەبییە
لە چاوی عەشقی فەرهادا
ئەم دنیایە بێ لە شیرین

جوانییەکی تری تێدا نییە
من وەک چاوی بینینی خۆم
وەکو هەستی دووربینی خۆم
ئامادە نیم
تەمەن و گیانی شیرینم
ئەزموونی تاقیگەکان بێ
نەخشە و ئاسۆی دوارۆژی من
زەرد و ژاکاو،
من قوربانیی خەڵکی بم و
بەختەوەرییش بۆ ئەوان بێ
ئامادە نیم
ئامادە نیم
*
(هاژە دەست دەداتە خەنجەرێک و هاوارێ ئەو ناوە دەکاتە چراخانی سوور)
سەرۆکی پۆلیس:
دەمێکە چاومان کردووەتە چراوگ
هەنگاوەکانت دەپێوین
هەناسەت دەخوێنینەوە و
ژوانگەکانت دەبژێرین
(خەنجەرەکە هەڵدەگرێ)
تۆ و ئەوانەی بەدیار شەیتانی شاخەوە ئێشک دەگرن
تۆ و ئەوانەی دژی رۆژ و شەیدای شەون
کوندەپەپووی ئەشکەوتی نێو چیاکان و
شێت و شەیدای کۆچ و ڕەون.
ئەم خەنجەرە هێماتانە

(خەنجەرەکە فڕێ دەدات و ڕوو دەکاتە هاژە)
(کامیار) بۆ ئێمە دوو چاوی زەرقای یەمامەیە
پێش ئەوەی مەل سەری لە هێلکە بجووقێ
پێش ئەوەی شاباڵ دەربکا
پێش ئەوەی بیر لە هەڵفڕین بکاتەوە
لە ڕێی ئەو هەڵۆ زیتەوە
دەنگوباسی قونەقون و هەڵفڕینی بەگوێی ئێمە دەگاتەوە
ئیتر خەنجەر پێش ئەوەی لە کێلان هەڵکێشرێ
پێش ئەوەی سەر بیری یاخیبوون هەڵگرێ
ئێمە زیندان چەند قولانجێ بەرین دەکەین
بەقەد باڵای ئەو یاخییە باڵای قەفەزیش سەر دەخەین
وەک چۆن هەموو ئێوارانێ
جەستەی تاوانبارێ لەو زیندانە بەرینەوە
بەرەو گۆڕی شەیتانێکی ونبوو دەبەین

هاژە:

بەڵام من سیاسی نیم
من عاشقم

(پەلاماری هاژە دەدەن و قۆڵبەستی دەکەن. ڕووناکی دەکەوێتە سەر کامیار)

هاژە: (تفێ دەکاتە نێوچەوانی کامیار)
بمرە خائین
من ئازادانە کەلەبچە دەخرێتە دەست و پێم
تۆش بە دیلی دەست و پێکانت ئاوەڵان

بەشی حەوتەم

## چیایەک پڕ لە چێنگە

### وەرزێ خاڵی لە باران

گلۆڵەیەکی توورڕدراوی نێو سەرای بە سیم داخروو
تەویلە ژووری یەک لە دوای یەک
لیپبووی ئافرەت
لیپبووی منداڵ
لیپبووی گیراو
ژووری تاری کونە گورگ و
ئەشکەوتە دێرینەی چیا
بێ پەنجەرە و
بێ هەتاو و
بەرزاییی چەند بستێ،
دەرگە بە شیشی ئەستوور تەنراو
بەبێ ئاگر
بەبێ خواردن
بەبێ چرا
جیهانێکە تایبەت.. سەرسام
مرۆڤ دەریای ئازارێکە و
هەر جمەی دێ و شەپۆل دەدا

ئاسۆ تاریک
شەو با قورس
تاریکی دوو باڵی واشەن
رووناکی گشت ڕادەماڵێ و
باڵ لێک نادا
وەک وەرزی پڕ ڕێژنەباران،
شەختە سەهۆڵ.
میوانی ئەم جێگەیەم و
وەکو ئەمان
لەسەر زەویی ڕەقدا دەنووم
ئاسمان بە خۆمدا دەدەم و
توێشووی ئازار دەکەمە کۆڵ
هانام زۆر برد
بەقەد ئەستێرەی ئاسمان
بەقەد گەڵای زەردی وەریو
بەقەد کڵوی بەفری سپی
بەقەد تەرزە و ڕێژنەباران
دادی نەدام
بەڵام ئەنجام،
دەستی تۆڵە..
هیوایەکی وای پێ بەخشیم
نەک هەر زیندان
گەر بشمرم
بەختیار بم بە دوا ئەنجام
دەروونی ڕەشی (کامیار)

گیانی ئاژەڵی سەراپا
دارزیوی
بیری تەسکی
دڵی لە ترسا بەزیوی
ناچاری کردم هێندەی تر
نغرۆی کەساسی و نەفرەت بێ
وەک مشکێکی یەخسیر بەتەڵەی هێزمەوە
بەسەر پەیژەی هەرەسهێناوی تۆڵەدا
کانییە سەرابییەکانی حەزی ئەو و
دەمی تینووی خۆمی بیر بهێنمەوە
بەهەردوو دەست
ئێخەی دڕندایەتی بدڕم
بەدەستی خۆم
کفنی چارەنووسێکی تر
بەبالآی عەشقی خۆم ببڕم
پڕ بەگەرووم بە گڕ یاسای دارزیوی
سەدە پیرەکاندا بچمەوە
وەکو ژنێ پەنجەی هەر شەماڵێ
خۆشم بوێ
تاڵە قژی ئاڵۆزکاوم بەو شەماڵە بهۆنمەوە
هاژە (پێ دەکەنێ)
خۆرێکی بێ تین و تاو
هەموو رۆژێ ئاسمانی شار تەی دەکات و ئاوا دەبێ
هەموو شتێ ماتە وەک من
کاسە وەک من

لافاوێکی شێت و هەڵچوو
جوانیی بیر و ئاواتی کردووەتە خاشاک
لە ژێر سەمای تیشکی چەقۆ تیژەکاندا
ژیان بووەتە (وێرانەخاک)
لێرە ماسی و کانی و جۆگە روونەکانی ئەم وڵاتە
زیندانین و مێژووی ئەوین دەنووسنەوە
لەگەڵ تارماییدا دەنوون
لەگەڵ بادا هەڵدەستن و
گزنگەخۆر دەچننەوە
ئەمانە گشت عاشقن و
گۆرانی بۆ جوانیی خاک و
مرۆی مەزن
دەڵێنەوە
ئەوین لەنێو چاویاندا
وەک دوو ئەستێرەی شەوی تاریک
دادەگیرسێن
کاتێ لەنێو سۆزی سروودی دەنگیاندا
دەتوێنەوە
ژنە کۆچەرییەک:
دەربەست نایەم
چەپەری زیندان پۆڵا بێ
دەربەست نایەم
پێشم مەرگ و
ئاسمان پەت و
چواردەورم قولله و قەڵا بێ

لە هەر کوێ بم
مەلی رووحی کۆچەریم هەر
مێرگا و.. مێرگ
دەگەڕێ و
باڵی ئاشتی و خۆشەویستی
بەسەر ئێلاخا کێشاوە
ئێستەش دەروونی کۆچەریم
تینی گیانی کوڕەکەمە
لە پێناویدا زیندانیم
ئەویش لە پێناوی هەمووان
چیا.. چیا
شەقام.. شەقام
خەمی خەڵک و چەکی بڕوای لە شان ناوە

هاژە:

خۆزگە شوانکارەی ئێلاخی
سەر مێرگێکی سەوز دەبووم
خۆزگە تێکەڵ بەڕووباری
کۆچی عەشقی ئێوە دەبووم

ژنە کۆچەرییەک:

کوا دەهاتیت
رووت دەکردە بەفر و کوێستان
کوا بەدوو چاوی ئەستێرەت
دەواری هەموو ئێلاخت دەکردە تیشک و چراخان

هاژە:

هەر دێم.. هەر دێم

ژینی سادە و
عەشقی ساکارم خۆش دەوێ
لە هەر شوێنێک گرێی دڵم بکرێتەوە
دیواری سۆز بە ڕووی میواندا دانەخەن
لە هەر شوێنێ
پەت بۆ هیوا و خۆشەویستی و بیر هەڵنەخەن
خەڵکی ئەوێم
منیش وەک ئێوە رەوەندی و
ئەویندار و کۆچەریم
منیش وەک ئێوە تامەزرۆ و
دەروون بێگەرد و قەرەجیم
منیش هەر دێم...
بەڵام بەمەرج
ژنە کۆچەرییەک:
تەنیا رەنج و دڵپاکییە
مەرجی ئێمە
چاو و دڵی رووناکییە
مەرگەساتی ژیانی تۆش
رووی ئەودیوی ئازارەکانی ئێمەیە
هەر کەسەمان شێوەی
جیاجیاین
بەڵام هەموو
یەک ناوەڕۆکیشمان هەیە
بەڵێن دەدەم
سوێند بەهەموو شێخەڵ و

کێو و نزارێ
بەجوانی و پیرۆزیی ژیان
بە تروسکەی هەر تاریکی و شەوگارێ
ئازاد دەبی
بەری ڕەنجت لە هەر جێیەک
لە هەر کارێ دەدووریەوە
با ئەو جێیە نیشتمان بێ
کێت خۆش بوێ
چرای عەشقت
لە هەر دەوار و جێیەکدا
مەیلی کڵپە و داگیرسان بێ
ئازاد دەبی
پەیمان دەدەم
ئازاد دەبی

هاژە:

دەستمان بە زنجیر و چاومان بەم زیندانە قەد ڕانایەت

ژنە کۆچەرێ:

چوار پایزە گەڵای هەڵوەریوی ڕۆژەکانمان
بەلەپی دەست رادەماڵین
ڕەنگە ئیتر ئازاد بین.

مایکرۆفۆنی زیندان:

مژدە.. مژدە
لە جەژنی لەدایکبوونی سەرۆکی فەرماندە و بەخشندە
بۆ ئەوانەی لە کون و قوژبنی مردن خۆیان حەشار دابوو
هەموو لە گوناهەکانیان بەخشران.

دەنگێکی تر لە مایکرۆفۆن:

دەی هەموو چەپڵە لێ بدەن
بەدڵ سوپاسی بەزەیی و
فەرماندەی گەورەمان بکەن.

ژنێکی زیندانی:

ئەم ئازادییە
هیچ لە ئەستووری دیواری
زیندانەکەمان کەم ناکا
مادام سەربەستیی خۆی دیلە
لێرە بێ یان لە نێوانی چوار دیواری ماڵەوەدا
جیاوازییەکی وای نییە تا پێویست بەستایش و
سوپاسی فەرماندە بکا.

هاژە:

بەیانی زوو کزەی کازیوەی بەیانی
کە گیانی سڕی زیندانییان هەڵسان
بەیانی زوو
کە نەڕەی گاردی بەردەرگە
سەرفرازیی هەردووکمانی بەگوێدا داین
دەرگەی زیندانییان لێ خستینە سەرگازی پشت
بەرەو بەهەشتی ئەو ژینەی
ئێوە دەچین
بۆ ئێوارە
لە کوێستاندا
لەنێو ئیلاخی بەر مێرگدا
دەبینە دوا نیگای ئاڵی،

ئاسۆی بێگەردی خۆرنشین
(روو دەکاتە ژنێکی تر)
بەیانی زوو دایە بەرەو..
ئەو بەهەشتەی ئێوە دەچین
بەیانی زوو
بەڵام بیرتان نەچێ من سیاسی نیم

ژنە کۆچەرییەک:

ئەوانیش وەک تۆ عاشقن
دەتوانی تۆ لەوێ گرەو
لەسەر بارستاییی بارینی
کڵوە بەفری عەشقی خۆت کەیت
(هاژە و ژنە کۆچەرییەکە باوەش بەیەکتردا دەکەن)

هاژە:

ڕاستە ئەوین
باخچەیەکە لە هەزاران ڕەنگی جیاواز
گرینگ ئەوەیە تا دەمرین
بەبۆنی ئەو گوڵە ڕەنگاوڕەنگانەوە
گۆرانیی جۆراوجۆر بچڕین

بەشی هەشتەم

## هۆبەیەک پڕ لە کۆڕژن
## دەوارێ پڕ لە بێدەنگی

دەرگەی پۆلا
سامی قەڵای دیواری ئەستوور
چاوی زیتی پاسەوانی بەرپەنجەرە
بەردەم دەرگە
ڕێ خوار و ژوور
ملیان کەچ کردە بەردەم پێی گاردیانێکی سواخدراو
بەنەخشی سەر شان ئەستێرە
بەنەخشی زەرد
بەنەخشی سوور
چەند پەپوولەیەکی باڵگرتوو
بەهەنگاوی ترس و پەلە
برووسکە بوون
بەدوو هەنگاو
لە چاو ون بوون
سەفەرێکی تری لەگەڵ هاوڕێی عاشقانی زیندان کرد
شەقامی جەنجاڵی جێ هێشت و
دەستی بۆ دواین قەدەری
شاخنشین و کۆشکنشینی

ڕوانینەکانی ئینسان برد

*

هاژەی نامۆ
چاوی بەعەشقی سروشتی
هۆبە و بێری و کوێستان هێنا
گۆنای مێخەکبەند و بەر موور و سملّ و
شیلان چن کرد
بوو بەتیشکی نوقومبووی نێو
مێرگی قژ لە شەونمدا سەوز و تەڕ
وەکو ئەوان
بوو بەهەڵۆی سەر ڕەوەز و
مێرگ و بەندەن و بانەمەڕ.
سەرخێڵ:
بەیانی زوو تاریک و لێڵ
کۆچ دەکەین و
رەشماڵ لەنێو
مێرگێکی پاراو و بژوێنتر هەڵدەدەین
بەیانی زوو لە پێدەشتی مێرگەپاندا
لە پاڵ ڕنووی کڵو بەفری کوێستانی
پیرەمەگروونی سەرکەشدا
هەوار دەخەین
لەگەڵ کۆچی پۆلە مەلدا کۆچ دەکەین و
لەگەڵ گزنگی هەتاودا
کۆچ و بار و بارگە دەخەین

*

قەترانی شەو کاڵ بووەوە
بەیان ئەنگوت
کازیوە کۆشی ئاسۆی
چیا بەرز و بڵندەکەی
پڕ کرد لە نوور
هاژە تێکەڵ بۆنی ڕەنج و
بۆنی گوڵی بەیانییانی ئەو دەشتە بوو
جوامێرانە هەموو تێکرا
لەناو خەوی قووڵی بەیانیی ڕەشماڵدا
لەناو قاڵی و بەڕە و لبادی خوریدا
سەری ماندوو لەسەر سەرینی لۆکە و
پەڕی نەرمونیان
لەژێر جاجمی تووکنی ڕەشی بەموو چنراودا
وەک بەوری تیژ
خەیاڵی کۆچ
خەوی گیانی شەکەتیان دەزڕێنێ
دەنگی خێڵ و کۆچ و کۆڕژن
دنیای کپی ژێر تەوژمی
کزەی سەرمای دەم بەیانییان
ڕەشماڵی بێ چرپە و هەتا
بێ وەڕەی سەگ
سەر هەتا پا دەهەژێنێ
هەموو وەک یەک
پیر و منداڵ
دەستەلاوی تێکسمڕاو

پۆلە کیژی سەربزێوی
خوێنگەرم و چاو بەکل ڕشتوو
دەم و لێو ئاڵ
کۆچ و بارگە بار دەکەن و
لە پێشەوەی کۆچەکەدا
ئافرەتێکی کەمێ تەمەن بەسالاچوو
دەست بەتفەنگ
لەسەر پشتی ئەسپێکی شێی
بەمەوج و گوڵوک رازاوە
سوار دەکەن و
هەواری کۆن جێ دێڵن
بەرەو مێرگی بژوێن و سەوز
رەوە ولاخی بەدەماخ
یەک لە دوای یەک
هەنگاو دەنێن وەک ئەسپی (با)
کۆچ دەگاتە مێرگی سەوز و
هەر ڕەشماڵەی
لە بژوێنێ یا پێدەشتێ
یا لە پاڵ گردێ هەڵدەدا
کوڕگەلی کۆچ
کچگەلی کۆچ
تێکڕا یەک یەک
ڕەشماڵی خێڵ هەڵدەدەن و
بەدەم گۆرانی و هۆرەوە
ئەوینی ڕێی کۆچ و باریان

بیری یەکتر دەخەنەوە
ئەوا هاژە
کچە چەلەنگی ناو هەوار
وەک ئاسکی بەر رەوەز و
بێروونە رێ
ڕاپەڕیوە و دەچریکێنێ
هەوار لەنێو چڕە تەمی
چێشتەنگاودا نوقوم بووە
دەنگ و نرکەی کوتەکی دەست هەرزەکاران
مێخی چوارلا و
سنگی ناوەند دەچەقێنن
هەریەک چمکێکی دەواری
لە کوێن و مووی بزنچنی لە مشتدایە
(هاژە) جەرگەی دەوارەکەی کردووەتەوە و
ڕاژە بەنێوقەدی رەشیدا تێپەڕ دەکا
لە دوای ئەوەش
لەگەڵ سنگی ڕەقی خاکدا
دێ و یەک یەک کۆمانج بەند دەکا
هەتا هەموو ڕەشماڵی کۆچ هەڵدەدەن و
چڕە هەوار
مێرگی سەوزەی بەگیا نەخشیو
گوڵ ڕەنگ دەکا
سەرخێڵ:
وا بەهارە
چێنگەی چیا

لەبەر تیشکی ئەم هەتاوە بەهارییەدا
سەما دەکا
کوڕانی خێڵ
وا هەناسەی نەرمەباران
ڕەشماڵەکانیان تەڕ دەکا
چۆن دەتوانن سەرفراز بن
کڵاوی ئەوینیان قوت بێ
لە شەوین و لەبەر بێردا
خورج و هەگبە لەشمان کەن و
گۆرانیی کۆچی ڕێ بڵێن
کە نە تەڵێ بەرەزای سەوز
نە دەسکێ لە بیزای بۆن خۆش
نە چەپکێ ڕێواس داگرن
چۆن دەتوانن چاو لە تەشەری کچانی
هۆبەی ئەم خێڵە هەڵبڕن

هاژە:

کچانی خێڵ چەفتە و چارۆکە ببەستن
زریان دەست و پێمان بەستێ
شەختەی چیا هەرەس بێنێ
کاو و رەوەزی ناو زەنوێر
رێگەی چنینی ڕێواس و
دەسکەگوڵمان لێ ببەستێ
هەر دەچین و
دیاریی بەهاری ئەم ساڵمان
دەبەینە ناو هەموو دەوار و ڕەشماڵێ

سبەینێ زوو بەیان ئەنگوت
بە سوێی ڕنووی کافرۆشدا
بەسەر رگە و دانەبەردا
سەر دەکەوین
بیرتان نەچێ خەمی ڕێگە لە کۆڵ نێن و
هەڵۆی چاوانتان لێک نەنێن
دەست و پەنجەتان نەناڵێ
(کچانی خێڵ پێکەوە):
هەر دەچین و بەیانی زوو
دەسکەگوڵی بۆنخۆشی خۆمان دەچنین
بەیانی زوو
کچانی خێڵ بەقریوە و چریکەی ناز
لە تاوڵی قەترانی شەونم لێ نیشتووی
بەربەیاندا دەرپەڕین و
ئاونگی سەر سەوزە گیایان پێدا هەڵپژا
لە گوندەڵانی بەگەڵا بەلەک و مازوو و بەڕوودا
لە سوێ و نسێ و کەڕە سێبەری دەواردا
گۆزە و کوندەیان هەڵگرت و
لە بەفراوی ئاوی ساردی
قوڵپی کانییەکەی فەرهادا
تێر مەچەک و زوڵفیان شۆری
لە دواییشدا کوندە ئاویان
خستە سەر پشت و نەڕەی شان
دوای بەرچایی و
دڵنیایی لە ئاسمانی

کەش و هەوری ڕێژنەی بەهار
دەسرۆکە و چەفتەیان بەست و
چاوی ڕەشیان بەکل نەخشان
هاژە وەکو ئاسکێکی گورجی پێشڕەو
لە پێشەوەی ئەم قەتارە گوڵ ڕەنگەدا
دەنگی سۆزی هەڵبڕیوە و
گۆرانیی کۆچی سوور دەڵێ
کۆچی یارم کۆچی سوورە
بەهارە خێڵ بەرەو ژوورە
کوڕە خێڵەکییەک:
چریکەی دەنگی تێکەڵ،
روحم بووە و
لە من زیاتر
شایستەی هیچ کەسێ نییە.
کوڕێکی تر:
ئەوینی هاژە ئازادە
ئەی ئەگەر خۆشی نەویستی و
نەبوو بەنێچیری دڵت؟!!
کوڕە خێڵەکییەکی تر:
کەس ناتوانێ لە من زیاتر
پەنجە لە جوانیی ئەو بدا
لە کوڕگەلی هەموو ئێلاخ
زیاتر نرخی دادەنێم و
کەسیش لەبەر بریسکەی خەنجەری مندا
ناتوانێ یەک هەناسە بدا.

هاژە: (هەڵوێستەیەک دەکا و ئاوڕ دەداتەوە)
کەس ناتوانێ
وڵاتی دڵم داگیر بکا
سامانی کەس خەنجەری کەس
پەنجەی بەلووتکەی من ناگا
من ئازادم
ئەوینیشم نەفرەت لە زۆرداری دەکا
کوڕێ:
ئەی ئێمە چین
کوڕێکی تر:
ئەی ئێمە
هاژە:
من پێوانەی خۆشەویستیم
بە مەزەنەی ئازادییەکەی خۆم دەپێوم
(دوو کوڕە کۆچەرییەکە یەکتری دەدەنە بەر چەقۆ)
هاژە: (لەبەر خۆیەوە)
هەناسەی ئەم ئەوینە لێڵە
نامۆم دەکا و
لە سێبەری ئەم سەرابەش
وا خەریکە بێزار دەبم.

بەشی نۆیەم

## بیابانێ پڕ لە سەراب

## کارێزێ پڕ لە تریفە

هاژە: (لە تاریکیدا)

ژیانی نێو کۆچ و کۆچبار

تا حەز بکەی بێگەرد.. بێ ژەنگ

ئەوین ملوانکەی عاشقی ناخیانە

ساکارانە..

دەژین بێدەنگ

دەمرن بێدەنگ

بەڵام لەودیو هەورێکی چڵکنەوە

بارانێکی ڕەش دەبارێ

بۆنی دووکەڵی کارگەکان

بۆنی ئاسن

بۆنی ئەتۆم

بۆنی مردن

بۆنی برسییەتیی لێوە دێ

ئەم بارانە لە بارانی سروشت ناچێ

چاوەڕوانی ماندوو دەکا و

کێڵگەی تەمەن نائومێد و

خۆشەویستی ئینسان دەکوژێ

لەژێر ڕەهێڵەی بارانی خۆڵەمێشیدا
شتێ، هەروەک سیمای ئینسان
شتێ، وەک تارمایی شەو
سۆزی گۆرانییەک دەچڕێ و
چاوی نامۆیی هەڵدێنێ،
وشەکانی پەنجەی قین و ژەنگی دەروون
گیانیان دەخوا..
گیانی دەوارنشینەکان دەکا بەدوژمنی کۆچ و
هەناسەی بێزاری دەهێنێ

*

هاژە: (لە ناکاو لە تاریکیدا)
ئەوین سێبەری گیانمە
لە پێناویدا بەختیاریی شاریان وێران کرد بە سەرما
ئەوا هۆبە و هەواریشیان تاریک کرد و
لێرەش بووە بەدۆزەخی چڕی گومان
دەیانەوێ دەستی چرا و ئەستێرەکان ببڕن
چاوی بینین
دەست و بازوو
دڵی ئەوین بخەنە ژێر بریسکەی تیژی چەقۆکان
لە نێوەندی دوو جیهانی تاریک و ئەنگوستەچاودا
لە نێوانی هەرەسی دوو هەڵەمووتی داڕماودا
جیهانێکی نامۆ هەیە
پڕە لە زام
لە چەمی سوور
دەریای ئەوین

پڕە لە تیشکی ئەستێرە و
خەمی جیهانە
لە قۆناخی ئەم کاروانە ماندووەدا
(لێرەدا هاژە بەتەواوی دەردەکەوێ)
دەرگەی سێیەمی مێژووە
دەرگەی یەکەم:
پیاوێکی شمشێر بەدەست و
خەنجەر بەخوێن پاسەوانە
دەرگەی دووەم:
ئامێردێکی پەنجە لەسەر پەلەپیتکەی
دەزگا ئەتۆم بە گوڵ و گیا رازاوەکانە
پاسەوان:
بەڵام.. بەڵام
ئەم دەرگەیە
دەرگەی سێیەم
پەنجەی هۆش نەخشەی کێشاوە و
ئازار دروستی کردووە.
ئەو دەرگەیە
قژی بەربارانی ژنێ
ئاڵای شەوەکانی سەربان و
پێکەنینی منداڵی پێناسەیەتی
ئێستا ئەوینی ئەو دنیا و دەرگە هەمیشە واڵایە،
لە نێو ناخمدا دەرگەیەکە
ئازاری ڕووباری لێ دەڕوا
هەزار ڕووباری تێ دەچێ

ئێستا ئەوینم بۆ دەوێ
کۆترێکی دەنووک سووره
شار بەشار
وڵات بەوڵات
هەوار هەوار
دێ بەدێ
له سەربانی ماڵی هەموو هەژاراندا
گۆرانیی خۆشەویستی دەچڕێ
هەڵۆیەکە
لەگەڵ کاروانی مێژوودا
سبەینان زوو
هەگبەی رێگە له شان دەکا
ئەو دەڕوا و
له هەر کونجێ
له هەر شارێ
کوێرەدێیەک
له هەر جێیەک
وانەیەکیان.. فێر دەکا
وانەکانی دەست و بازووی فەرهادێکن
فێریان دەکا و پێیان دەڵێ
چاوی گەشبینی هەڵبڕن
بۆ ئەوەی گیانی بەر بەفر و زریان و سووتان و دووکەڵ و مەرگتان
وەکو ڕووبار هەر هاژەی بێ
وەکو سوپەر هەر بەرگری
وەکو ئەستێره جریوه

وەکو ژیان بەختەوەری.

ژنە کۆچەرییەکە:

مەرجی ڕێبواری ئازای بیابان
سڵکردنەوەیە لە سەراب
تۆی ئەویندار چۆن دەتوانی دڵنیا بی
لە کاتێکدا هەموو تەمەنت گومانە.!

هاژە:

من لە قووڵاییی دەریای گومانەوە
مرواریی دڵنیاییم دۆزییەوە

ژنە کۆچەرییەکە:

چەند جوانە ئەم گەشبینییەت

هاژە:

عەشق وایە.

ژنە کۆچەرییەکە:

حەز ناکەین جێمان بهێڵی.
بۆ ئەم هۆبە و هەوارانە
پڕ ناکەیت لە عەتری ئەوین؟

هاژە:

ژیان دارستانێکە لە ئەوین
ئەگەر دەستی زۆرداران پەل و پۆی نەکا
گرینگ نییە عەشق لێرە بێ یان لەوێ
ڕۆژێ هەموو سنووری وەهمییەکان دەڕمێن
کاتێ بەعەشقەوە هەموو خەڵکی
گۆرانی بۆ سەرفرازیی ئینسان دەڵێن.

(باوەش بەیەکتردا دەکەن) ١٩٨٤

## مەرگی بەختەوەری

شانۆیی شیعری

کەسانی شانۆگەرییەکە

خاوەن شکۆ

سەنگتاشی یەکەم

سەنگتاشی دووەم

سەنگتاشی سێیەم

سەرکاری دەربار

شێرۆ

برزووی خزمەتکار

پاسەوانی دەربار

بەیتبێژ

پیاوی دەرباری یەکەم

پیاوی دەرباری دووەم

پیاوی دەرباری سێیەم

ژنی یەکەم

ژنی دووەم

ژنی سێیەم

منداڵێکی پێنج ساڵان

کۆمەڵێ خەڵک

*(شانۆ کراوەتەوە. سەر شانۆ تاریکە. ڕووناکی دەکەوێتە سەر بەیتبێژ)*

بەیتبێژ: *لە گۆشەیەکی تاریکدا*

لەنێو دڵی ئەم زەوینە گەورەیەدا

لە خاکێکدا هیوای مرۆڤ تەلبەند دەکرا

مەرگ سێبەری جەستە بوو

کۆت لە مەچەکی ئازاد دەخرا

لەو دەمەدا

لەو خاکەدا

خاوەن شکۆ سەردار و فەرمانڕەوا بوو

چرۆی ژین و دواین گەڵای چڵی عومری دانیشتوانی

لە دەستدا بوو

گەرچی سروشتی ئەو خاکە

چیا و دۆڵی

شار و لادێی

جوانییەکی بێ هاوتا بوو،

بەڵام لێوی بزە نەبوو

چاوی جوانیش هەڵکەنرابوو

هەموو شت سام و ماتەمیان تێدا دیار بوو

دەنگ و ڕەنگیان نیشانەی خەم و ئازار بوو

بۆ ئەوەی لەمانە زیاتر

بە نێو ناخی باسەکەدا

شۆڕ

بینە

وە

وا چاکترە

خاوەن شکۆش
لە دەربار و لە بەردەمی خەڵکیدا
ڕووبەڕووی ئێوە کەینەوە
*(دەڕوا، تاریکی، سـەر شـانۆ تاریک دەبێ و ڕووناک دەبێتـەوە. سێ سەنگتاش لە ئەشکەوتێکدا بە قوڵینگ سنگی چیا دادەتاشن)*
سەنگتاشی یەکەم: *(بە دەم کارکردنەوە)*
هێندە ماندووم
گیانم لە تاو شەکەتیدا
دەزریکێنێ
هەست دەکەم لێوم پەلاسە
چاوەکانم کەم دەبینێ!
سەنگتاشی یەکەم: *(بەدەم کارکردنەوە)*
جەستە و گیانی چەوساوەمان
ئارەقی نێوچەوانی ڕێی ڕەنج و ئەرکی نەپساوەمان
نیشانەی ئەو زەحمەتەیە
بێ جیاوازی
هەموومان وەک یەک چەشتمان
سەنگتاشی سێیەم: *(بەدەم کارکردنەوە)*
سەرەڕای ئەم هەموو ڕەنجەش
برسی و تینووین
سەنگتاشی یەکەم: *(سەر هەڵدەبڕێ و بیر دەکاتەوە)*
سەیرە.. چیای ئاسنگەران
باڵداری پێدا سەر نەدەکەوت
کەسێ وەک ئێمە نەیدیبێ
بڕوا ناکا

ئەو کێوە سەخت و عاسییە
ئێستا کرابێ بە ئەشکەوت
سەنگتاشی دووەم: *(سەر با دەدا)*
خاوەن شکۆ
کلیلی دەرگەی ڕازێکی
زۆر گەورەیە
(بێدەنگی)
سەنگتاشی سێیەم: ڕۆژ لە دوای ڕۆژ
فەرمانی تازە دەردەکا
وەک بیستوومە
خۆی نەبێ کەسێ نازانێ
بۆ تا دێ دەروازەی دەربار توند دەکا
سەنگتاشی یەکەم: وا حەوت مانگە
بەبێ وچان ڕەنج دەدەین و لەگەڵ کێوی ئاسنگەران
زۆران دەگرین
وا حەوت مانگە
ئاگەداری شار و دێ و ماڵ و منداڵ نین
سەنگتاشی دووەم: ماوەیەکە لەم بێدەنگی و تەنیاییە
دڵم خەریکە کرمێ بێ،
کە چاوی خەویش لێک دەنێم
خەوی سامناک دەبینم
ترس لە هەڵدێر بەرەوڕووم دێ
سەنگتاشی یەکەم: پێش هاتنمان
پێش گرتنی یەکەم ڕێچکەی بەر بناری ئاسنگەران
خاوەن شکۆ و هەندێ هێز و دەستی نادیار

شیریان لە یەکتر هەڵدەسوو
دوور نییە ئێستا شێوابێ
هیچ شتێکیش وەک خۆی مابێ
سەنگتاشی دووەم: هێواش بدوێ
باوان خراپ
دار و بەرد گشتی گوێی هەیە
جەور و سزای خاوەن شکۆش
مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ،
چەند گەورەیە
سەنگتاشی سێیەم: من تێ ناگەم
دەڵێن کاتێ خاوەن شکۆ
دێتە سەر باسی نیشتمان
گریان تەنگی پێ هەڵدەچنێ
هێندە بەکوڵ و بەسۆزە
دڵی بەردیش هەڵدەکەنێ،
کەچی دەشڵێن
لە دەربار و کۆشک زیاتر
کەسی ناوێ
شەختە ڕقێکی ئەستوورە
خۆی نەبێ کەسی خۆش ناوێ
سەنگتاشی یەکەم: هەر چۆنێ بێ
تا نەگەینە ئەنجامی کار،
تەواو نەبین
ناتوانین لە هیچ بوارێ
دڵنیا بین

سەنگتاشی یەکەم: بەڵام ئەگەر
پشوو نەدەین
تەواو نابین
هێندە ماندووین
چاومان بەرپێمان نابینێ
دەستمان قوڵینگ هەڵناگرێ
گیانمان هەنگاو هەڵناهێنێ
سەنگتاشی دووەم: لەو ساتەوە
چاوی زاتمان بەم کێوەدا هەڵهێناوە
یەکەم تنۆکی ئارەقەی
گیانی ڕەنجمانی پێدا رژاوە
بەسەر پلەی خز و بەرزیدا
یەکەم هەنگاومان هەڵهێناوە
یەکی سێ جار قوڵنگەکانمان گۆڕیوە
بەڵام خۆمان هەر سەنگتاشەکانی جارانین
لە سەرەتاوە تا ئێستا
دڵدانەوەی چاوەڕوانی و بێهوودەیی و خەمخۆریمان
هەر خۆمانین
سەنگتاشی سێیەم: پشووی کارێکی وا گران
لە دەربارەدا، کە گەورەترین نهێنییە
ئاسان نییە
بڕیاری واش،
خاوەن شکۆ نەبێ ئیتر،
کەس بۆی نییە
سەنگتاشی یەکەم: پەلە ناکەین

تا یەکێکیان
خاوەن شکۆ،
یاخۆ سەرکار
دێنە ئێرە
پەلە ناکەین
سەنگتاشی دووەم: تەنیا پشوو دادمان نادا
ئێمە لە زۆر شت بێبەرین
نە ئاو.. نە نان
نە خەو.. نە ژیان
هیچمان نییە
هەر کەسێ بێ،
دەبێ سکاڵا دەربڕین
سەنگتاشی سێیەم: ژیانمان وا لە سوێی گۆڕا
سەنگتاشی یەکەم: پەلە ناکەین
سکاڵای هیچ دەردێ ناکەین
داوای پشوو لە هەموویان ئاسانترە
ئەگەر دەربار ڕازی نەبێ
خاوەن شکۆ پێ داگرێ
ئەوانی تر هەر ناکرێ
لە ئێستاوە
با هەر بێدەنگ بین چاکترە
سەنگتاشی دووەم: بیرێکی یەکجار مەزنە
بە بەردێ دوو نیشان دەخەین
داواکەمان
هەم پشووە و

هەم ئەزموونە

سەنگتاشی سێیەم: هەرچۆنێ بێ

دوور یان نزیک

ڕوون یان تاریک

چاوەڕوانیی ئەنجامی وا

دڵ و هێزی مرۆڤـ دەخوا

*(بەدەم کـارکـردنەوە لە نێـوەندی ئەشکەوتەکـەدا دیار نامـێنن. لەو ساتەدا خاوەن شکۆ لەگەڵ چەند کەسێکدا لە دەست و پێوەندەکانی. لەوانە: دارا و سـەرکار و چەند کـەسانێ لە پیـاوماقـووڵانـی دێنە بەر ئەشکەوتەکە)*

خاوەن شکۆ: *(ڕوو دەکاتە سەرکار)*

بە ئەقڵی کێدا رادەبورد

ئاسنگەران ئا بەم چەشنە بن کۆڵ بکرێ

بۆ نیشتمان ڕووداوێکە

لە هەر زەمان و شوێنێکدا،

کە شانازیی پێوە بکرێ

هەموویان پێکەوە:

بەڵێ ڕاستە

فەرمانتە

بەڵێ وایە

*(خـاوەن شکۆ و سـەرکار بەگوێی یەکدا دەچرپێنن و بەهێما و پەنجە نـهێنیی ئەشکەوتەکە باس دەکەن، کە نیشـانەی نیشاندانی گرینگیی ئەشکەوتەکەیە)*

سەرکار: *(ڕوو دەکاتە خاوەن شکۆ)*

گەورەم هێشتا ئەم دیمەنە نەدیویەتی

تا بۆ پێشتر هەنگاو بنێی
زیاتر هونەریان دەبینی و
زۆرتر نوقمی جوانی دەبی
پیاوی یەکەم: *(وەکو پێشتر دیبێتی)*
گەورەم دەمی قوڵنگەکان
بکەونە کار
وەک پڵنگ وان
سنگی ئەم شاخە دەگەزن
بەوردی چاویان تێ بڕی
سەرسام دەبی،
کە دەبینی..
بەرد بەبەردی
لەژێر هێزی مەچەکیاندا
هەڵ.. دە.. لەر.. زن..
*(لەم کاتەدا سەنگتاشەکان قوڵنگەکانیان بەدەستەوەیە، لە ئەشکەوتەکە دێنە دەرەوە و سەر بۆ خاوەن شکۆ نەوی دەکەن)*
خاوەن شکۆ: دەست و بازووتان نەڕزێ
بۆ ئەو ڕەنجەی لە پێناو خاک و وڵاتدا
لە وەرزێکدا
لەبەر تیشکی خۆر دەسووتێ
لە وەرزێکدا
لەبەر زریاندا دەتەزێ
سەنگتاشی یەکەم: گەورەم وەک چۆن فەرهاد
لە عیشقی شیریندا دڵی بێستوونی دەرهێنا
ئێمەش هەر بەهەمان تاسەوە

هەمان هیوا و ئەوینەوە
بۆ نیشتمان
ئامادەین گیانمان بەخت کەین
هەڵکەندنی ئەشکەوتی نوێی ئاسنگەران
چونکە لە پێناو خەڵکایە
بۆ ئەم خاکە وەک قەڵایە
هەر ڕەنج دەدەین
هەتا خوێنمان لە لەشدایە
سەنگتاشی دووەم: خوێنمان لەگەڵ ئەم کێوەدا
بووە بەئاو
بەدەیان شەو
خەو چووەتە چاوی ئەستێرە و
هەر بێدار بووین
بەدەیان رۆژ
گزەی گەرما سووتاندووینی و
هەر بەرنگاری ئازار بووین
چونکە بەری ڕەنجمان بۆ گەل و خاکمان زانیوە
چاومان تەنیا لە دڵسۆزی و ئەرکی سەرشانمان بڕیوە
سەنگتاشی سێیەم: تا بتوانین هەر رەنج دەدەین
کارەکانمان ئاشکرایە،
کە دەروونمان بۆ ئەم خاکە
چەند دڵسۆزی و خۆشەویستی و وەفای تێدایە
خاوەن شکۆ: گیان و جەستەی چیانشین
دەبێ چرا بێ بۆ شەو و
خۆر بۆ ئاسۆ و

زەردە بۆ سیمای خۆرنشین
*(هەرسێ سەنگتاشەکە لە یەکتر نزیک دەبنەوە و بە خێرایی ڕاوێژێ دەکەن)*
سەنگتاشی یەکەم: *(دێتە پێشتر)*
ئەگەر خاوەن شکۆی مەزن
ڕێمان بدا
داوایەکمانی پێشکێش کەین؟!
خاوەن شکۆ: چیتان هەیە زوو بیڵێن
گوێم لێتانە
سەنگتاشی دووەم: گەورەم گیانمان
لە ئازار و شەکەتیدا
لە زەحمەتی و مەینەتیدا
لە برینێکی بەسوێ دەچێ
تا دێ ژانمان هەر سەردەکا
هەر بەرفرەوانتریش دەبێ
داواخوازین فرمان دەرکەن
بۆ چەند ڕۆژێ پشوو بدەین
تا شەکەتیمان لە گیان دەرچێ
خاوەن شکۆ: *(پاش بیرکردنەوە و کەمێ ڕاوەستان)*
داواکەتان زۆر بەجێیە
بەڵام ئاخۆ نازانن
دانیشتوانی ئەم دەڤەرە
سەر هەتا پا
چاویان لە بازووی ئێوەیە!؟
سەنگتاشی یەکەم: گەورەم ئێستاکە دەبینی

بەرهەمی کارمان هەنگوینە
دەبێ سەختیی ئاسنگەرانیش بەدی کەی،
کە تێیدا چەند ڕەنجمان داوە
بۆ هەر بستێ
چۆن گیانمان کردووەتە سووتوو
چەند زەحمەتیمان تێدا کێشاوە
خاوەن شکۆ: دەرگەی هەموو داواکانتان لەسەر پشت بێ
تەنیا.. تەنیا
پشوو نەبێ
تا کۆتاییی کارەکەتان
نابێ تین و تاوی لەشتان
لەسەر پشتی ئاسنگەران
سارد بێتەوە
*(خاوەن شکۆ پێ دەکەنێ)*
سەنگتاشی دووەم: خاوەن شکۆ
ئێمە لە گشت کەسێ زیاتر
کارەکەمان لا مەبەستە و خۆشمان دەوێ
چونکە خوێنی خۆمان کردووەتە پێناوا
چەند حەز دەکەین هەتا زووتر سەر بکەوێ
هێندەش بێزارین ماندوو بوون شیرازەی بیرمان تێک بدا و
هونەری دەستمان بشێوێ
سەنگتاشی یەکەم: گەر واش نەبێ
هێشتا پەیمانی دوا کاتی کارەکەمان
زۆری ماوە..
سەنگتاشی سێیەم: *(دەچێتە پێشەوە قسە بکا، بەڵام سەرکار نایهێڵێ)*

خاوەن شكۆ: من دەزانم، کە ماندوو بوون
بەڵام پشووی کارێکی وا
بۆ پیاوی ترسنۆک دەشێ
نەک بۆ ئێوە
سەنگتاشی یەکەم: *(لە ناکاودا)*
ترسنۆک نین
بەڵام ماندووین
خاوەن شكۆ: *(دەنەڕێنێ)*
گەر هێندە تامەزرۆی پشوویت
سەرت لە گێژی مەرگدایە
فرمان بدەم
هەر ئێستاکە لەبەر پێدا
لە گۆڕێکدا تێر تێر بنوویت
(بێدەنگی)
خاوەن شكۆ: *(روو دەکاتە هەموویان)*
گوێم لێ بگرن،
یاخیبوون لە فەرمانی من سزایە،
سزای مەرگە.
مەرگ و زیندان دوو ڕێگەی جیان
بۆ ئەوانەی لە بیری رەشی یاخییان
بیرتان نەچێ
بیرتان نەچێ
*(سەنگتاشەکان سەر دادەخەن) (خاوەن شکۆ بەپەلە و تورەیییەوە دەگەڕێتەوە بەرەو کۆشک)*
سەنگتاشی یەکەم: نەفرەت لە تۆ و لەوەش، کە تۆشی خۆش دەوێ.

سەنگتاشی دووەم: *(قوڵنگەکەی دادەنێتە سەر زەوی)*
دەبووایە
پێش ئەوەی دەربار ژەهری شیرینمان بداتێ
تینوویەتیمان پتر بکا
بمانزانیایە
بۆچی خەڵکی نەفرەت لە سیمای ئەو دەکا.
سەنگتاشی سێیەم: *(روو دەکاتە جەماوەر)*
هەڵەمان کرد
سەنگتاشی یەکەم: کەواتە دەبێ
تالاوی ئەم هەڵەیەمان بچێژین
ئاخۆ چەندە هەزار ڕێبوار
خوێنیان بەخشیبێ بە سەراب
لە جیاتیی گۆرانی وتن
بۆ جۆگە و دەریاچە و ڕووبار
سەنگتاشی دووەم: هەڵەمان کرد
بەلام ئەوەی چاوی ئێمەی
لە ئاست زوڵم و زۆرداریدا
نابینا کرد
پەردەی عیشقی نیشتمان بوو
لاشەی شتێکی بێ گیان بوو
تەنیا ناو بوو
وشەی گەرمی سەر زمان بوو
هەر سێبەری ئەویش بوو،
کە تەنیا ئەڵقەی
پێوەندیی دەست و پێمان بوو

سەنگتاشی سێیەم: *(دەچێتە سەر گابەردێک و قسە دەکا)*
ئەنجامی کار
هێشتا ئێمە تاوانبارین
ڕەنجەکەمان بەفیڕۆ چوو
هیواکانمان دڵیان بۆش بوو
هەموو شتێ پێچەوانەی
بەڵێنەکانی دەربار بوو
خاوەن شکۆ و یاوەرەکانی نێو دەربار
درۆیان بەدەم نیشتمان و هەژاران و
خەڵکەوە کرد
ئەوەی، کە جێگەی ئازارە
ئێمە ئاوا سادە و ئاسان
بەو داهۆڵە پەڕۆیانە ڕازی بووین و باوەڕمان کرد
**(وچان)**
ئێستا دوو شت چاوەڕوانی
دوا ئەنجامی بەرهەممانە
یاخۆ مەرگ
یا قووڵاییی نێو زیندانە
مادام ئەنجام ترسناک بێ
بۆ ڕازی بین؟
سەر کز ناکەین
دەبێ خوێنمان
قەتماغەی سەر لێوی خاک بێ
سەرفراز بین..
دنیا و ژیان

تا بێ گەش و جوانتر دەبێ
گەر مردیشـین لەم ڕێیەدا
تەنیا کۆتی دەست و پێمان
لە کیس دەچێ
بۆ رازی بین
بۆ ملکەچ بین
سەنگتاشی یەکەم: *(بەدەنگی بەرز)*
ڕازی نابین
سەنگتاشی دووەم: ڕازی نابین
سەنگتاشی سێیەم: منیش وەک ئێوە ڕازی نیم
*(هەرسێکیان لە بەردەرگەی ئەشکەوتەکەدا لە پاڵ یەکدا کۆ دەبنەوە و ڕاوێژ دەکەن. پاشان لە شێوەی مانگرتن بە دیواری ئەشکەوتەکەدا پاڵ دەدەنەوە. سەر شانۆ تاریک دەبێ و ڕووناک دەبێتەوە. خاوەن شکۆ و سەرکار پێکەوە لە دەربار دا دانیشتوون)*
خاوەن شکۆ: دەمێکە سیمای ئەمانە
لەلای من شوێنی گومانە
دەنگ و ڕەنگیان مۆتەکەی دەست و گیانمە
دەیانەوێ هەموو شتێ
پێچەوانەی داب و دەستوور و ئاین بێ
گەورە و بچووک وەک یەک وابن
خانەدان و پیاوماقووڵان
هاوشانی گەدا و هەژار بن
بۆرەپیاو و بێ ڕەچەڵەک
سەرداری خەڵک و دەربار بن
سەرکار: هیوا و مەبەستیان هەرچییە

شەرمەزاری خاوەن شکۆ و بەر دەربارن
ئەنجامیشیان ملکەچییە
خاوەن شکۆ: وەک چۆن دەربار
بەدڵ و گیان
دەپارێزرێ
پێویستیشە نهێنییەکان
بە هەمان گیان
هەمان تاسە
قایمتر و شاراوەتر
حەشار بدرێ
سەرکار: پاراستنی نهێنییەکان
گیانی دەربار دەپارێزێ
خاوەن شکۆ: گەورەترین نهێنیمان لەم ساتەدا
سەنگتاشەکانە و ئەوانیش
گرێکوێرەن، ناکرێنەوە
تەنیا جارێ
سەنگتاشەکان لەگەڵ خەڵکدا
یەک گرنەوە
ئەوسا رێگەی جبەخانە و
هەموو نهێنییەکانی دەربار
دەدۆزنەوە
سەرکار: دەبێ کارێکی وەها کەین
سەنگتاشەکان و ئەو خەڵکە
لەیەک نەگەن
خاوەن شکۆ: دوو رێگەمان لە بەردەمە

یان مردنیان
یان کردنەوەی یەکەم دەرگەی نهێنییەکان
سەرکار: مەگەر تەنیا دەستی مەرگ
چاو و دڵی ئەوان تێرکا
خاوەن شکۆ: *(لە ناکاو بیر دەکاتەوە)*
کەواتە ئەمشەو تا سبەی
لەسەر چیای ئاسنگەران
دەبێ شوێنپێیان ون بکەی
سەرکار: بەچاوانم
مادام بوونیان مەترسیی سەر ڕێگەمان بێ
بیریان هەڵگری تاوان بێ
دەبێ ئەمشەو
دواین شەوی تەمەنیان بێ
خاوەن شکۆ: *(ڕوو دەکاتە سەرکار)*
بێ دواکەوتن..
بێ دوودڵی
خۆت بگەیەنە ئاسنگەران
بیرت نەچێ..
چاوەڕوان بە
تا شەو دادێ
دەبێ هەموو نهێنییەکان
لە تاریکیی شەوانەدا و
بێدەنگیی خەڵکدا نوقوم کەین
*(هەردووکیان پێ دەکەنن)*
سەرکار: *(هەڵدەستێتە سەرپێ)*

بەڵێ گەورەم،
باپیرانمان گوتوویانە:
"لەسەر زەوی
فەرمانڕەوا سێبەری پیرۆزی خوایە
مادام نیازتان قازانجە بۆ خەڵکی
هەر بڕیارێ ئێوە بیدەن ڕەوایە
لە ڕاستیدا گەر بەمن بووایە
نەمدەهێشت بای سەر زەوی
قولانجێ هەنگاو هەڵهێنێ
دەزانی گەورەم جموجۆڵ چەند مەترسیی
سێبەری خواوەندی تێدایە
خاوەن شکۆ: چاوەڕوانم
سبەی شەو پێکی شادی لە دەربارا
بخورێتەوە
دەبێ ئەمشەو مۆڵەت نەدەی
مەرگ لە گیانیان بێتەوە
سەرکار: گەورەم پەیمان
یان مەرگی من یان هینی ئەوان
*(دەست دەخەنە نێو دەستی یەکتر. سەرکار دەچێتە دەرەوە. سەر شانۆ ڕووناک دەبێتەوە. برزووی خزمەتکار و شێرۆ ڕاوێژ دەکەن)*
برزووی خزمەتکار: تەمەنی من وەک تەمەنی جاڵجاڵۆکە
پڕێتی لە تەونی چنراوی پێچاوپێچ
لەم هونەرە زیاتر شک نابەم
بۆ چەند ساتێ کە چەند مێشێ باڵ بەست دەکا
دە ساڵە من

خزمەتکاریی دەربار دەکەم
دە ساڵە لەژێر چاودێریی چاوی برسیی
پاسەوانانندا ڕەنج دەدەم
نە دەوێرم پێ لە دەرگەی دەربار ببڕم،
نە ئەم هەموو زوڵم و زۆرەش
بەکۆڵی ویژدان هەڵدەگرم
ژنەکەشم وەکو من هەر ڕەنج دەدا و بەهیچ ناگا
ئەویش وەک من ماری بیری گیانی ئەخوا
ئەویش وەک من وا خەم دەیخوا
شێرۆ: تۆ کۆتی دە ساڵی دیلی و چەوسانەوەت
وا لە ئەستۆ و لە گەردندا
گەر رازی نیت وەکو ئاژەڵ بژمێردرێی
دەتوانی چیدی داهاتوو
ملکەچ نەبی و گیانت بکەی بەئەسپی با
برزوو: منیش وەکو هەموو کەسێ
سەربەستیی ژینم خۆش دەوێ
وا حەز دەکەم
ئازادانە هەنگاو بنێم
کەناری بیرم زۆر دوور بێ
ئەڵقەی دەستم شکێنرابێ
چاوم هیوا و ژینم دەریای بێ سنوور بێ
بەڵام چی بکەم
هەرچی دەکەم هەر نامۆم و ڕێ دەرناکەم
لە تارماییی سێبەرەکەی خۆم زیاتر
پەی بەنهێنی ڕێ نابەم

لەم وڵاتە زۆر لێکراوە
ئەوەی بژی
دەبێ بیری لەژێر سێبەری لەشی بێ
بەچاوی خۆی شت نەبینێ
بەگوێ سکاڵا نەبیستێ
بەمێشکی خەڵک بیر کاتەوە
بەپێی خەڵک هەنگاو بنێ
شێرۆ: راستە.. بەڵام ئەم رۆژگارە
پیاڵەیەکی نیوە پڕە
هەر کەسێ جۆرێ تێی دەگا
ڕەشبین نیوە بەتاڵەکەی دەبینێت و
گەشبین لە نیوە پڕەکەی
سەرنج دەدا
برزوو: ئەی چار چییە
تا کەی ڕەنجم بۆ خەڵکی بێ؟
تا کەی ژیان دیلیەتی بێ؟
شێرۆ: تەنیا چارەی گۆڕینی هەر سەختی و هەڵدێر و دژوارێ
یاخیبوونە..
لە سنوور بەند و چوارچێوەی دیوارێ
برزوو: من بەتەنیا چی دەتوانم؟
چیم پێ دەکرێ!
شێرۆ: تۆ چۆن گیانت لە ئازار و مەینەتیدا کەیل بووە
ملوێنان کەسی وەک تۆ چاوەڕوانن
زیندانییەکان
ئاوارەکان

برسییەکان
چەوساوەکان
ئەوانە وا ژینیان لەنێو
لەپی دەست و بازوویاندا هەڵگرتووە
برزوو: (بەپەرۆشەوە)
ئێستە چی بکەم
یەکەم هەنگاو
لەگەڵ کێدا
بەچ جۆرێ
چ نەخشەیەک
دەست پێ بکەم
شێرۆ: پێش هەر کارێ
پێویستە ئەوانەی وەک تۆن
لەیەک بگەن و یەک بگرن
تا دەنگەکان بەهێزتر بن
رێگەکەمان کەمتر دەبا
تا هێزەکان یەکگرتوو بن
زووتر دوژمن ملکەچ دەکا
برزوو: لە دەربار‌دا
لەژێر ئەو هەموو زۆرداری و جەور و ستەمە زۆرەدا
کێ دەڵێ تەنانەت هەر دەوێرن گوێشم لێ بگرن
*(کەمێ بێدەنگی. روو دەکاتە بینەران)*
لە دەربار‌دا
مرۆڤ وەکو ئاژەڵ وایە
گەر گوێش بگرن

جا تۆ بڵێی ئامادە بن؟

جا تۆ بڵێی ی.....؟ ڕازی بن

رازی دەبن؟؟!

بینەری... ١

بینەری... ٢

برزوو: ئەگەر ئەوان رازی نەبوون؟!

یاخۆ.. یاخۆ!!!

شێرۆ: رازی دەبن

مرۆڤ ئەگەر

برسییەتی زۆری بۆ ببا

لە تاواندا و لەژێر تینی برسییەتیدا

مرۆڤ دەخوا..

لە دوای ئەوە ئێمەش

وەک تۆین

هەموومان هەر بەشخوراوین

داخ لە دڵین

زۆر لێکراوین

هەموو شت بانگمان دەکا

کە ڕاپەڕین

ویژدان و بیر و گیانمان

گیانی تینووی چەوساوەمان

بەڵام ئەوەی زۆر گرینگ بێ

زۆر پێویست بێ

تەنیا ئەوەیە یەکگرین

برزوو: *(بیر دەکاتەوە)* لە دەرەوەی شورای دەربار

جیهانێکی ئاڵۆزکراوی تریش هەیە
ئەوان کوانو و ئاگردان
هەر ئەوانیشن پەنگرن
شێرۆ: هەموو وەک تۆین
کە ئازاد بووین
هەموومانین
کە مردیشین هەر پێکەوەین
لەیەک جیا نین
وەکو چۆن خۆر
لە ئاسماندا...
لەلام روونە
واش دڵنیام،
کە ئەنجاممان سەرکەوتنە
برزوو: (لەبەر خۆیەوە)
هەرچی کاتێ، کە تروسکەیەک بەدی دەکەم،
کە چرکەیەک دەمهەژێنێ
لە خۆشیاندا دڵ و گیانم دەبنە سەرچاوەی ئاواتێ
لەو کاتەدا
وا هەست دەکەم
کام شەو قووڵ و تاریکە
کام ئەستێرە دوور و بڵندە
پەنجەی هیوامی بگاتێ
شێرۆ: هەموومان هەر
لە تاریکیدا....
چاوی گەشمان هەڵهێناوە

هەموومان هەر لە یەک زامدا
یەک سنووردا
دەنگ و هانامان خنکاوە
ئەوەتەی هەین چاوەڕوانی
ئەم ڕۆژەین
بێ خەڵک لە یەکتر تێ بگەن
دەنگی هەموویان.. یەک دەنگ بێ
**(وچان)**
ئەوەی ئیمڕۆ
بەرهەڵستی زۆردار نەبێ
ترسنۆکە
درۆزنە
خاک و وڵاتی خۆش ناوێ
برزوو: من ئامادەم
ئەوە خوێنم
ئەوە گیانم
ئەنجام مەرگ یان ژیان بێ
لەگەڵتانم
*(لە یەکتر نزیک دەبنەوە قسە و ڕازی نهێنی باس دەکەن)*
شێرۆ: لەوانەیە
بەم زووانە
نەخشەی هێرش
بەرەو دڵی دەربار و کۆشک
بکێشرێ
ئەوسا کاتی پەلاماردان

دیاری دەکرێ
دەبێ خەڵک سنگیان بکەن
بەقەڵغانی گوللەی دوژمن
شەقام شەقام
کۆڵان کۆڵان
تا سەرتاپا هەموو شوێنان دەگرێتەوە
دەبێ هەموو
بەیەک دەنگ و بەیەک ئامانج
ئاڵای ئاشتی و رووخانی دەربار هەڵگرین
لە ئێستاوە
ئامادە بە
بەڵام پێویستە نهێنیی
هێرشبردن بپارێزرێ
خەڵک هاندە
یاخی بن
یەکگرن بەرەو شۆڕش
بەڵام نابێ پلانەکان
بۆ هیچ کەسێ هەڵبڕێژرێ
بیرت نەچێ.. بیرت نەچێ
*(هەردووکیان دەست دەخەنە دەستی یەک و لە تاریکیدا ون دەبن.*
*سەر شانۆ رووناک دەبێتەوە.)*
*خاوەن شکۆ لەگەڵ سەرکار و پیاوەکانیدا راوێژ دەکەن.*
خاوەن شکۆ: ئەوانەی وا لە داب و دەستوور دەردەچن
مەترسییان یەکجار زۆرە
ئەگەر هەموو بنبڕ نەکرێن

لە ڕەگەوە هەڵنەکێشرێن
لەوانەیە وەک برینێ
بتەننەوە..
هەزاران برسی و بێکار
لە دەوریشیان کۆ ببنەوە
ئەوسا ئەنجام بە چی دەگا
خۆت دەزانی
ئاسایشی ئەم ولاتە
دەکەوێتە دەست ڕەشەبا
سەرکار: خوا شکۆی تۆمان بۆ بهێڵێ
ڕێیان نادەین سەر هەڵبڕن
چاو هەڵبێنن
جگە لەوەش زۆربەی زۆریان
ناسراون
تاکو ئێستەش
بۆ هەر شوێنێ هەنگاو بنێن
هەنگاویان لەگەڵ نراون
**(وچان)**
هەر سەروەرمان بەرقەرار بێ
دڵنیا بە
چاو و... دڵمان
پاسەوانی خاوەن شکۆ و
دەربار دەبێ
پیاوی یەکەم: ئەنجامیان هەر چۆک دادانە
خاوەن شکۆ: *(بەرقەوە)* وەک بیستوومە

لە زۆر شوێندا
لە زۆر کاتدا
برزووی نەفام
بەخراپەکار ناوم دەبا
من دڵنیام
بەرد قسە کا برزوو نایکا
ئەگەر یەکێ فێری نەکا
سەرکار: گەورەم بریا
هەر ئەو بوایە
بەڵام ئەوەی جێگەی داخە
خەمێکە دڵ دەلەرزێنێ
هەواڵێکە
دەستی هێزمان دەترسێنێ
لە نێوجەرگەی دەربارەوە
لەو شوێنەدا پیرۆزترین
بریای تێدا دەنەخشێنرێ
دارای هاوڕاز و هاوڕێمان
بەرهەڵستی دەربار بووە و
گوایە لەلای هەموو خەڵک
نهێنییەکان دەدرکێنێ
*(هەموویان بەسەرسووڕمانەوە سەیری یەکتر دەکەن.) (بێدەنگی)*
خاوەن شکۆ: هەر جارێ (دارا) وەکو دەستی پاڵی پێوە بنێ
سەر پێچییەکانی زیاد دەکرد
گەرچی شوێنی گومانم بوو
بەڵام پەیم پێ نەدەبرد

ماوەیەک بوو
رووی لە دەربازیش کەم دەکرد
سەرکار: ئەگەر رێوی لە کونی خۆی
یاخی بێ
هەر گەڕ دەبێ !
پیاوی سێیەم: ئەو کەسانەی لەو بیرەدان
سەرلێشێواو و گەندەڵن
وەک کای دەم بان
پیاوی یەکەم:
گەورەم بەخوا ماوەیەکە
گیانی ونی سەنگتاشەکان
لە سەردەمی زۆربەی خەڵکە
وا هەست دەکەم
شتێکی لا درکێنرابێ
کە سەیری دەربازیش دەکەم
تەلەسمێکی چەند ئەستوورە
هەرچی دەکەم
بڕوا ناکەم!!!
ئاشکرا بێ
خاوەن شکۆ: *(وەک دارای لە بیر چووەتەوە)*
جا کێ هەیە ئاشکرای کا
کێ دەتوانێ
دەست لە نهێنیی دەربار بات
سەرکار: گەورەم دارا
ئاگەداری هەموو شتە و

ئێستاش چرای دەست و بیری
تاریکستانی ئەوانە
خاوەن شکۆ: دەربار شایانی ئەو نەبوو
بێ وەفا بوو
بێ ئەمەک بوو
بەڵام تازە
لە دەستمان چوو
پیاوی دووەم: بەخوا گەورەم
ئێمە هەموو گەرد و تۆزی
خاک و پاتین
بەڵام دنیا خۆی لە خۆیدا
خراپ بووە
*(بێدەنگی.) (لەو کاتەدا دەنگی کۆمەڵێ منداڵ لە دەرەوەی کۆشکەوە دەبیسترێ هاوار ئەکەن و تێپەڕ دەبن)*
منداڵەکان : منداڵی گەڕەک وەرنە دەرێ
با خۆری نوێتان بەرکەوێ
پەردەی نهێنی لابرا
مەرگی سەنگتاش ئاشکرا بوو
تارماییی مردن راو نرا
منداڵی گەڕەک وەرنە دەرێ
با خۆری نوێتان بەرکەوێ
منداڵی گەڕەک...
منداڵی...
*(سەرکار و پیاوەکانی ڕادەکەنە دەرەوە.. دەنگەکە*
بەرە بەرە دوور دەکەوێتەوە.

*خاوەن شکۆ هەڵدەستێتە سەرپێ و لە پەنجەرە و دەرگەوە دەڕوانێ لە چواردەوری کۆشک گوێ دەگرێ)*

*بێدەنگییەکی سامهێنەر*

خاوەن شکۆ:

*(لە ترسا دەلەرزێ)*

هیچ دوور نییە

لە دەربارا دارا

شوێنپێی دانەنابێ

لەوانەیە دوژمنەکەم

ئەوەی بەخوێنم تینووە

لە پێڵووی چاو نزیکتر بێ

هەموو کاتیش

نیگاکانی بەشوێنمەوە

هەنگاو.. هەنگاو

لەگەڵمدا بێ

**(وچان)**

ئیتر دەبێ گەورەییی من نرخی چی بێ

کە تەنانەت

نزیکترین کەس لێمەوە

چاڵ بۆ مەرگم هەڵدەکەنێ

لە بەرچاوم.. هەموو شتێ

بە سیمای من پێ دەکەنێ

**(وچان)**

دەنگی بێ ترسی ئەمانە

یەکگرتنی ئەم گۆرانی و

(مندالآنه)
ئەنجامی دەنگی بڵاوی
زۆربەی خەڵکە
زۆربەی شوێنە
کە  بێ ترس دەیڵێنەوە و
کە ئاسایش بیستوویانە
***(وچان)***
ئەوانەی وا تەنیا ژەمێ
بەسکی خۆیان تێر نەبوون
پێش ئاو
پێش نان
سروود فێر بوون
ئای لە دەبەنگیی مرۆڤی ئەم سەردەمە
*(خاوەن شکۆ بەشێوەیەکی هیستریایی پێ دەکەنێ. دوودڵی و ترس لە روخسار و رەفتاری بەدی دەکرێ. بە ژوورەکەدا هاتوچۆ دەکا).*
*(لەبەر خۆیەوە)*
گومان لە پاسەوانی دەرگە و لە دەربار و لە خۆم دەکەم
گومان لە دنیا و یاساکان و
خەڵک دەکەم
هەموو گیانم
نوقمی تەمی دوودڵییە
نازانم ئەم ژەنگە رەشە
لەسەر چاو و دڵم چییە
**(وچان)**
لە زۆر شوێندا

له زۆر کاتدا
ئاسایش باڵی شکاوە
ئاسمانی کۆشک
لەگەڵ بوونی دەرباردایە
دەربار نەبێ
هیچ سنوورێ بوار نایە
هەرچۆنێ بێ
ئەنجامێکی تاریک و توون
له ڕێدایە
هەرچەند دەکەم
ترسی نەبێ
هەڵدێر نەبێ
مەرگ نەبێ
هیچ شتێکم بەبیر نایە
*(بێدەنگی)*
*(دەنگی هەمان سروودی منداڵان لە دەرەوەی کۆشک دەبیسترێ. خاوەن شکۆ وەک شێت دەڕوانێتە ژوورەکە و بیر دەکاتەوە نائاساییانە خۆی دەهاوێتە باوەشی کورسیی پاشاییەکەیەوە).*
*(تاریکی).*
*(ڕووناکی دەچێتە سەر چیرۆک بێژ)*
وەک دیتتان خاوەن شکۆ ڕەنگی گۆڕا
دەنگی گۆڕا
سات لە دوای سات
تەمی گومان نێوچاوانی دادەپۆشێ
دڵی کەیل و پەست ئاهێنی بەجارێ

دەیان ڕێچکەی پێدا هەڵدەزنا
هەر جارێکیش
ملی هیوای کاڵەوەبووی
بە ڕێیەکی تەنگتر دەنا
تا سەرئەنجام
ڕێگەکان بوون..
بە تاڵە داوێکی باریک
ژینیش بووە
چاڵێکی قووڵ قووڵ و تاریک
بەم ئازارە دەروونییەوە
هێند ماندوو بوو
وەکو کێوی ئاسنگەرانی کۆڵ نابێ
سەرپۆشی خەو..
پێڵووی چاوەکانی پێ نووقاند
عەقڵی لە لاشە سرەوت و
چاوی چارەنووسی داگیرساند
خەوی بینی..
لە خەویدا.. وا
*(تاریکی)*
*کە شانۆ ڕووناک دەبێتەوە لە*
*قەرەباڵغییەکی شێوە ئاهەنگی*
*سەرکەوتندا دەبینرێ*
*لە سووچێکی شانۆوە چەند کاسە سەرێک و لە سووچێکی ترەوە*
*مرۆڤێک بەبەرگی کرێکارانەوە بەمردوویی ڕاوەستێنراوە..*
پاسەوان:

*(لە ناکاودا دێتە ژوورێ. کڕنووش دەبا)*

گەورەم پۆلێ ژن و منداڵ

لە کازیوەی بەیانییەوە

لەبەر کۆشکدا ڕاوەستاون

داوا دەکەن

بێنە خزمەت خاوەن شکۆ

خاوەن شکۆ: (بەتووڕەییەوە)

بۆچی هاتوون، چییان دەوێ

پێیان بڵێ ئەمڕۆکە سەری سەرقاڵە

نایەوێ چاوتان پێی بکەوێ

*(پاسەوانەکە دەڕوات.)*

*( دەنگ و هەرای خەڵکەکە کۆتایی نایەت. تا دێ نزیک دەبێتەوە. سەرکار بەدەنگەکەوە دەچێتە دەرەوە. بەپەلە دەگەڕێتەوە و بەگوێی خاوەن شکۆدا دەچرپێنێ)*

سەرکار: *(بانگی پاسەوان دەکات)*

پێیان بڵێ....

با بێدەنگ بن

یەکە... یەکە.. چییان دەوێ

لە سایەی داد و یاسادا

لە خزمەت خاوەن شکۆدا

ئامادە بن

*(پاسەوانەکە دەچێتە دەرەوە. پاش بێدەنگکردنیان پیرێژنێکی ڕەشپۆش دێتە ژوورەوە)*

خاوەن شکۆ: *(ڕوو دەکاتە پیرێژنەکە)*

لەم ڕۆژەدا، کە نیشتمان

له شادیی ئاهەنگدایە
ڕۆژی وا کەی کاتی داوا و
سکاڵایە
چیتان دەوێ
خێرا بیڵێ
پیرێژن: *(پیرێژنەکە دەچێتە پێشەوە)*
خاوەن شکۆ
لە داراییی هەموو دنیا
تاقە کوڕێکم هەبوو
بەهەزار حاڵ
تا گەیاندمە ئەم تەمەنە
خوێنم لەگەڵیدا بوو بەئاو
پرچی سپیم بەدیاریەوە
هۆنییەوە
لە دوای ئەوەی ئێوارەیەک
تێر ماچی کردم و ڕۆیی
پێی گوتم، کە لێک دابڕاین
بڕوام نەکرد
بەڵام دواین جار بوو.. ئیتر
چەند بۆی گەڕام
نەمبینییەوە.
*(پیرێژنەکە وشەکانی بۆ تەواو ناکرێت. دەست بەگریان دەکات)*
خاوەن شکۆ:
بۆچی ڕۆیشت چی مەبەست بوو؟
پیرێژن:

پێی نەوتم
تەنیا ئەوەندە دەزانم
توێشووی ڕێگەی لە پشت بەستبوو.
خاوەن شکۆ:
بەتەنیا بوو
یاخۆ هاوڕێی لەگەڵدا بوو.
پیرێژن:
خاوەن شکۆ...
کوڕەکەی من لە منداڵییەوە
ئارەزووی هەر لە بێدەنگی و تەنیایی بوو
بەڵام لەو دەم و کاتەدا
هاوڕێی زۆر بوون
وەک پوورەهەنگ
تێک ئاڵابوون
خاوەن شکۆ:
لە کۆمەڵە کێت لێ ناسین
پیرێژن: *(بە ترسەوە)*
بەخوا کەسیان....
گەورەم...... کەسیان..!!
خاوەن شکۆ:
کوڕەکەی خۆت دەناسییەوە؟..
پیرێژن:
*(بە سەرسوڕمانەوە)*
گەورەم ئەی چۆن!
خاوەن شکۆ: *(دەست بۆ سەر مێزێک درێژ دەکا و)*

ئەو کاسە سەری زۆربەی
ئاژاوەگێڕ.... و
ئەوانەن وا ..... کە یاخی بوون
لە ئەنجامی سەرکێشی و تاوانبارییان
یەک بەیەکیان
بەو دەردە چوون
*(پیرێژنەکە لە کاسە سەرەکان دەچێتە پێشەوە، دەست بەچاو و روومەتی وە دەگرێ. وەک شێت پەلاماریان دەدات. کاسە سەرێکیان هەڵدەگرێ و هاوار دەکات)*
دۆزیمەوە
جەرگەکەی خۆمم دۆزییەوە
ئەو کەسەی وا
لە دووریدا
بۆی بووم بەچڵێ کۆڵەوژ
دۆزیمەوە
*(لە کاسە سەرەکان نزیک دەبێتەوە و دەگری)*
چاو دامەخە
کزەی جەرگم لە دووریتدا
وا بووم بەخۆڵەمشتێ خۆڵەمێش
بڕوا ناکەم
پشتم تێ کەی
بڕوا ناکەم
بڕوا ناکەم لە مەرگیشدا چاو دابخەی
خاوەن شکۆ:
ها... پیرێژن

تۆ لەناو ئەم
هەموو سەرە کەرتەشیانەدا
خڕکە بەردی
ئەو کەللەسەری خۆت چۆن
ناسیەوە؟

پیرێژن:

خاوەن شکۆ
تۆ لە باخچەی ماڵەکەی خۆتدا ئەگەر
چەپکێ مێلاقە هەڵکێشن دەتوانی گوڵ بەگوڵ شوێن و
زەمەنی چرۆکردوویان بناسییەوە؟
منیش ئاوام !
ڕەنگە جیاوازی لە نێوان ئەم چاو ترێ
رەشانەدا زۆر بن، بەڵام
من دڵنیام پێش هەڵوەرینیان
هەر هەموو خەونێک دەیکردن بەهێشوو
گرینگ نییە ئیدی زێد و نیشتمانی ئەم
خەڵفە خەمانە کوێن
کامیان کوڕمە و
ئەوانی تر هەر یەکەیان مێرد و برا و منداڵی کێن
*(پیرێژن دەکەوێتە سەر زەوی و دەبوورێتەوە. سەرەکەی لە دەست بەردەبێتەوە. پاسەوانەکان دەیبەنە دەرەوە)*

خاوەن شکۆ:

(قاقا پێ دەکەنێ و روو دەکاتە جەماوەر)
ئەم دیمەنەش لەم یادەدا
خراپ نییە

پیاو ببیبنیٚ
تا هەموو کەس ئاگەدار بن
دەربار چۆن تۆڵە دەستێنیٚ
*(روو دەکاتە سەرکار)*
بزانە کێی تر دەیەویٚ
بێتە ژووریٚ
بڵیٚ بابیٚ
*(سەرکار دەڕواتە دەرەوە. ژنێکی تەمەن ناوەندی، ڕەشپۆش، بەدوایدا دێتە ژوورەوە)*
خاوەن شکۆ:
چیت دەویٚ تۆش
خێرا بڵیٚ
مێردەکەی من
بە درێژاییی تەمەنی هەر
چەوساوە بوو
بەهەژاری و نانەسکی
دەیژیانین
تەنیا هیوامان هەر ئەو بوو
سەرەڕای ئەم هەموو رەنجەش
بەو دەردە چوو
*(دەگری)*
خاوەن شکۆ:
چیی بەسەر هات
بەرەو کویٚ چوو
ژنەکە:

گەورەم سۆراخی نازانم
بەڵام دەڵێن لەگەڵ خەڵکدا
لەبەر دەربار‌دا دیویانن
خاوەن شکۆ:
*(بە گاڵتە پێکردنەوەوە)*
کەواتە ئەویش یاخی بوو
لە یاسای ئەم مەملەکەتە و
پەیامی خواوەندی گەورە و
دادپەروەریی خاوەن شکۆ ناڕازی بوو
ژنەکە:
دەتوانم سوێند بخۆم ئەو هیچ نەبوو
یاخی نەبوو
خاوەن شکۆ:
گەر بێ ئاگا و
بێ گوناه بوو
بۆچی کوژرا
یان بۆ برا
ژنەکە:
مێردەکەی من کرێکار بوو
بەیانییان زوو
بەرگی ئیشی لەبەر دەکرد،
کە ئێواران دەهاتەوە
گیانی دیلی
ئەشکەنجە و ئێش و ئازار بوو
بەیانییەک

وەک هەموو ڕۆژێ ئاسایی
بۆ لەتێ نان
چوو ڕەنجێکمان بۆ بداتەوە
ئەوەندەمان چاوەڕوان کرد
سۆمایی چاومان وا داهات
بەڵام ئیتر دواین جار بوو
نەمانبینی
نەهاتەوە
خاوەن شکۆ: *(بەنیگەرانییەوە)*
جا ئێستاکە تۆ چیت دەوێ!!
ژنەکە: تەنیا وەڵامی پرسیارێ..
بەشوێن ڕاستییەکەدا
وێڵم
لە نێوان ڕەش و سپیدا
لە نێوان بوون و نەبووندا
هەڵواسراوە
لە سۆراخی ئەو ڕاستییەدام
دڵنیام کا
زیندووە یاخۆ نەماوە
خاوەن شکۆ: *(دەست بۆ کاسە سەرەکان درێژ دەکات)*
ئەوە سەری بڕاوی
زۆربەیانن
ورد بەرەوە
گەر دتیتەوە
بەدەستی خۆت دەری بێنە

تیاشیا نەبێ...!
لێرە نییە و
بۆی مەگەڕێ
*(ژنەکە هەموو کاسە سەرەکان دەگەڕێ و دەگەڕێتەوە دواوە)*
ژنەکە: *(بەپەرۆشەوە)*
گەورەم گەڕام
هەموو گیانم کردە چاو و
نەمبینییەوە
*(هانا بۆ خاوەن شکۆ دەبات)*
گەورەم چارێ
خاوەن شکۆ: *(دەست بەیەخەی خۆیەوە دەگرێ و دێتە پێشێ)*
تەنیا تاپۆی.. ئەوانەی وا
لێرە ون بوون
ئەم چاکەتە ڕەنگینەیە
لەمە زیاتر هیچ سۆراخێکمان لا نییە
دەیناسییەوە
ژنەکە: *(پاش کەمێ بێدەنگی.. بە تووڕەییەوە)*
گەورەم پێویست بەوە ناکا..
سەیری بکەم
وەکو وتم
کرێکار بوو
بەرگی شڕ و پینەکراوی
لەبەردا بوو
وەک پێم وتی
زۆر هەژار بوو

خاوەن شکۆ: (بەتەوس و توورەیییەوە)
کەواتە هاوڕێی یاخی یان
سەگی برسیی بەر دەربار بوو
مادام وایە بۆی مەگەڕێ
مردنەکەی بۆ چاکتر بوو
مەرگ نەبوایە بەهیچ کەس
تێر نەدەبوو..
بڕۆ لە جیاتیی سۆراخی
ئەم یاخییە
دوای چارەنووسێکی تر کەوە
(ژنەکە بەگریانەوە دەچێتە دەرەوە)

*

*( ئافرەتێکی تەمەن لاو دێتە ژوورەوە. بەرگی رەشی پۆشیوە و دەستی منداڵێکی پێنج ساڵانەی گرتووە و)*

خاوەن شکۆ: کار وا بڕوا
ڕۆژ دەگاتە خۆرنشین و
شەوگار دایەت
هێشتا داوای بێ مانای خەڵک
دوایی نایەت.
*(روو دەکاتە ئافرەتەکە)*
تۆ چیت دەوێ؟!
عەوداڵی چیت وا بەماتی
خەم لە چاوتدا گینگڵ دەدا
ئافرەتەکە: *(دەگری)*
گەورەم.. هانام

هاتووم یان خۆم و ئەم کچەم

لەتوپەت کەی

یان باوکی دیل و بەیدەستی

ئازاد بکەی

خاوەن شکۆ:

کار لە دەستی مندا مابێ

ئەگەر باوکی بێ تاوان بێ

چۆنتان بوێ

ئاوا دەبێ

ئافرەتەکە: گەورەم سوپاس

خاوەن شکۆ: *(پاش کەمێ بێدەنگی)*

ناوی چییە؟

ژنەکە:

گەورەم هیوا

خاوەن شکۆ : *(لەبەر خۆیەوە)*

هیوا .. هیوا

*(منداڵەکە بەسەر کاسە سەرەکاندا دەگەڕێ و روو دەکاتە شوێنی مرۆڤە مردووە راوەستێنراوەکە و کەمێ لێی دەڕوانێ بەسەرسامییەوە و ڕادەکاتەوە لای دایکی)*

منداڵەکە: دایە... دایە

ئەها بابە ڕاوەستاوە

قسە ناکا

ئەها بابە ئەوەتانێ

دە سەیری

کە دایە گیان

ئێ دایە گیان

*(خاوەن شکۆ سەیری کارەساتەکە دەکا. ژنەکە لە خۆشییاندا روو دەکاتە مێردەکەی و بە سەرسامییەوە کەمێ تێی دەڕوانێ)*

ئافرەتەکە: *(لەسەر خۆ)*

هیوا.. هیوا

هاوڕێی ژینم

خۆشەویستە دڵسۆزەکەم

چییە.... ماتی

بۆ بێ هەستی

بۆ

نام... د.. و.. ێنی

*(ئیستێک)*

وا بووم بەمشتی خۆڵەمێش

چاو دامەخە

بۆ وشەیەک نادرکێنی

*(دەگری)*

هیوا گیانم

دەروونم کەیلی ئازارە

چۆن دەتوانم

لەمە زیاتر چاوەڕوان بم

وا شێت دەبم

**(وچان)**

هیوا.. هێزم تێدا نەماوە....!

بۆچی بەزەیت پیاما نایە

هیوا.. بۆچی؟

هیوا .. بۆچی؟

*(دەگری و هەڵوێستێکی سەرسوڕمان)*

سەرکار: هیوا چی بکا،

چیت لێ دەوێ؟!

گریانەکەت بێ ئەنجامە!

چونکە هیوا ...

لاشەیەکە.... بێ گیانە!

ئافرەتەکە: *(پەلاماری لاشەی هیوا دەدا.) (لاشەی هیوا دەکەوێتە سەرزەوی)*

*(بۆ ماوەیەکی کورت دەنگی مۆسیقایەکی خەمناک بەرز دەبێتەوە...)*

*(بە دوودڵییەوە)*

بڕوا ناکەم

بڕوا ناکەم

مەرگ ئێخەی هیوا بگرێ

هێشتا بەهاری تەمەنی نەبوو بە چەپکێ مێلاقە و گوڵی سوور

هیوا ئاسۆی ڕوانینی زۆر لە مردن دوورتر و چاوی

بڕیبووە ئاسۆیەکی ئێجگار دوورتر

منداڵەکە: بابە توخوا دەوەرەوە

بیرت دەکەین.

*(روو دەکاتە خاوەن شکۆ)*

بەڵام خاوەن شکۆ

ئەوانەی وا هیوایان کوشت

بۆ تاوانێ لەسەر چۆک بوون

چەند بێ بەزەیی سەد هێندەش

ترسنۆک بوون

ترسنۆک بوون

*(سەرکار و پاسەوانان ئافرەت و منداڵەکە دەکەنە دەرەوە)*

خاوەن شکۆ: *(بە تووڕەیییەوە بانگی پاسەوان دەکا)*

ئیتر نامەوێ هیچ کەسێ
بێتە ژوورێ
هەر ئێستاکە
لەبەر دەربارا دەریان کەن
گەر نەڕۆیشتن
خوێنیان بەئێوە حەڵاڵە
لە سەریان بەن
زوو کەن خێرا
زوو کەن خێرا

*(سەر شانۆ چۆڵ دەبێ. خاوەن شکۆ بە تەنیا دەمێنێتەوە، بەسەرنجەوە دەڕوانێتە کاسە سەر و لاشەی (هیوا). ترس و شێواوی و شڵەژان لە روویدا بەدی دەکرێ.)*

*(مۆسیقایەکی تێکەڵ).*

*

*(لاشەی هیوا دەکەوێتە قسەکردن)*

خوێنی ئێمە
مەرەکەبی دەستی گەلە
لە مێژوودا...
سزا و تۆڵەی پێ دەنووسرێ
بۆ کوێ دەچی
تارمایی مەرگ هاکا وا هات
کۆشک و دەربار کاول بکا

کاسە سەری یەکەم:

بەڵام لە پاش ئەوەی سیمای قەبەی
ئەو ئاگرە
ئەو کڵپەیە
چاوی خەواڵووی نووچ پێ دا و
کاڵ بووەوە
لە پاش ئەوەی
نێڵەی دەروونی سەرەڕۆی
ئەم جیهانە بچکۆلەیە دامردەوە
ئیدی هاژەی تیشکە ئەوین
سێبەرێک بوو بەشوێن هەنگاوی کامیاردا
کەنارێک بوو
بەشوێن شەپۆلی رووباردا
لە خامۆشیی چاوەکانیدا
رەشەبا بوو
لە ماتی رەنگ و سیمایدا
رێژنەبارانی بەتاو بوو
وەکو چڵی پشت کۆماوەی،
درەختێکی بەر ڕەشەبا
چەمایەوە و هانای دەبرد
هاژەی عاشق
هاژەی دڵدار
گلۆڵەیەک تارمایی بوو
لە خێراییی چرکەیەکدا
دەمرد، دەژیا
دەژیا، دەمرد

هاژە:

هانام کامیار
بیرمان ئەشکەوتی نسێ بوو
چاومان تارماییی نیوەشەو
دەستی حەزمان سروەیەک بوو
گیانی سڕمانی کردە خەو
هانام کامیار
لە ڕۆژی وا شووم و
چوار پەل بەستراودا
لە ڕۆژی وا خۆرگیراودا
خەنجەری مەرد
دەبێ کێلان جێ بهێڵێ و
لەگەڵ تیشکی خۆری گەشدا
سەما بکا
هیچ سەرمایە و....
هیچ سامانێ
بەقەد وەفا دڵسۆز نییە
تەنیا وەفا
تەنیا وەفا

کامیار:

پەلەکردن ئەسپی سەرکێشی زریانە
بەرەو لووتکەی مەرگمان دەبات
ئەوەندەی تر
نغرۆی ڕنووی خەممان دەکات

هاژە:

بەڵام کۆمەڵگە و ڕێساکان
گاشەبەردێکی خزیوی
چیایەکە و ڕاناوەستێ
لە چاویاندا
ئابڕووی ئافرەت
گوللەیەکە، کە تەقێنرا
ناگەڕێتەوە نێو تفەنگ
ڕووبارێکە، گەر بەجۆگەیەکدا داگەڕا
ناگەڕێتەوە سەرچاوە
مردوویەکە
پێی لە ڕۆخی ژین خزاوە

کامیار:

پەشیمان نیم لە وەرزی سەوزی ڕابردوو
بەڵام ئەوین سەراپا حەز و ئارەزووی
ئینسانێکی لێ پێک نایە
بیرکەوە، هاژە
باپیرانمان گوتوویانە
بەگوڵێکیش بەهار نایە
ئیتر ئەوین لە چاو سووڕانی زەمەندا
دەبێ چی بێ؟

هاژە:

خۆشەویستیی کانییەکە
بۆ تینوویەتیی ڕێبواری ڕێ
ئاسمانێکە

بۆ هەتاو و کازیوەی نوێ
خۆشەویستی
ناونیشان و
گلێنەی هەردوو چاومە
لەوانەیە بتوانم چاوم هەڵکەنم
بەڵام کۆمەڵ
گورگی یاسا ژەنگاوییەکان
پڵنگێکی بریندارە
مرۆڤێکی داخ لە دڵە
چاوی زەرقای یەمامەیە
تا چاو بڕکا
زێیەکی سەرشێتی هەڵچووی
بێ بوارە
کامیار:
من هەرزە بووم، ئەو خەونە بزڕکاوانەم
وەک گیانەڵای نێوان ژین و مەرگ وایە
من ناتوانم
لە پێناوی ئافرەتێکدا
لەم ژیانە
لەم زریان گەردەلوولە و پەشێوەدا
ئەنجامی خۆم
بخەمە دەست
ڕەشەبایەک
حەز ناکەم چیی تر دەربارەی
خۆشەویستی و

کۆمەڵ و
هیوا و... تۆ
بدوێم
گیانم ناکەم بەقەڵغانی ئەو ئازارە
دڵم ناکەم بە پێوەندیی ئەو بڕیارە
ببوورە
لێم
ببوورە
لێم

هاژە:

هانام کامیار..!

کامیار:

چیی تر بەردی دڵی رۆژگار ناجوومەوە
گیانم ناکەم بەهێلانەی
ژەنگە بیری ئەفسانەی ئەم سەمەرەیە
ئەوەی وتم
لە تەوێڵی هەردووکماندا
چارەنووسی بەیدەستەیی و
نەخشەی هێزێکی گەورەیە.

بەشی دووەم

## پایزێ لە بێدەنگی

## پایزێ لە هەڵوەرین

هاژە:

ئەی پایزی وەرزی خەزان،
وەک عومری من
وا پرچی ئاڵتوونی درەخت
هەڵدەوەرێ
ئازارەکانم ڕەنگی زەردی سەرەتاتن
گەڵا... گەڵا
چڵی عومرم
تنۆک... تنۆک
ئەشکی چاوم
رەنگی زەردی خەزان دەگرێ
لە پێش چاوم
کارێزەکان کوێر دەبنەوە
ئەستێرەکان داناگیرسێن
تەرمی یەکتر لە کۆڵ دەگرن
ئەی پایزی بزە لەسەر لێو سەربڕاو
پار

ئەم کاتە
کامیاری بەر دوو چاو تاریک
کامیاری بێ هەنگاوی سەر ڕێگە باریک
سەرابی سەر ڕێگەی دووری
منی شەکەت و ماندوو بوو
منی ڕێبواری دێوانەی
گیان وشکەڵاتوو تینوو بوو
پار ئەم کاتە
دڵدارەکەم
ئەو کەسەی وا بەهارێکی بێ وادە بوو
باسی گەشتی
ساکارترین گوڵی کێوی و
ئاڵۆزترین ئۆقیانووسی
بۆ دەکردم
دڵدارەکەم.... ئەو کەسەی وا
قسەکانی کای دەم با بوون
باسی دنیای شارستانی و
گەشتی ئاسمانیی بەرین و
سەمفۆنیای دووکەڵی کارگەی
جیهانی نوێی بۆ دەکردم
ملوانکەی شیعری بە گەردنمدا هەڵدەواسی
گوێم هەر زرینگەی گوارەی وشە جوانەکان بوو
سیمام ساتێ ئەستێرە بوو
ساتێ دەیکردم بە مانگ و ساتێ بە گوڵە ئەستێرە و
تەمەنیشم ساماڵی شینی ئاسمان بوو

بەڵام ساتێ خستمیە بەردەم گەلەگورگێ
بە یاسای جەنگەڵستان
تاوانبار و ریسوای کردم
گوڵی کچێنیی لێ بردم
ئێستا وەکو
ماسییەکی لە جۆگە و رووبار دەرکراو
وەک گوڵێکی
لە لق و چڵی شکێنراو
وەک ئاسکێکی کۆتکراو
بەرەو کۆڕی گەلەگورگێ
ڕەوە بەرازێکی برسی،
چاوزیت دەچم
چەقۆی تۆڵەی
ئەو یاسایەم لە گەردنە
وەک خۆرێکی گەش و رووناک
لە ئاسمانی ماڵەکەمان ئاوا بووم و لە ئاسۆیەکی تاریکدا
چەپکێ تیشکی کز و تاریک
تێکەڵ بەخەمێکی خەست دەبم
ئەی پایزی رێژنە فرمێسک
برسییەتی چۆن..!
لە کرێوە و شەختەبەندا
داوی گیانی باڵدارانە
عەشقیش ئاوا
گرێبەندی دەستی برسییەتی و زریانە
لە ناچاری و نامۆییدا

لە کڵۆڵی و تەنیاییدا
دەڕۆم سەرم
لە بەرپێیدا رادەخەم و
دڵم دەکەم بە کوانووی گڕ
با کڵپەی تانەی ئەم خەڵکەم
لێ نەبێتە ماری تەمەن
دەڕۆم
دەڕۆ
م
لە پێناوی نەمریمدا
لەبەر سێبەری لاشەیدا کڕنوش دەبەم
مل کەچ دەکەم
کڕنووش
دە
بە
م
مل کەچ
دەکەم
***
«هاژە ڕەنگی بەیانی بوو
کراسی تەمی لەبەر کرد و
کۆڵی داد و هانای بردە
بەر ئاسانەی گیانی کامیار
ملی کەچ کرد
کڕنووشی بردە بەر حەزی

تەنیا یەک ڕاز
یەک تۆز وەفا
یەک تۆز بڕیار
دادی نەدا
دادی نەدا
مەرگەساتی تەمەنی خۆی
کردە فرمێسک و دایباران
خاک و خۆڵی ئەو پێدەشتەی کرد بە سەرداو
دایە جۆش و هاڕەی گریان
دادی نەدا...
دادی نەدا...
خەمەکانی ئازارێ بوون
سوێی برینیان هەڵدەکۆڵی و
لەبەر ڕێژنەی ئەشکی گەشدا
بووە چەپکێ لە خامۆشی
ئاسۆ خۆری لە ئامێز گرت و
تاریکیی ئێوارەی درەنگ
وەک هەورێکی خەستی تووڕە
بە یەکجاری چیای بالآیان داپۆشی».

بەشی سێیەم

## هەورێ لە گریان

## بەسەر بیاباندا دادەکا

هاژە:

وا پێنج مانگە
ماری کەسەر گیانم دەخوا
هەناسەی شەو دەمخنکێنێ
وا پێنج مانگە
مەرگەساتی داگیرانی،
ئاڵای ئابڕووم
ئاگرێکە و دەمسووتێنێ
هانام بووەتە شەپۆلە تیشک
دەنگم بووە بەباڵی با
کەس دەست ناخاتە ژێر سەری ئازارەکانم و
هیچ کەسیش لە سکاڵای ناخم ناگا
برووسکەی قین،
وردە ئاسن لەناو چاوی،
براکانمدا دەبارێنێ
بەئاشکرا
لە نیگای چاوی تەماشای

هەموویاندا
مردن شالاوم بۆ دێنێ
تەنیا... تەنیا
دایکم نەبێ
دەروونی ئەو تەنیا دەرگەی
پەنهانییە
هەر چەند بێزار بوون بیکرۆژێ
هەرچەند ئازار نوقمی بکا
مادام دایکە...
وا هەست دەکەم
دەروونی ئەو بێ لە سۆز و خۆشەویستی
شتێکی تری تێدا نییە،
وادەی مەرگ و ژیانی من پێ دەزانێ
ئێستە بۆ دوور بۆ یەکجار دوور
بۆ دوا ئەنجامیش دەڕوانێ
تەنیا هیوام
هۆ دایە گیان
بۆ کرووزی خۆم هەستەکەم
لەم ئاگرە دەرم بێنە
جارێکی تر وەک فریشتە
لە بەرپێی جەلادەکەمدا
مژدەی ژیانم بۆ بێنە

دایک:

هۆ هاژە گیان
ئەی فرمێسکی هەموو تەمەنی ئازارم

به شیری پاک گۆشم کردی
له بەردەرگەی گەورەکاندا
سبەینان زوو
لەو کاتەدا
له خەوی قورسدا دەگەوزان
چەند ساعاتێ
لەبەر سەرما و...
لەبەر تۆف و...
ڕەهێڵەدا...
تا دەرگەیان له رووی ماندووم دەکردەوە
هەموو رۆژێ تا ئێوارە
شان و قۆڵی رەنجم دەکوتا و
نانی سپیم بەئارەقی ڕەشی لەشم
دەکرد به گەرووی ئەواندا
چڵکی دەست و هەتا دەرپێی
پیاوە مۆمیاکراوەکانیانم دەشۆرد
هەتا بەچاوی زەلیلی
سەر دانەخەن
برسییەتی پشتتان کۆم نەکا
تەریکەڕێ
نەتانباتە مەنزڵی بێ
بێ تروسکه و ناونیشاندا
کچم هاژە
باوکت شانی لەژێر ئەرک و
ڕەنجدا سوا

نانی لەسەر بەردی ڕەقدا
دەردەهێنا
هەوری ئاسمانی دادەگرت
گەرمای هاوین دەیبرژاند و
سەرمای زستان
نێوچەوانی شەقار شەقار
دادەهێنا
لە پێناوی چاوی گەشی ئێوەدا،
نەک ڕەشەبای مەرگ
ڕەگی تەمەنتان هەڵکەنێ
نەک دەردی لاوازی لەشتان
دیواری بیرتان بتەنێ.

هاژە:

دایە.. دایە
ئەی ئەو کەسەی
بە شیری پاک گۆشت کردووم
شەو و ڕۆژت بە دیارمەوە گرێ داوە
شەونخوونیت بۆ کێشاوم
ئەی ئەو کەسەی
هیوای ژینت خستووەتە نێو هەردوو چاوم
هانا و دادم
هێناوەتە بەر ئەو پرچە سپییەی
بە دیار منەوە بوون بە سووتووی خەم
بمپارێزە
بمپارێزە

دایک:

کچم خۆزگە هاناکانت هەرەسی کێوێ بوونایە
بەسەر شان و جەستەی مندا دارمایە
بەڵام چی بکەم منی دایک
لەژێر چەقۆی بڕیاری پیاوانەیاندا
فرمێسک نەبێ هیچی ترم لە دەست نایە
ئەوا باوک و براکانت گەیشتنە جێ
بزانین کار بەچی دەگا
ئەنجامی ئەم مەرگەساتە
بەچی دەبێ.

*

هاژە:

دایە توخوا

دایک: (لەبەر خۆیەوە)

ئێستا دەزانم نێوان ئینسانەکان
بەقەد ئاسمان و زەوینە
چەوسانەوەی منی ئافرەت
برینێکی چەندە قووڵ و
ژیانم بەکۆیلەیی چەند بێ مانا و
مردنیشم بەئازادی چەند شیرینە

بەشی چوارەم

## خەنجەرێ لە تۆڵە

## شمشاڵێ لە گۆرانی

باوک: (لەبەر خۆیەوە)

پوورە خەمێ

بەرەو دەرگەی گومانێکی گەورەم دەبا

چین چین

توێژ توێژ

لەسەر دڵ و بیر و گیانم

مەڵۆ و خەرمانی خەم دەخا

شێتانە بەهەردوو دەست

بیرم لە پەنجەرەی دنیایەکی نامۆ دەدا

بەئەزموونی باوکایەتیم

هاژە دەنگێکی زرنگ بوو

بڕوا ناکەم

ملکەچی بەدناوی کەس بێ

عەقڵی هاژە

دڵی هاژە

پلیشاوەی ژێر هەرەس بێ

لەبەر ئەوە،

هەتا گەشبین و دووربین بین
بەرچاومان روونــاکتر دەبێ
ڕێگەکەمان زووتر دەبڕین
برایەکی:
بە چەقۆیەکی کول و سواو
سەری دەبڕم
برایەکی تر:
بەبسکی خۆی هەڵی دەواسم
هەتا دەمرێ
برایەکی تر:
پێستی لەشی ورد دەگرووم
هەتا مەلی گیانی دەفڕێ
دایک:
هیچ یاسایەک ڕێگە نادا
شالاّوی وا دڕندانە بۆ سەر ئەو گیانە کڵۆڵە
ئەوەندەی تر خەم دەمانخوا
باوک: (سەر هەڵدەبڕێ)
کوڕەکانم..
زامی قووڵی باوکایەتیم
ناسۆرێکە
گیانی کردووم بەتۆزی (با)
برینی ئەم مەرگەساتە
لە ویژدان و گیانی منا
بست.. بست بەنێو ناخدا دەمبا
ئەگەر دڵتان

له گۆمی ئارامدا بشۆن
پشت له نێڵەی تۆڵە بکەن
من بەدەستی خۆم
دەرگەی والآی ئەم نهێنییە دادەخەم
جەستەی دیلی بەکێش دەکەم
بەسەر خۆڵ و دڕکەزیدا
له خاکێکدا نغرۆی دەکەم
کەس نەناسێ
کەس نەیناسێ
تا سزای خۆی بزانێ کە، نەفرەتی خاک و ئێوەش بوو،
که مەرگیشی وا له دنیای غەریبیدا..!
من دەڕۆم و
ئیتر تانەی چاوی ڕوانین نابیننەوە
من دەڕۆم و..
..
(هاژه بەدوای خۆیدا بەکێش دەکا)
*

بەشی پێنجەم

## گۆمێ لە مەنگیدا ماسییەکانی دەمرن

## ڕووبارێ گوڵ لە کەنارەکانیدا سەوز دەبێ

باوک:

بەیانییە
کازیوەی نوێ
بەدەم ئاسۆی سروشتەوە پێ دەکەنێ
ئارام.. ئارام
زەوی پرچی ئەستێرە روون و گەشەکەی بەری بەیان
ڕادەکێشێ
ئەویش ملکەچ
سەر بەرەوخوار
پێی لە ئاسۆگەی ئاڵ دەخزێ
مرۆڤ هەموو دەم و ساتێ
بەنرخترین سەرمایەیە
ئەمە زۆرجار
لە هەڵکشانی ئازارێ
یان لە سەفەری تەمەنێ
بەنێو دڕکەزیی مەینەتدا
هەست پێ دەکا

کچم هاژە
هێزێ ویژدانم دەهەژێنێ
ڕەنگی لە ماتیی تۆ دەچێ
چیرۆکی ئەفسانەیی
دەروونی تۆم بۆ باس دەکا
بە شەپۆلێ دەگاتە رۆخی دەروونم
لە تاواندا گڕ دەگرم و دەبمە تۆزی خۆڵەمێشی دەم ڕەشەبا
ئەوا منیش
بەجوانییەکەی خۆتم بەخشیت
نە کێردی تۆڵە ڕەوایە
نە تەلیسمی ئەو فرمێسکە درشتانەی
کە لە گۆنات هەڵدەوەرێ
ئازاد بە
با ئەم کێوە ئەزموونە سەختە
فێری ژینی هەڵدێر و لەندتر بکا
ئازاد بە
با چەقۆی ویژدان منیش لەم تیغە ئازاد کا

هاژە:

یانی بابە تۆ نامکوژی؟

باوک:

کچم ژیان فێری کردم
ژەنگە بیری تۆڵەم نەبێ
وەکو باران چۆن بە زەویدا ڕۆ دەچێ
ئاوا ڕقم لە مردن بێ
ئاواش ئینسانم خۆش بوێ

هاژە: (دەگری)

لە تاراوگەی هەر خاکێکدا

لە ئامێزی غەریبیی هەر کووچە و جەنگەڵ و شارێکدا

ناسنامەی خۆم لە دەستدایە

دەڕۆم مادام هێزی بیر و تینی گیانم لەگەڵدایە

دڵنیا بە..

بابە بەڵام دڵنیا بە

لە گزنگی خۆر گەشترم

لەوانەی وا ئابڕووی شڕیان

تەنیا لەنێو کۆشکەکاندا

شاردووەتەوە

تا حەز بکەن دڕندەن و

تا دەشتوانن خوێن دەمژن

باوک:

من ناتکوژم

هاژە:

دەزانم بابە نێوان دڕندە و ئینسان

تەنیا تاڵە قژێ سنووریانە

باوک:

ئەی بۆ ناڕۆی؟

تۆ ئازادی

هاژە:

چەند دوور بڕۆم بابە

لە نێوان هەناسەی باوکایەتی و

هەناسەی خۆشەویستیمدا

هەمیشە لە برژانگی چاوەکانم نزیکتری
(سەر هەڵدەبڕێت)
بابە تەماشاکە ئێمەی کچان
ڕووسووریمان بەو پێوانە ژەنگاوییانە دەپێون
چەند ئەستەمە
بابە تا کەی؟

باوک:

ئەوە نییە کچم لە پێناویدا تۆ خۆت دەکەی بەقوربانی
(باوەش دەکەن بەیەکتردا)

بەشی شەشەم

## پەلکەزێڕینەیەک لە جوانیی
## ئاسمانێ پڕ هەورەبرووسکە

هاژە: (نیگەران و شڵەژاوە)

هیوا گیانێکی ئازادە

ئەگەر بەند و کۆتیش بکرێ

هەنگاو بەسەر گۆڕدا دەنێ و

ئێخە بەمەرگیش دەگرێ

وەک کەنارێ

پێش بەرووباری خۆی بگرێ

لە تەنیایی و غەریبیدا

ئەو ئێخە بەمەرگیش بگرێ

پێ دادەگرم

جارێکی تر کێوی دڵی سەختی کامیار

بە سۆزی عەشق دەتوێنمەوە

وەک چۆن

تەرمی مردووی ژینم

لەنێو مەرگدا ژیانەوە

ئاواش کانیی سۆز و ئەوین

لە رەوەزی چیای دڵیدا

دەژیەنمەوە
ئەمجارەیان
یا جێ ژووان
دەکەم بەقیبلەی یادگار
یا دەبمە پاڵەوانێ
گەورەترین مەرگەساتی
دڵی ڕۆژگار
هاژە: (لە بەردەم کامیاردا)
لەسەر کەناری گۆڕێکدا
چۆن دەتوانم ئارام بگرم
گیانم گلاوی شاخێکە و
دەست بەباڵای وشکهەڵاتووی گیا دەگرم
چاوەڕێی چیت؟!
ها گەردنم سەرم بڕە
ئەوە خوێنم هەڵی مژە
چۆن چاوی هیوات هەڵکۆڵیم
واش بمکوژە
هانا و دادم بۆ سەرمایە و کۆشکی بەرز و
سیما و حەز و ڕەنگت نییە
دەنکێ یاقووتی ناسنامەی
ئەم کۆمەڵەم لا داناوی
بەبێ ئەو
وەک سەربازێکی چەککراوم
وەک چەمێکی سەرچاوە لێخنکراوم
پەنام بردە بەر هەرچییەک

دادی نەدام
خەوی نیوەشەوم بەدیار
هەنسکەوە گێڕایەوە
چوومە بیابانی وشک
چاوەڕوانی ڕووبارم کرد
ئاوی شین هات، دادی نەدام
ئاوی ڕەش هات، دادی نەدام
ئاوی سوور هات
ئەویش بۆنی کفن و تەرمی
دەیان ئافرەتی وەکو من
بەیدەستە و دیلی لێ دەهات
قژیان شەپۆلی ڕووبار بوو
سەریان بەردی دەم کەنار بوو
گیانیان هاژەی پڕ هاوار بوو
چەپکێ گوڵی زەرد و سووری
لووتکەی عەشق و چیای باڵام
کرد بەدیاری و
خستمە بەرپێی
ڕۆژانی زوو
ڕۆژانێ بوو
ڕام و هۆگری جوانی بووی
لە عشقاندا
سوجدەت دەبردە بەر چرۆی
گوڵاڵەی ژێر بەرد و خاکدا
من ئەو گوڵەم

ئەو ئەستێرە گەشە باڵا هەڵلەرزیوەم،
کە خەندە و فرمێسک دەیژیان
کە بۆ خەندە و فرمێسک ژاکا

کامیار:

دڵی سروشت گاسنێکە
کێڵگەی عومری پێ دەکێڵێ
مرۆڤ گەردی دەم زریانە
لە نێوان بوون و نەبووندا
تەنیا یاد و بیرەوەری جێ دەهێڵێ

هاژە:

ڕقی دڵە سەرگەشتەکەت
چەند ئەستوور بێ
بۆ مەچەکی ئازارەکانم باریکن

کامیار:

من ئەو پەڵە هەورەی جاران نیم تاکو با
هەموو ئاسمانم پێ تەی کا
بۆ نازانی عاشق ئینسانە و ئینسانیش
ساتە وەختێ سەوز و پاراو
ساتە وەختێ گاشەبەردێکی چیایە و
هیچ گوڵێکی تێدا ناڕوێ!
ئەوینیش پەلکە وەنەوشەی نسێیەکە و
بێ سیمای کاڵی بەڕەزا
گڕە دەیبا و هەڵدەوەرێ

هاژە:

ئەی بۆ دڵی فەرهادی بێستوونت هێنا

بە دیاری کردتە مەدالیای دەروونی وڕکی منداڵیم
ئەی ئەوسا بۆ عاشق بوویت و
ئێستا چیا..؟!

کامیار:

ئەوساش بەردێکی بێدەنگ بووم
ئازارێکی بێ هاوار بووم
گوڵی عەشقت بای وەیشوومەی ئەم ڕۆژگارە
نەشارەزا لەسەر سیمای نەخشاندبووم.

هاژە:

لەنێو جەستەی ئینسانێکی قەترانیدا
زۆرجار دڵێکی گەش پرشنگ دەدا
زۆرجاریش، لە سیمایەکی بەفریندا
بەبێ هیوا دڵێکی ژەنگین لێ دەدا
بەختەوەری لەوەدایە
مرۆڤ دڵی سەربازێکی نەناسراو بێ
چرای ژینی
تروسکەی نێو شەوگارێکی خنکێنراو بێ

کامیار:

لە چاو عەشقی فەرهادا
نیگای شیرین
تیشکی خۆر و
دەنگی تاڤگە و
بالای بەرزی شەنگەبییە
لە چاوی عەشقی فەرهادا
ئەم دنیایە بێ لە شیرین

جوانییەکی تری تێدا نییە
من وەک چاوی بینینی خۆم
وەکو هەستی دووربینی خۆم
ئامادە نیم
تەمەن و گیانی شیرینم
ئەزموونی تاقیگەکان بێ
نەخشە و ئاسۆی دوارِۆژی من
زەرد و ژاکاو،
من قوربانیی خەڵکی بم و
بەختەوەرییش بۆ ئەوان بێ
ئامادە نیم
ئامادە نیم

*

(هاژە دەست دەداتە خەنجەرێک و هاوارێ ئەو ناوە دەکاتە چراخانی سوور)

سەرۆکی پۆلیس:

دەمێکە چاومان کردووەتە چراوگ
هەنگاوەکانت دەپێوین
هەناسەت دەخوێنینەوە و
ژوانگەکانت دەبژێرین
(خەنجەرەکە هەڵدەگرێ)
تۆ و ئەوانەی بەدیار شەیتانی شاخەوە ئێشک دەگرن
تۆ و ئەوانەی دژی رۆژ و شەیدای شەون
کوندەپەپووی ئەشکەوتی نێو چیاکان و
شێت و شەیدای کۆچ و رِەون.
ئەم خەنجەرە هێماتانە

(خەنجەرەکە فڕێ دەدات و روو دەکاتە هاژە)
(کامیار) بۆ ئێمە دوو چاوی زەرقای یەمامەیە
پێش ئەوەی مەل سەری لە هێلکە بجووقێ
پێش ئەوەی شابالْ دەربکا
پێش ئەوەی بیر لە هەڵفڕین بکاتەوە
لە ڕێی ئەو هەڵۆ زیتەوە
دەنگوباسی قونەقون و هەڵفڕینی بەگوێی ئێمە دەگاتەوە
ئیتر خەنجەر پێش ئەوەی لە کێلان هەڵکێشرێ
پێش ئەوەی سەر بیری یاخیبوون هەڵگرێ
ئێمە زیندان چەند قولانجێ بەرین دەکەین
بەقەد باڵای ئەو یاخییە باڵای قەفەزیش سەر دەخەین
وەک چۆن هەموو ئێوارانێ
جەستەی تاوانبارێ لەو زیندانە بەرینەوە
بەرەو گۆڕی شەیتانێکی ونبوو دەبەین

هاژە:

بەڵام من سیاسی نیم
من عاشقم
(پەلاماری هاژە دەدەن و قۆڵبەستی دەکەن. رووناکی دەکەوێتە سەر کامیار)

هاژە: (تفێ دەکاتە نێوچەوانی کامیار)
بمرە خائین
من ئازادانە کەلەبچە دەخرێتە دەست و پێم
تۆش بە دیلی دەست و پێکانت ئاوەڵان

بەشی حەوتەم

## چیایەک پڕ لە چێنگە

### وەرزێ خاڵی لە باران

گلۆڵەیەکی تووڕدراوی نێو سەرای بە سیم داخروو
تەویلە ژووری یەک لە دوای یەک
لیپبووی ئافرەت
لیپبووی منداڵ
لیپبووی گیراو
ژووری تاری کونە گورگ و
ئەشکەوتە دێرینەی چیا
بێ پەنجەرە و
بێ هەتاو و
بەرزاییی چەند بستێ،
دەرگە بە شیشی ئەستوور تەنراو
بەبێ ئاگر
بەبێ خواردن
بەبێ چرا
جیهانێکە تایبەت.. سەرسام
مرۆڤ دەریای ئازارێکە و
هەر جمەی دێ و شەپۆل دەدا

ئاسۆ تاریک
شەو با قورس
تاریکی دوو باڵی واشەن
رووناکی گشت ڕادەماڵێ و
باڵ لێک نادا
وەک وەرزی پڕ ڕێژنەباران،
شەختە سەهۆڵ.
میوانی ئەم جێگەیەم و
وەکو ئەمان
لەسەر زەویی ڕەقدا دەنووم
ئاسمان بە خۆمدا دەدەم و
توێشووی ئازار دەکەمە کۆڵ
هانام زۆر برد
بەقەد ئەستێرەی ئاسمان
بەقەد گەڵای زەردی وەریو
بەقەد کڵوی بەفری سپی
بەقەد تەرزە و ڕێژنەباران
دادی نەدام
بەڵام ئەنجام،
دەستی تۆڵە..
هیوایەکی وای پێ بەخشیم
نەک هەر زیندان
گەر بشمرم
بەختیار بم بە دوا ئەنجام
دەروونی ڕەشی (کامیار)

گیانی ئاژەڵی سەراپا
دارزیوی
بیری تەسکی
دڵی لە ترسا بەزیوی
ناچاری کردم هێندەی تر
نغرۆی کەساسی و نەفرەت بێ
وەک مشکێکی یەخسیر بەتەڵەی هێزمەوە
بەسەر پەیژەی هەرەسهێناوی تۆڵەدا
کانییە سەرابییەکانی حەزی ئەو و
دەمی تینووی خۆمی بیر بهێنمەوە
بەهەردوو دەست
ئێخەی درندایەتی بدڕم
بەدەستی خۆم
کفنی چارەنووسێکی تر
بەبالآی عەشقی خۆم ببڕم
پڕ بەگەرووم بە گژ یاسای دارزیوی
سەدە پیرەکاندا بچمەوە
وەکو ژنێ پەنجەی هەر شەماڵێ
خۆشم بوێ
تاڵە قژی ئاڵۆزکاوم بەو شەماڵە بهۆنمەوە
هاژە (پێ دەکەنێ)
خۆرێکی بێ تین و تاو
هەموو رۆژێ ئاسمانی شار تەی دەکات و ئاوا دەبێ
هەموو شتێ ماتە وەک من
کاسە وەک من

لافاوێکی شێت و هەڵچوو
جوانیی بیر و ئاواتی کردووەتە خاشاک
لە ژێر سەمای تیشکی چەقۆ تیژەکاندا
ژیان بووەتە (وێرانەخاک)
لێرە ماسی و کانی و جۆگە روونەکانی ئەم وڵاتە
زیندانین و مێژووی ئەوین دەنووسنەوە
لەگەڵ تارماییدا دەنوون
لەگەڵ بادا هەڵدەستن و
گزنگەخۆر دەچننەوە
ئەمانە گشت عاشقن و
گۆرانی بۆ جوانیی خاک و
مرۆی مەزن
دەڵێنەوە
ئەوین لەنێو چاویاندا
وەک دوو ئەستێرەی شەوی تاریک
دادەگیرسێن
کاتێ لەنێو سۆزی سروودی دەنگیاندا
دەتوێنەوە
ژنە کۆچەرییەک:
دەربەست نایەم
چەپەری زیندان پۆڵا بێ
دەربەست نایەم
پێشم مەرگ و
ئاسمان پەت و
چواردەورم قوللە و قەڵا بێ

له هەر کوێ بم
مەلی رووحی کۆچەریم هەر
مێرگا و.. مێرگ
دەگەڕێ و
باڵی ئاشتی و خۆشەویستی
بەسەر ئێلاخا کێشاوە
ئێستەش دەروونی کۆچەریم
تینی گیانی کوڕەکەمە
لە پێناویدا زیندانیم
ئەویش لە پێناوی هەمووان
چیا.. چیا
شەقام.. شەقام
خەمی خەڵک و چەکی بڕوای لە شان ناوە

هاژە:

خۆزگە شوانکارەی ئێلاخی
سەر مێرگێکی سەوز دەبووم
خۆزگە تێکەڵ بەڕووباری
کۆچی عەشقی ئێوە دەبووم

ژنە کۆچەرییەک:

کوا دەهاتیت
رووت دەکردە بەفر و کوێستان
کوا بەدوو چاوی ئەستێرەت
دەواری هەموو ئێلاخت دەکردە تیشک و چراخان

هاژە:

هەر دێم.. هەر دێم

ژینی سادە و
عەشقی ساکارم خۆش دەوێ
لە هەر شوێنێک گرێی دڵم بکرێتەوە
دیواری سۆز بە ڕووی میواندا دانەخەن
لە هەر شوێنێ
پەت بۆ هیوا و خۆشەویستی و بیر هەڵنەخەن
خەڵکی ئەوێم
منیش وەک ئێوە رەوەندی و
ئەویندار و کۆچەریم
منیش وەک ئێوە تامەزرۆ و
دەروون بێگەرد و قەرەجیم
منیش هەر دێم...
بەڵام بەمەرج
ژنە کۆچەرییەک:
تەنیا رەنج و دڵپاکییە
مەرجی ئێمە
چاو و دڵی رووناکییە
مەرگەساتی ژیانی تۆش
رووی ئەودیوی ئازارەکانی ئێمەیە
هەر کەسەمان شێوەی
جیاجیاین
بەڵام هەموو
یەک ناوەرۆکیشمان هەیە
بەڵێن دەدەم
سوێند بەهەموو شێخەڵ و

کێو و نزارێ
بەجوانی و پیرۆزیی ژیان
بە تروسکەی هەر تاریکی و شەوگارێ
ئازاد دەبی
بەری ڕەنجت لە هەر جێیەک
لە هەر کارێ دەدووریەوە
با ئەو جێیە نیشتمان بێ
کێت خۆش بوێ
چرای عەشقت
لە هەر دەوار و جێیەکدا
مەیلی کڵپە و داگیرسان بێ
ئازاد دەبی
پەیمان دەدەم
ئازاد دەبی

هاژە:

دەستمان بە زنجیر و چاومان بەم زیندانە قەد ڕانایەت

ژنە کۆچەرێ:

چوار پایزە گەڵای هەڵوەریوی ڕۆژەکانمان
بەلەپی دەست رادەماڵین
ڕەنگە ئیتر ئازاد بین.

مایکرۆفۆنی زیندان:

مژدە.. مژدە
لە جەژنی لەدایکبوونی سەرۆکی فەرماندە و بەخشندە
بۆ ئەوانەی لە کون و قوژبنی مردن خۆیان حەشار دابوو
هەموو لە گوناهەکانیان بەخشران.

دەنگێکی تر لە مایکرۆفۆن:

دەی هەموو چەپڵە لێ بدەن
بەدڵ سوپاسی بەزەیی و
فەرماندەی گەورەمان بکەن.

ژنێکی زیندانی:

ئەم ئازادییە
هیچ لە ئەستووری دیواری
زیندانەکەمان کەم ناکا
مادام سەربەستیی خۆی دیلە
لێرە بێ یان لە نێوانی چوار دیواری ماڵەوەدا
جیاوازییەکی وای نییە تا پێویست بەستایش و
سوپاسی فەرماندە بکا.

هاژە:

بەیانی زوو کزەی کازیوەی بەیانی
کە گیانی سڕی زیندانییان هەڵسان
بەیانی زوو
کە نەڕەی گاردی بەردەرگە
سەرفرازیی هەردووکمانی بەگوێدا داین
دەرگەی زیندانییان لێ خستینە سەرگازی پشت
بەرەو بەهەشتی ئەو ژینەی
ئێوە دەچین
بۆ ئێوارە
لە کوێستاندا
لەنێو ئیلاخی بەر مێرگدا
دەبینە دوا نیگای ئاڵی،

ئاسۆی بێگەردی خۆرنشین
(روو دەکاتە ژنێکی تر)
بەیانی زوو دایە بەرەو..
ئەو بەهەشتەی ئێوە دەچین
بەیانی زوو
بەڵام بیرتان نەچێ من سیاسی نیم
ژنە کۆچەرییەک:
ئەوانیش وەک تۆ عاشقن
دەتوانی تۆ لەوێ گرەو
لەسەر بارستاییی بارینی
کڵوە بەفری عەشقی خۆت کەیت
(هاژە و ژنە کۆچەرییەکە باوەش بەیەکتردا دەکەن)
هاژە:
ڕاستە ئەوین
باخچەیەکە لە هەزاران ڕەنگی جیاواز
گرینگ ئەوەیە تا دەمرین
بەبۆنی ئەو گوڵە ڕەنگاوڕەنگانەوە
گۆرانیی جۆراوجۆر بچڕین

بەشی هەشتەم

## هۆبەیەک پڕ لە کۆڕژن
## دەوارێ پڕ لە بێدەنگی

دەرگەی پۆڵا
سامی قەڵای دیواری ئەستوور
چاوی زیتی پاسەوانی بەرپەنجەرە
بەردەم دەرگە
ڕێ خوار و ژوور
ملیان کەچ کردە بەردەم پێی گاردیانێکی سواخدراو
بەنەخشی سەر شان ئەستێرە
بەنەخشی زەرد
بەنەخشی سوور
چەند پەپوولەیەکی باڵگرتوو
بەهەنگاوی ترس و پەلە
برووسکە بوون
بەدوو هەنگاو
لە چاو ون بوون
سەفەرێکی تری لەگەڵ هاوڕێی عاشقانی زیندان کرد
شەقامی جەنجاڵی جێ هێشت و
دەستی بۆ دواین قەدەری
شاخنشین و کۆشکنشینی

ڕوانینەکانی ئینسان برد

*

هاژەی نامۆ
چاوی بەعەشقی سروشتی
هۆبە و بێری و کوێستان هێنا
گۆنای مێخەکبەند و بەر موور و سملّ و
شیلان چن کرد
بوو بەتیشکی نوقومبووی نێو
مێرگی قژ لە شەونمدا سەوز و تەڕ
وەکو ئەوان
بوو بەهەڵۆی سەر ڕەوەز و
مێرگ و بەندەن و بانەمەڕ.
سەرخێڵ:
بەیانی زوو تاریک و لێڵ
کۆچ دەکەین و
رەشماڵ لەنێو
مێرگێکی پاراو و بژوێنتر هەڵدەدەین
بەیانی زوو لە پێدەشتی مێرگەپاندا
لە پاڵ ڕنووی کڵو بەفری کوێستانی
پیرەمەگروونی سەرکەشدا
هەوار دەخەین
لەگەڵ کۆچی پۆلە مەلدا کۆچ دەکەین و
لەگەڵ گزنگی هەتاودا
کۆچ و بار و بارگە دەخەین

*

قەترانی شەو کاڵ بووەوە
بەیان ئەنگوت
کازیوە کۆشی ئاسۆی
چیا بەرز و بڵندەکەی
پڕ کرد لە نوور
هاژە تێکەڵ بۆنی ڕەنج و
بۆنی گوڵی بەیانییانی ئەو دەشتە بوو
جوامێرانە هەموو تێکرا
لەناو خەوی قووڵی بەیانیی ڕەشماڵدا
لەناو قاڵی و بەڕە و لبادی خوریدا
سەری ماندوو لەسەر سەرینی لۆکە و
پەڕی نەرمونیان
لەژێر جاجمی تووکنی ڕەشی بەموو چنراودا
وەک بەوری تیژ
خەیاڵی کۆچ
خەوی گیانی شەکەتیان دەزڕێنێ
دەنگی خێڵ و کۆچ و کۆڕژن
دنیای کپی ژێر تەوژمی
کزەی سەرمای دەم بەیانییان
ڕەشماڵی بێ چرپە و هەتا
بێ وەڕەی سەگ
سەر هەتا پا دەهەژێنێ
هەموو وەک یەک
پیر و منداڵ
دەستەلاوی تێکسمڕاو

پۆلە کیژی سەربزێوی
خوێنگەرم و چاو بەکل ڕشتوو
دەم و لێو ئاڵ
کۆچ و بارگە بار دەکەن و
لە پێشەوەی کۆچەکەدا
ئافرەتێکی کەمێ تەمەن بەساڵاچوو
دەست بەتفەنگ
لەسەر پشتی ئەسپێکی شێی
بەمەوج و گوڵوک رازاوە
سوار دەکەن و
هەواری کۆن جێ دێڵن
بەرەو مێرگی بژوێن و سەوز
رەوە ولاخی بەدەماخ
یەک لە دوای یەک
هەنگاو دەنێن وەک ئەسپی (با)
کۆچ دەگاتە مێرگی سەوز و
هەر ڕەشماڵەی
لە بژوێنێ یا پێدەشتێ
یا لە پاڵ گردێ هەڵدەدا
کوڕگەلی کۆچ
کچگەلی کۆچ
تێکڕا یەک یەک
ڕەشماڵی خێڵ هەڵدەدەن و
بەدەم گۆرانی و هۆرەوە
ئەوینی ڕێی کۆچ و باریان

بیری یەکتر دەخەنەوە
ئەوا هاژە
کچە چەلەنگی ناو هەوار
وەک ئاسکی بەر رەوەز و
بێروونە رێ
ڕاپەڕیوە و دەچریکێنێ
هەوار لەنێو چڕە تەمی
چێشتەنگاودا نوقوم بووە
دەنگ و نرکەی کوتەکی دەست هەرزەکاران
مێخی چوارلا و
سنگی ناوەند دەچەقێنن
هەریەک چمکێکی دەواری
لە کوێن و مووی بزنچنی لە مشتدایە
(هاژە) جەرگەی دەوارەکەی کردووەتەوە و
ڕاژە بەنێوقەدی رەشیدا تێپەڕ دەکا
لە دوای ئەوەش
لەگەڵ سنگی ڕەقی خاکدا
دێ و یەک یەک کۆمانج بەند دەکا
هەتا هەموو ڕەشماڵی کۆچ هەڵدەدەن و
چڕە هەوار
مێرگی سەوزەی بەگیا نەخشیو
گوڵ ڕەنگ دەکا
سەرخێڵ:
وا بەهارە
چێنگەی چیا

لەبەر تیشکی ئەم هەتاوە بەهارییەدا
سەما دەکا
کوڕانی خێڵ
وا هەناسەی نەرمەباران
ڕەشماڵەکانیان تەڕ دەکا
چۆن دەتوانن سەرفراز بن
کڵاوی ئەوینیان قوت بێ
لە شەوین و لەبەر بێردا
خورج و هەگبە لەشمان کەن و
گۆرانیی کۆچی ڕێ بڵێن
کە نە تەڵێ بەرەزای سەوز
نە دەسکێ لە بیزای بۆن خۆش
نە چەپکێ ڕێواس داگرن
چۆن دەتوانن چاو لە تەشەری کچانی
هۆبەی ئەم خێڵە هەڵبڕن

هاژە:

کچانی خێڵ چەفتە و چارۆکە ببەستن
زریان دەست و پێمان بەستێ
شەختەی چیا هەرەس بێنێ
کاو و ڕەوەزی ناو زەنوێر
ڕێگەی چنینی ڕێواس و
دەسکەگوڵمان لێ ببەستێ
هەر دەچین و
دیاریی بەهاری ئەم ساڵمان
دەبەینە ناو هەموو دەوار و ڕەشماڵێ

سبەینێ زوو بەیان ئەنگوت
بە سوێی ڕنووی کافرۆشدا
بەسەر رگە و دانەبەردا
سەر دەکەوین
بیرتان نەچێ خەمی رێگە لە کۆڵ نێن و
هەڵۆی چاوانتان لێک نەنێن
دەست و پەنجەتان نەناڵێ
(کچانی خێڵ پێکەوە):
هەر دەچین و بەیانی زوو
دەسکەگوڵی بۆنخۆشی خۆمان دەچنین
بەیانی زوو
کچانی خێڵ بەقریوە و چریکەی ناز
لە تاوڵی قەترانی شەونم لێ نیشتووی
بەربەیاندا دەرپەڕین و
ئاونگی سەر سەوزە گیایان پێدا هەڵپژا
لە گوندەڵانی بەگەڵا بەلەک و مازوو و بەڕوودا
لە سوێ و نسێ و کەڕە سێبەری دەواردا
گۆزە و کوندەیان هەڵگرت و
لە بەفراوی ئاوی ساردی
قوڵپی کانییەکەی فەرهادا
تێر مەچەک و زوڵفیان شۆری
لە دواییشدا کوندە ئاویان
خستە سەر پشت و نەڕەی شان
دوای بەرچایی و
دڵنیایی لە ئاسمانی

کەش و هەوری ڕێژنەی بەهار
دەسرۆکە و چەفتەیان بەست و
چاوی ڕەشیان بەکل نەخشان
هاژە وەکو ئاسکێکی گورجی پێشڕەو
لە پێشەوەی ئەم قەتارە گوڵ ڕەنگەدا
دەنگی سۆزی هەڵبڕیوە و
گۆرانیی کۆچی سوور دەڵێ
کۆچی یارم کۆچی سوورە
بەهارە خێڵ بەرەو ژوورە
کوڕە خێڵەکییەک:
چریکەی دەنگی تێکەڵ،
روحم بووە و
لە من زیاتر
شایستەی هیچ کەسێ نییە.
کوڕێکی تر:
ئەوینی هاژە ئازادە
ئەی ئەگەر خۆشی نەویستی و
نەبوو بەنێچیری دڵت؟!!
کوڕە خێڵەکییەکی تر:
کەس ناتوانێ لە من زیاتر
پەنجە لە جوانیی ئەو بدا
لە کوڕگەلی هەموو ئێلاخ
زیاتر نرخی دادەنێم و
کەسیش لەبەر بریسکەی خەنجەری مندا
ناتوانێ یەک هەناسە بدا.

هاژە: (هەڵوێستەیەک دەکا و ئاوڕ دەداتەوە)

کەس ناتوانێ
وڵاتی دڵم داگیر بکا
سامانی کەس خەنجەری کەس
پەنجەی بەلووتکەی من ناگا
من ئازادم
ئەوینیشم نەفرەت لە زۆرداری دەکا

کوڕێ:

ئەی ئێمە چین

کوڕێکی تر:

ئەی ئێمە

هاژە:

من پێوانەی خۆشەویستیم
بە مەزنەی ئازادییەکەی خۆم دەپێوم
(دوو کوڕە کۆچەرییەکە یەکتری دەدەنە بەر چەقۆ)

هاژە: (لەبەر خۆیەوە)

هەناسەی ئەم ئەوینە لێڵە
نامۆم دەکا و
لە سێبەری ئەم سەرابەش
وا خەریکە بێزار دەبم.

بەشی نۆیەم

## بیابانێ پڕ لە سەراب

## کارێزێ پڕ لە تریفە

هاژە: (لە تاریکیدا)

ژیانی نێو کۆچ و کۆچبار
تا حەز بکەی بێگەرد.. بێ ژەنگ
ئەوین ملوانکەی عاشقی ناخیانە
ساکارانە..
دەژین بێدەنگ
دەمرن بێدەنگ
بەڵام لەودیو هەورێکی چڵکنەوە
بارانێکی ڕەش دەبارێ
بۆنی دووکەڵی کارگەکان
بۆنی ئاسن
بۆنی ئەتۆم
بۆنی مردن
بۆنی برسییەتیی لێوە دێ
ئەم بارانە لە بارانی سروشت ناچێ
چاوەڕوانی ماندوو دەکا و
کێڵگەی تەمەن نائومێد و
خۆشەویستی ئینسان دەکوژێ

لەژێر ڕەهێڵەی بارانی خۆڵەمێشیدا
شتێ، هەروەک سیمای ئینسان
شتێ، وەک تارمایی شەو
سۆزی گۆرانییەک دەچڕێ و
چاوی نامۆیی هەڵدێنێ،
وشەکانی پەنجەی ڤین و ژەنگی دەروون
گیانیان دەخوا..
گیانی دەوارنشینەکان دەکا بەدوژمنی کۆچ و
هەناسەی بێزاری دەهێنێ
*
هاژە: (لە ناکاو لە تاریکیدا)
ئەوین سێبەری گیانمە
لە پێناویدا بەختیاریی شاریان وێران کرد بە سەرما
ئەوا هۆبە و هەواریشیان تاریک کرد و
لێرەش بووە بەدۆزەخی چڕی گومان
دەیانەوێ دەستی چرا و ئەستێرەکان ببڕن
چاوی بینین
دەست و بازوو
دڵی ئەوین بخەنە ژێر بریسکەی تیژی چەقۆکان
لە نێوەندی دوو جیهانی تاریک و ئەنگوستەچاودا
لە نێوانی هەرەسی دوو هەڵەمووتی دارماودا
جیهانێکی نامۆ هەیە
پڕە لە زام
لە چەمی سوور
دەریای ئەوین

پڕە لە تیشکی ئەستێرە و
خەمی جیهانە
لە قۆناخی ئەم کاروانە ماندووەدا
(لێرەدا هاژە بەتەواوی دەردەکەوێ)
دەرگەی سێیەمی مێژووە
دەرگەی یەکەم:
پیاوێکی شمشێر بەدەست و
خەنجەر بەخوێن پاسەوانە
دەرگەی دووەم:
ئامێردێکی پەنجە لەسەر پەلەپیتکەی
دەزگا ئەتۆم بە گوڵ و گیا رازاوەکانە
پاسەوان:
بەڵام.. بەڵام
ئەم دەرگەیە
دەرگەی سێیەم
پەنجەی هۆش نەخشەی کێشاوە و
ئازار دروستی کردووە.
ئەو دەرگەیە
قژی بەربارانی ژنێ
ئاڵای شەوەکانی سەربان و
پێکەنینی منداڵی پێناسەیەتی
ئێستا ئەوینی ئەو دنیا و دەرگە هەمیشە واڵایە،
لە نێو ناخمدا دەرگەیەکە
ئازاری ڕووباری لێ دەڕوا
هەزار ڕووباری تێ دەچێ

ئێستا ئەوینم بۆ دەوێ
کۆترێکی دەنووک سوورە
شار بەشار
وڵات بەوڵات
هەوار هەوار
دێ بەدێ
لە سەربانی ماڵی هەموو هەژاراندا
گۆرانیی خۆشەویستی دەچڕێ
هەڵۆیەکە
لەگەڵ کاروانی مێژوودا
سبەینان زوو
هەگبەی ڕێگە لە شان دەکا
ئەو دەڕوا و
لە هەر کونجێ
لە هەر شارێ
کوێرەدێیەک
لە هەر جێیەک
وانەیەکیان.. فێر دەکا
وانەکانی دەست و بازووی فەرهادێکن
فێریان دەکا و پێیان دەڵێ
چاوی گەشبینی هەڵبڕن
بۆ ئەوەی گیانی بەر بەفر و زریان و سووتان و دووکەڵ و مەرگتان
وەکو ڕووبار هەر هاژەی بێ
وەکو سوپەر هەر بەرگری
وەکو ئەستێرە جریوە

وەکو ژیان بەختەوەری.

ژنە کۆچەرییەکە:

مەرجی ڕێبواری ئازای بیابان
سڵکردنەوەیە لە سەراب
تۆی ئەویندار چۆن دەتوانی دڵنیا بی
لە کاتێکدا هەموو تەمەنت گومانە.!

هاژە:

من لە قووڵاییی دەریای گومانەوە
مرواریی دڵنیاییم دۆزییەوە

ژنە کۆچەرییەکە:

چەند جوانە ئەم گەشبینییەت

هاژە:

عەشق وایە.

ژنە کۆچەرییەکە:

حەز ناکەین جێمان بهێڵی.
بۆ ئەم هۆبە و هەوارانە
پڕ ناکەیت لە عەتری ئەوین؟

هاژە:

ژیان دارستانێکە لە ئەوین
ئەگەر دەستی زۆرداران پەل و پۆی نەکا
گرینگ نییە عەشق لێرە بێ یان لەوێ
ڕۆژێ هەموو سنووورە وەهمییەکان دەڕمێن
کاتێ بەعەشقەوە هەموو خەڵکی
گۆرانی بۆ سەرفرازیی ئینسان دەڵێن.

(باوەش بەیەکتردا دەکەن) ١٩٨٤

## مەرگی بەختەوەری

شانۆیی شیعری

کەسانی شانۆگەرییەکە

خاوەن شکۆ
سەنگتاشی یەکەم
سەنگتاشی دووەم
سەنگتاشی سێیەم
سەرکاری دەربار
شێرۆ
برزووی خزمەتکار
پاسەوانی دەربار
بەیتبێژ
پیاوی دەرباری یەکەم
پیاوی دەرباری دووەم
پیاوی دەرباری سێیەم
ژنی یەکەم
ژنی دووەم
ژنی سێیەم
منداڵێکی پێنج ساڵان
کۆمەڵێ خەڵک

*(شانۆ کراوەتەوە. سەر شانۆ تاریکە. ڕووناکی دەکەوێتە سەر بەیتبێژ)*

بەیتبێژ: *لە گۆشەیەکی تاریکدا*

لەنێو دڵی ئەم زەوینە گەورەیەدا

لە خاکێکدا هیوای مرۆڤ تەلبەند دەکرا

مەرگ سێبەری جەستە بوو

کۆت لە مەچەکی ئازاد دەخرا

لەو دەمەدا

لەو خاکەدا

خاوەن شکۆ سەردار و فەرمانڕەوا بوو

چرۆی ژین و دواین گەڵای چڵی عومری دانیشتوانی

لە دەستدا بوو

گەرچی سروشتی ئەو خاکە

چیا و دۆڵی

شار و لادێی

جوانییەکی بێ هاوتا بوو،

بەڵام لێوی بزە نەبوو

چاوی جوانیش هەڵکەنرابوو

هەموو شت سام و ماتەمیان تێدا دیار بوو

دەنگ و ڕەنگیان نیشانەی خەم و ئازار بوو

بۆ ئەوەی لەمانە زیاتر

بە نێو ناخی باسەکەدا

شۆڕ

بینە

وە

وا چاکترە

خاوەن شکۆش

لە دەربار و لە بەردەمی خەڵکیدا

ڕووبەڕووی ئێوە کەینەوە

*(دەڕوا، تاریکی، سـەر شـانۆ تاریک دەبێ و ڕووناک دەبێـتـەوە، سێ سەنگتاش لە ئەشکەوتێکدا بە قوڵینگ سنگی چیا دادەتاشن)*

سەنگتاشی یەکەم: *(بە دەم کارکردنەوە)*

هێندە ماندووم

گیانم لە تاو شەکەتیدا

دەزریکێنێ

هەست دەکەم لێوم پەلاسە

چاوەکانم کەم دەبینێ!

سەنگتاشی یەکەم: *(بەدەم کارکردنەوە)*

جەستە و گیانی چەوساوەمان

ئارەقی نێوچەوانی ڕێی رەنج و ئەرکی نەپساوەمان

نیشانەی ئەو زەحمەتەیە

بێ جیاوازی

هەموومان وەک یەک چەشتمان

سەنگتاشی سێیەم: *(بەدەم کارکردنەوە)*

سەرەڕای ئەم هەموو ڕەنجەش

برسی و تینووین

سەنگتاشی یەکەم: *(سەر هەڵدەبڕێ و بیر دەکاتەوە)*

سەیرە.. چیای ئاسنگەران

باڵداری پێدا سەر نەدەکەوت

کەسێ وەک ئێمە نەیدیبێ

بڕوا ناکا

ئەو کێوە سەخت و عاسییە
ئێستا کرابێ بە ئەشکەوت
سەنگتاشی دووەم: *(سەر با دەدا)*
خاوەن شکۆ
کلیلی دەرگەی ڕازێکی
زۆر گەورەیە
(بێدەنگی)
سەنگتاشی سێیەم: ڕۆژ لە دوای ڕۆژ
فەرمانی تازە دەردەکا
وەک بیستوومە
خۆی نەبێ کەسێ نازانێ
بۆ تا دێ دەروازەی دەربار توند دەکا
سەنگتاشی یەکەم: وا حەوت مانگە
بەبێ وچان ڕەنج دەدەین و لەگەڵ کێوی ئاسنگەران
زۆران دەگرین
وا حەوت مانگە
ئاگەداری شار و دێ و ماڵ و منداڵ نین
سەنگتاشی دووەم: ماوەیەکە لەم بێدەنگی و تەنیاییە
دڵم خەریکە کرمێ بێ،
کە چاوی خەویش لێک دەنێم
خەوی سامناک دەبینم
ترس لە هەڵدێر بەرەوڕووم دێ
سەنگتاشی یەکەم: پێش هاتنمان
پێش گرتنی یەکەم ڕێچکەی بەر بناری ئاسنگەران
خاوەن شکۆ و هەندێ هێز و دەستی نادیار

شیریان لە یەکتر هەڵدەسوو
دوور نییە ئێستا شێوابێ
هیچ شتێکیش وەک خۆی مابێ
سەنگتاشی دووەم: هێواش بدوێ
باوان خراپ
دار و بەرد گشتی گوێی هەیە
جەور و سزای خاوەن شکۆش
مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ،
چەند گەورەیە
سەنگتاشی سێیەم: من تێ ناگەم
دەڵێن کاتێ خاوەن شکۆ
دێتە سەر باسی نیشتمان
گریان تەنگی پێ هەڵدەچنێ
هێندە بەکوڵ و بەسۆزە
دڵی بەردیش هەڵدەکەنێ،
کەچی دەشڵێن
لە دەربار و کۆشک زیاتر
کەسی ناوێ
شەختە ڕقێکی ئەستوورە
خۆی نەبێ کەسی خۆش ناوێ
سەنگتاشی یەکەم: هەر چۆنێ بێ
تا نەگەینە ئەنجامی کار،
تەواو نەبین
ناتوانین لە هیچ بوارێ
دڵنیا بین

سەنگتاشی یەکەم: بەڵام ئەگەر
پشوو نەدەین
تەواو نابین
هێندە ماندووین
چاومان بەرپێمان نابینێ
دەستمان قوڵینگ هەڵناگرێ
گیانمان هەنگاو هەڵناهێنێ
سەنگتاشی دووەم: لەو ساتەوە
چاوی زاتمان بەم کێوەدا هەڵهێناوە
یەکەم تنۆکی ئارەقەی
گیانی ڕەنجمانی پێدا رژاوە
بەسەر پلەی خز و بەرزیدا
یەکەم هەنگاومان هەڵهێناوە
یەکی سێ جار قوڵنگەکانمان گۆڕیوە
بەڵام خۆمان هەر سەنگتاشەکانی جارانین
لە سەرەتاوە تا ئێستا
دڵدانەوەی چاوەڕوانی و بێهوودەیی و خەمخۆریمان
هەر خۆمانین
سەنگتاشی سێیەم: پشووی کارێکی وا گران
لە دەربارەدا، کە گەورەترین نهێنییە
ئاسان نییە
بڕیاری واش،
خاوەن شکۆ نەبێ ئیتر،
کەس بۆی نییە
سەنگتاشی یەکەم: پەلە ناکەین

تا یەکێکیان
خاوەن شکۆ،
یاخۆ سەرکار
دێنە ئێرە
پەلە ناکەین
سەنگتاشی دووەم: تەنیا پشوو دادمان نادا
ئێمە لە زۆر شت بێبەرین
نە ئاو.. نە نان
نە خەو.. نە ژیان
هیچمان نییە
هەر کەسێ بێ،
دەبێ سکاڵا دەربڕین
سەنگتاشی سێیەم: ژیانمان وا لە سوێی گۆڕا
سەنگتاشی یەکەم: پەلە ناکەین
سکاڵای هیچ دەردێ ناکەین
داوای پشوو لە هەموویان ئاسانترە
ئەگەر دەربار ڕازی نەبێ
خاوەن شکۆ پێ داگرێ
ئەوانی تر هەر ناکرێ
لە ئێستاوە
با هەر بێدەنگ بین چاکترە
سەنگتاشی دووەم: بیرێکی یەکجار مەزنە
بە بەردێ دوو نیشان دەخەین
داواکەمان
هەم پشووە و

هەم ئەزموونە

سەنگتاشی سێیەم: هەرچۆنێ بێ

دوور یان نزیک

ڕوون یان تاریک

چاوەڕوانیی ئەنجامی وا

دڵ و هێزی مرۆڤـ دەخوا

*(بەدەم کـارکـردنەوە لە نێـوەندی ئەشکەوتەکـەدا دیار نامـێنن. لەو ساتەدا خاوەن شکۆ لەگەڵ چەند کەسێکدا لە دەست و پێوەندەکانی. لەوانە: دارا و سـەرکار و چەند کـەسانێ لە پیـاوماقـووڵانـی دێنە بەر ئەشکەوتەکە)*

خاوەن شکۆ: *(ڕوو دەکاتە سەرکار)*

بە ئەقڵی کێدا رادەبورد

ئاسنگەران ئا بەم چەشنە بن کۆڵ بکرێ

بۆ نیشتمان ڕووداوێکە

لە هەر زەمان و شوێنێکدا،

کە شانازیی پێوە بکرێ

هەموویان پێکەوە:

بەڵێ ڕاستە

فەرمانتە

بەڵێ وایە

*(خـاوەن شکۆ و سـەرکار بەگوێی یەکدا دەچرپێنن و بەهێما و پەنجە نەهێنیی ئەشکەوتەکە باس دەکەن، کە نیشـانەی نیشاندانی گرینگیی ئەشکەوتەکەیە)*

سەرکار: *(ڕوو دەکاتە خاوەن شکۆ)*

گەورەم هێشتا ئەم دیمەنە نەدیویەتی

تا بۆ پێشتر هەنگاو بنێی
زیاتر هونەریان دەبینی و
زۆرتر نوقمی جوانی دەبی
پیاوی یەکەم: *(وەکو پێشتر دیبێتی)*
گەورەم دەمی قوڵنگەکان
بکەونە کار
وەک پڵنگ وان
سنگی ئەم شاخە دەگەزن
بەوردی چاویان تێ بڕی
سەرسام دەبی،
کە دەبینی..
بەرد بەبەردی
لەژێر هێزی مەچەکیاندا
هەڵ.. دە.. لەر.. زن..
*(لەم کاتەدا سەنگتاشەکان قوڵنگەکانیان بەدەستەوەیە، لە ئەشکەوتەکە دێنە دەرەوە و سەر بۆ خاوەن شکۆ نەوی دەکەن)*
خاوەن شکۆ: دەست و بازووتان نەڕزێ
بۆ ئەو ڕەنجەی لە پێناو خاک و وڵاتدا
لە وەرزێکدا
لەبەر تیشکی خۆر دەسووتێ
لە وەرزێکدا
لەبەر زریاندا دەتەزێ
سەنگتاشی یەکەم: گەورەم وەک چۆن فەرهاد
لە عیشقی شیریندا دڵی بێستوونی دەرهێنا
ئێمەش هەر بەهەمان تاسەوە

هەمان هیوا و ئەوینەوە
بۆ نیشتمان
ئامادەین گیانمان بەخت کەین
هەڵکەندنی ئەشکەوتی نوێی ئاسنگەران
چونکە لە پێناو خەڵکایە
بۆ ئەم خاکە وەک قەڵایە
هەر ڕەنج دەدەین
هەتا خوێنمان لە لەشدایە
سەنگتاشی دووەم: خوێنمان لەگەڵ ئەم کێوەدا
بووە بەئاو
بەدەیان شەو
خەو چووەتە چاوی ئەستێرە و
هەر بێدار بووین
بەدەیان رۆژ
گزەی گەرما سووتاندووینی و
هەر بەرنگاری ئازار بووین
چونکە بەری ڕەنجمان بۆ گەل و خاکمان زانیوە
چاومان تەنیا لە دڵسۆزی و ئەرکی سەرشانمان بڕیوە
سەنگتاشی سێیەم: تا بتوانین هەر رەنج دەدەین
کارەکانمان ئاشکرایە،
کە دەروونمان بۆ ئەم خاکە
چەند دڵسۆزی و خۆشەوستی و وەفای تێدایە
خاوەن شکۆ: گیان و جەستەی چیانشین
دەبێ چرا بێ بۆ شەو و
خۆر بۆ ئاسۆ و

زەردە بۆ سیمای خۆرنشین
*(هەرسێ سەنگتاشەکە لە یەکتر نزیک دەبنەوە و بە خێرایی ڕاوێژێ دەکەن)*
سەنگتاشی یەکەم: *(دێتە پێشتر)*
ئەگەر خاوەن شکۆی مەزن
ڕێمان بدا
داوایەکمانی پێشکێش کەین؟!
خاوەن شکۆ: چیتان هەیە زوو بیڵێن
گوێم لێتانە
سەنگتاشی دووەم: گەورەم گیانمان
لە ئازار و شەکەتیدا
لە زەحمەتی و مەینەتیدا
لە برینێکی بەسوێ دەچێ
تا دێ ژانمان هەر سەردەکا
هەر بەرفرەوانتریش دەبێ
داواخوازین فرمان دەرکەن
بۆ چەند ڕۆژێ پشوو بدەین
تا شەکەتیمان لە گیان دەرچێ
خاوەن شکۆ: *(پاش بیرکردنەوە و کەمێ ڕاوەستان)*
داواکەتان زۆر بەجێیە
بەڵام ئاخۆ نازانن
دانیشتوانی ئەم دەڤەرە
سەر هەتا پا
چاویان لە بازووی ئێوەیە!؟
سەنگتاشی یەکەم: گەورەم ئێستاکە دەبینی

بەرهەمی کارمان هەنگوینە
دەبێ سەختیی ئاسنگەرانیش بەدی کەی،
کە تێیدا چەند ڕەنجمان داوە
بۆ هەر بستێ
چۆن گیانمان کردووەتە سووتوو
چەند زەحمەتیمان تێدا کێشاوە
خاوەن شکۆ: دەرگەی هەموو داواکانتان لەسەر پشت بێ
تەنیا.. تەنیا
پشوو نەبێ
تا کۆتاییی کارەکەتان
نابێ تین و تاوی لەشتان
لەسەر پشتی ئاسنگەران
سارد بێتەوە
*(خاوەن شکۆ پێ دەکەنێ)*
سەنگتاشی دووەم: خاوەن شکۆ
ئێمە لە گشت کەسێ زیاتر
کارەکەمان لا مەبەستە و خۆشمان دەوێ
چونکە خوێنی خۆمان کردووەتە پێناوا
چەند حەز دەکەین هەتا زووتر سەر بکەوێ
هێندەش بێزارین ماندوو بوون شیرازەی بیرمان تێک بدا و
هونەری دەستمان بشێوێ
سەنگتاشی یەکەم: گەر واش نەبێ
هێشتا پەیمانی دوا کاتی کارەکەمان
زۆری ماوە..
سەنگتاشی سێیەم: *(دەچێتە پێشەوە قسە بکا، بەڵام سەرکار نایهێڵێ)*

خاوەن شکۆ: من دەزانم، کە ماندوو بوون
بەڵام پشووی کارێکی وا
بۆ پیاوی ترسنۆک دەشێ
نەک بۆ ئێوە
سەنگتاشی یەکەم: *(لە ناکاودا)*
ترسنۆک نین
بەڵام ماندووین
خاوەن شکۆ: *(دەنەڕێنێ)*
گەر هێندە تامەزرۆی پشوویت
سەرت لە گێژی مەرگدایە
فرمان بدەم
هەر ئێستاکە لەبەر پێدا
لە گۆڕێکدا تێر تێر بنوویت
(بێدەنگی)
خاوەن شکۆ: *(روو دەکاتە هەموویان)*
گوێم لێ بگرن،
یاخیبوون لە فەرمانی من سزایە،
سزای مەرگە.
مەرگ و زیندان دوو ڕێگەی جیان
بۆ ئەوانەی لە بیری رەشی یاخییان
بیرتان نەچێ
بیرتان نەچێ
*(سەنگتاشەکان سەر دادەخەن) (خاوەن شکۆ بەپەلە و تووڕەییەوە دەگەڕێتەوە بەرەو کۆشک)*
سەنگتاشی یەکەم: نەفرەت لە تۆ و لەوەش، کە تۆشی خۆش دەوێ.

سەنگتاشی دووەم: *(قوڵنگەکەی دادەنێتە سەر زەوی)*
دەبووایە
پێش ئەوەی دەربار ژەهری شیرینمان بداتێ
تینوویەتیمان پتر بکا
بمانزانیایە
بۆچی خەڵکی نەفرەت لە سیمای ئەو دەکا.
سەنگتاشی سێیەم: *(روو دەکاتە جەماوەر)*
هەڵەمان کرد
سەنگتاشی یەکەم: کەواتە دەبێ
تالاوی ئەم هەڵەیەمان بچێژین
ئاخۆ چەندە هەزار ڕێبوار
خوێنیان بەخشیبێ بە سەراب
لە جیاتیی گۆرانی وتن
بۆ جۆگە و دەریاچە و ڕووبار
سەنگتاشی دووەم: هەڵەمان کرد
بەڵام ئەوەی چاوی ئێمەی
لە ئاست زوڵم و زۆرداریدا
نابینا کرد
پەردەی عیشقی نیشتمان بوو
لاشەی شتێکی بێ گیان بوو
تەنیا ناو بوو
وشەی گەرمی سەر زمان بوو
هەر سێبەری ئەویش بوو،
کە تەنیا ئەڵقەی
پێوەندیی دەست و پێمان بوو

سەنگتاشی سێیەم: *(دەچێتە سەر گابەردێک و قسە دەکا)*
ئەنجامی کار
هێشتا ئێمە تاوانبارین
ڕەنجەکەمان بەفیڕۆ چوو
هیواکانمان دڵیان بۆش بوو
هەموو شتێ پێچەوانەی
بەڵێنەکانی دەربار بوو
خاوەن شکۆ و یاوەرەکانی نێو دەربار
درۆیان بەدەم نیشتمان و هەژاران و
خەڵکەوە کرد
ئەوەی، کە جێگەی ئازارە
ئێمە ئاوا سادە و ئاسان
بەو داهۆڵە پەڕۆیانە ڕازی بووین و باوەڕمان کرد
**(وچان)**
ئێستا دوو شت چاوەڕوانی
دوا ئەنجامی بەرهەممانە
یاخۆ مەرگ
یا قووڵاییی نێو زیندانە
مادام ئەنجام ترسناک بێ
بۆ ڕازی بین؟
سەر کز ناکەین
دەبێ خوێنمان
قەتماغەی سەر لێوی خاک بێ
سەرفراز بین..
دنیا و ژیان

تا بێ گەش و جوانتر دەبێ
گەر مردیشین لەم ڕێیەدا
تەنیا کۆتی دەست و پێمان
لە کیس دەچێ
بۆ رازی بین
بۆ ملکەچ بین
سەنگتاشی یەکەم: *(بەدەنگی بەرز)*
ڕازی نابین
سەنگتاشی دووەم: ڕازی نابین
سەنگتاشی سێیەم: منیش وەک ئێوە ڕازی نیم
*(هەرسێکیان لە بەردەرگەی ئەشکەوتەکەدا لە پاڵ یەکدا کۆ دەبنەوە و ڕاوێژ دەکەن. پاشان لە شێوەی مانگرتن بە دیواری ئەشکەوتەکەدا پاڵ دەدەنەوە. سەر شانۆ تاریک دەبێ و ڕووناک دەبێتەوە. خاوەن شکۆ و سەرکار پێکەوە لە دەربار دا دانیشتوون)*
خاوەن شکۆ: دەمێکە سیمای ئەمانە
لەلای من شوێنی گومانە
دەنگ و ڕەنگیان مۆتەکەی دەست و گیانمە
دەیانەوێ هەموو شتێ
پێچەوانەی داب و دەستوور و ئاین بێ
گەورە و بچووک وەک یەک وابن
خانەدان و پیاوماقوولان
هاوشانی گەدا و هەژار بن
بۆرەپیاو و بێ ڕەچەڵەک
سەرداری خەڵک و دەربار بن
سەرکار: هیوا و مەبەستیان هەرچییە

شەرمەزاری خاوەن شکۆ و بەر دەربارن
ئەنجامیشیان ملکەچییە
خاوەن شکۆ: وەک چۆن دەربار
بەدڵ و گیان
دەپارێزرێ
پێویستیشە نهێنییەکان
بە هەمان گیان
هەمان تاسە
قایمتر و شاراوەتر
حەشار بدرێ
سەرکار: پاراستنی نهێنییەکان
گیانی دەربار دەپارێزێ
خاوەن شکۆ: گەورەترین نهێنیمان لەم ساتەدا
سەنگتاشەکانە و ئەوانیش
گرێکوێرەن، ناکرێنەوە
تەنیا جارێ
سەنگتاشەکان لەگەڵ خەڵکدا
یەک گرنەوە
ئەوسا رێگەی جبەخانە و
هەموو نهێنییەکانی دەربار
دەدۆزنەوە
سەرکار: دەبێ کارێکی وەها کەین
سەنگتاشەکان و ئەو خەڵکە
لەیەک نەگەن
خاوەن شکۆ: دوو رێگەمان لە بەردەمە

یان مردنیان
یان کردنەوەی یەکەم دەرگەی نهێنییەکان
سەرکار: مەگەر تەنیا دەستی مەرگ
چاو و دڵی ئەوان تێرکا
خاوەن شکۆ: *(لە ناکاو بیر دەکاتەوە)*
کەواتە ئەمشەو تا سبەی
لەسەر چیای ئاسنگەران
دەبێ شوێنپێیان ون بکەی
سەرکار: بەچاوانم
مادام بوونیان مەترسیی سەر ڕێگەمان بێ
بیریان هەڵگری تاوان بێ
دەبێ ئەمشەو
دواین شەوی تەمەنیان بێ
خاوەن شکۆ: *(ڕوو دەکاتە سەرکار)*
بێ دواکەوتن..
بێ دوودڵی
خۆت بگەیەنە ئاسنگەران
بیرت نەچێ..
چاوەڕوان بە
تا شەو دادێ
دەبێ هەموو نهێنییەکان
لە تاریکیی شەوانەدا و
بێدەنگیی خەڵکدا نوقوم کەین
*(هەردووکیان پێ دەکەنن)*
سەرکار: *(هەڵدەستێتە سەرپێ)*

بەڵێ گەورەم،
باپیرانمان گوتوویانە:
"لەسەر زەوی
فەرمانڕەوا سێبەری پیرۆزی خوایە
مادام نیازتان قازانجە بۆ خەڵکی
هەر بڕیارێ ئێوە بیدەن رەوایە
لە ڕاستیدا گەر بەمن بووایە
نەمدەهێشت بای سەر زەوی
قولانجێ هەنگاو هەڵهێنێ
دەزانی گەورەم جموجۆڵ چەند مەترسیی
سێبەری خواوەندی تێدایە
خاوەن شکۆ: چاوەڕوانم
سبەی شەو پێکی شادی لە دەربارا
بخورێتەوە
دەبێ ئەمشەو مۆڵەت نەدەی
مەرگ لە گیانیان بێتەوە
سەرکار: گەورەم پەیمان
یان مەرگی من یان هینی ئەوان
*(دەست دەخەنە نێو دەستی یەکتر. سەرکار دەچێتە دەرەوە. سەر شانۆ ڕووناک دەبێتەوە. برزووی خزمەتکار و شێرۆ ڕاوێژ دەکەن)*
برزووی خزمەتکار: تەمەنی من وەک تەمەنی جاڵجاڵۆکە
پڕێتی لە تەونی چنراوی پێچاوپێچ
لەم هونەرە زیاتر شک نابەم
بۆ چەند ساتێ کە چەند مێشێ باڵ بەست دەکا
دە ساڵە من

خزمەتکاریی دەربار دەکەم
دە ساڵە لەژێر چاودێریی چاوی برسیی
پاسەواناندا ڕەنج دەدەم
نە دەوێرم پێ لە دەرگەی دەربار ببڕم،
نە ئەم هەموو زوڵم و زۆرەش
بەکۆڵی ویژدان هەڵدەگرم
ژنەکەشم وەکو من هەر ڕەنج دەدا و بەهیچ ناگا
ئەویش وەک من ماری بیری گیانی ئەخوا
ئەویش وەک من وا خەم دەیخوا
شێرۆ: تۆ کۆتی دە ساڵی دیلی و چەوسانەوەت
وا لە ئەستۆ و لە گەردندا
گەر رازی نیت وەکو ئاژەڵ بژمێردرێی
دەتوانی چیدی داهاتوو
ملکەچ نەبی و گیانت بکەی بەئەسپی با
برزوو: منیش وەکو هەموو کەسێ
سەربەستیی ژینم خۆش دەوێ
وا حەز دەکەم
ئازادانە هەنگاو بنێم
کەناری بیرم زۆر دوور بێ
ئەڵقەی دەستم شکێنرابێ
چاوم هیوا و ژینم دەریای بێ سنوور بێ
بەڵام چی بکەم
هەرچی دەکەم هەر نامۆم و ڕێ دەرناکەم
لە تارماییی سێبەرەکەی خۆم زیاتر
پەی بەنهێنی ڕێ نابەم

لەم وڵاتە زۆر لێکراوە
ئەوەی بژی
دەبێ بیری لەژێر سێبەری لەشی بێ
بەچاوی خۆی شت نەبینێ
بەگوێ سکاڵا نەبیستێ
بەمێشکی خەڵک بیر کاتەوە
بەپێی خەڵک هەنگاو بنێ
شێرۆ: راستە.. بەڵام ئەم رۆژگارە
پیاڵەیەکی نیوە پڕە
هەر کەسێ جۆرێ تێی دەگا
ڕەشبین نیوە بەتاڵەکەی دەبینێت و
گەشبین لە نیوە پڕەکەی
سەرنج دەدا
برزوو: ئەی چار چییە
تا کەی ڕەنجم بۆ خەڵکی بێ؟
تا کەی ژیان دیلیەتی بێ؟
شێرۆ: تەنیا چارەی گۆڕینی هەر سەختی و هەڵدێر و دژوارێ
یاخیبوونە..
لە سنوور بەند و چوارچێوەی دیوارێ
برزوو: من بەتەنیا چی دەتوانم؟
چیم پێ دەکرێ!
شێرۆ: تۆ چۆن گیانت لە ئازار و مەینەتیدا کەیل بووە
ملوێنان کەسی وەک تۆ چاوەڕوانن
زیندانییەکان
ئاوارەکان

برسییەکان

چەوساوەکان

ئەوانە وا ژینیان لەنێو

لەپی دەست و بازوویاندا هەڵگرتووە

برزوو: (بەپەرۆشەوە)

ئێستە چی بکەم

یەکەم هەنگاو

لەگەڵ کێدا

بەچ جۆرێ

چ نەخشەیەک

دەست پێ بکەم

شێرۆ: پێش هەر کارێ

پێویستە ئەوانەی وەک تۆن

لەیەک بگەن و یەک بگرن

تا دەنگەکان بەهێزتر بن

رێگەکەمان کەمتر دەبا

تا هێزەکان یەککگرتوو بن

زووتر دوژمن ملکەچ دەکا

برزوو: لە دەربارردا

لەژێر ئەو هەموو زۆرداری و جەور و ستەمە زۆرەدا

کێ دەڵێ تەنانەت هەر دەوێرن گوێشم لێ بگرن

*(کەمێ بێدەنگی. روو دەکاتە بینەران)*

لە دەربارردا

مرۆڤ وەکو ئاژەڵ وایە

گەر گوێش بگرن

جا تۆ بڵێی ئامادە بن؟
جا تۆ بڵێی ی.....؟ ڕازی بن
رازی دەبن؟؟!
بینەری... ١
بینەری... ٢
برزوو: ئەگەر ئەوان رازی نەبوون؟!
یاخۆ.. یاخۆ!!!
شێرۆ: رازی دەبن
مرۆڤ ئەگەر
برسییەتی زۆری بۆ ببا
لە تاواندا و لەژێر تینی برسییەتیدا
مرۆڤ دەخوا..
لە دوای ئەوە ئێمەش
وەک تۆین
هەموومان هەر بەشخوراوین
داخ لە دڵین
زۆر لێکراوین
هەموو شت بانگمان دەکا
کە ڕاپەڕین
ویژدان و بیر و گیانمان
گیانی تینووی چەوساوەمان
بەڵام ئەوەی زۆر گرینگ بێ
زۆر پێویست بێ
تەنیا ئەوەیە یەکگرین
برزوو: *(بیر دەکاتەوە)* لە دەرەوەی شورای دەربار

جیهانێکی ئاڵۆزکراوی تریش هەیە
ئەوان کوانو و ئاگردان
هەر ئەوانیشن پەنگرن
شێرۆ: هەموو وەک تۆین
کە ئازاد بووین
هەموومانین
کە مردیشین هەر پێکەوەین
لەیەک جیا نین
وەکو چۆن خۆر
لە ئاسماندا...
لەلام روونە
واش دڵنیام،
کە ئەنجاممان سەرکەوتنە
برزوو: (لەبەر خۆیەوە)
هەرچی کاتێ، کە تروسکەیەک بەدی دەکەم،
کە چرکەیەک دەمهەژێنێ
لە خۆشیاندا دڵ و گیانم دەبنە سەرچاوەی ئاواتێ
لەو کاتەدا
وا هەست دەکەم
کام شەو قووڵ و تاریکە
کام ئەستێرە دوور و بڵندە
پەنجەی هیوامی بگاتێ
شێرۆ: هەموومان هەر
لە تاریکیدا....
چاوی گەشمان هەڵهێناوە

هەمووومان هەر لە یەک زامدا
یەک سنووردا
دەنگ و هاناومان خنکاوە
ئەوەتەی هەین چاوەڕوانی
ئەم ڕۆژەین
بێ خەڵک لە یەکتر تێ بگەن
دەنگی هەموویان.. یەک دەنگ بێ
**(وچان)**
ئەوەی ئیمڕۆ
بەرهەڵستی زۆردار نەبێ
ترسنۆکە
درۆزنە
خاک و وڵاتی خۆش ناوێ
برزوو: من ئامادەم
ئەوە خوێنم
ئەوە گیانم
ئەنجام مەرگ یان ژیان بێ
لەگەڵتانم
*(لە یەکتر نزیک دەبنەوە قسە و ڕازی نهێنی باس دەکەن)*
شێرۆ: لەوانەیە
بەم زووانە
نەخشەی هێرش
بەرەو دڵی دەربار و کۆشک
بکێشرێ
ئەوسا کاتی پەلاماردان

دیاری دەکرێ
دەبێ خەڵک سنگیان بکەن
بەقەڵغانی گوللەی دوژمن
شەقام شەقام
کۆڵان کۆڵان
تا سەرتاپا هەموو شوێنان دەگرێتەوە
دەبێ هەموو
بەیەک دەنگ و بەیەک ئامانج
ئاڵای ئاشتی و رووخانی دەربار هەڵگرین
لە ئێستاوە
ئامادە بە
بەڵام پێویستە نهێنیی
هێرشبردن بپارێزرێ
خەڵک هاندە
یاخی بن
یەکگرن بەرەو شۆڕش
بەڵام نابێ پلانەکان
بۆ هیچ کەسێ هەڵبڕێژرێ
بیرت نەچێ.. بیرت نەچێ
*(هەردووکیان دەست دەخەنە دەستی یەک و لە تاریکیدا ون دەبن.*
*سەر شانۆ رووناک دەبێتەوە.)*
*خاوەن شکۆ لەگەڵ سەرکار و پیاوەکانیدا راوێژ دەکەن.*
خاوەن شکۆ: ئەوانەی وا لە داب و دەستوور دەردەچن
مەترسییان یەکجار زۆرە
ئەگەر هەموو بنبڕ نەکرێن

له ڕەگەوە هەڵنەکێشرێن
لەوانەیە وەک برینێ
بتەننەوە..
هەزاران برسی و بێکار
لە دەوریشیان کۆ ببنەوە
ئەوسا ئەنجام بە چی دەگا
خۆت دەزانی
ئاسایشی ئەم وڵاتە
دەکەوێتە دەست ڕەشەبا
سەرکار: خوا شکۆی تۆمان بۆ بهێڵێ
ڕێیان نادەین سەر هەڵبڕن
چاو هەڵبێنن
جگە لەوەش زۆربەی زۆریان
ناسراون
تاکو ئێستەش
بۆ هەر شوێنێ هەنگاو بنێن
هەنگاویان لەگەڵ نراون
**(وچان)**
هەر سەروەرمان بەرقەرار بێ
دڵنیا بە
چاو و... دڵمان
پاسەوانی خاوەن شکۆ و
دەربار دەبێ
پیاوی یەکەم: ئەنجامیان هەر چۆک دادانە
خاوەن شکۆ: *(بەڕقەوە)* وەک بیستوومە

له زۆر شوێندا
له زۆر کاتدا
برزووی نەفام
بەخراپەکار ناوم دەبا
من دڵنیام
بەرد قسە کا برزوو نایکا
ئەگەر یەکێ فێری نەکا
سەرکار: گەورەم بریا
هەر ئەو بوایە
بەڵام ئەوەی جێگەی داخە
خەمێکە دڵ دەلەرزێنێ
هەواڵێکە
دەستی هێزمان دەترسێنێ
له نێوجەرگەی دەربارەوە
لەو شوێنەدا پیرۆزترین
بریای تێدا دەنەخشێنرێ
دارای هاوڕاز و هاوڕێمان
بەرهەڵستی دەربار بووە و
گوایە لەلای هەموو خەڵک
نهێنییەکان دەدرکێنێ
*(هەموویان بەسەرسووڕمانەوە سەیری یەکتر دەکەن.) (بێدەنگی)*
خاوەن شکۆ: هەر جارێ (دارا) وەکو دەستی پاڵی پێوە بنێ
سەر پێچییەکانی زیاد دەکرد
گەرچی شوێنی گومانم بوو
بەڵام پەیم پێ نەدەبرد

ماوەیەک بوو
رووی لە دەربباریش کەم دەکرد
سەرکار: ئەگەر ڕێوی لە کونی خۆی
یاخی بێ
هەر گەڕ دەبێ !
پیاوی سێیەم: ئەو کەسانەی لەو بیرەدان
سەرلێشێواو و گەندەڵن
وەک کای دەم بان
پیاوی یەکەم:
گەورەم بەخوا ماوەیەکە
گیانی ونی سەنگتاشەکان
لە سەردەمی زۆربەی خەڵکە
وا هەست دەکەم
شتێکی لا درکێنرابێ
کە سەیری دەرباریش دەکەم
تەلەسمێکی چەند ئەستوورە
هەرچی دەکەم
بڕوا ناکەم!!!
ئاشکرا بێ
خاوەن شکۆ: *(وەک دارای لە بیر چووەتەوە)*
جا کێ هەیە ئاشکرای کا
کێ دەتوانێ
دەست لە نهێنیی دەربار بات
سەرکار: گەورەم دارا
ئاگەداری هەموو شتە و

ئێستاش چرای دەست و بیری
تاریکستانی ئەوانە
خاوەن شکۆ: دەربار شایانی ئەو نەبوو
بێ وەفا بوو
بێ ئەمەک بوو
بەڵام تازە
لە دەستمان چوو
پیاوی دووەم: بەخوا گەورەم
ئێمە هەموو گەرد و تۆزی
خاک و پاتین
بەڵام دنیا خۆی لە خۆیدا
خراپ بووە
*(بێدەنگی.) (لەو کاتەدا دەنگی کۆمەڵێ منداڵ لە دەرەوەی کۆشکەوە دەبیسترێ هاوار ئەکەن و تێپەڕ دەبن)*
منداڵەکان : منداڵی گەڕەک وەرنە دەرێ
با خۆری نوێتان بەرکەوێ
پەردەی نهێنی لابرا
مەرگی سەنگتاش ئاشکرا بوو
تارماییی مردن راو نرا
منداڵی گەڕەک وەرنە دەرێ
با خۆری نوێتان بەرکەوێ
منداڵی گەڕەک...
منداڵی...
*(سەرکار و پیاوەکانی ڕادەکەنە دەرەوە.. دەنگەکە* بەرە بەرە دوور دەکەوێتەوە.

*خاوەن شکۆ هەڵدەستێتە سەرپێ و لە پەنجەرە و دەرگەوە دەڕوانێ لە چواردەوری کۆشک گوێ دەگرێ)*

*بێدەنگییەکی سامهێنەر*

خاوەن شکۆ:

*(لە ترسا دەلەرزێ)*

هیچ دوور نییە

لە دەربارا دارا

شوێنپێی دانەنابێ

لەوانەیە دوژمنەکەم

ئەوەی بەخوێنم تینووە

لە پێڵووی چاو نزیکتر بێ

هەموو کاتیش

نیگاکانی بەشوێنمەوە

هەنگاو.. هەنگاو

لەگەڵمدا بێ

**(وچان)**

ئیتر دەبێ گەورەیی من نرخی چی بێ

کە تەنانەت

نزیکترین کەس لێمەوە

چاڵ بۆ مەرگم هەڵدەکەنێ

لە بەرچاوم.. هەموو شتێ

بە سیمای من پێ دەکەنێ

**(وچان)**

دەنگی بێ ترسی ئەمانە

یەکگرتنی ئەم گۆرانی و

(منداڵانه)
ئەنجامی دەنگی بڵاوی
زۆربەی خەڵکە
زۆربەی شوێنە
کە  بێ ترس دەیڵێنەوە و
کە ئاسایش بیستوویانە
***(وچان)***
ئەوانەی وا تەنیا ژەمێ
بەسکی خۆیان تێر نەبوون
پێش ئاو
پێش نان
سروود فێر بوون
ئای لە دەبەنگیی مرۆڤی ئەم سەردەمە
*(خاوەن شکۆ بەشێوەیەکی هیستریایی پێ دەکەنێ. دوودڵی و ترس لە روخسار و رەفتاری بەدی دەکرێ. بە ژوورەکەدا هاتوچۆ دەکا).*
*(لەبەر خۆیەوە)*
گومان لە پاسەوانی دەرگە و لە دەربار و لە خۆم دەکەم
گومان لە دنیا و یاساکان و
خەڵک دەکەم
هەموو گیانم
نوقمی تەمی دوودڵییە
نازانم ئەم ژەنگە رەشە
لەسەر چاو و دڵم چییە
**(وچان)**
لە زۆر شوێندا

لە زۆر کاتدا
ئاسایش باڵی شکاوە
ئاسمانی کۆشک
لەگەڵ بوونی دەربارادایە
دەربار نەبێ
هیچ سنوورێ بوار نایە
هەرچۆنێ بێ
ئەنجامێکی تاریک و توون
لە رێدایە
هەرچەند دەکەم
ترسی نەبێ
هەڵدێر نەبێ
مەرگ نەبێ
هیچ شتێکم بەبیر نایە
*(بێدەنگی)*
*(دەنگی هەمان سروودی منداڵان لە دەرەوەی کۆشک دەبیسترێ. خاوەن شکۆ وەک شێت دەڕوانێتە ژوورەکە و بیر دەکاتەوە نائاساییانە خۆی دەهاوێتە باوەشی کورسیی پاشاییەکەیەوە).*
*(تاریکی).*
*(ڕووناکی دەچێتە سەر چیرۆک بێژ)*
وەک دیتتان خاوەن شکۆ ڕەنگی گۆڕا
دەنگی گۆڕا
سات لە دوای سات
تەمی گومان نێوچاوانی دادەپۆشێ
دڵی کەیل و پەست ئاهێنی بەجارێ

دەیان ڕێچکەی پێدا هەڵدەزنا
هەر جارێکیش
ملی هیوای کاڵەوەبووی
بە ڕێیەکی تەنگتر دەنا
تا سەرئەنجام
ڕێگەکان بوون..
بە تاڵە داوێکی باریک
ژینیش بووە
چاڵێکی قووڵ قووڵ و تاریک
بەم ئازارە دەروونییەوە
هێند ماندوو بوو
وەکو کێوی ئاسنگەرانی کۆڵ نابێ
سەرپۆشی خەو..
پێڵووی چاوەکانی پێ نووقاند
عەقڵی لە لاشە سرەوت و
چاوی چارەنووسی داگیرساند
خەوی بینی..
لە خەویدا.. وا
*(تاریکی)*
*کە شانۆ ڕووناک دەبێتەوە لە*
*قەرەباڵغییەکی شێوە ئاهەنگی*
*سەرکەوتندا دەبینرێ*
*لە سووچێکی شانۆوە چەند کاسە سەرێک و لە سووچێکی ترەوە*
*مرۆڤێک بەبەرگی کرێکارانەوە بەمردوویی ڕاوەستێنراوە..*
پاسەوان:

*(لە ناکاودا دێتە ژوورێ. کڕنووش دەبا)*

گەورەم پۆلێ ژن و منداڵ

لە کازیوەی بەیانییەوە

لەبەر کۆشکدا ڕاوەستاون

داوا دەکەن

بێنە خزمەت خاوەن شکۆ

خاوەن شکۆ: (بەتووڕەییەوە)

بۆچی هاتوون، چییان دەوێ

پێیان بڵێ ئەمڕۆکە سەری سەرقاڵە

نایەوێ چاوتان پێی بکەوێ

*(پاسەوانەکە دەڕوات.)*

*( دەنگ و هەرای خەڵکەکە کۆتایی نایەت. تا دێ نزیک دەبێتەوە. سەرکار بەدەنگەکەوە دەچێتە دەرەوە. بەپەلە دەگەڕێتەوە و بەگوێی خاوەن شکۆدا دەچرپێنێ)*

سەرکار: *(بانگی پاسەوان دەکات)*

پێیان بڵێ....

با بێدەنگ بن

یەکە... یەکە.. چییان دەوێ

لە سایەی داد و یاسادا

لە خزمەت خاوەن شکۆدا

ئامادە بن

*(پاسەوانەکە دەچێتە دەرەوە. پاش بێدەنگکردنیان پیرێژنێکی ڕەشپۆش دێتە ژوورەوە)*

خاوەن شکۆ: *(روو دەکاتە پیرێژنەکە)*

لەم رۆژەدا، کە نیشتمان

لە شادیی ئاهەنگدایە
ڕۆژی وا کەی کاتی داوا و
سکاڵایە
چیتان دەوێ
خێرا بیڵێ
پیرێژن: *(پیرێژنەکە دەچێتە پێشەوە)*
خاوەن شکۆ
لە داراییی هەموو دنیا
تاقە کوڕێکم هەبوو
بەهەزار حاڵ
تا گەیاندمە ئەم تەمەنە
خوێنم لەگەڵیدا بوو بەئاو
پرچی سپیم بەدیاریەوە
هۆنییەوە
لە دوای ئەوەی ئێوارەیەک
تێر ماچی کردم و ڕۆیی
پێی گوتم، کە لێک دابڕاین
بڕوام نەکرد
بەڵام دواین جار بوو.. ئیتر
چەند بۆی گەڕام
نەمبینییەوە.
*(پیرێژنەکە وشەکانی بۆ تەواو ناکرێت. دەست بەگریان دەکات)*
خاوەن شکۆ:
بۆچی ڕۆیشت چی مەبەست بوو؟
پیرێژن:

پێی نەوتم
تەنیا ئەوەندە دەزانم
تۆێشووی ڕێگەی لە پشت بەستبوو.
خاوەن شکۆ:
بەتەنیا بوو
یاخۆ هاوڕێی لەگەڵدا بوو.
پیرێژن:
خاوەن شکۆ...
کوڕەکەی من لە منداڵییەوە
ئارەزووی هەر لە بێدەنگی و تەنیایی بوو
بەڵام لەو دەم و کاتەدا
هاوڕێی زۆر بوون
وەک پوورەهەنگ
تێک ئاڵابوون
خاوەن شکۆ:
لە کۆمەڵە کێت لێ ناسین
پیرێژن: *(بە ترسەوە)*
بەخوا کەسیان....
گەورەم...... کەسیان..!!
خاوەن شکۆ:
کوڕەکەی خۆت دەناسییەوە؟..
پیرێژن:
*(بە سەرسوڕمانەوە)*
گەورەم ئەی چۆن!
خاوەن شکۆ: *(دەست بۆ سەر مێزێک درێژ دەکا و)*

ئەو کاسە سەری زۆربەی
ئاژاوەگێڕ.... و
ئەوانەن وا ..... کە یاخی بوون
لە ئەنجامی سەرکێشی و تاوانبارییان
یەک بەیەکیان
بەو دەردە چوون
*(پیرێژنەکە لە کاسە سەرەکان دەچێتە پێشەوە، دەست بەچاو و روومەتی وە دەگرێ. وەک شێت پەلاماریان دەدات. کاسە سەرێکیان هەڵدەگرێ و هاوار دەکات)*
دۆزیمەوە
جەرگەکەی خۆمم دۆزییەوە
ئەو کەسەی وا
لە دووریدا
بۆی بووم بەچڵێ کۆڵەوژ
دۆزیمەوە
*(لە کاسە سەرەکان نزیک دەبێتەوە و دەگری)*
چاو دامەخە
کزەی جەرگم لە دووریتدا
وا بووم بەخۆڵەمشتێ خۆڵەمێش
بڕوا ناکەم
پشتم تێ کەی
بڕوا ناکەم
بڕوا ناکەم لە مەرگیشدا چاو دابخەی
خاوەن شکۆ:
ها ... پیرێژن

تۆ لەناو ئەم
هەموو سەرە کەرتەشیانەدا
خڕکە بەردی
ئەو کەللەسەری خۆت چۆن
ناسیەوە؟

پیرێژن:

خاوەن شکۆ
تۆ لە باخچەی ماڵەکەی خۆتدا ئەگەر
چەپکێ مێلاقە هەڵکێشن دەتوانی گوڵ بەگوڵ شوێن و
زەمەنی چرۆکردوویان بناسییەوە؟
منیش ئاوام !
ڕەنگە جیاوازی لە نێوان ئەم چاو ترێ
رەشانەدا زۆر بن، بەڵام
من دڵنیام پێش هەڵوەرینیان
هەر هەموو خەونێک دەیکردن بەهێشوو
گرینگ نییە ئیدی زێد و نیشتمانی ئەم
خەڵفە خەمانە کوێن
کامیان کوڕمە و
ئەوانی تر هەر یەکەیان مێرد و برا و منداڵی کێن
*(پیرێژن دەکەوێتە سەر زەوی و دەبوورێتەوە. سەرەکەی لە دەست بەردەبێتەوە. پاسەوانەکان دەیبەنە دەرەوە)*

خاوەن شکۆ:

(قاقا پێ دەکەنێ و روو دەکاتە جەماوەر)
ئەم دیمەنەش لەم یادەدا
خراپ نییە

پیاو بیبینێ
تا هەموو کەس ئاگەدار بن
دەربار چۆن تۆڵە دەستێنێ
*(روو دەکاتە سەرکار)*
بزانە کێی تر دەیەوێ
بێتە ژوورێ
بڵێ بابێ
*(سەرکار دەڕواتە دەرەوە. ژنێکی تەمەن ناوەندی، ڕەشپۆش، بەدوایدا دێتە ژوورەوە)*
خاوەن شکۆ:
چیت دەوێ تۆش
خێرا بڵێ
مێردەکەی من
بە درێژاییی تەمەنی هەر
چەوساوە بوو
بەهەژاری و نانەسکی
دەیژیانین
تەنیا هیوامان هەر ئەو بوو
سەرەڕای ئەم هەموو رەنجەش
بەو دەردە چوو
*(دەگری)*
خاوەن شکۆ:
چیی بەسەر هات
بەرەو کوێ چوو
ژنەکە:

گەورەم سۆراخی نازانم
بەڵام دەڵێن لەگەڵ خەڵکدا
لەبەر دەربارێدا دیویانن
خاوەن شکۆ:
*(بە گاڵتە پێکردنەوەوە)*
کەواتە ئەویش یاخی بوو
لە یاسای ئەم مەملەکەتە و
پەیامی خواوەندی گەورە و
دادپەروەریی خاوەن شکۆ ناڕازی بوو
ژنەکە:
دەتوانم سوێند بخۆم ئەو هیچ نەبوو
یاخی نەبوو
خاوەن شکۆ:
گەر بێ ئاگا و
بێ گوناھ بوو
بۆچی کوژرا
یان بۆ برا
ژنەکە:
مێردەکەی من کرێکار بوو
بەیانییان زوو
بەرگی ئیشی لەبەر دەکرد،
کە ئێواران دەهاتەوە
گیانی دیلی
ئەشکەنجە و ئێش و ئازار بوو
بەیانییەک

وەک هەموو ڕۆژێ ئاسایی
بۆ لەتێ نان
چوو ڕەنجێکمان بۆ بداتەوە
ئەوەندەمان چاوەڕوان کرد
سۆمایی چاومان وا داهات
بەڵام ئیتر دوایین جار بوو
نەمانبینی
نەهاتەوە
خاوەن شکۆ: *(بەنیگەرانییەوە)*
جا ئێستاکە تۆ چیت دەوێ!!
ژنەکە: تەنیا وەڵامی پرسیارێ..
بەشوێن ڕاستییەکەدا
وێڵم
لە نێوان ڕەش و سپیدا
لە نێوان بوون و نەبووندا
هەڵواسراوە
لە سۆراخی ئەو ڕاستییەدام
دڵنیام کا
زیندووە یاخۆ نەماوە
خاوەن شکۆ: *(دەست بۆ کاسە سەرەکان درێژ دەکات)*
ئەوە سەری بڕاوی
زۆربەیانن
ورد بەرەوە
گەر دتیتەوە
بەدەستی خۆت دەری بێنە

تیاشیا نەبێ...!
لێرە نییە و
بۆی مەگەڕێ
*(ژنەکە هەموو کاسە سەرەکان دەگەڕێ و دەگەڕێتەوە دواوە)*
ژنەکە: *(بەپەرۆشەوە)*
گەورەم گەڕام
هەموو گیانم کردە چاو و
نەمبینییەوە
*(هانا بۆ خاوەن شکۆ دەبات)*
گەورەم چارێ
خاوەن شکۆ: *(دەست بەیەخەی خۆیەوە دەگرێ و دێتە پێشێ)*
تەنیا تاپۆی.. ئەوانەی وا
لێرە ون بوون
ئەم چاکەتە ڕەنگینەیە
لەمە زیاتر هیچ سۆراخێکمان لا نییە
دەیناسییەوە
ژنەکە: *(پاش کەمێ بێدەنگی.. بە تووڕەیییەوە)*
گەورەم پێویست بەوە ناکا..
سەیری بکەم
وەکو وتم
کرێکار بوو
بەرگی شڕ و پینەکراوی
لەبەردا بوو
وەک پێم وتی
زۆر هەژار بوو

خاوەن شکۆ: (بەتەوس و توورەییەوە)

کەواتە هاوڕێی یاخی یان

سەگی برسیی بەر دەربار بوو

مادام وایە بۆی مەگەڕێ

مردنەکەی بۆ چاکتر بوو

مەرگ نەبوایە بەهیچ کەس

تێر نەدەبوو..

بڕۆ لە جیاتیی سۆراخی

ئەم یاخییە

دوای چارەنووسێکی تر کەوە

(ژنەکە بەگریانەوە دەچێتە دەرەوە)

*

*( ئافرەتێکی تەمەن لاو دێتە ژوورەوە. بەرگی رەشی پۆشیوە و دەستی منداڵێکی پێنج ساڵانەی گرتووە و)*

خاوەن شکۆ: کار وا بڕوا

ڕۆژ دەگاتە خۆرنشین و

شەوگار دایەت

هێشتا داوای بێ مانای خەڵک

دوایی نایەت.

*(روو دەکاتە ئافرەتەکە)*

تۆ چیت دەوێ؟!

عەودالی چیت وا بەماتی

خەم لە چاوتدا گینگڵ دەدا

ئافرەتەکە: *(دەگری)*

گەورەم.. هانام

هاتووم یان خۆم و ئەم کچەم

لەتوپەت کەی

یان باوکی دیل و بەیدەستی

ئازاد بکەی

خاوەن شکۆ:

کار لە دەستی مندا مابێ

ئەگەر باوکی بێ تاوان بێ

چۆنتان بوێ

ئاوا دەبێ

ئافرەتەکە: گەورەم سوپاس

خاوەن شکۆ: *(پاش کەمێ بێدەنگی)*

ناوی چییە؟

ژنەکە:

گەورەم هیوا

خاوەن شکۆ : *(لەبەر خۆیەوە)*

هیوا .. هیوا

*(منداڵەکە بەسەر کاسە سەرەکاندا دەگەڕێ و روو دەکاتە شوێنی مرۆڤە مردووە راوەستێنراوەکە و کەمێ لێی دەڕوانێ بەسەرساميیەوە و ڕادەکاتەوە لای دایکی)*

منداڵەکە: دایە... دایە

ئەها بابە ڕاوەستاوە

قسە ناکا

ئەها بابە ئەوەتانێ

دە سەیری

کە دایە گیان

ئێ دایە گیان

*(خاوەن شکۆ سەیری کارەساتەکە دەکا . ژنەکە لە خۆشییاندا روو دەکاتە مێردەکەی و بە سەرسامییەوە کەمێ تێی دەڕوانێ)*

ئافرەتەکە: *(لەسەر خۆ)*

هیوا .. هیوا

هاوڕێی ژینم

خۆشەویستە دڵسۆزەکەم

چییە.... ماتی

بۆ بێ هەستی

بۆ

نام... د.. و.. ێنی

*(ئیستێک)*

وا بووم بەمشتی خۆڵەمێش

چاو دامەخە

بۆ وشەیەک نادرکێنی

*(دەگری)*

هیوا گیانم

دەروونم کەیلی ئازارە

چۆن دەتوانم

لەمە زیاتر چاوەڕوان بم

وا شێت دەبم

**(وچان)**

هیوا .. هێزم تێدا نەماوە....!

بۆچی بەزەیت پیاما نایە

هیوا .. بۆچی؟

هیوا .. بۆچی؟

*(دەگری و هەڵوێستێکی سەرسوڕمان)*

سەرکار: هیوا چی بکا،

چیت لێ دەوێ؟!

گریانەکەت بێ ئەنجامە!

چونکە هیوا ...

لاشەیەکە.... بێ گیانە!

ئافرەتەکە: *(پەلاماری لاشەی هیوا دەدا.) (لاشەی هیوا دەکەوێتە سەرزەوی)*

*(بۆ ماوەیەکی کورت دەنگی مۆسیقایەکی خەمناک بەرز دەبێتەوە...)*

*(بە دوودڵییەوە)*

بڕوا ناکەم

بڕوا ناکەم

مەرگ ئێخەی هیوا بگرێ

هێشتا بەهاری تەمەنی نەبوو بە چەپکێ مێلاقە و گوڵی سوور

هیوا ئاسۆی ڕوانینی زۆر لە مردن دوورتر و چاوی

بڕیبووە ئاسۆیەکی ئێجگار دوورتر

منداڵەکە: بابە توخوا دەوەرەوە

بیرت دەکەین.

*(روو دەکاتە خاوەن شکۆ)*

بەڵام خاوەن شکۆ

ئەوانەی وا هیوایان کوشت

بۆ تاوانێ لەسەر چۆک بوون

چەند بێ بەزەیی سەد هێندەش

ترسنۆک بوون

ترسنۆک بوون

*(سەرکار و پاسەوانان ئافرەت و منداڵەکە دەکەنە دەرەوە)*

خاوەن شکۆ: *(بە تووڕەییەوە بانگی پاسەوان دەکا)*

ئیتر نامەوێ هیچ کەسێ

بێتە ژوورێ

هەر ئێستاکە

لەبەر دەربارا دەریان کەن

گەر نەڕۆیشتن

خوێنیان بەئێوە حەڵاڵە

لە سەریان بەن

زوو کەن خێرا

زوو کەن خێرا

*(سەر شانۆ چۆڵ دەبێ. خاوەن شکۆ بە تەنیا دەمێنێتەوە، بەسەرنجەوە دەڕوانێتە کاسە سەر و لاشەی (هیوا). ترس و شێواوی و شڵەژان لە روویدا بەدی دەکرێ.)*

*(مۆسیقایەکی تێکەڵ).*

*

*(لاشەی هیوا دەکەوێتە قسەکردن)*

خوێنی ئێمە

مەرەکەبی دەستی گەلە

لە مێژوودا ...

سزا و تۆڵەی پێ دەنووسرێ

بۆ کوێ دەچی

تارماییی مەرگ هاکا وا هات

کۆشک و دەربار کاول بکا

کاسە سەری یەکەم:

تووڕەیی خەڵک

دەریایەکە

شەپۆل دەدا

کاسە سەری دووەم:

گوێم لە دەنگی ڕەشەبایە

دیارە مژدەی

مەرگی زوڵمی

خاوەن شکۆی لەگەڵدایە

کاسە سەری سێیەم: گوێ بگرن

وا خەڵکی هەژار دەربار و کۆشکیان تەنیوە

ئەمجارەیان ڕێیان لە باڵدار بڕیوە

کاسە سەری چوارەم: *(لەگەڵ خاوەن شکۆیەتی)*

ئامانجیان سەری تۆیە

کاسە سەری پێنجەم: مەگەر زەوی قووتت بدا

مەگەر ئاسمان هەڵت کێشێ

تارماییی مەرگ

لە پێڵووی چاو نزیکترە

بەسەرتەوە دەخولێتەوە

چیت لە دەست دێ

هاتووە گیانت بکێشێ

کاسە سەری شەشەم: پێ بزانێ، یا نەزانێ

ڕەنگی مردووت لێ نیشتووە

هاکا شالاوی بۆت هانی

*(هەموو کاسە سەرەکان دەدەنە قاقای پێکەنینی سامهێنەر. خاوەن شکۆ دەیەوێ ڕابکاتە دەرەوە. لەم کاتەدا بەئاگا دێتەوە. وەک شێت*

*بەهەر چوارلادا هەڵدەسووڕێ و پەلاماری دەرگە و پەنجەرە دەدا .*

*دەنگی ناڕەزاییی خەڵک نزیک دەبێتەوە)*

سەرکار: *(خۆی بە شڵەژاوییەوە دەکا بە ژووردا)*

گەورەم چارێ

هەر چوارلامان تەنراوە

خاوەن شکۆ: سەریان بڕن

بیانکوژن

فەرمان بدەن با

خوێنیان شەقام بشواتەوە

**(وچان)**

دەرگە و دەرباریان

پێ چۆڵ کەن

خوێنیان تێکەڵ

دار و بەرد و خاک و خۆڵ کەن

بیانکوژن

سەریان بڕن

*(مۆسیقای جەنگ دێ. سەرکار چەند جارێ دەچێتە دەرەوە و دێتە ژوورەوە. دەنگی ناڕەزاییی خەڵک دێتە پێشەوە. دەنگیان زۆر نزیک دەبێتەوە، هاوار دەکەن)*

بۆ دەرەوە

زۆردارەکان بۆ دەرەوە

هێزی گەل بووەتە رەشەبا

کۆشک و دەربار کاول دەکا

بۆ دەرەوە

بۆ دەرەوە

*(تا دێ دەنگی نارەزاییی خەڵک نزیک دەبێتەوە. سەرکار بەپەلە تاو دەداتە ژوورەوە)*

سەرکار: خاوەن شکۆ

تا توانیمان لێمان کوشتن

وەکو تەرزە

وەکو باران

وەک گەڵای دار

لاشە و کەلاکمان لێ خستن

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر

خەڵک هەنگاو بەسەر تەرمی یەکدا دەنێن

زۆربەی زۆری سەربازەکانمان کوژراون

زۆریش چەکیان سەر بەرەوخوار لە شاندایە

هەیە زارەترەک بووە

هەشە پشتی لە ئێمەیە و ئێستا لەگەڵ ئەواندایە

گەورەم تەنیا چارێ مابێ

تا ئەوەشمان لە دەست نەچووە

کۆشک و دەربار جێ بهێڵین

لە ڕێگەکەی پشت کۆشکەوە

دەرباز بین

گەورەم خەڵکی وەکو بەفر

داباریونەتە سەر شەقام

هەر چوارلامان تەنراوە

دەستوبرد کە..

کێ دەڵێ بشرۆین دەردەچین

کێ دەڵێ بشرۆین

*(جـەمـاوەری ڕاپەڕیو بەرە بەرە بەتەواوی سـەر شـانۆ دەگـرێتـەوە)*

*(بەیتبێژ دێتە سەر شانۆ)*

خەڵکینە ئەو کۆشک و تەلارانەی
بەخوێنی خەڵک سواخ درابوون
ئەو چەپەر و دیوارانەی
بە کاسە سەر هەڵچنرابوون
چەردەیەک لە نهێنیی دەربار بوو،
کە ساڵانە خاوەن شکۆ
بێدادی تێدا حەشار دابوون
ئێوە بەچاوی ویژدان بینیتان چۆن
گیانی سێ ڕەنجدەری سەنگتاش
پەردەی لەسەر زۆر نهێنیی شاراوە هەڵدایەوە
قوربانیی ئەم سێ هونەرمەندە
ئەو تیشکە خوێنە گەرمە بوو،
کە شێرەبەفرینەی نێو دەربار
هەر لە یەکەم ئاسۆگەوە
خۆی نەگرت و
دڵۆپ دڵۆپ توایەوە
ئێستا لە پاش ئەو هەموو جۆگەلە خوێنە
پاش ئەو سەختە ساڵانە
گرینگ نییە خاوەن شکۆ
کلکی کلاڤە دەکا و بۆی هەڵدێ
یاخۆ وەک بێچووە بەرازێ
دەستگیر دەکرێ.
ئەوەی بۆ ئێمە مەبەستە

لەم چەند ساتە خوێناوییەدا بانگمان کردن
تا لەگەڵ بەیتە شیعرێکدا هەموو پێکڕا بڵێین
لە هەر شوێن و زەمەنێکدا
لە بن خۆڵەمێشی هەڵچنراوی هەر زوڵمێکدا
سەدان پەنگر لەژێرەوە
چاوەڕوانی ڕەشەبایەکە هەڵبکا
هەتا پەنجەی قرتێنراو و
چاوی هەڵکۆڵراوی خەڵکی
لەسەر شانۆی روانینتان تێکەڵ بکا
ئێوەش میوانانی ئازیز
دڵنیا بن خاوەن شکۆ
لە وڵات بێ، یان لە ناخی هەرکەسێکدا خۆی حەشار دا
دوور یان نزیک،
دەبێ وەک مشکێکی تۆقیو
لە کونێکی دەرباری ناخی خۆیەوە
بۆی هەڵبێت و خۆی دەرباز کا

١٩٨٥

## پێڕست

پەیکەرێ لە وەهم ........ 7
برا بەردینەکان ........ 8
من ئینسانێکم خۆش دەوێ ........ 12
(.. ؟..) ........ 14
هۆردووی دوژمن ........ 15
گەڕانەوە ........ 16
تۆ نیشتمانی منی ........ 17
دووکەڵ وا بەسەر چیاوە ........ 18
پەیکەر ........ 21
(....؟....) ........ 23
یەکسانی ........ 25
کاریکاتێر ........ 27
تەنیایی ........ 29
سەفەرنامە ........ 30
سۆراخ ........ 34
کسپە ........ 36
وەرزی ئازار ........ 37
ئەوین ........ 39
رەشبینی ........ 40
سەرئەنجامی هەڵوێستەکان ........ 41
شەو درەنگە ........ 42
مردن لە پێناو مردندا ........ 43
بیرەوەریی منداڵیم ........ 45
دیوار ........ 47
کە مردیشم ........ 49
(.......) ........ 50
سیخوڕ ........ 51
بۆشایی ........ 52
عەشقێ لە سەراب ........ 53
مرۆڤ ........ 56
جیاوازیمان ........ 58
شیعر ........ 60
تاتەشۆر ........ 61
رەنجی نامۆ ........ 63
مێژوو ........ 67
ولاتەکەم ........ 70
(......) ........ 72
پرسیار ........ 74
کارگە ........ 76
بۆ دایکم ........ 79
راهاتن ........ 81
ساڵی نوێ ........ 82
ختوورە ........ 84
چاوەڕوانی ........ 85
بۆ خوشکێک و چوار... ........ 87
پایز ........ 88

بۆ "بەکر عەلی"ی شاعیر ............... 90
دڵنیـایی ............................................... 93
شەهید ................................................. 95
پێشمەرگەی ون ............................. 99
کـۆچ ........................................................ 102
تەنیایی .................................................. 103
روانین ..................................................... 106
سەرنج دەدەم ...................................... 108
خـاچ ........................................................ 109
ئەفسـانە .............................................. 110
فـەرهاد .................................................. 111
مافی مرۆڤ ......................................... 113
رۆژی ئاشتی ........................................ 114
رۆژی منداڵ ......................................... 115
رۆژی کرێکار ....................................... 116
رۆژی شـانۆ ........................................ 117
رۆژی ئافرەت ...................................... 118
ئەڵوەن ..................................................... 119
بۆ هاورێم نەسرین ........................... 121
نامەی شاعیرێ بەر لە کوژرانی ... 122
نامەیەکی کراوە بۆ هاوسەرەکەم... 127
لە هەندەران ......................................... 128
پیاوێ لە شـەڕی براکان هەڵدێ ... 130
غوربەت .................................................. 132
رێـنـاتـا ................................................... 137
کەسـەر ................................................... 138
هـاورێم ................................................... 139
ئـاژاوە ..................................................... 140
قۆپیـە ..................................................... 142
هەڵبـژاردن ............................................ 143
ئەوین لە خـەونی شـەوگاردا .......... 144
ئەندێشـە ............................................... 145
سکاڵا ....................................................... 146
شیرین لە زیندانی نیشتماندا ...... 147
سنـوور .................................................... 148
بۆ.. گونتەرگراس ............................... 149
کەرنەڤاڵ ............................................... 150
ڤیـەننا .................................................... 152
ئاسمانی نێوان کوێڵن و ڤیەننا ... 153
روانین ..................................................... 155
سیمفۆنیی خوێن ............................... 167
ئەو ساتانەی نامانەوێ بڵێین بەڵێ 215
ئەنفال ..................................................... 244
تراجیدیای مەرگی پاکیزە .............. 268
ژنێ لەوپەڕی جوانیدا یان... ........... 295
بەشی یەکـەم ....................................... 295
بەشی دووەم......................................... 306
بەشی سێیەم ....................................... 311
بەشی چوارەم ..................................... 316
بەشی پێنجـەم ..................................... 319
بەشی پێنجـەم ..................................... 323
بەشی حـەوتەم ................................... 330
بەشی هەشتەم .................................... 339
بەشی نۆیەم ......................................... 348
مەرگی بەختەوەری ........................... 353